هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەیدان، الخلاني، شەقاق، الجمهورية،
بینا ژ ٠ ب ١٤١٤ تەلەفۆن ٢/٦٨٢١١

سەرنووسەر: محمد امین محمد

چوار شەممە ١٩٧٧/١٠/١٩ ژمارە ٣٩٠

الاربعاء ١٩٧٧/١٠/١٩ العدد: ٣٩٠

بنەڕەتی میللی و مەبەستی شۆڕشی حەددی تەمووزو سوود وەر گرتنی حزبە سەرکردەکەی لە تاقیکردنەوە زۆروزەبەندەکانی و لێکۆڵینەوەی قووڵو راستگۆیانەی تاقیکردنەوەی کۆنو ئێستا لە نیشتمانی عەرەبو جیهانی سێیەمدا، پێداویستی خۆ قایم کردنو پێشکەوتنی بەرەو پێشەوەیان بۆی دابین کردوە.

سەرۆکی فەرماندە | احمد حسن البکر

جێگری سەرکۆمار سەردانی رەسمی مالیزیاو ئەفغانستان دەکات

لەبەردەم سەرۆکی فەرماندەدا: ئەندامانی نوێی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سوێندی دەستوریان خوارد.

پێری نیوەڕۆ لە بەردەمی بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر لە کۆشکی کۆماری بەڕێزان نعیم حداد، تایەعبدالکریم، محمد محجوب غانم عبدالجلیل، طاهر توفیق، عبدالفتاح محمدامین، حسن علی نصار، سعدون شاکر محمود، محی عبدالحسین مشهدی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سوێندی دەستوریان خوارد.

لەبەرنامەی سوێندخواردنەدەستوریەکەدا بەڕێز محی عبدالحسین مشهدی ئەمینداری نهێنی گشتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش نامادەبوو.

ئەندامە بەڕێزەکانی تری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیش لە حەفتەی داهاتوودا ئەو کارە بەجێ ئەهێنن.

جێگری سەرۆك کۆمار دەست بە سەردانێکی رەسمی مالیزیاو ئەفغانستان ئەکا

بەڕێز طه محی الدین معروف جێگری سەرۆك کۆمار، ئەمڕۆدەست بە سەردانێکی رەسمی مالیزیاو ئەفغانستان ئەکات.

لەم بارەیەوە، ئەم بەیاننامەیەی خوارەوە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەوە دەرکرا.

لە سەر بانگکردنی هەردوو حکومەتی مالیزیاو ئەفغانستانو لە پێناوی تێپەوترکردنی پەیوەندی دۆستایەتی نێوان کۆماری عیراق وهەردوو دەولەتی مالیزیو کۆماری ئەفغانستاندا بەڕێز طه محی الدین معروف جێگری سەرۆك کۆمار لە ڕۆژی سێ شەمەی ڕێکەوتی ١٨ ئەم مانگەوە دەست بە سەردانێکی رەسمی ئەم دوو دەولەتە دۆستە دەکات.

لەم سەردانەدا باسی خۆشتر بوونی پەیوەندی نێوان کۆماری عیراقو مالیزیاو ئەفغانستان دەکرێو ئەو شێوەوڕێو شوێنانە لێك دەدرێنەوە کەدەبنە هۆی تێپەوترکردنی ئەم پەیوەندیە لە هەمو بوارەکانی سیاسیو ئابووریو فەنیو هی تردا وگفتوگۆ لە بارەی ئەو مەسەلانەوە دەکرێت کە بەلای هەموولایەکەوە بایەخدارن، هەروەها باسی مەسەلەی نێو دەولەتەکانیش لە چوار چێوەی خزمەتکردنی بەرژەوەندی هاوکێبیو ئاشتی جیهاندا دەکرێت.

ئاژانسی دەنگوباسی عیراق زانیویەتی کەوا لەو وەفدەدا کە لەگەل بەڕێز جێگری سەرکۆماردا بەشداریی ئەم سەردانە دەکەن، بەڕێزان حامد علوان وەزیری دەولەت بۆ کاروباری دەرەوە لە وەزارەتی دەرەوە عبدالملك الیاسین وەکیلی وەزارەتی دەرەوەو ابراهیم الولی، بالیۆزو سەرۆکی دائیرەی دەولی دووەم لە دیوانی وەزارەتی دەرەوەو کاربەدەستو فەنی بەشداردەبن.. هەروەها ئەنجومەنێکی راگەیاندنیش لەگەل وەفدەکەدا بۆ ئەم دوو ولاتە دەچێت.

سەرۆکی فەرماندە چاوی بە جێگری سەرۆك کۆمار کەوتوە

پێری بەیانی بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر لەمەکتەبی رەسمی خۆی لەکۆشکی کۆماری پێشوازی بەڕێز طه محی الدین معروف جێگری سەر کۆماری کرد بەبۆنەی سەردانی رەسمی بەڕێز معروف لە مالیزیاو ئەفغانستان.

دوو مەرسومی کۆماری

ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو دوو مەرسومی کۆماری دەرکران، بەپێی مەرسومێکیان کە مەرسومی ژمارە (٦١٢) یە عەقید روکن عدنان خیرالله طلفاح ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەوەزیری بەرگری دانرا، وە بەپێی مەرسومی دووەمیان کە مەرسومی ژمارە (٦١١) یە بەڕێز طارق عزیز لەپایەی وەزیری راگەیاندن لابراو بەڕێز سعد قاسم حمودی بەوەزیری راگەیاندن دانراو ئیشوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیریو هونەریشی بەوەکالەت پێسپێرا.

«دەقی دوو مەرسومەکەش لە لاپەڕە چوارە».

سەرکەوتنی سەرژمێری بەڵگەی هۆشیاریی میللەتی و لێ وەشاوەیی سەرکردایەتی سیاسی یە

پێری ئەو کردارە مێژوویەی کە نزیکەی ساڵێکە حکوومەتی نیشتمانیمان پێی هەڵساوە لە سەرکەوتنێکی تەواو کۆتایی هات.

بۆ زانینی بایەخی ئەم کردارە گرنگە قسەیەکی بەبێ هەڵە دەڵێ:

ژمارە، ئەو راستیە زانیاریەیە کە ئەمڕۆ بۆتە بەردی بناغەی هەموو ژیانی هاوچەرخ.. ژمارە، ئەو بەڵگەیەیە کە هەرگیز بەدرۆ ناخرێتەوە..

کەوابو وولاتێکی پەرە ئەستێنی وەکو عیراق لەم چەرخی شۆڕشی زانیاریو تەکنولۆژیادا، ناتوانێ هیچ هەنگاوێك بۆ پێشکەوتن بهاوێژێ ئەگەر سەرژمێریەکی راستو وردی نەبێ، تا بە شێوەیەکی زانیاری، لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرژمێریە، بتوانێ نەخشە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کەموکووڕیەکانی دابنێو پرۆژەی تازەش بی پێشکەوتن لە رووی ئابوری وکۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریەوە دابنێ.

هەموو ئەنجامە بەکەلکەکانی ئەم سەرژمێریە، هەر وەکو بەڕێز وەزیری نەخشە دانان رونی کردەوە، لە ماوەی نۆ مانگدا ـ بەیارمەتی ژمێریاریە ئەلکترونیەکانی دەزگای مەرکەزی سەرژمێری ـ ڕێك ئەخرێ وئامادە ئەکرێ بۆ سوود لێبینین لە هەموو بوارێکی ژیانی ئەمروماندا.

بە کورتی هەموو نەخشەکانی حکوومەتی شۆڕش، بەتایبەتی نەخشەی ٧٦ ـ ٨٠ی پەرەسەندنی ئەتەوایەتی، لەسەر ووردیو ڕێکوپێکی ئەنجامەکانی ئەم سەرژمێریە وەستاوە.

هاوکاری

حکومەتی میسر ناهێڵێ قسەکانی محمود ریاض سەبارەت بە مەسەلەی فەلەستین بڵاوبێتەوە

پێری لە قاهیرە وازانرا کەدەزگاکانی راگەیاندن لەمیسر نەیهێشت هیچ شتێ لە قسەکانی بەڕێز محمود ریاض ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەب سەبارەت بە مەسەلەی فەلەستین بڵاوبێتەوە، بەبێ ئاگاداری کاربەدەستانو پێش ڕەزامەندی کردنیان لە سەربڵاوبوونەوەی قسەکە. سەرچاوە ئاگادارەکان بە هەواڵنێری ئاژانسی دەنگوباسی عیراقییان راگەیاندکە هۆی ئەو قەدەغەکردنە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو وتەیەی بەڕێز ریاض لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی ئابوریی عەرەبدا خوێندیەوە کە ٢٠ی مانگی رابوردوو لە قاهیرەبەسترا.

ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەب لە وتەکەیدا دەستی بۆ ئەو مەترسیانە راکێشابوو کە بە هۆی بەردەوام بوونی دوژمنکاریەتی زایۆنی هاتوونەتە رێی ئەتەوەی عەرەبەوە. هەروەها وتی، ئەو مەترسیە مەودایەکی نوێی گرتۆتەبەر کە بریتیە لە هەولدان بۆ سەپاندنی ئەوشتەی کە بە سیاسەتی سنوور ناوەڵاکراوی ناو ئەبرێ لەگەل پێکهێنانی پەیوەندی ئابوری سروشتی لەگەل دوژمن.. وانە زەوت کردنی مافێکی دەسەڵاتداریەتی لە ئەتەوەی عەرەب.

ئەو هەوڵە لە سایەی داگیرکردنی سەربازانەی خاکی عەرەبو ئەو راگەیاندنەوە دەدرێت کە گوایا خاکی فەلەستین هەمووی خاکی «ئیسرائیلە».

هەروەها بەڕێز ریاض وتی، لەوانەیە ئەو هەوڵە هەندێ دەولەت هەڵخەڵەتێنێ کە راستی ئامانجەکانی زایۆنی نەزانێ.. بەڵام وڵاتانی عەرەب نەزانن کە ئامانجی تەنها داگیرکردنی خاکێکی زۆری عەرەبو دەربەدەرکردنی گەلی فەلەستینو بێبەشکردنی لە دامەزراندنی نیشتمانی خۆی نییە.. بەڵکو لە ئەنجامدا بۆتەوە هەوڵ ئەدا هەموو توانای ئابوریی عەرەب بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە.. وانە رێ بۆ داگیرکردنێکی ئابوری شارستانیانە خۆش ئەکا، کە بە هیوایە لە رێی دەستبەسەرداگرتنی ئەوە ئابوریی زایۆنی جیهانیەوە بیهێنێتەدی..

هەروەها بەڕێز ریاض وتی، ئەو هەوڵە ئەو هەوڵە هەندێ دەولەت هەڵخەڵەتێنێ کە راستی ئامانجەکانی زایۆنی نەزانێ.. بەڵام وڵاتانی عەرەب نەزانن کە ئامانجی تەنها داگیرکردنی خاکێکی زۆری عەرەبو دەربەدەرکردنی گەلی فەلەستینو بێبەشکردنی لە دامەزراندنی نیشتمانی خۆی نییە.. بەڵکو لە ئەنجامدا بۆتەوە هەوڵ ئەدا هەموو توانای ئابوریی عەرەب بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە.. وانە رێ بۆ داگیرکردنێکی ئابوری شارستانیانە خۆش ئەکا، کە بە هیوایە لە رێی دەستبەسەرداگرتنی ئەوە ئابوریی زایۆنی جیهانیەوە بیهێنێتەدی..

هەروەها بەڕێز ریاض وتی کە لە زمانی ئەو سەرچاوانەوە ئەڵێ، دەزگا چاودێریەکانی میسر بەراستی نەیانهێشت بەنجە بۆ ئەو قسانە درێژ بکرێ کە بەڕێز ریاض لەو دوایی یەدا لە نیویۆرك سەبارەت بە دۆخی ناوچەی عەرەب وتبووی، لەگەل ئەوەش کە مەلبەندی ڕۆژنامەگەری جامیعەی عەرەب داوای لە دەزگا راگەیاندنەکانی میسر کردبوو کە بیویستە ئەو قسانە بڵاوبکرێنەوە.

ئەمەریکا بەرنامەی کاری سازاندن دەستکاری ئەکات

دوێنێکە ڕۆژنامەی ئەهرام کە لە قاهیرە دەرئەچێ رایگەیاند کە حکومەتی میسر شێوەیەکی دەستکاری کراوی لە وەرەقەی کاری ئەمریکا کە تایبەتە بەرێو شوێنی بەستنی کۆنفرانسی جنێف لەنێوان ڕژیمە عەرەبیەکانی ئەکە بەتەنگ سازاندنەوەن لەگەل زایۆنی دوژمندا، پێکەیشتووە. ڕۆژنامەکە وتی، ئەو شێوەیە لەنامەیەکدا هاتوە کە سەرۆکی ئەمریکا جیمی کارتەر بۆ انور السادات سەرۆکی میسری ناردووە. بەڵام ڕۆژنامەکە ئەوەی روون نەکردۆتەوە ئاخو ئەو شێوەیە لەو ناوەیەدا هاتوە کە لەو دواییەدا بەسادات گەیشتووە یاخود لەنامەیەکی نوێدا.

هەروەها وتی کە حکومەتی میسر لەڕۆژانی ئایندەدا وەڵامی خۆی ئەنێرێتەوەو دوێنێکەش زنجیرەیەك راوێژی دیپلۆماسی یانەی خەستوخۆڵ لەگەل ڕژێمە بەمەبەسەکانی عەرەبدا بۆ ڕێکخستنی هەڵوێستیان سەبارەت بەو باسە دەستی پێکردووە.

انور السادات سەر لە یۆگسلافیاو رۆمانیا ئەدا

لە دوا دوای ئەو مانگەدایاخود لە سەرەتای مانگی داهاتودا سەرۆکی میسر انورالسادات سەر لە یۆگسلافیاو رۆمانیا ئەدا.

ئەم هەواڵە پێریکەرۆژنامەی الاهرام کە لە قاهیرە دەرئەچێ رایگەیاند، بەڵام ئامانجی ئەو دوو سەردانەی نەخستەروو. قاهیرە: ئا.د.ع

دوایی هاتنی کارەساتی فڕۆکە فڕێنراوەکەی ئەڵەمانیا لە فڕۆکەخانەی مەقادیشۆ

پەلێکی کۆماندۆی ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا بەرەبەیانی دوێنێ خۆیان کرد بە فڕۆکەفڕێنراوەکەی ریگا ئاسمانیەکانی ئەڵەمانیای ڕۆژئاوادا کەلە فڕۆکەخانەی مەقادیشۆ نیشتووتەوە.

رادیۆی بۆن لەزمانی قسەکەرێکی رەسمیەوە وتی کەوا پەلەکە توانیویەتی هەموو ئەو (٨٦) کەسە رزگاربکا کە لەناو فڕۆکەکەدابوو بێ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێ بگات. هەروەها وتی کەوا فڕێنەرەکان کە دووبیاودوو ژن بوون هەموو لەکاتی هێرش هێنانە سەر فڕۆکەدا کوژرانو سێ کەس لەکۆماندۆکانو میواندارێکی فڕۆکەکە بریندار بوون.

قسەکەرێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا روونی کردەوە، کەوا هێرش بردنە سەر فڕۆکەکە لە سەعات (٢)ی بەرە بەیانی دوێنێ ـ بەکاتی بەغدا ـ رووی دا ولەپێنج دەقیقە بەوڵاوەی نەخایاند، وبارمتەکان بەنیو سەعات رزگار کران.

تەلەفزیۆنی ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا لە زمانی سەرچاوەکانی وەزارەتی ناوخۆوە باسی کرد کەوا کۆماندۆ ئەڵەمانیەکان جۆرە بۆمبایەکیان بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە

دۆزینەوەی هەندێ شت دەربارەی کوشتنەکەی سەرۆکی یەمەن ابراهیم الحمدی

قسەکەرێکی رەسمی بەناوی وەزارەتی ناوخۆی کۆماری عەرەبی یەمەنەوە رایگەیاند کە دەزگاکانی ئاسایش توانی هەندێ شت سەبارەت بەکوشتنی المقدم ابراهیم الحمدی سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیو عبدالله الحمدی بۆ رای بدۆزێتەوە کە سێشەممەی رابوردوو کوژران.

لێکۆڵینەوەی سیاسی

شۆڕشی ئەریتریا بەشێکە لە شۆڕشی عەرەبو گەلانی ئەفریقا

تی چەکداری گەلی ئەریتریا کە چوار ملیون نفوسی یەتی لە (١٩٦١)ەوە دەستی پێ کردوە ، بەلام لەمێژە قوربانی ئەدا لە پێناوی سەربەخۆیی و رزگاربوون لە داگیرکردنی بێگانە .

عوسمانیەکان لە (١٥٥٧)ەوە تا ١٨٦٩ داگیریان کرد ، ئنجا خدیوەکانی میسر دەستیان بەسەرا گرت ، لەپاشا ئیتالیا لە ١٨٩٠داگیری کرد تاکو هەلگیرسانی دووهەم جەنگی جیهان کەبوو بەهەل بۆ بەریتانیا لە ١٩٤١ لە ئیتالیای بسێنێ و بیخاتە ژێر دەستی خۆی ، بەلام ئەمە زۆری نەخایاند لەئەنجامی ئەوجیاوازیەی کەوتە نێوان دەولەتە ئیمپریالستەکانەوە لەسەر دابەش کردنی میراتی یەکانی ئیتالیا لەبەرئەوە لەساڵی ١٩٥٢ کومەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان بریاری دا لە بەریتانیا بسێنرێتەوە و یەکێتی یەکی فیدرالی لەگەڵ حەبەشە بکات ، ئەوەندەی پێ نەچوو ئەمەش بە فرمانێکی ئیمبراتۆری لابراو بەزۆر بەسترا بە تاجی هیلاسلاسی یەوە .

هەموو مێژووی ئەریتریا ، بەتایبەتی پاش شکانی فاشیزم و بەرزبوونەوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی عەرەب و ئەفریقا ، بەخەباتی بێووچان دژی ئەم داگیرکەرانە دانراوەتەوە .

شۆڕش چەکدار لە (١٩٦١)ەوە دەستی پێ کردوە و لەماوەی ئەم شانزەساڵەداتوانیویەتی ٨٥٪ وولات رزگار بکەن .

هەرچەندە هێشتا جەنگاوەرەئەریتریەکان سێ بەرەی سەرەکین ، بەلام بەهەموویان دەزگایەکی شەڕکردنی کاریگەریان پێکەوە ناوە ، کەئێستا خۆی ئەدا لە ٢٥ هەزار جەنگاوەری چەکدار بەتۆپی دژی فرۆکەو ساروخ و تۆپ و ژمارەیەکی زۆری لۆری و لاندرۆفرو چەند تانکێکیش ..

هاوڕێ احمد محمد ناصر سەرۆکی گەورەترین بەرەی شورشی ئەرتیریا (بەرەی رزگاریخوازی ئەرتیریا) ئەلی : هەرچەندە نەتوانم بڵێم چ رۆژێك یا چ ساڵێك رزگارمان ئەبێ ، بەلام دڵنیام لەوەی کە ئەرتیریا بەمزوانە ئەبێتە دەولەتێکی سەربەخۆوە سۆشیالیزم تیادا سەر ئەکەوێ ..)

هەموو جەنگاوەرانی ئەرتیریا گیانێکی بەرزو پڕ بروایان هەیە و زوربەیان لەپاڵ مەشقی سەربازی خەریکی فێربوونی رۆشنبیری سیاسی و سوشیالیزمن .. توانیویانە تائێستا هەموولادێکانی ئەرتیریا ئازاد بکەن وا خەریکن ئەچنە قۆناغی هێرش بردن بۆسەر شارە گەورەکانو لەم دواییەدا بیستمان کەوا چەند شارێکیان ئازاد کردوە .

پاش زماندنی حوکمی ئیمبراتۆری و هاتنی ئەفسەرە رادیکاڵیەکان بۆسەر حوکمی ئەسیوبیا ، هەندێك کەوتنە گومانەوە لە شورشی ئەرتیریاو گەیشتە ئەوەی کە جاروبار بە (کونەپەرست)و(جیابوونەوە)ی بدەنە قەلەم . هەروەکو ئەوەیان لەبیر چووبێ کە ئەم ئەفسەرانە بوونەتە حوکمداری ئیمبراتوریەیەتێك کە لە زروفێکی مێژووی تایبەتی . وبەپشتگیری هێزە ئیمپریالیەکان پێك هاتوە ، وە بۆتەهۆی دەست بەسەراگرتنی بەسەر ئەرتیریاو سۆمالی رۆژئاوادا .. وە تا ئێستاش ئیمپریالیزمی ئەمەریکا پێگەی سەربازی (کانیو)ی هەیە لە حەبەشە کە یەکێکە لە سەری ئەوسێ چوکڵەیەی ـ کانیو سینا و دیبگوگارسیا ـ ئەمەریکا دایمەزراندون بۆ پاراستنی مەسلەحەتی ئیمپریالیانەی لە ئەفەریقاو رۆژهەلاتی ناوەراستدا .

هەروەها مافی دیاری کردنی سەرنەنجامی گەلان ، مافێکی مەبدەئیە کە نابێ هیچ شورشێکی راستەقینە سێودووی لێ بکات ..

بەپێچەوانە ، مەسەلەی ئەرتیریا بوو بە مەحەك بۆ (پێشکەوتنخوازی) رژێمی ئەسیوبیا چونکە هەموو شورشگێرێك دەزانی چۆن پێشکەوتنخواز دژی شورشی گەلان ئەبێ و بەناگرو ئاسن سەری ئازادیخوازی ئەرتیریا پان ئەکاتەوە ؟

وردبوونەوە لە زروفی شورشی ئەرتیریا ئەومان بۆ دووبات ئەکاتەوە کە ئیمپریالزم و کۆنەپەرستەکان لە هەموو شوێنێك وە لەهەموو بزتنەوەیەکدا دەیانەوێ دەسەڵات و جێ پێیان هەبێ .. بەلام ئەمە بۆچی بەتەنها لە سروشتی شورش ئەرتیریا ئەگۆڕێ ؟!

بەپێچەوانە هێزەشورشگێرەکانی عەرەب ئەبێ بۆ پوچەڵ کردنەوەی تەقەلای کونەپەرستان زیاتر خۆیان نزیك بکەنەوە لەشورش ئەرتیریا تاکو بیبارێزن لە پیلانو دەسیسەی ئیمپریالزم و نۆکەرەکانی .. لەبەرئەوە عیراقی شورش حەقدەی تەموز ، بە ئەدان پیانانی سەرکردەکانی شورش ئەرتیریا خۆیان ، وا لە ریزی پێشەوەی ئەو هێزەشورشگیرانەی کە بەهەموو توانایەوە یارمەتی شورشی ئەرتیریا ئەدات و خەبات ئەکا بۆ سەرکەوتنی بەزووترین کات ، بۆ بەهێز کردنی شوێنپێی بزوتنەوەی ئازادیخوازی عەرەب و هەموو گەلانی ئەفەریقاو جیهان ..

ئەمەش رێگای سەرکەوتن لە جەنگی گەل ناگری

چیرۆکی ئەو "یۆرانیوم"ەی زایۆنی دوژمن دزی

لە بەرەبەیانی ١٧ی تشرینی دووهەمی ١٩٦٨داپاپۆری بارهەڵگری ئەڵمانیای رۆژئاوا « شیرسبرە » بە ١٧٩٠ تەن بارەکەیەوە ، لەناوتەمنا بەندەری (انتویرب)ی بەلچیکی کەنار دەریای ،باکوری بەجێ هێشتو رووی کردە دەریای سپی ناوەراست پاش پەرینەوە لە گەرووی(جەبەل تارق) ئالای« لیبریا »ش بەسەریەوە ئەشەکایەوە ! بەرەو (جنوە)ملی نا مەبەستی ئەم پاپۆرەش کە هیچشتێ جووەای نەئەکردەوە لەپاپورەکانی تر ، تەسلیم کردنی دووصەد تەن « یورانیوم » بوو کە خرابۆە ٥٦٠ بەرمیلەوە !

بەلام « شیرسبرە » وەکو بۆی دانرابوو ، نەگەیشتە « جنوە » بەلکو لە ناوەراستی دەریای سپی وون بوو ، پاش دووهەفتە لە بەندەری « ئەسکەندەرونە »ی تورکیا سەری هەلدا !! بارە « یۆرانیۆم » بەنرخەکەش کەیایی ٣٧٠ ملیون دولار بوو لەسەر نەهابوو !!

هەروەکو لە شوێنێکی رۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەراست ئەم بارە « یورانیوم »ەی دانابی کە ئەتوانرێ ٢٠ بۆمبای ئەتۆمی لێ دروست بکرێ !.

ئەم مەسەلەیە بۆ ماوەی ئەم نۆساڵە ، پەردەی شاردنەوەو لەبیرچوونەوەی بەسەردا درابوو لەلایەن مخابراتەکانی رۆژئاواو دەزگای وزەی ئەتۆمی ئەورووپی (بوراتوم)و دادگای نەرویجی کە پەردەی دا بەسەر تاوانی جەتە پیاوکوژەکانی زایۆنی کە (بوشیکی) مەغریبی یان کوشت .. چونکە یەکێك بوو لە فدائیە فەلەستینیەکان کە هەر خەریکی بەرهەلستی پیلانەکانی زایۆنی دوژمن بوو .

ئەم مەسەلەیە هەروا مایەوە تا لە ٢٩ی نیسانی رابوردو (پول لیفتال) کە یەکێك بوو لە کاربەدەستەکانی دەزگای جاسوسی ئەمەریکا (سیا) ـ وکالە المخابرات المرکزیە الامریکیە ـ ، لە کۆڕێك لە (سالسبورگ) لە نەمسا کە بۆ « دوارۆژی بێ ئەتۆم » تەرخان کرابوو پەردەی لەسەر ئەم پیلانە هەڵمالی و هەموو ئەوبەلگەنامەو مەعلوماتانەی کە پەیوەندی هەبوو بەمپاسەوە پێشکەش کرد بە لیژنەی تایبەتی چاودێری کردنی بڵاوبوونەوەی ئەوماداناەی کە جوودا ئەبێتەوە، کە سەر بە کۆنگریس ئەمەریکایە ..

پاش وون بوونی یۆرانیۆمەکە ، ئەم دووپرسیارە هاتنە پێشەوە :

یۆرانیۆمە فرێنراوەکە ، **کەوتە دەست کێ ؟ چۆن کەوتە دەستیان ؟**

× × ×

سەری داوەکە لە پاپۆرەکەوە دەست پێ ئەکات پاش ئەوەی کە زانرا مەسەلەکە بریتی یە لە پیلانێکی ئالوزی « موساد » ـ دەزگای جاسوسی مخابراتی ئیسرائیل ـ بۆ گواستنەوەی یۆرانیۆمە فرێنراوەکە بۆ ئیسرائیل . بۆ ئەوکارگەیە کە فەرەنسا پێشکەشی کردوە پێیان و لە شوێنێکی بیابانی (نقب) دامەزرێنراوە ، تاکو بخرێتە بال ئەو یۆرانیۆم و پلوتونیۆمەی کە نۆکەرەکانی ئیسرائیل لە دەزگا ئەتۆمی یەکانی ئەمەریکا دزیویانە کە دووبارە لە دەزگاکانی (دیمونە)ی ئیسرائیل دەیکەن بە بۆمبای ئەتۆم کە گوایا دەڵێن هەندێکیان دروست کردوە ..

سەرەتای چیرۆکەکە :

بەناوی ئەو (کاتەوە) دەست پێ ئەکا کە لە ـ شابا ـ کاتنگای کۆن ـ لە زائیر دەرهێنرا بە ٣٧٠ ملیون دولار .

بەوەدا کە پاپورەکەو ئەوکومپانیایەی ، پیلانەکە بەناوی یەوە رێکخراوە ئەڵمانین کەوابو چیروکەکە بە رێکەوتنی ئەڵمانیای رۆژئاواو ئیسرائیل دەست پێ ئەکا چونکە لەپشت ئەم پەردەیەوە باری یۆرانیۆم لەبەندەری (انتویرب)ی بەلچیکی کرا بەرەو رۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەراست ..

رێکەوتنەکەش لەسەر ئەوە بوو حکومەتی بۆن مەسەلەکە بشارێتەوە لەژێر پەردەی کارێکی بازرگانی ئاساییدا ، لەپاداش ئەمەش ئیسرائیل بەلێنی دا بە ئەڵمانیای رۆژئاوا کە بە پشتی پسپوری ئەو یۆرانیۆمەکە بکات بە چەکی ئەتۆم .. ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە کە لە کاربەدەستەکانی بۆن ئەپرسی لەبابەت ئەم مەسەلەیەوە هەموویان بەهیچ جۆری دان نانێن بەمەدا ..

ئەوەی شایانی باسە کە ولاتانی بازاری هاوبەشی ئەوروپا مافی هاتووچۆی « یۆرانیۆم » هەر لەناو خۆیاندایە و قەدەغەیان کردوە بە ولاتانی تر بدرێ بۆ ئەمەش پیلان گێرەکانی مخابراتی زایۆنی کومپانیا بەلچیکی ـ یەکەیان رازی کرد کە ئەم « یۆرانیۆمە » بەرن بۆ « جنوە » لە ئیتالیا بۆ کومپانیایەك کە ئەمە ئیش یەتی .. بەمشێوەیە توانیان فرانەدنی یۆرانیۆمەکە بشارنەوە ..

دیارە پیلان گێرەکان ، ئەوشتە بچووکانەشیان بەناسانی جێ بەجێ کرد کە پێویست بوو بۆ داپۆشینی مەسەلەکە وەکو ئەوەی ، پاپورەکەیان سەرلەنوێ بدیاخ کردەوە ، واتە رەنگیان گۆڕی بە بەیداخی ئەڵمانیەکەیان گۆڕی بە بەیداخی (لیبریا)و هەمو کەشتی یەوانی گۆڕی بەکەشتی یەوانی زایۆنی و ناوی پاپۆرەکەشیان تا (کارسمیرا) .. بەمشێوەیە پاپۆرو بارەکەی بۆ ماوەی ١٥ رۆژ لە چاوون بوون کاتیکت زانی لەجیاتی ئەوەی بچێ بو جنوە کاربەدەستانی دەریایی لە ئەسکندرونەی تورکیا بە بەتاڵی هاتە بەر دەستیان ئەی پاش یۆرانیۆمەکە چی لێهات و بۆ کوێ چوو ؟؟!

پاش چەند مانگێك لیژنەی ئاسایشی ئەوروپا (یۆرانیۆم) بریاری دا لەمەسەلەیە بکۆڵێتەوە ..

هەر لەسەرتاوە ، ئەوە بۆ لیژنەکە روون بووەوە ، کە یورانیومەکە نەچوە بۆ (جنوە) و کەسیش لەناو دەریادا ئالانی نەکردوە ، پاش پشکنین و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ، گەیشتنە سەر یەکێك لەو کاربەدەستە ئەڵمانیەی کە « هربرت شولزن »ی ناوەو بەرێوەبەری ئەو کومپانیایە بووە کە ئەنیوبەینی کرینو گواستنەوەی یۆرانیۆمەکەی خستوتە سەر شان . لە ئیفادەکەیدا گوتی : من ناتوانم هیچ لەم مەسەلەیە روون بکەمەوە چونکە دەستی نهێنی تیدایەو ئەمە نۆساڵە ئەو حکومەتانەش کە پەیوەندیان هەیە هەموویان خۆیان کەرو لاڵ کردوە ، ئیتر ئەم چۆن ئەتوانێ قسە بکات ؟!

بەم شێوەیە پشکنین ئەم لیژنەیە نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك .

بەلام پاش کوشتنی کابرای مەغریبی (بوشیکی) لە نەرویج کە زایۆنی یەکان گوتیان دەستی هەبوە لە کوشتنی وەرزشەوانەکانی زایونی دەورەی میونیخ ، یەکێك لەوتاوانبارانەی کە گیران لەلایەن نەرویجەوە جولەکەیەکی دانیمارکی بوو ناوی (دان اربیل) بوو ..

دەرێخست کە یەکێکە لە کاربەدەستانی (موساد) مخابراتی زایۆنی ، دەهاوبەشی کردوە لە کرینی (شیرسبورە) ئەوپاپۆرەی کە یۆرانیۆمەکەی گواستەوە ..

هەروەها دەریاوانێکی زایۆنی کە خۆی لەسەر پشتی پاپورەکە بوە دەرێخست کە (شیرسبورە) رووی کردە رۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەراستو بەدزیەوە لە بەینی قوبرس و بەندەری ئەسکەندرونە لە دوورایی ١١٠ میلی دەریایی لە بەندەری حەیفاوە گەیشت بە پاپۆرێکی زایۆنی کە دوو کەشتی توربید پاسەوانی بوو وە لەوێ بارەکەی خستە سەر پشتی پاپۆرە زایۆنیەکەو خۆی بە بەتالی رووی کردە بەندەری ئەسکەندەرونە .

× × ×

ئەمە یەکێکە لەو چیروکانەی کە دەزگا جاسوسەکانی زایۆنی بە یارمەتی و پالپشتی دەزگاکانی دەولەتە ئیستعماریەکان بە تایبەتی ئەمەریکاو ئەڵمانیای رۆژئاوا ، ئەیکەن بۆ بەمێز کردنو پرچەك کردنی زایۆنی دوژمن بە هەموو چەك و تفاقێك .. بە چەکی ئەتۆمیش .. بەلام ئایا ئەمەریکا خۆی توانی بەم هەموو توانایەوە لە ڤیتنام و لاوس و کەمبودیا بمێنێ ؟! بێ گومان ئەم چەکەش لە فلەستینیدا با ئەتۆمیش بێت لەبەردەم جەنگی گەلدا خۆی ناگرێ ..

لە ژمارە (٢٢١)ی گوفاری (فلسطین الثورە) وەرگیراوە .

لەهەندەرانەوە چ باسە؟!

★ لە ئەڵئەبیب بەرنامەی کاری ئەمریکاو زایۆنی بۆ دەستپێکردنەوەی کۆنفرانسی ژنێف بڵاو کرایەوە کە ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدایە :

١ ـ فەلەستینی یەکان بەشێك دەبن لە وەفدێکی عەرەبی لە کۆبوونەوەی کردنەوەدا بەوشەرتە ئەندامی رێکخراوی رزگارکەری فەلەستین ئەبن .

٢ ـ پاشان کۆنفرانس دەبێتە چەند دەستەی دووقۆلی کارکردن کە هەر دەستەیەك بریتی دەبێ لە « ئیسرائیلو یەکێك لە دەولەتەعەرەبیەکان » .

٣ ـ کۆنفرانس پاشەرۆژی ناوچەی غزەو کەناری رۆژئاوا لەودەستەیەدا باس دەکا کە (ئیسرائیل)و ئەردەنو فەلەستینی یەکانو میسری تێدان . ئەمدەستەیە باسی گیروگرفتی پەنابەرەکانیش دەکا چ فەلەستینی یەکانو چ ئەوانەی بە « جوولەکەی پەنابەر لە ولاتە عەرەبیەکاندا » ناو براون .

٤ ـ بناخەی کاری کۆنفرانس دووبڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانە(٢٤٢ر٣٣٨) کە داوای سنوورێکی بێ ترس و بێ لێنراو بۆ (ئیسرائیل) کشانەوەی (ئیسرائیل) لەخاکە داگیرکراوەکانی شەڕی ١٩٦٧ دەکەن .

٥ ـ یەیانامەی ئەمریکاوسۆفیەت نابێتە بناخە بۆ وتوویژەکانی کۆنفرانس .

٦ ـ هەر گۆڕینێك لەتەرکیبی کۆنفرانسەکەدا بکرێ پێویستە بە موافەقەتی هەموولایەنەکان بێ .

★ حکوومەتی سومال لەیادداشتێکدا داوای لە دەزگای دەولەتە عەرەبیەکان کردوە کە مەسەلەی خەباتی گەلی سومالی رۆژئاوا لە پێناوی مافی دیاری کردنی چارەنوسدا بخرێتە ناو بەرنامەی کاری کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب کە بڕیارە دوازدەی مانگی داهاتوو لە تونس ببەسترێ .

★ دوو فرۆکەوانی سوپایی رژێمی کۆریای خوارو فرۆکەکانیانەوە رایان کرد بۆ کوریای دێموکراتی . رادیۆی بیونگ یانگ کەم ئەم خەبەرەی بڵاو کردەوە شتێکی تری لێ زیاد نەکرد .

★ رێکخراوی سوپای سووری ژاپۆن هەڕەشەنی لە حکوومەتی ژاپۆن کرد کە بەنەگەر لەسەر داواکردنەوەی رفێنەرانی فرۆکە ژاپۆنیەکەبڕوا ئەو رێکخراوە زیاتر دەست دەکا بە فرۆکەرفاندن .

★ کاربەدەستانی پۆلیسی پاکستان هەشت کەسیان لە ذیەنگرانی حیزبی گەلی پاکستان گرتووە ، ئەو حیزبەی کە ذوالفقار علی بۆتۆ سەرکردایەتی دەکا .

پێشتریش کاربەدەستانی پۆلیس لەوکاتەدا کە بۆتۆ لەبەردەم دادگای بەرزی لاهوردا راگیرابوو حەوت کەسیان لە لایەنگرەکانی گرت .

★ وەزیری دەرەوی ئەنگۆلا(پاولو خورج) لە کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا گوتی زائیرو رژیمی ئەفریقای خوارو مەشق بە چلکاوخۆرو بەکرێگیراوەکانیان دەکەنو دەستەو تاقمەی چەکدار دەنێرە ئەنگۆلا بۆ خراپکاریو هەوڵدان بۆ رووخاندنی حکوومەت .

هەروەها گوتی هێندێ دەولەتی ئیمپریالیستی رۆژئاوا لەوکارەدا یارمەتی ئەورژیمانەدەکەن . بەلام ناوی ئەودەولەتانەی نەهێنا .

★ رۆژنامەی پراڤدا ئۆرگانی حیزبی کومونیستی سۆڤیەت نەخشەکەی کارتەرسەرکۆماری ئەمریکای گوناهبار کرد کە دەیەوێ دەزگاکانی پروپاگەندەی ئەمریکا بە وەزارەتی فێرکردنو روشنبیریەوە بلکێنێ .

رۆژنامەکە نووسیویە ئەم کارە بەپێچەوانەی بڕیارەکانی کۆنفرانسی ئاسایشی ئەوروپایە کە ساڵی ١٩٧٥ لە هێلسنکی بەسترا . پراڤداهەروەها موافەقەتی ـ براون ـ وەزیری بەرگری ئەمریکای لەسەر بەرهەمهێنانی ساروخی ـ ئێم . ئێکس ـ تاونبار کردوەو گوتوویە ئەمە دیاردەیەکی سامناکی رق بەرقەی خۆچەکدار کردنەو دەبێتە کۆسپ لەسەر رێگای وتوویژەکانی کەم کردنەوەی ستراتیژی .

باری یەمەن پاش کوشتنی ابراهیم الحمدی

چوارشەممەی رابوردوو سەرۆکی یەمەن ابراهیم الحمدی و براکەی کوژران و تائێستا نەزانراوە چۆن و بۆچی کوژران و کێ وا لە دوای ئەم تاوانەوە ..

کاربەدەستانی یەمەن پاش تاوانەکە دەستوبرد ئەنجومەنێکی تازەیان دانا بەسەرۆکایەتی مقدم احمدحسن الغشمی ، نزیکترین باوەری سەربازی سەرۆکی خوالێخۆشبوو هەروەها رۆژنامەی (الثورە) کە لە (صنعاء) دەرئەچێ مانشیتەکەی دەڵی (گەلی یەوەفای یەمەن بە دڵێکی پڕ لەداخەوە سەرۆکی رێزمەوەکەی بەخاك ئەسپێرێ) وە لە ووتارەکانیاداوای لە میللەت کردوە کە لەسەر هەمان رێگای سەرۆکی شەهیدیان برۆن .

هەروەها لە یەمەنی خوارو(عەدەن) رۆژنامەی (١٤ئاکتوبر) ئەرمش داپوشرابوو ، و بەتوندی بێزاری خۆی دەربڕیوە لەم تاوانە ..

وە سەرۆك سالم ربیع علی هاوبەشی کرد لە بەرێ کردنی تەرمەکەی (الحمدی)دا .

چیرۆك

ناسیغە کەسێکی ناسی‌او

محمد رشید فتاح

مێژووش لە ئاستی تەمەنی ئایەدا کوێرێکی نابینایە • موختاری گەرەکەکەشمان وەك موختارەکانی پێش خۆی دەڵێ : (مەگەر خوا هەرخۆی بزانێت ئایە عومری چەندە !) کەواتە کەس نازانێت •• تازە ستەمە کەسی تریش بزانێت !•

هێشتا کەنەفت نەبووە ، هەڵس‌و کەوتی شان لە شانی کارامەیی ئافرەتێکی گەنج دەدات • خۆ لە وەتەی حەمەعەلی کوریشی کوڕێکی بووە ، ئەوا دەڵێی سەرلەنوێ عومری بۆ نوسراوەتەوە •

بێی ئاگەوێتە سەرزەوی ، لە تاوا بۆتە پەپوولەیەکی عاشق‌و تا روناکی نەسرەوێ، ئەویش ناسرەوێ • کە بریاری ئەوەی دابێت ،هەرگیز مل بۆ مردن نەوێنەکات ، تا ژن بۆ کوڕە زاکەشی دێنێت • هەرچەندە حەمەعەلی کوڕە بجووکێنی ، بەڵام کوڕی کوڕەکانی تری ژنیان هێناوەو، خەریکن لە دەریای پیربوونا نقوم دەبن ، کەچی ئەم کەژێکی پیرەو ، بارانی بەهاران سال لە دوای سال شینی دەکاتەوە !• کەواتە کەس نازانێ ئایە تەمەنی چەندە ؟!••

— ١ —

ماندوویەتی ئەوکاتە بیرمی ئالۆزکاندبوو ، خۆ لە بیر کردنێکی کانیش جامی بە ئاگایمی قڵپ کردبووەوە • تازە لە قوتابخانە گەڕابوومەوە ، هێشتا تۆزە بشوویەکیش زاوەزاوی منداڵە وردکەی قوتابخانەکەمانی لە مێشکما بن پر نەکردبوو • خێرا جلەکانم داکەندو ، بیجامەکەم لەبەر هەڵکێشاو ، دەستم دایە سوراحی‌یەکە • پەڵەهەورێکی دێزیش بە چاوێکی مۆنەوە دەیروانیە شتەکانی سەر زەوی •

دایکی گۆران کە بە چاوی کردم ، لێی پریسم : بۆ کوێ ؟•

— بۆ کن ئایە ••

— ٢ —

ئێستا ئەچم ، دەڵێم نەنە ئایە بای پەنجا فلس لە تەر،سازەکەم بەرێ ، ئەویش دەمو دەست دەچێتە لای کوویە بێرەنگەکەو ، سوراحی‌یەکەم بۆ پڕ ئەکات •

ئنجامن بێی ئەڵێم :

— نەنە حەمەعەلی چۆنە ؟!•

ئەویش لەوەڵامدا بە کەیفەوە پێم دەڵێت : بەساقەت بم •• لەسایەی خواوە شکور باشە •• توخوا ئەی تۆچۆنی ؟!•

تۆبڵێی ئەمجارەش پێم بڵێت :ـ باوکی رەحمەتیت کە دەهاتە ئێرە •• هەوالی کورەکانمی دەپرسی ، باوکیشت هەنگ ئاسایی ئالوودەی شیلەی تەرەسازەکە ببوو جاکێ هەیە حەز لە تەرەسازەکەی دایە ئایەی خۆی نەکات ؟! هاکێ هەیە ؟!•

راستە کێ هەیە ؟!

تۆزێکیش لە کنی دانەنیشم ، زووە گلەکەی نەنە. فێنکە ، پیاو واهەست دەکات لە بەردەم (موبەریدەیەکی) شاراوەدا دانیشتووە • جا بۆنی تەرەسازەکەو ، شتە کۆنەکانی ناو ژوورەکە ، وادەزانێت بەگوزەری خومخانە چیەکاندا رادەبووریت •

ئەویش جگەرەیەکی زەلم بۆ دانەگیرسێنێ ، ماوەیەکیش بە قسەکردنەوە ئەمخڵافێنێ• حەز بەوە دەکات رۆژی سەد سەر گوزشتە بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە• ئای چەند چارەی ئەو کەسانەی لەلاگرانە ، کە گوێ بۆ قسەکانی شل ناکەن •

— ئێ •• نەنە ••

ئەو قسەم پێ دەبڕێت ••

— رۆڵە ژنەکەم بۆ حەمەعەلی هێناو •• خوا کورێکیشی دایە !•

— ئەوە دەزانم •• سەرەو خێربێت ،لەمەودوا حەمەعەلیش دەکەوێتە خۆی •

لچێك هەڵدەقورتێنێ ، ئەیەوێت بڵێ :ـ کەوتنە خۆی چی ؟!•

بەڵام دڵی بەرایی نایەت کوولەکەی رووحەکەی بشکێنێت ، چونکە حەمەعەلی لەلا لەهەموو شتێکی تر خۆشەویسترە •

بۆیە دیسان پێم دەڵێت :ـ چاك دەبێت ، هێشتا منداڵە •• منداڵیش دەیەوێ تا بیربکاتەوە •• من زۆری لێ ناکەم ، باخۆی هەست بەوە بکات •• چونکە تاسەر نەمنی بۆ ئەمێنم‌و ، نەکوویەی تەرەسازەکە !•

— ٣ —

هەتاوی مایس بەری بینایی دەگرتم ، نەمدەویست سوراحی‌یەکە بکەوێتە بەرنیشانی خرکە بەردێکی منداڵێکی چەتوونی ئاو کۆڵانەکەمان • لە تاوا ئەو دەستو ، ئەم دەستم پێ دەکرد • بەرەو کۆڵیتەکەی نەنە ئایە ملی رێگەکەم وەبەر نابوو •

(تا حەمەعەلی ژنی نەهێنابوو ،شانی دابووە بەر ، خۆی دەڕەتاند ، ئارەقەی دەڕشت ، بۆوەی کۆڵیتەکە لە بناغەوە هەڵگێڕێتەوە •

ئا •• بۆوەی سەرلەنوێ دروستی کاتەوە •• چەندجار دەیدا بەگوێی کوڕانی گەرەکدا :ـ (شەرتبێ ئەم کونە گورگە لە بناغەوە هەڵتەکێنم‌و ، لە دەست دڵۆپەو ، مشك‌و مارو ، جڕو جانەوەر قورتارم ببێت ••) تاکو رۆژێکیان من لێم پرسی : ئەی تەرەسازەکە تیانابێت •• تا ئەو ئاواتە بهێنتەدی ؟!

بەر لەوەی وەڵام بداتەوە بەرووما بێ‌کەنی • بەراستی ئەو دەمە تەریق بوومەوە • هەستم کرد قسەکەم لە جێی خۆیدا نی‌یە ، بەڵام سەیر لەوە دابوو نەم ئەزانی بۆ ؟!• تا ئەو وتی :ـ (نەخێر •• کاکە •• نەخێر !)

ئەوەتا ئێستاش ئایە دەڵێت : (حەمەعەلی منداڵەو ، منداڵیش دەیەوێت تابێ بکاتەوە) •

— ٤ —

لە دووزەوە دەرگای کۆڵیتەکەم بەداخراوی کەوتە بەرچاو ، سەگێکی گوێ قوتیش بەکزی‌یەوە لە بەردەمیا هەڵتروشکابوو •• چوومە پێشەوە ، سەگەکە لە جێی خۆی راست بووەوە ، وێستم زیاتر نزیك ببمەوە ، سەگەکە مڕەیەکی کرد • کە قفڵە گەورەکەی دەرگا شەق‌و شڕەکەم بەدی‌کرد ، پڵەی گەرمی دەروونم هاتە خوارەوەو هەرچی خۆشی‌یەکی تیابوو بەستی •• ناچار بەرەو دوا گەڕامەوە • بەڵە هەورە دێزەکەش خۆرەکەی لێ شاردمەوەو ، کەوتە فرمێسك رشتن • نەمدەزانی بەدرۆ دەگری ، یا بەراستێتی !• لە تاوا هەنگاوەکانم گورج کردنەوەو ، پێم هەڵگرت • هەورەکە تووڕەبوو • فرمێسکەکانی بەستی‌و ، بوونە تەرزەیەکی دەنك گەورە • سوراحی‌یەکەی دەستم خۆی نەگرت • تەرزە زەفەری پێ بردو ، بەدەستمەوە کەڵە پاچەبوو •• منیش وەك هەموو شتێکی تری بێ‌کەڵك تووڕەدا، لە کاتی شکانیا ئاوازێکی خەمناکی بە گوێمدادا • خۆم گەیاندە بەنا دیوارێکی ماڵێکی نزیکمەوە • ریبوارێك بە بەلەهاتو ، لە تەکەوە راوەستا • بەرلەوەی هیچی تر بڵێت لێی پرسیم :

— ئەوە تۆش بەدەستی بەتاڵ گەراینەوە ؟!

— ئەی •• بە ناخێری چووم تەرەساز بێنم ؟!

— ئەی ئەتۆزانی کوویەکەی ئایە شکا ؟!•

جاری واهەیە مرۆڤ لە بێ بروایی‌دا بەرلەوەی بحەپەسێ، بێ‌دەکەنێ ، خەریك بوو منیش بێ بکەنم ، بەڵام کارەساتەکە هێند گەورەبوو نەمتوانی بێ بکەنم ، بەڵکو لێم‌پرسی :ـ بۆ ؟!

— حەمەعەلی شکاندی !••

— حەمەعەلی •• کوڕە نازدارەکەی ئایە ؟!•

— بەڵێ ••

— بۆ ؟!•

— چونکە پارەی لە ژێردابوو •

— پارەی چی ؟•

— پارەی تەرەسازەکە •

— ئەی ئایە کاسپی بۆ ئەو نەئەکرد ؟•

— با •• بەڵام بەشێکی لێ ئەگرتەوە بۆ قەرزدانەوەی خەڵکی •

— کام خەڵکە ؟!•

— منو تۆو •• کەسانی تریش •

— وەڵا بابە قەت ئایە قەرزداری من نەبووە •

— ئەی باو یاپیرانی ئێمە کوویە کەیان بۆ نەکڕیبوو ؟!

— جا چی‌یە ؟•

— ئای چەند بێ ئاگایی !•

ئەمەی وت‌و ، لووتی هەڵکردو ، لێی‌دا رۆیشت •

تەرزەکە زەوی‌یەکەی سپی‌کرد •• پەڵە هەورەکە داخی دڵی خۆی رشت‌و ، رای‌کرد • خۆرەکەش جارێکی تر ابە پێ‌کەینەوە دەرکەوتەوە، بەرەو ماڵەوە ملم‌نا گۆرانی کوڕم بەراکردن بەرەو رووم هات ، هەر لە دوورەوە وتی : بابە شکور تەرەسازەکەت نەکڕی •

— بۆ ؟! نەخێر نەم کڕی !••

— بەخوا باش بوو •• ئەڵێن تەرەسازەکەی ئایە مشکی تێ کەوتبوو ، حەمەعەلی کوڕیشی کوویەکەی شکاند •

— کێ دەڵێ ؟!•

— بەخوا درۆ ناکەم •• خەڵکی وادەڵێن •

(ئا •• خەڵکی وادەڵێن •• خەڵکی •• هەردەڵێن‌و ، هەر دەڵێن !)

١٩٧٧

داکەندو ، بیجامەکەم لەبەر هەڵکێشاو ، دەستم دایە سوراحی‌یەکە • پەڵەهەورێکی دێزیش بە چاوێکی مۆنەوە دەیروانیە شتەکانی سەر زەوی •

دایکی گۆران کە بە چاوی کردم ، لێی پریسم : بۆ کوێ ؟•

— بۆ کن ئایە ••

— ٢ —

ئێستا ئەچم ، دەڵێم نەنە ئایە بای پەنجا فلس لە تەر،سازەکەم بەرێ ، ئەویش دەمو دەست دەچێتە لای کوویە بێرەنگەکەو ، سوراحی‌یەکەم بۆ پڕ ئەکات •

ئنجامن بێی ئەڵێم :

— نەنە حەمەعەلی چۆنە ؟!•

ئەویش لەوەڵامدا بە کەیفەوە پێم دەڵێت : بەساقەت بم •• لەسایەی خواوە شکور باشە •• توخوا ئەی تۆچۆنی ؟!•

تۆبڵێی ئەمجارەش پێم بڵێت :ـ باوکی رەحمەتیت کە دەهاتە ئێرە •• هەوالی کورەکانمی دەپرسی ، باوکیشت هەنگ ئاسایی ئالوودەی شیلەی تەرەسازەکە ببوو جاکێ هەیە حەز لە تەرەسازەکەی دایە ئایەی خۆی نەکات ؟! هاکێ هەیە ؟!•

راستە کێ هەیە ؟!

تۆزێکیش لە کنی دانەنیشم ، زووە گلەکەی نەنە. فێنکە ، پیاو واهەست دەکات لە بەردەم (موبەریدەیەکی) شاراوەدا دانیشتووە • جا بۆنی تەرەسازەکەو ، شتە کۆنەکانی ناو ژوورەکە ، وادەزانێت بەگوزەری خومخانە چیەکاندا رادەبووریت •

ئەویش جگەرەیەکی زەلم بۆ دانەگیرسێنێ ، ماوەیەکیش بە قسەکردنەوە ئەمخڵافێنێ• حەز بەوە دەکات رۆژی سەد سەر گوزشتە بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە•

چیرۆکی ناسیغە کەسێکی ناسی‌او

محمد رشید فتاح

ئای چەند چارەی ئەو کەسانەی لەلاگرانە ، کە گوێ بۆ قسەکانی شل ناکەن •

— ئێ •• نەنە ••

ئەو قسەم پێ دەبڕێت ••

— رۆڵە ژنەکەم بۆ حەمەعەلی هێناو •• خوا کورێکیشی دایە !•

— ئەوە دەزانم •• سەرەو خێربێت ،لەمەودوا حەمەعەلیش دەکەوێتە خۆی •

لچێك هەڵدەقورتێنێ ، ئەیەوێت بڵێ :ـ کەوتنە خۆی چی ؟!•

بەڵام دڵی بەرایی نایەت کوولەکەی رووحەکەی بشکێنێت ، چونکە حەمەعەلی لەلا لەهەموو شتێکی تر خۆشەویسترە •

بۆیە دیسان پێم دەڵێت :ـ چاك دەبێت ، هێشتا منداڵە •• منداڵیش دەیەوێ تا بیربکاتەوە •• من زۆری لێ ناکەم ، باخۆی هەست بەوە بکات •• چونکە تاسەر نەمنی بۆ ئەمێنم‌و ، نەکوویەی تەرەسازەکە !•

— ٣ —

هەتاوی مایس بەری بینایی دەگرتم ، نەمدەویست سوراحی‌یەکە بکەوێتە بەرنیشانی خرکە بەردێکی منداڵێکی چەتوونی ئاو کۆڵانەکەمان • لە تاوا ئەو دەستو ، ئەم دەستم پێ دەکرد • بەرەو کۆڵیتەکەی نەنە ئایە ملی رێگەکەم وەبەر نابوو •

(تا حەمەعەلی ژنی نەهێنابوو ،شانی دابووە بەر ، خۆی دەڕەتاند ، ئارەقەی دەڕشت ، بۆوەی کۆڵیتەکە لە بناغەوە هەڵگێڕێتەوە •

ئا •• بۆوەی سەرلەنوێ دروستی کاتەوە •• چەندجار دەیدا بەگوێی کوڕانی گەرەکدا :ـ (شەرتبێ ئەم کونە گورگە لە بناغەوە هەڵتەکێنم‌و ، لە دەست دڵۆپەو ، مشك‌و مارو ، جڕو جانەوەر قورتارم ببێت ••) تاکو رۆژێکیان من لێم پرسی : ئەی تەرەسازەکە تیانابێت •• تا ئەو ئاواتە بهێنتەدی ؟!

بەر لەوەی وەڵام بداتەوە بەرووما بێ‌کەنی • بەراستی ئەو دەمە تەریق بوومەوە • هەستم کرد قسەکەم لە جێی خۆیدا نی‌یە ، بەڵام سەیر لەوە دابوو نەم ئەزانی بۆ ؟!• تا ئەو وتی :ـ (نەخێر •• کاکە •• نەخێر !)

ئەوەتا ئێستاش ئایە دەڵێت : (حەمەعەلی منداڵەو ، منداڵیش دەیەوێت تابێ بکاتەوە) •

— ٤ —

لە دووزەوە دەرگای کۆڵیتەکەم بەداخراوی کەوتە بەرچاو ، سەگێکی گوێ قوتیش بەکزی‌یەوە لە بەردەمیا هەڵتروشکابوو •• چوومە پێشەوە ، سەگەکە لە جێی خۆی راست بووەوە ، وێستم زیاتر نزیك ببمەوە ، سەگەکە مڕەیەکی کرد • کە قفڵە گەورەکەی دەرگا شەق‌و شڕەکەم بەدی‌کرد ، پڵەی گەرمی دەروونم هاتە خوارەوەو هەرچی خۆشی‌یەکی تیابوو بەستی •• ناچار بەرەو دوا گەڕامەوە • بەڵە هەورە دێزەکەش خۆرەکەی لێ شاردمەوەو ، کەوتە فرمێسك رشتن • نەمدەزانی بەدرۆ دەگری ، یا بەراستێتی !• لە تاوا هەنگاوەکانم گورج کردنەوەو ، پێم هەڵگرت • هەورەکە تووڕەبوو • فرمێسکەکانی بەستی‌و ، بوونە تەرزەیەکی دەنك گەورە • سوراحی‌یەکەی دەستم خۆی نەگرت • تەرزە زەفەری پێ بردو ، بەدەستمەوە کەڵە پاچەبوو •• منیش وەك هەموو شتێکی تری بێ‌کەڵك تووڕەدا، لە کاتی شکانیا ئاوازێکی خەمناکی بە گوێمدادا • خۆم گەیاندە بەنا دیوارێکی ماڵێکی نزیکمەوە • ریبوارێك بە بەلەهاتو ، لە تەکەوە راوەستا • بەرلەوەی هیچی تر بڵێت لێی پرسیم :

— ئەوە تۆش بەدەستی بەتاڵ گەراینەوە ؟!

— ئەی •• بە ناخێری چووم تەرەساز بێنم ؟!

— ئەی ئەتۆزانی کوویەکەی ئایە شکا ؟!•

جاری واهەیە مرۆڤ لە بێ بروایی‌دا بەرلەوەی بحەپەسێ، بێ‌دەکەنێ ، خەریك بوو منیش بێ بکەنم ، بەڵام کارەساتەکە هێند گەورەبوو نەمتوانی بێ بکەنم ، بەڵکو لێم‌پرسی :ـ بۆ ؟!

— حەمەعەلی شکاندی !••

— حەمەعەلی •• کوڕە نازدارەکەی ئایە ؟!•

— بەڵێ ••

— بۆ ؟!•

— چونکە پارەی لە ژێردابوو •

— پارەی چی ؟•

— پارەی تەرەسازەکە •

— ئەی ئایە کاسپی بۆ ئەو نەئەکرد ؟•

— با •• بەڵام بەشێکی لێ ئەگرتەوە بۆ قەرزدانەوەی خەڵکی •

— کام خەڵکە ؟!•

— منو تۆو •• کەسانی تریش •

— وەڵا بابە قەت ئایە قەرزداری من نەبووە •

— ئەی باو یاپیرانی ئێمە کوویە کەیان بۆ نەکڕیبوو ؟!

— جا چی‌یە ؟•

— ئای چەند بێ ئاگایی !•

ئەمەی وت‌و ، لووتی هەڵکردو ، لێی‌دا رۆیشت •

تەرزەکە زەوی‌یەکەی سپی‌کرد •• پەڵە هەورەکە داخی دڵی خۆی رشت‌و ، رای‌کرد • خۆرەکەش جارێکی تر ابە پێ‌کەینەوە دەرکەوتەوە، بەرەو ماڵەوە ملم‌نا گۆرانی کوڕم بەراکردن بەرەو رووم هات ، هەر لە دوورەوە وتی : بابە شکور تەرەسازەکەت نەکڕی •

— بۆ ؟! نەخێر نەم کڕی !••

— بەخوا باش بوو •• ئەڵێن تەرەسازەکەی ئایە مشکی تێ کەوتبوو ، حەمەعەلی کوڕیشی کوویەکەی شکاند •

— کێ دەڵێ ؟!•

— بەخوا درۆ ناکەم •• خەڵکی وادەڵێن •

(ئا •• خەڵکی وادەڵێن •• خەڵکی •• هەردەڵێن‌و ، هەر دەڵێن !)

١٩٧٧

ناحەیەك بو یارا من

دلبەرامن ••

ماپشتی بهارێت رەنگین

چ لێ‌بکەم هشکە هافینا ؟؟!

ئەرێ چاوا ••

دێ بەرزەکەم وان برینا ؟؟•

بچ فەشێرم ؟؟

رۆندکێت شین‌بووین لڤان جوخینا

ئەفینـــاتە ••

ئەزێش رۆندکا دویر کریم !!••

ابەلێ زخر دووستو تۆڕینا ••

دێ چ‌بێژمە ••

شەنگەبێیت سەر ڕویبارا

چاوا بدەم ••

بەرسڤا تافێت ئێقارا ؟

ئەگەر هاتو ••

جارەکێ تووش م دویرکری •••!!

ئەگەر وافیا

پەیمانێت مە •••

بکەنە سڤیا بەرباری‌بری •••!!

ئۆ رۆژێت مە ••

بڕبکەن ژناخینکاو گری

مەژێك فەکەن ••

ئو لدلی مەلکەن ئاگری

ئەوێ گافێ دلبەرامن ••

دێ گەش‌کەم فینـل،ئەمری‌و

دێ گەهمەتە ••

نێ‌فینە بۆمە دوری

بۆمن دوری ••

شێرزاد زین‌العابدین

رایەك بۆ لێدوان

لقێك یان زیاتر

زۆر ئەدیب هەن بە یەك لێ‌لە لقەکانی ئەدەب ناوەستن بەڵکو دەست ئەدەنە چەندلقێکی‌و خۆیانی پێوە خەریك ئەکەن ، ئەبینین خۆزوی‌شاعیرەو چیرۆك ئەنووسێ•• لەپال شیعر ووتن‌و چیرۆك‌نووسیندا نیگار ئەکێشێ گەر بۆی بلوێ خۆی لە قەرەی‌شانۆیش ئەدا ، یا چیرۆك نووسەو خۆی بە شیعرەوەشۆڕ ئەکاتەوە جگە لە سووکە هەوڵی ئەمڵاوئەولایش ، دیاردەیەکەو لە زووەوە هەیەو بەردەوام‌هاتووە جا چاکە یان‌نا ؟ هەر یەکێ ڕای‌سەربەستی خۆی‌هەیە • بەڵام من ئەڵێم بوون بە یەك شت باشترە لە نەبوون‌بە چەند شتێ ! چونکە زۆر بەدەگمەن شاعیری واهەڵئەکەوێ چیرۆك نووسی بەرزو بەیکەر تاشی لێ هاتووبێ •• تەنانەت ئەوکاتە ئەبێ کە ئەدیب دوای رۆژگاری‌ئەزموون‌و موعاناتو (تەمەن) بێ ئەگاو ئەخەملێ‌و لە تاقی‌کردنەوە قووڵەکاندا قال ئەبێ‌و بەدەم ئازارو ژانەکانی خۆی‌وهەموو دنیاوە ئەتلێتەوەو لە نهێنی‌و یاساکان •• تێ ئەگاو ئەچێتە ناو شتەکانی کەردووتەوە ، ئا ئەو کاتەشداهەم دیسانەوە هەر لەیەك لقدا سەرکەوتن ئەهێنێ‌و •• لقەکانی تر ئەکەونە خانەی دووەم‌و سێ‌یەم‌و شتی‌سەربێی •• چونکە موعاناتە توندو تیژەکە لەو کانیەوەهەڵئەقوزێ کە بەیوەندی‌ی زیاتری بە دیوی ناوەوەی ئەدیبەکەوە هەیە جا شیعرە •• یان چیرۆکە •• یان •• هتد • ئەوا ئێستایش کە ناوی فکتۆر هۆگۆ ئەبەین‌ڕۆمانی ـ کلو لەکان ـ مان بیر ئەکەوێتەوەو ـ جان‌فالجان‌ـ مان دێتەوە بەرچاو !! خۆ هۆگۆ شیعریشی ئەنووسی‌کەچی بووە وێمان‌نووسێکی ئەمرو نەبووە شاعیرێکی‌جیهانی •

ئالێم شاعیر هەر شیعرێ‌بڵێ‌و چیرۆك نووسی هەر چیرۆك •• و ئاگاداری‌لقەکانی تر نەبێ‌و لە سینەماو تەلەڤزیون دابڕێن بەلکوزیرەکانە لە جیهانیان تێ بگەن‌و بیانکەنە پەیژەی‌سەرکەوتن‌و رێی پەرەو پێشەوەچوون چونکە (ئەمڕۆ)هەموو لقەکانی ئەدەب‌و هونەر کار ئەکەنە سەریەکتری‌وشاعیر ئەتوانێ بۆ پێشخستنی هونەری شیعری‌ی خۆی سوودلە تەکنیکی چیرۆك‌و لایەنە باشەکانی سینەما وەرگرێ بەپێچەوانەوەیش چیرۆك نووسی •

ئەمە ڕایەو خەڵکی کەیش‌ڕای خۆیان هەیە •

لەویچونەلا لسەر هۆزانا

من گوت‌و تەوشەگیرا

دژمارا ٣٨٤ لبەریەرێ دەمێ (من گوت‌و تەفەگیرا) هاتبو ژنفیسینا هوزانڤان خلیل محمد دهوکی • پشتی من خاندی هندەك ئەگەرا ئەس پالدام کو رەخنەگرتنەکێ لسەر بنفیسم چونکو دویف مایاوێ بو کەسەرەك ددڵێ من‌دا •

هەڤال ئەس ئەهەڤ بەریاتە دکەم بڤێ نفیسینێ بەڵێ یازاناو ئاشکەرا ئەوە کو چ « کەسێ » بزانیت بەرتوکێ بخوینیت‌و تێبگەهیت دێ هەڤ‌پشکێ کەتن دگەل نفیسەڤانی‌دا بهەمی ئێش‌و ژانا ، بەڵێ دێ چاڤ دێربیت لدویف ـ مایا هوزانێ دابکەمیتە ئامانجەکێ ، لهێرە گەرا هوزان ڤانی ریددەت کو خۆ دسوژیت بو خاندەڤانێن خو وەکی مومکێ ، لڤێ چەندێ تڤیا ئەو بومە دیاریەکێ ئامادەکەت ، چونکە ئەم گەلەك ئێشاندین‌و بریندار کرین ب شروفەکرنا گوڤانێن خۆ ئەوێ پێدەهەستێت •

بەڵێ هوزان ڤانی وەنەکرە گول چرمساندن ، پایین درێژکر ، ژیان تەحل‌کر ،ـ ماینەلهیڤیا بهارێ ئەوژی ئەهات ••

دبێژیت : سور گولا م چرمسی‌یەو بێ‌خونافە ••

ئەم لهیڤێ بوین کو وێ گولێ بکەتن دیاری ، بەڵێ بەلگێت وێ ومراندن و یادیارە لنك‌مەڤالی کو ئەم نەشێین خاکێ هشك ئاڤدەین روی‌ێ قرقچی تەرکەین ، نەشیان‌و

صدیق شرو مزوری

پروانە ـ ل ٧

لە نێوانی لەدەبو رۆژنامەگەری‌دا

محمود زامدار

هەرلەسەرەتاوە ، رۆژنامەگەریش وەکو جوڵانەوەیەکی بەرگوشادی فیکرو ئەدەبیات ، بەندەو بەندبوو بە بزوتنەوەو رابەرینی نەتەوایەتی هاوچاخانەوە •• تاوای لێهاتوە بێ بەتۆمارێکی هەرەبەتامو مەزنی گەلێ روداوی ژیان‌و دیاردەی ژان‌و هەڵچوونمان ، بەئەمانەتەوەیش پەردەی فەسڵەکانی شانۆی کوردەواریمان بۆ ئاوەژو بکاتەوە ••!!•• لە بنجا ئەم جوڵانەوەیە لەسەردەستی دەستەیەك ئەدیب‌و رۆشنبیری خۆخولقێنەر هاتۆتەکایەو بوم بەمەیدانی خۆنواندنێکی فراوانی بیروورای ئەو دەستەرابەرانەی ئەو دەورو قۆناغە هەرەناسکە ، چاوخشاندنێکی خێراو زیرەکی رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە : (کوردستان ـ رۆژی کورد ـ پێشکەوتن ـ رۆژی کوردستان ـ بانگی کوردستان ـ بانگی حەق ـ ژیانەوە ـ دیاری کوردستان ـ ژیان ـ زاری کرمانجی ـ هاوار ـ زبان ••) گەلێ قسەو بۆچوونی لەم بابەتەمان بۆ ساغ‌ئەکاتەوە •• هەربۆیەشە لێکۆڵینەوەی مێژوی پڕ لەکۆست‌و کۆسپی رۆژنامەگەریمان ، خۆی لەخۆی‌دا ، لایەنێکی گەورەی راپەڕین‌و جوڵانەوەی هاوچاخمان بۆ سەراوەلە ئەکاتەوەو هەستی پاك‌و

پروانە ـ ل ٧

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەیانی دکتۆر سلطان عبدالقادر سەرۆکی زانکۆی بەغداو دکتۆر هاشم جابر حسن سەرۆکی زانکۆی موستەنسریە بەبونەی دانانیان لەم پلە تازەیەیاندا چونەتە کۆشکی کۆماریی‌و لەدەفتەری میواندارییدا سوپاسی خۆیان بەسەرۆك پێشکەش کردوە ٠

هەروەها دکتۆر عبدالله محمد حسن السباعی نەقیبی پزیشکانی ددانو دکتۆر ضاری مشحن الحردان بەریوەبەری گشتی‌ی پرۆژەی ناوچەیی زانستی خالدو ناو لە روژهەلاتی خوارودا چونەتە کۆشکی کۆماری‌و بۆدوعا خوازی ناوی خۆیانیان لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردوە ٠

هەروەها بەڕێز ولید محمود بالوێزی عیراق لە دیمەشق چونە کۆشکی کۆماری‌و بۆدوعا خوازی‌و گەرانەوە بۆ جێگای کارەکەی ناوی خۆی لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردوە ٠

هەروەها بەڕێز دکتۆر صاحب ذهب راوێژپێکراو لە سندوق پارەی عەرەب چۆتە کۆشکی کۆماری بەبۆنەی هاتنە بەغدا ناوی خۆی لەدەفتەری میواندارییدا تۆمار کردوە ٠

هەروەها بەڕێز حنا رزوقی الصائغ راوێژپێکراو لەوەزارەتی دارایی چۆتە کۆشکی کۆماری‌و بەبۆنەی گەرانەوەی بۆ عیراق ناوی خۆی لەدەفتەری میواندارییدا تۆمار کردوە ٠

سەرژمێرکردنی گشتی دانیشتوان بە سەرکەوتویی تەواو بوو

بەڕێز عدنان حسین‌سەرۆکی لیژنەی بەرزی‌سەرژمارکردنی گشتی‌ی دانیشتوان وەزیری‌نەخشەکێشان رۆژی دووشەممەی رابوردو بەیاننامەیەکی دەرکردوە لە‌بەیاننامەکەدا باسی‌سەرکەوتنی تەواوی سەرژمارەکەی کردوە لە سەرانسەری وڵاتدا ٠ ئەمەش تەواوی بەیاننامەکەیە ٠٠

هاووڵاتیانی بەڕێز کردنەکە دانرابو ٠٠ وە زۆر پێخۆشمالم کە سڵاو لە ڕێکخراوەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و ڕێکخراوە میللی‌و پیشەیی‌و دەزگاکانی دەوڵەت بکەم کە بە شێوەیەکی راستەقینە بەشداریان لە ئامادەکردنی پێویستیکانی ئەم سەرکەتنەدا کردوە ، وە بە تایبەتی سوپاسی دەزگاکانی راگەیاندن دەکەم کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەم کارەدا خۆی خەریك کردوەو تەقەللای سەرکەوتنی داوە ٠

وە هەروەها سوپاس‌و ریزی خۆم پیشکەشی بە ڕێزان پارێزگاران‌و سەرۆکی بەشەکانی بەریوەبردن‌و هێزی ئاسایشی ناوخۆ دەکەم کە بە ئەوپەری لێهاتویی‌و توانا‌وە ئەو ئەرکە گەورەیەیان هەڵگرتومو ئەوپەری کۆششیان بۆ سەرکەوتنی ئەم سەرژمارکردنە کردوە ٠٠ وە زۆر سوپاسی ئەو هاووڵاتیانە ئەکەم کە ئۆتۆمبیلەکانی خۆیان بەبێ پارە خستبوە بەردەستی سەرژمێرکەران داوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك ئەکەم‌و خوا هەمولایەك بۆ چاکەی نیشتمان‌و شۆڕشەکەی بەسەرکردایەتی سەرۆکی تێکۆشەر احمد حسن البکر سەرکەوتوکات ٠٠

بەڕێز عدنان حسین سەرۆکی لیژنەی بەرزی سەرژمارکردنی گشتی‌ی دانیشتوان وەزیری نەخشەکێشان‌و تویەتی : ئەم سەرژمارکردنە بەلگەی وریایی جەماوەری نیشان‌داوە لەگەڵ ئەو پەیوەندیەی هاونیشتمانیەك هەیەتی لەگەڵ سەرکردایەتی‌یە شۆڕشگێرەکەیدا ٠٠

هەروەها بەڕێز عدنان حسین لە گفتوگۆیەکدا کە ئاژانسی دەنگوباسی عیراق سەر لە ئێوارەی رۆژی ١٧ی ئەم مانگە لە گەڵیدا کردوە وتویەتی : ئەم کاری سەرژمارکردنە تەنیا بریتی نەبو لە کاریکی ژماردن بەڵکو گەیشتۆتە پلەی ئامادەکردنی مرۆڤی‌و ماددی کە ئەرکی بەجێ گەیاندنی ئەو کارەی بە گوێرەی ئەو ئامانجەنەی لەوەپێش‌بۆ دانراوە گرتۆتە ئەستو ٠٠

بەڕێز سەرۆکی بەرزی لیژنەی سەرژمارکردن ئەوەی راگەیاندوە کە پاش نۆ مانگ ئەنجامی تەواوی سەرژمارکردنە کە دەر ئەکەوێت ٠٠ هەر لەو بارەیەوە وتویەتی ٠٠ کە توانایەکی گەورە ئامادە کراوە بۆ ئەوەی ئەنجامەکان بەهۆی ژمیرداری ئەلەکترۆنێکانی سەر بە دەزگای مەرکەزیی سەرژمارکردن بکەوێتە ڕوو هەروەها وتویەتی ٠٠ واچاوەڕان ئەکرێت کە ژمارەی دانیشتوانی وڵات بەگوێرەی جنس‌و ژمارەی نەخوێندەوارەکان لە ٢٤ مانگی داهاتودا دەرکەوێت ٠٠ ئەمە لە لایەکەوە ٠٠ وە لە لایەکی ترەوە ، ئاژانسەکانی دەنگوباس‌و ئیزگەکانی رادیو تەلەفزیونی وڵاتە عەرەبی بێگانەکان بایەخێکی زۆریان بەو سەرژمارە گشتی‌یە داوە کە رۆژی ١٧ی ئەم مانگە لە وڵاتدا کرا ٠

چەند پرۆژەیەکی نوێ لە ناوچەی ئوتێلەوە

ئێستاکە لەهاوینەهەواری‌سەلاحەددین‌دا ئیش بەردەوامە لەدروست کردنی ئوتیلێکدا ، کە دەوروبەری ٧٨٢ هەزار دیناری تێ‌ئەچێت ٠٠ ئوتیلەکەدو نهۆم دەبێت‌و ٥٣ ژوری نوستنی تێدا ئەبێت لەگەڵ‌هەموز پێویستی‌یەکی ئەندروستیدا ، سەرەڕای ئەوپێچ بەرەی خەوتنەی کە هەربەرەیەکی بریتی ئەبێت لەدووژوری نوستن‌و پێویستی ئەندروستی‌و دوو لوقەنتەی‌گەورە کە هەریەکەیان جێگای ٥٠٠ کەسی تێدا ئەبێتەوەلەگەڵ ئەمانەدا لەئوتیلەکەدا دوو مەیخانەی تیدا ئەکرێتەوەکە دەست ئەدەن ١٥٠ کەس تێایدا بخواتەوە ٠٠

بیجگە لەم بەشە پێویستیانە لەئوتیلەکەدا هۆڵی دانیشتن‌و باخچەو حەوزێکی مەلەکردن‌و هەندێ لاو شتی پێویستی تری تێادا دروست ئەکرێت ئەرکی دروست‌کردنی ئەم ئوتیلە دەزگای خانەنشینی‌و زامنی‌ی کۆمەڵایەتی کرێکاران گرتویەتیە ئەستوی خۆی ٠٠ ئەویش وەك بەشێك لەجێ‌بەجێ کردنی ئامانجەکانی یاسای ژمارە ٣٩ی سالی ١٩٧١ی دەزگاکە ٠٠

دەزگای ناوبراو لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا خەریکی جێ‌بەجێ‌کردن زۆر پرۆژەی‌تری لە ئەنجامی بارەیەشەوە بایەخێکی زیاتری بەناوچەی ئۆتۆنۆمی داوە ئەویش لەسەر ئامۆژگاریکانی سەرکردایەتی سیاسی‌و ئەویرایارانەی کەمەبەستی گورجوگۆڵ‌کردنە لە ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکەدا ٠٠

بەگوێرەی ئەو نەخشەی ئاوەدانی‌یەی دەزگای خانەنشینی‌و زامنی کۆمەڵایەتی کرێکاران داینا‌وە لەماوەیەکی کەمدا‌لەشارەکانی هەولێر‌و سلیمانی‌و دهۆك‌دا چەند کوشکێك بۆ دایرەکانی دەزگاکانی ومزارەتی کارو‌کاروباری کۆمەڵایەتی دروست ئەکرێت ٠٠

ئێستاکە خەریکی دەست‌نیشانکردنی ئەو زەویانەن کە ئەو کۆشکانەی لەسەر بنیات بنرێت ٠٠ لەگەڵ ئەم پرۆژانەدا دەزگای ناوبراو بەشێکی لر لەنەخشەی ئاوەدان کردنەوەی خۆی جێ‌بەجێ ئەکات بەدروست‌کردنی هەندی یانەو کتیبخانە شوێنی مەلەشانۆ بۆکرێکارانی پاریزگای هەولێرو سلیمانی‌و دهۆك ٠٠

لەهەمان کاتدا دەزگای ناوبراو نەخشەی ئەوەی داناوە کە ئوتیلێکی کرێکارانە لەهاوینە هەواری‌سەرسەنگی سەر بەپارێزگای دهۆك دروست بکات ، وەیەکێکی تریش لەپارێزگای سلیمانیدا ٠٠ ئەم ئوتیلانە بۆ کرێکاران تەرخان ئەکرێت تا وەکو کاتی پشودانی خۆیانی تیادا بەسەربەرن ٠٠ ئەمانە بەشێکن لەپرۆژانەی کە بەدەستەوەن بەم زوانە جێ‌بەجێ‌بکرێن ٠٠

دەربارەی ئەو پرۆژانەی لەپرۆگرامی بەرهەم هێنانی سالی ١٩٧٦ـ١٩٧٧ دانراون ، دەزگای خانەنشینی‌و زامنی کۆمەڵایەتی چەند پرۆژەیەکی تریش لە هەولێرو دهۆك‌دا جێ‌بەجێ ئەکات ئەم پرۆژانەش پتر لە ١٠٠ هەزار دیناری تێ‌ئەچێت ٠

دکتۆر حمادی پێشوازیی‌بالوێزی تایلەندی کردوە

دوێنێ بەیانی بەڕێزسعدون حمادی وەزیری دەرەوە پێشوازی بەڕێز سانوم‌نوفاوانی بالوێزی تایلاند لە عیراقی کردوەو ئەوراقی‌باوەرنامەی لێ‌وەرگرتوە ٠

هەوالی کوردستان

کادیرانی پەروەردەو دەرسوتنەوەو بەریوەبردنی قوتابخانەکانی کوران‌و کچان‌لەقەزای دەربەندیخانی پارێزگای سلیمانی لەئەرکی‌خۆیانیان کۆلیوەتەوە بەرامبەر پێشکەشتنی پەروەردەو بلندکردنەوەی پلەی زانیاری‌و زانستی جەماوەری قوتابیانی‌پارێزگاکە ٠

لە نەدوەیەکی نیقابەی مامۆستایانی ناوچەی ئۆتۆنومی لقی سلیمانیدا کە ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستان‌و هاوڕێیانی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لقی سلیمانی تیادا بەشداربوە بریاردراوە کە ئەوپەری کۆشش بکرێت بۆپەروەردەکردنی ئەوەیەك گۆش‌کراو بەبیروباوەرەکانی شۆڕش بۆئەوەی بتوانی ئەرکە نیشتمانی‌و ئەتەوەیەکانی سەرشانی بگەیەنێتەجێ٠

لە ٢٣ی ئەم‌مانگەدا لەزانکوی سلیمانی کۆنگرەی چوارهەمی یەکێتی کتیبخانەکانی عیراق لەژێر دروشمی (کتیبخانە لەپێناوی پەرەپیدانی ئەتەوەیەدا) ئەگێرێت زانکوی بەسرا بەشداری ئەو کونگرەیە ئەکات بەلێکولینەوەیەك بەناونیشانی (بەرهەمی فیکریی عیراق لەماوەی سەد سالدا) لە نووسینی بەڕێز عبدالجبار عبدالرحمن ئەمیندداری کتیبخانەی ئۆرگانی زانکوی بەسرا ٠٠

● لەناحی‌یەی قامیشان ٣٧ نافرەتی جوتیار بەشداری ئەوە دەورەی مەشق‌کردنەیان کردوە کە بەریوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی جوتیاران لە پارێزگای سلیمانی بۆی پێك‌هێناون ٠

بۆماوەی هەفتەیەکی تەواو بەشداراتی دەورەکە باسی دەوری نافرەتانی لادێیان بۆ ئەکرێت لەمەیدانی بزوتنەوەی هەرەوەزکاری‌و راستی کشتوکال لەوڵاتدا ، لەگەڵ ئەم باسانەدا چەند محازەرەیەکیان لەبارەی وریاکردنەوەی نیشتمانی‌و ئەتەوەییەوە بۆ ئەخوێنرێتەوە ٠٠

وە لەلایەکی ترەوە بەریوەبەرایەتی ناوبراو رۆژی شەممەی رابوردو لە قەزای کۆبونەوەیەکی فراوانی بۆ دانیشتوانی قەزاکە پێك‌هێناوە دەربارەی ئەنجامی سەرژمارکردنی گشتی‌ی دانیشتوانی ٠٠

● ئەنجومەنی کشتوکال لە پارێزگای دهۆك لە کۆبونەوەیەکی رۆژی شەممەی رابوردویدا لەسەر ئەوە قایل‌بوە کە ١٥٠ دۆنم زەوی کشتوکالی‌ی لەشاری دهۆك‌و ٤٠٠ دۆنم لەقەزای زاخۆ بەسەر کارگیرانی دایەرەکان‌و کرێکاراندا دابەش‌کات ئەویش وەك چارەسەرێك بۆ کەم کردنەوەی نەبونی خانوبەرە ئەویش بەهۆی گەورەبونی پارێزگاکەوە ٠٠

جێ‌بەجێ کردنی دوو قۆناغی کارکردن لە پرۆژەی زانکوی بەغدادا

حکومەتی شۆڕش بایەخێکی تەواوی بەپرۆژەی زانکوی بەغدا داوە کە لەبەغدا لەناوچەی جادریە جێ‌بەجێ ئەکرێت ٠٠ ئەو پرۆژەیە بە یازدە قوناغ تەواو ئەکرێت بۆ ئەوەی بچێتە ریزی یەکێك لەهەر پیشکەوتوترین زانکۆکانی جیهان ٠

وەزارەتی کارونیشتەجێ‌کردن کە ئەرکی جێ‌بەجێ‌کردنی ئەو پرۆژەیەی گرتۆتە ئەستۆ ، تا وەکو ئێستا کە توانیویەتی دوو قوناغ لەو پرۆژە گەورەیە جێ‌بەجێ بکات ئەم کارە سێ ملیون دیناری تێچوە ٠٠ ئەو دوو قوناغەی لەو پرۆژەیە تەواوبوە بریتی‌یە لە روکاری پێشەوەی زانکوکەو قولەی مامۆستایان کە بەرزای‌یەکە ١٩ نهۆمە لەگەڵ چەند شەقامێکی گەورە لەناوازنکۆکەداو دروست کردنی بەستێك لەسەر روباری دیجلە شان‌بەشانی زانکۆکەو چەند بینایەتێك بۆ خزمەت‌کردن‌و عەمارو عەمارناوو بۆری ئاو ئاودێری‌و دامەزراندنی تورمپایەکی گەورە بۆ راکێشانی ئاو سەرەرای راکێشانی چەند خەتێکی گەورەی کارەباو دامەزرانی ئەلەتریکی شەقام‌و کۆشکەکان‌و تەواوکردنی زیراب‌و ئاوەرۆکی ناو زانکۆکە ٠٠

وە ئێستاکە کار بۆ تەواوکردنی سێ قوناغی تری پرۆژەکە بەردەوامە کە ئەوانەش بریتین لەقوناغی سێهەمین‌و چوارهەمین‌و پێنجەمین ئەم قوناغانە بریتی ئەبن لەتەواوکردنی ١٩ خانوبەرەی گەورە کەپانایی ١١١ هەزار مەترەی چوارگۆشە زەوی ئەگرنەوەو ئەمانە لەگەڵ تەواو کردنی شەشەم قوناغی پرۆژەکەدا ٤٠ ملیون دیناریان تێ‌ئەچێت ٠٠

وئێستا کاربەدەستان ئەوەیان بەدەستەوەیە کە سێ قوناغی‌تری پرۆژەکە بخەنە ڕو کە ئەوانەش بریتی‌یە لەبلەی صەوتەمین‌و هەشتەمین‌و نوهەمین ٠٠ ئەمانە بریتی ئەبن لەبەشی ناوخۆو هۆڵی نان‌خواردنی قوتابیان دوا قوناغی پرۆژەکە وەك لەنەخشەکەیدا رون‌کراوەتەوە بریتی ئەبێت لەیاریگایەکی وەرزشی گەورەی ئەوتۆ کەجێگای ١٦ هەزار تەماشاکەری تێدا ئەبێتەوە جگە لەچندیاریگایەکی بچوکی‌تر ٠

وەفدێکی کرێکاران بەرەو جەزایر کەوتۆتەری

رۆژی شەممەی رابوردو بەسەرۆکایەتی بەڕێز هادی نصیف ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی سەکرتێریی پەیوەندی‌و ڕێکخستنی نیقابەکان لەتەك وەفدێکی یەکێتی‌و گشتی‌ی نیقابەکانی کرێکاران‌دا بۆ بەشداری‌کردن لە یەکەم کۆنگرەی جیهانی عەرەبی ئەفەریقایدا کەلەشاری جەزایر دەگیرێت کەوتونەری٠

کۆنگرەکە بۆ ماوەی پێنج رۆژی تەواو لەبنچینەی بەتین‌کردنی هاوکاری نیوان بزوتنەوەی کرێکارانی عەرەب‌و ئەفەریقاو دەوریان لەخەباتی دژ بەئیمپریالیزم دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ چونیەتی بشتگیریکردن لەو خەباتە عادیلانەیەی کەگەلی عەرەبی ئەریترایاو سۆمالی رۆژئاوا دەیکات هەروەها کۆنگرەکە کەسەرجەمی نیقابە عەرەبی‌و ئەفەریقایەکان بەشداری تیادا ئەکەن لەگەڵ چەند لایەنێکی تریشدا کەخەریکی ئیش‌وکاری کرێکاران‌و دەوری چینی کرێکاران لەمەسەلەی پەرەپیدانی ئابوریدا ٠

کۆرێکی ئەدەبی لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی

وەك بەشێك لە وەرزی‌ڕۆشنبیریی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لیژنەی‌ڕۆشنبیری کۆرێکی چیرۆك خوێندنەوە لەئێوارەی رۆژی پێنج شەمەی رێکەوتی ٢٠ـ١٠ـ١٩٧٧دا بۆ چیرۆك‌نوس رۆوف حسن‌و محمد موکری‌و احلام منصورو احمدمحمد اسماعیل پێك‌دەهێنێت ، بەڕێزان حسین عارف‌و رفیق‌صابرو انور قادر عمر ئەو چیرۆکانە هەڵدەسەنگێنن ٠

کۆرەکە لەوەزیریە لەبارەگای کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی سازدەکرێت‌بانگیشتنیش بۆ هەمولایەکە ٠

کۆرێکی هونەری لیژنەی ڕۆشنبیری لاوانی سلیمانی

● سەر لەنیوارەی رۆژی هەینی رابوردوو رێکەوتی ١٤ـ١٠ـ٩٧٧ لیژنەی ڕۆشنبیری لاوانی سلیمانی کۆرێکی پێك‌هێنا بۆ هونەرمەند اسماعیل خەیات ٠ دەربارەی ئەوپێشانگایەی کە لەم دواییەدا کردیەوە ٠

لەسەرەتای کۆرەکەدا کاك فوءاد حمە رشید ووتارێکی خوێندەوەو دوای ئەوە کاك شهاب عثمان باسێکی هونەرمەندی‌کردو ئینجا هونەرمەند دەستی‌کرد بە وێنەکێشانی کوردی ٠ کۆرەکە پێشکەش‌کرد ٠ کۆرەکە کورتەباسێکی دەربارەی تاقی‌کردنەوەی هونەری خۆی پێشکەش‌کرد ٠ کۆرەکە نزیکەی دووسەعاتو نیوی خایاند ٠

پ٠ هاوکاری

کۆرێکی گەشتوگوزاریی لەنێوان عیراقو هەنگاریادا

رۆژی هەینی ئاینده بەڕێز محمد جاسم الامین وەکیلی وەزارەتی راگەیاندن لەتەك وەفدێکدا بەرەو هەنگاریای میللی ئەکەوێتەرێ ، ئەو دیدەنی‌یە ماوەی هەفتەیەك ئەخایەنێت ٠٠ مەبەست لەم سەردانە پتەوکردنی پەیوەندی دۆستایەتی نیوان هەردوولاتەو مۆرکردنی رێکەوتنێکی گەشتوگوزار کردنە لەنێوان دەزگای گشتی‌ی گەشتوگوزاری‌و ئەنجومەنی نیشتمانی گەشتوگوزاری کۆماری هەنگاریای میللی ٠

لە چاپکراوەکانی وەزارەتی راگەیاندن دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

سەنگەری یان دوو سەنگەر

هاوڕێ صدام حسین

کەوتە بازاڕەوە

دەرهێنی چەند مەرسومێکی جمهوری دەربارەی دانان وەزیری بەرگری و گۆڕینی وەزیری راگەیاندن و دامەزراندن وەزارەتی ڕۆشنبیری وهونەر

رۆژی شەممەی رابوردو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریاری وەزارەتێکی نوێی بۆ ڕۆشنبیری‌و هونەرەکان دەرکردوە ، هەروەها مەرسومی کۆماریی بۆ دانانی وەزیری نوێ بۆ بەرگری‌و راگەیاندن دەرکردوە ٠

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە رۆژی ١٥ـ١٠ـ١٩٧٧دا یاسای ژمارە ١٣٠ی سال ١٩٧٧ی دەرکردوە بۆ دامەزراندنی وەزارەتێکی نوێ بە ناوی (وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و هونەرەکان)ەوە ، وە ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچونی‌یەوە لە ١٥ـ١٠ـ١٩٧٧ پەیرەوی ئەکرێت ٠

رۆژی شەممەی رابوردو مەرسومێکی کۆماری بۆ لابردنی بەڕێز طارق عزیز لە وەزیریی راگەیاندن دەرچوەو بەڕێز سعد قاسم حمودی لە شوێنەکەی ئەو کراوە بە وەزیری راگەیاندن‌و جێ‌گری وەزیری ڕۆشنبیریی‌و هونەرەکان ٠

ئەمەش تەواوی مەرسومانەیە :

بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە

مەرسومی کۆماریی ژمارە (٦١١)

بە پێی دەسەڵاتی بڕگەی (د) لە ماددەی یەنجاو هەشتەمین دەستوری وەختی بریاری ئەمانەی خوارەوەمان داوە ٠٠

١ ـ لابردنی طارق عزیز لە وەزیریی راگەیاندن

٢ ـ دانانی سعد قاسم حمودی بە وەزیری راگەیاندن‌و ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌و هونەرەکان بەوەکالەت دەگرێتە ئەستۆ ٠

لە بەغدا لە دووهەم رۆژی مانگی ذی القعدە سالی ١٣٩٧ کۆچی رێکەوتی پانزەهەمین رۆژی مانگی تشرینی یەکەمی سالی ١٩٧٧ی زایین نوسراوە ٠

احمد حسن البکر

سەرەك کۆمار

کورتەیەك لە ژیانی بەڕێز عدنان خیرالله طلفاح

عەقید روکن عدنان خیرالله طلفاح وەزیری بەرگریی سالی ١٩٤٠ لە شاری بەغداد لە دایك‌بوە ، خوێندنی سەرەتایی لە تکریت تەواوکردوە پلەی ناوەندی‌و ئامادەیی لە شاری بەغداد تەواوکردوە ٠

سالی ١٩٦١ کۆلیجی سەربازیی تەواو کردوە ٠

سالی ١٩٧٠ کۆلیجی ئەرکانی تەواو کردوە ٠

سالی ١٩٧٦ کۆلیجی یاساو سیاسەتی لە زانکوی موستەنسریە تەواو کردوە پێش بەڕیابونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی سالی ١٩٥٨ چۆتە ناو ریزەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە ، سالی ١٩٥٩ بەهۆی ئەو دەسترێژەوە کە لە عبدالکریم قاسم‌کرا بەندکراوە ٠

لە شۆڕشی ١٤ی رەمەزانی سالی ١٩٦٣ و ١٧ی تەمموزی سالی ١٩٦٨دا بەشداری کردوە ٠

ئەندامی مەکتەبی رێکخستنی سەربازیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌بوە ولێپرسراوی مەکتەبی سەربازی لقی بەغدا بوە لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی‌دا ٠

لە ١٠ـ١ـ١٩٧٧دا بە ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هەڵبژیردراوە ٠

لە رۆژی ٤ی مانگی ئەیلولی رابوردودا کراوە بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ٠ لە ١٥ـ١٠ـ١٩٧٧دا کراوە بە وەزیری بەرگری ٠

کورتەیەکی ژیانی بەڕێز سعد قاسم حمودی

بەڕێز سعد قاسم حمودی لە سالی ١٩٣٧ لە شاری بەغدا لە دایك بوە لە دەرچوانی کۆلیجی ئادابی لقی کۆمەڵایەتی‌یە سالی ٦٠ـ١٩٦١ کۆلیجی تەواوکردوە ٠ لە سالی ١٩٥٥ ەوە لە رۆژنامە عیراقیکاندا ئیشی ئەکات سالی ١٩٦٣ بوە سەرنوسەری کۆماری وریایی کرێکاران ، لەوەوپێشیش کە ئەم گۆڤارە بە نهێنی دەرئەچو بەشداری نووسینی تیدا کردوە ٠

لە دوای پاشکەزبونەوەکەی ١٨ی تشرینی سالی ١٩٦٣ خرایە بەندیخانەوە پێش بەڕیابونی شۆڕشی ١٧ی تەمموز لە مەکتەبی ڕۆشنبیریی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی‌دا کاری کردوە ٠

لەگەڵ بەڕیابونی شۆڕشی ١٧ی تەمموزدا کرایە سەرنوسەری رۆژنامەی (الجمهوریە) لە هەمان کاتدا بوە ئەندامی مەکتەبی راگەیاندنی ئەتەوەیی لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا ٠

لە ٢٨ـ٧ـ١٩٧١دا بۆ ماوەی ئەو کاتە ئەنجومەنی بەریوەبردنی (دار الجماهیر)٠

سالی ١٩٦٩ بوە سەرۆکی لیژنەی ئەحزیریی نیقابەی رۆژنامە نوسەکانا لە ٥ـ٢ـ١٩٧١ بە ئەقیبی رۆژنامە نوسانی عیراق هەڵبژیردراو چواردەورە بە ئەقیبی مایەوە دوا دەورەی لە ٨ـ٢ـ١٩٧٧دا بو لە سالی ١٩٧٢دا بە ئەندامی لیژنەی ئەنفیزیی رێکخراوی رۆژنامەنوسانی جیهانی هەڵبژیردرا ٠

لە سالی ١٩٧٦دا بە جێ‌گری سەرۆکی رێکخراوی رۆژنامە نوسانی جیهانی هەڵبژیردرا مەدالیای (فوجیك)ی خەڵات کراوە ئەویش لەبەر ئەوە دەورەی گیراوێتی لە پتەوکردنی پەیوەندی‌و هاوکاری رۆژنامەنوسە پێشکەوتخوازەکان لە جیهان‌دا ٠

لە مانگی نیسانی سالی ١٩٧٢دا بەجێ‌گری سەرۆکی رۆژنامە نوسانی عەرەب هەڵبژیردرا ٠ لە ١٥ـ١٠ـ١٩٧٧دا کرا بە وەزیری راگەیاندن‌و جێ‌گری وەزیری ڕۆشنبیری‌و هونەرەکان ٠

چەند پرۆژەیەکی نوێ لە ناوچەی ئوتێلەوە

ئێستاکە لەهاوینەهەواری‌سەلاحەددین‌دا ئیش بەردەوامە لەدروست کردنی ئوتیلێکدا ، کە دەوروبەری ٧٨٢ هەزار دیناری تێ‌ئەچێت ٠٠ ئوتیلەکەدو نهۆم دەبێت‌و ٥٣ ژوری نوستنی تیادا ئەبێت لەگەڵ‌هەموز پێویستی‌یەکی ئەندروستیدا ، سەرەڕای ئەوپێچ بەرەی خەوتنەی کە هەربەرەیەکی بریتی ئەبێت لەدووژوری نوستن‌و پێویستی ئەندروستی‌و دوو لوقەنتەی‌گەورە کە هەریەکەیان جێگای ٥٠٠ کەسی تیدا ئەبێتەوەلەگەڵ ئەمانەدا لەئوتیلەکەدا دوو مەیخانەی تیدا ئەکرێتەوەکە دەست ئەدەن ١٥٠ کەس تێایدا بخواتەوە ٠٠

بیجگە لەم بەشە پێویستیانە لەئوتیلەکەدا هۆڵی دانیشتن‌و باخچەو حەوزێکی مەلەکردن‌و هەندێ لاو شتی پێویستی تری تیادا دروست ئەکرێت ئەرکی دروست‌کردنی ئەم ئوتیلە دەزگای خانەنشینی‌و زامنی‌ی کۆمەڵایەتی کرێکاران گرتویەتیە ئەستوی خۆی ٠٠ ئەویش وەك بەشێك لەجێ‌بەجێ کردنی ئامانجەکانی یاسای ژمارە ٣٩ی سالی ١٩٧١ی دەزگاکە ٠٠

دەزگای ناوبراو لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا خەریکی جێ‌بەجێ‌کردن زۆر پرۆژەی‌تری لەم بارەیەشەوە بایەخێکی زیاتری بەناوچەی ئۆتۆنۆمی داوە ئەویش لەسەر ئامۆژگاریکانی سەرکردایەتی سیاسی‌و ئەویرایارانەی کەمەبەستی گورجوگۆڵ‌کردنە لە ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکەدا ٠٠

بەگوێرەی ئەو نەخشەی ئاوەدانی‌یەی دەزگای خانەنشینی‌و زامنی کۆمەڵایەتی کرێکاران داینا‌وە لەماوەیەکی کەمدا‌لەشارەکانی هەولێرو سلیمانی‌و دهۆك‌دا چەند کوشکێك بۆ دایرەکانی دەزگاکانی وەزارەتی کارو‌کاروباری کۆمەڵایەتی دروست ئەکرێت ٠٠

ئێستاکە خەریکی دەست‌نیشانکردنی ئەو زەویانەن کە ئەو کۆشکانەی لەسەر بنیات بنرێت ٠٠ لەگەڵ ئەم پرۆژانەدا دەزگای ناوبراو بەشێکی لر لەنەخشەی ئاوەدان کردنەوەی خۆی جێ‌بەجێ ئەکات بەدروست‌کردنی هەندی یانەو کتیبخانە شوێنی مەلەشانۆ بۆکرێکارانی پاریزگای هەولێرو سلیمانی‌و دهۆك ٠٠

لەهەمان کاتدا دەزگای ناوبراو نەخشەی ئەوەی داناوە کە ئوتیلێکی کرێکارانە لەهاوینە هەواری‌سەرسەنگی سەر بەپارێزگای دهۆك دروست بکات ، وەیەکێکی تریش لەپارێزگای سلیمانیدا ٠٠ ئەم ئوتیلانە بۆ کرێکاران تەرخان ئەکرێت تا وەکو کاتی پشودانی خۆیانی تیادا بەسەربەرن ٠٠ ئەمانە بەشێکن لەپرۆژانەی کە بەدەستەوەن بەم زوانە جێ‌بەجێ‌بکرێن ٠٠

دەربارەی ئەو پرۆژانەی لەپرۆگرامی بەرهەم هێنانی سالی ١٩٧٦ـ١٩٧٧ دانراون ، دەزگای خانەنشینی‌و زامنی کۆمەڵایەتی چەند پرۆژەیەکی تریش لە هەولێرو دهۆك‌دا جێ‌بەجێ ئەکات ئەم پرۆژانەش پتر لە ١٠٠ هەزار دیناری تێ‌ئەچێت ٠

شان بەشانی سەرژمێرانی گشتی هاوکاری دەگاتە سنوری وڵات

ئەوا هەنگاوی دووەمی سەرژمێری گشتی وڵاتەکەمان دەستی پێکردو ئەو فەرمانبەرانەی بۆ ئەم مەبەستە لێپرسراوبوون کەوتنە کارو زۆر بەدڵسۆزیەوە ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ هێنا ..

بەم بۆنەیەوە (هاوکاری) هەلویستی خۆی تواندو بەپێی توانا کەوتە پشکنینی لەو کونو قوژبێنانەی کە دەکەونە سنوری وڵاتەکەمان بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەکی روون بکاتەوە کە چۆن توانرا بە یارمەتی هەموو لایەک ئەم سەرژمێریە سەر بگرێت .

بۆ ئەم مەبەستە چوینە قەزای قەلادزێو لەپاش شەوو رۆژێک لەوێوە بەرەو ناحیەی (هێرۆ) بوینەوەو لەوێشەوە لە دوای شەوێک چوینە گوندی (بێکلۆ) کە دەکەوێتە سەر سنوری وڵاتەکەمانو یەکسەر دەست بەسەرژمێری گوندەکە کرا .

گوندی ناوبراو دەکەوێتە نێوان چوار چیای هەزار بەهەزارەوەو لە بەرسەختی شوێنەکەی هەریەک دوومالی دەکەوێتە قەد پالی شاخێکەوەو هەر یەکەیان زیاتر لە (١٥) دەقیقە لەوی کە یانەوە دوورە ، دانیشتوانی گوندەکە بەو پەڕی لە خۆ بوردنەوە پێشوازی سەر زمێرانیان دەکردو هەموو زانیاریەکیان بۆ روون ئەکردنەوە بۆ دووپاتی ئەمەش زوریەی زۆری دانیشتوان ، بە تایبەتی پیرەکانیان هێشتا ناوی ئەو فەرمانبەرەیان لەیادبوو کە سالی ١٩٥٧ ناوو نوسی کردون !

پاش ئەوەی گوندەکەمان بەجێهێشتو گەڕاینەوە ناحیەی هێرۆ چاومان بە بەڕێوەبەری ناحیە مامۆستا (خضر احمد بابکر) کەوتو سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسوراندنی ئەخشەی سەرژمێری لەو ناوچەیەدا وتی :

ئەو فەرمانبەرانەی بۆ ئەم ناوچەیە دانرابون کردمانن بە چەند بەشێکەوەو بەناو ئەم گوندانەدا بڵاو بونەوە .

١ ـ بێکلۆ ٢ ـ باوەزی ٣ ـ میرەوە ٤ ـ دەرونیە ٥ ـ ئاوەکە ٦ ـ پێناسە ٧ ـ گواران ٨ ـ بەرشیران ٩ ـ عیسەوی و گەلێک گوندی کەش .

هەروەها کاک خضر دەربارەی کۆسپەکان وتی ، وەئەبێت ئەم سەرژمێریە لە کۆسپو تەگەرە بەدەر بوبێت هەر چەندە هیچیان نەبوتە هۆی هەڵنەسوڕاندنی ئەم کارە بەڵام وادەیانخەینە روو .

١ ـ رێگاو بان : ئاشکرایە ناوچەی کوردستان ناوچەیەکی سەختو دژوارە بۆیە زۆر گوندمان هەیە بەهیچ چەشنێک رێگای بۆ ناچێت لەبەر ئەوە فەرمانبەران ناچاربوون بەپێ بڕۆن ابۆ ئەو شوێنانە .

٢ ـ وەک بینیانو بینیتان سەبارەت بە کۆکردنەوەی زانیاری لەلای پیرەژنو پیرە مێردەکان کەمێک گرانبوو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە ناڤاسایەی کە لەوەوپێش تیایدا ژیاونو دووربون خێرخواهێک کە بتوانێ دوو راوێژی چاکیان بۆ بکات .

٣ ـ هەموو دەزانین کە دانیشتوانی ئەم ناوچانە لەبەر بەرژەوەندی خۆیان لە هاوینا گوندەکانیان چۆڵ دەکەنو دەچنە نێو باخو رەزەکانیانەوە بۆیە زۆر ماڵ هەبووە کەسی تیا نەبوەو زۆر بەزەحمەت توانراوە بیان دۆزنەوەو ناو نوسیان بکەن .

پ هاوکاری لە سلێمانی

ڕاپۆرت

ئافرەتو کاری بەرهەمدار

کارکردن شتێک نییە لە بازاردا بفروشرێت ، بۆیە پێویستە هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەبێت بە دووی ئیشدا بگەڕێت لە پێناوی خێرو خۆشیو پشکەوتنیدا لە روانگەی سەربەرزیو نازادیو چەسپاندنی ئابوریو بوونی ماوەی ئیش کردنەوە .

بەڵام ئەوەی پەرشو بڵاوەو چووەتە مێشکی هەندێکەوە کە گوایە ئافرەت بێ دەسەڵاتەو ناتوانێت ئیش بکات ، بە تایبەتی ئەو ئیشەی پیاو دەیکات ، چونکە چەند پسپۆڕیەکی تایبەت هەن ئەو نییەتی ، ئەمە هەمووی خەیال پڵاوەو ئەم بیروڕاو قسەی پووچانەی دەیانەوێت لە نرخی ئافرەت نزم بکەنەوە ، هەمووی ئەفسانەنو پشت بە هیچ تیوریەکی زانستی نابەستن .

زاناکان لە سەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە ئافرەت بە تواناترەو ئەو دۆخی سروشتیەو ئەو کۆمەڵگایەی پیاو سەرکردایەتی دەکات وای لە ئافرەت کردوە بەو جۆرە بە چاوی سووکەوە سەیری بکرێتو بووترێت توانای کار بەرێوەبردنی نییە .

بەڵام هۆی ئابوریو پێویستیی کۆمەڵ بە ئیشکەران بە تایبەتی لە کاتی جەنگدا وای لە کۆمەڵ دەکرد ناچاری ئەوە بێت پشت بە ئافرەت بەڵکو مندەڵان ببەستن بۆ ئیش کردن لە کارگەکاندا ، ئەوە بوو ئافرەت هەموو کارێکی بەرێوە دەبرد لەو کارگانەداو ئەوەی چەسپاند کە توانای بەرهەم هێنانی هەیە .

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت پێویستی پالی بە ئافرەتەوە نا بۆ ئەوەی خۆی بهاوێژێتە مەیدانی ئیش کردنەوەو تواناو هێزی خۆی بەتایبەتی لەو کاتە پێویستانەدا ،بنوێنێت .

ئەوەی پێویستە گومانی لێ نەکەین ئەوەیە کە سەردەمێکی زۆرمان پرواندووەو گەیشتووینەتە قۆناغێکی پەرەسەندن ناتوانرێت لە گەڵ سەردەمە کۆنە رزیوەکاندا بپێوزێت .

پێداویستیو پێویستی شان بەشانی ئەم پەرەسەندنە بەرێوە بووەو دەمارەکانی لەگەڵ چەرخی ئێستادا تێکەڵو پێکەڵ بوون تا ئەو ڕادەیەی وامان لێ هاتووە حسیبێکی وورد بۆ « کات » بکەینو زیادە ڕۆیش ناکەین ئەگەر وتمان حەزدەکەینو هەول دەدەین کێ بەرکێ لەگەڵ « کات »دا بکەین لە پێناوی

ئامادەکردنی

● فواد حسین احمد ●

بڕوانە ـ ل ٧

ڕیپورتاجێک دەربارەی

سێ یەم کۆنگرەی ناوەخۆیی کشت وکاڵی لە هەولێر

ممتاز حیدری

لەم دواییەدا ، لە هۆڵی گەلەلە کاتژمێر ٥ر١٠ی سەر لە بەیانی لەژێر چاودێری بەرێز پارێزگاری هەولێر مامۆستا ـ اسماعیل رسول احمد ـ لە ژێر دروشمی (بە پلاندانانی زانستیانەی ئاراستەکراوو بەردەوام بوونێکی هوشیارانە لە کارانەشونمای کشتوکاڵی جێبەجێ دەکەین) سێیەم کۆنگرەی ناوەخۆیی کشتوکاڵ لە هەولێر سازکرا .

لە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکەدا :

بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی کوردستان ماموستا ـ سعاد ادیب علی ـو ئەمینداری گشتیی ئەمینداریتیی کشتوکاڵو چارەسەرکردنی کشتوکال ماموستا ـ بشیر اتروشی ـو بەرێزان چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی جێبەجێکردنو یاسادانان ئامادەبوون ، هەروەها ماموستا ـ اسماعیل العزاوی ـ ئەندامی ئەنجومەنی بالای کشتوکال لە وولاتدا ، وە بەرێوەبەرە گشتیەکانی کۆمپانیای پەلەورو جگەرەو سەرۆک دائیرەکانی مەلبەندی مافوری دەستکرد لەگەڵ ناوچەی ئوتونومیو ژمارەیێکی زۆر لە ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەرەکانی کۆمەڵەی جووتیارانی هەرەوەزیو نوێنەری رێکخراوە نقابیو پیشەییەکان ئامادەبوون .

سەرەتای ئەم کۆنگرەیە :ـ

سێیەم کۆنگرەی ناوەخۆیی کشتوکال سازکرا ، پاش ئەوەی لە هەموو قەزاکانی پارێزگای هەولێر چەندین کۆنگرەی ناوەخۆیی لەژێر چاودێری قائمقامو بەرێوەبەری ـ ناحیە ـ کانو لێپسراوەکانی ترو سەرۆکی یەکێتیی کۆمەڵەکانی جوتیارانی هەرەوەزی سازکراو بەسەر پەرشتی ـ ماموستا فائق البهادلی ـ سەرۆکی ناوچەی کشتوکالی پارێزگای هەولێر .. لەم کۆنگرە ناوەخۆیانەدا گفتوگۆ لەسەر ئەو راپورتانە کراوە ، کە لقەکانی ناوچەی کشتوکال ئامادەی کردبوون ، سەبارەت بە چالاکیەکانی سەروکایەتی کشتوکال لەماوەی جێبەجێکردنی بریارەکانی کۆنگرەی گشتیی ساڵانە بۆ دابین کردنی بەرهەمی کشتوکالی بۆ کۆمەڵانی خەڵکو وەدەست هێنانی کەرەسەی خاو بۆ پروژە پیشەسازییەکانی وولات . جا کۆنگرەی سێیەمیش لەسەر رۆشنایی راپورتەکانی لقەکانو کاربەدەستان سێ رۆژی دەق گفتوگۆی دەربارەیان دەکاتو بریارەکانی خۆی دەردەکات .

وتاری سەرۆکی کۆنگرەکە :

پێشەکی سەرۆکی ئەنجومەنی بالای کشتوکال لە پارێزگای هەولێر ماموستا ـ اسماعیل رسول احمد ـ پارێزگاری هەولێر ووتارێکی بەنرخی خوێندەوە ، کە تێیدا ووتی :ـ « .. شۆڕش بایەخێکی نەواوی بە کەرتی کشتوکال داوە ، چونکە دەورێکی گەورە بەگشتی لە گۆڕانکاری ئابوری وڵاتەکەمان دەگێڕی ، کە کشتوکال کەرتێکی گرنگ پێک دینیو پەیوەندێکی بەتین بەخەڵکێکی زۆری وولاتەکەمان هەیە کە زیاتر لە سەدا چل پێک دینن ، واتە جووتیارەکانن ، ئەوانەی ماوەیێکی زۆر لەژێر زولمی بەندایەتی رژێمی دەرەبەگی ئەتلانەوە .. » .. هەروەها ووتی بایەخدانی شۆڕش بە کەرتی کشتوکال خۆی لەوەدا ئەنوێنی کە « .. یاسای ژمارە ـ ١١٧ی ساڵی ١٩٧٠ هینایەکایەوە، بەو پێیەسنووری بالای خاوەندیەتی کشتوکالی کەم کردەوە ، بەمە زەوێیکی زۆری وەدەست هێنا بۆ ئەوەی بەسەر جووتیارەکان دابەش بکات .. »

بەرێز پارێزگاری هەولێر لە ووتارەکەیدا ، بایەخێکی زۆری بە هەلویستی سەرکردایەتی حزبو شورشدا لە

بڕوانە ـ ل ٧

نەهێلانا نەخوێندەواری لە دهوکێ

بێگومان هەر جهێ نەخوێندەواری لێبیت پاشکەفتنا ئابوریو چڤاکیو نەساغی دێلێین . بەرقێ چەندێ ئیمپریالزمو کەفنەپەرست وەناکەن هنگی بشێن تیروژکا زانستیو خوێندەواریێ لناف میللەتێت پاشکەفتی بەلاقبیت دامینن وەکی هنگوستیرێکێ دەدەستێ واندا. نوکە ئیک ژگیروگرفتێت گەلەکێت مەزن یێت ئەو میللەت توشبین نەخوێندەواریە . جمکی دەردەکێ گرانو پرمەترسیە ئوزی ژێ رزگارنابن . لەوا نوکە لهەمی جهانی پێگول یاتێتەکرن تاکو نەخوێندەواریێ بن عەردکەن . لڤان ساڵێت دویماهیکێ زێدەبار ژبار تاکو نهو بیتە پێکرنە ، باش لعیراقێ یادایە نەهێلانا نەخوێندەواریێ لەهمی پارێزگەها عیراقێ رێقەبەرێت تایبەتی بێت بوقەکرین هەر ئیک ژفان رێقەبەرا چەند مەلبەند بێت فەکرین برادەر وجیە جمیل رێقەبەرێ دهوکێ گوت تاکو نهو (٣١) مەلبەند مە یێت فەکرین بو مێرکا ئو بو ژنا (٦) مەلبەند . تاکو نهو (١٠٩٥) کەس یێت ژێ دەرچوین . لڤێرە یا فەرە ئەم بزانین تشتێ ژهەمیا گرنکتر ئەوە کو

پ هاوکاری ـ دهوک

بڕوانە ـ ل ٧

کتێبی هاوکاری

دیموکراتی

سەرچاوەی هێزی هەمووکەسێک وکۆمەڵە

دوانەکەی « هاوڕێ صدام حسین » لەوەزارەتی پەروەردە لە ١٩٧٧/٧/١٠

ئەگەلەسەر ئەم بنەڕەتە ، ئەوەیەک پێ ئەگەیەنین ، لە سەرمانە واقعیو شۆڕشگێڕبین ، ئەگینا لەناو کۆمەڵدا ، رووبەڕووی دیاردەی سەلبی کوتوپڕ ئەبینو ئەوسا ئاڵۆزو دەست بەستراو رو بە ڕووی چارەسەرکردنی ئەوەستین ، چونکە زۆر لە رۆڵەکانی گەل ، لەناویانا کەسانی حیزبی هەن لەگەڵ داماڵینی فیکریاندا نەیانتوانیوە بەتەواوی خۆیان لە نەریتی کۆنی کۆمەڵ داماڵن ، هەرچەند بە الاشمانەوە مەبەستە هەمیشە ڕێکەوتن هەبێ لە نێوانی فیکرو سلوکدا ، بەڵام مەسەلەی خۆرزگارکردن لە سلوک گرانترە لە مەسەلەی فیکر ، ئەگەرچی (باجێکی) گەورە لەسەر بیرو باوەڕەکە لە قۆناغی ڕابوردودا بربڕەکەی قوربانیو خەباتی بەردەوامبوە ، ئەوا ئەم جۆرە باجەکەم تربێتەوە ، یان زۆر لایەنیتری وەرگرتوە کە لەم قۆناغەداو بەگشتی ترس کەمترە ، بەڵام سلوک هەرچەند تا ئێستاش باجەکەی بەردەوامە ، هەرچەند لە رووی شێوەشەوە گۆڕاوە ، ئەویش باجی گونجانە لەگەڵ کۆمەڵ ، لەسەر حسابی خسوسیاتی ناکۆک لەگەڵ کاروانو سوودی کۆمەڵدا ، کە بە « فلانەشت » لەمەیدانی سۆشیالیستیداو « فیسارەشت » لە مەیدانی بەرومردەی نیشتمانیدا یان لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیداو ... تا دوایی خۆی ئەنوێنێ ، جا لەبەرئەوە ئەبینین ، زۆر گرنگنیە گونجان لە فیکرا هەمووجارێ ، ئەو وێنە پێویستە بدات کە لە تێکڕاییدا ئەویسترێ ، بەڵام پێویستە لە ئەنجامدا هەمان وێنە بنوێنێ ، بەڵام لە تێکڕاییدا لەوانەیە هەندێ کەمو کورتی یان نەگونجان یان هەتا ناکۆکی ببینن ، لەوانەیە بەروو بەڕوویی ، بەعس ببینێ ، لە تێگەیشتنی سۆشیالستیدا لە گەلمان ناکۆک نیە ، بەڵام کە هەست ئەکات سۆشیالستی هەڕەشەیە بۆسەر سودو ئارەزوی خۆی ، لێمان جیا ئەبێتەوەو لێرەوە تەگەرەیەک روو ئەدات کە لەسەر حسابی دروستکردنی گشتی ئەبێ ، ئەک بەتەنیا لەسەر حسابی بیروباوەڕی حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب ، لێرەشەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە حزب قوتابخانەی زیادکردنی شورای پاراستنە ، بەڵام نیشتمان پەروەری بۆ تەنیا حیزبیەکان تەرخان نەکراوەو دلسۆزی تەنیا لەناو ئەندامەکانی حزبدا گیر ناخوات ، هەرچەندە ئەم جۆرە حالەتانە لە هەندێ لایەنەوە ، وەک تاقی کردنەوە وایە ، جا ئایا تاقی کردنەوە ، تەنیا پێوانەیەکە بۆ بەڵگەی لێهاتویی قوتابی ؟ وەڵام : نەء ، بەڵام ، ئایا پێوانەی تری بێجگە لەم پێوانەیەمان هەیە ؟ وەڵام : دیسان نەء ! ، ـ کەواتە ـ بۆ پتەوکردنی پاراستنو هوشیاریو باوەڕو کاری خەڵکو سەرکردایەتی کۆمەڵ ، سەرکردایەتی سەرکەوتوانەو بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییە ئاشکراکان ، هیچ رێگا لە بەردەمدا نیە رێگای رێکخستنی نەبێ ، هەرچەندە ئەمەش نابێتە هۆی ڕێگرتن لە حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالست ، کە دو پاتی بکاتەوە نیشتمان پەروەری لە ریزەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستدا نیە بەتەنیا ، بەڵکو دلسۆزیش لەناو ئەندامەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستدا نیە بەتەنیاو بەس ، جا لەسەر ئەم بنەڕەتە حزب لەتێگەیشتنی واقعیو شۆڕشگێڕیەوە ، دووپاتی کردۆتەوە کە شێوازی حزبی ابەعس شێوازێکی شێوەیی نیە ، بەڵکو باوەڕو پێوانەی کردەوەیەو بەو بیرو باوەڕەیانەوە بەستراوە ، کە هەمووی بەعسیەتە ، جا ئەو قسەیە ، لەوەوە هاتوە کە ئەڵێ :

ئەوەی دلسۆزیی بۆ ئیشرو نیشتمانەکەیو گەلو کارەکەی خۆش بوێو سووربێ لەسەر پاراستنیانو باوەڕی بەشۆڕش هەبێ ئەوە ، بە رێگای ، تایبەتی خۆی بەعسیە .

خوشکو برایان :

تا ئێستا زۆرتان پێشکەش کردوە ، لەگەل ئەوەشدا بزانن ئێمە چاومان لەوەوەیە زیاتر پێشکەش بکەن چونکە ئاواتو خواستتان کە ئاواتو خواستی شۆڕشە ، گەورەیە ، بێجگە لە لەوو پۆپو کەرەسەی تر ، لە سەرتانە گەورەکان لە رێگای رۆڵەکانیانەوە دەورەبدەن ، قوتابیەکان فێرکەن رەخنە لەدایکو باوکیان بگرن ، ئەگەر هاتو گۆیان لێ بو باسی نهێنیەکانی دەولەت ئەکەنو وریایان بکەنەوە کە ئەوە کارێکی چاکنیە ، فێریان بکەن رەخنە لە دایکو باوکیان بگرن ، ئەگەر ئێستاکە باسی نهێنیەکانی حزب ئەکەن بەڵام بەرێزموە ، لەسەرتانە لەهەموو گۆشەیەکدا ، رۆڵەیەک بۆ شۆڕش دابنێن ، لەگەل جلەوێکی ئەمیەنو عەقڵێکی ساغ کە راسپاردەیان لەمەرکەزی لێپرسراوی شۆڕشەوەوە وەرگرنو جێبەجێ بکەنو لەشێوازەی کۆنی لابدەنو چارەی نەفسیو کۆمەڵایەتی بەراستی بکەن ، رەخنە ، بەرێز لێگرتنەوە لە دایک یان باوکی بگرن ، ئەگەر هەستی کرد خەریکی دەستبڵاویە لە خەرجی ماڵی دەولەتدا ، پێی رابگەیەنێ کە ئەبێ وەک ماڵی خۆی بۆی بە بەرۆش تربێ چونکە ئەگەر دەولەت نەیێت خۆی ناتوانێ هیچ ملکێکی رەوای هەبێ ، لەبەر ئەوە لەسەرمانە شانازی پێوە بکەینو بیبارێزن ، دیسان لەم قۆناغەدا پێویستە منال فێری ئەوە بکەین کە بەرامبەر بێگانە ووریابێ ، چونکە بێگانە چاوی وڵاتەکەیەتیو تیایاندا هەیە ، لە هۆیەکانی تێکدانی شۆڕشن لەبەرئەوە دۆستایەتی بێگانەو قسەکردن لە گەلیا بەبێ رێگاو شوێنی زانراو ناگونجێ ، لە دەرونیا ئەوە بچەسپێ کە نابێ هیچ نهێنیەکی دەولەتو حزب بدات بە بێگانە ، دیسان فێری ئەوە ببێ کەسانی تر بچوکو گەورە پە شێوەیەکی زیرانە وریا بکاتەوە کە لەبەرچاوی بێگانە بەبێ رێگاو شوێنی پێویست دەربارەی نهێنیەکانی حزبو نهێنیەکانی دەولەت قسە نەکەن ، منال لە لایەنی پەیوەندیەوە لەگەل مامۆستاکەی وەک پارچەیەک مەرمەڕ وایە بەدەستی پەیکەرتاشێکەوە ، کە ئەتوانێ شێوەیەکی جوانی پێویستی بداتێ بێ ئەوەی بیدات بەدەم رۆژگارو کۆڕانەکانی سروشتەوە .

● ماویەتی ●

خیزان

خوشتنی منداڵ

هیوا عمر احمد

دەماخی مرۆڤ مەلبەندی سەربەرشتی کردنی هەموو چالاکی‌و هەڵس‌و کەوتێکی مرۆڤە ٠٠ لەگەڵ هەموو بیرکردنەوەو هەژان‌و ماندووبوونێکدا هیلاك دەبێت‌و خانەکانی توانای دۆخی هەوانەوەیان نامێنێ‌و بەرەولاوازی دەچن ٠٠ ئەو بەشە تایبەتی‌یەی کە پتر لەگشت بەشێك کاری‌تێدەکرێت‌و رۆڵی پتردەبینێت (توێکڵی دەماغ = کۆرتێکس نۆف برەین =) ٠٠٠ ٥ ، ئەگەر ئەم بارە بەردەوام بێ ئەوا ٠٠ خانەکانی (دەماغ) بەرەوفەوتان‌و هەرەس هێنان و بوکانەوە دەچن ٠٠ ئەبەر ئەمە پێویستیان بەپشودان‌و هەوانەوەیە ، وەباشترین هەوانەوەو پشودانێك ٠٠ (خەوتنە) ٠٠٠ خەوتن ، لەشی هیلاك‌و دەماخی ماندوو ٠٠ دەحەوێنێتەوەو چالاکیان دەکاتەوە خەوتن ، گونجانێکی پێچەوانەی هەیە لەگەڵ تەمەندا ٠٠٠ واتە تا تەمەنی مرۆڤ کەمێ پێویستی بترە بەخەوتن‌و بەپێچەوانە شەوە ٠٠٠ کەواتە منداڵ لەهەموو تەمەندارێکی تر پێویستی بەخەوتن هەیە ٠٠

چەن پێنتێك هەیە کە پێویستە دابین بکرێت بۆ خەوتنی دروستی منداڵ :

١ ـ هێمنی‌و بێدەنگی‌یەکی تەواو لەوشوێنی خەوتنی مناڵەکەدا ٠

٢ ـ دورخستنەوەی تیشکی ڕوناکی بەتین لەشوێنی خەونی مناڵەکەدا ٠

٣ ـ خەواندنی مناڵەکە لەهەوایەکی بەربەرەڵادا ٠

٤ ـ ئەگەر لەژورەوە خەوێنرا ، پێویستە هەوای ژورەکە لەگۆڕانو نوێ کردنەوەدابێ ٠

٥ ـ گونجاندنی ئاو هەوای ئەو شوێنەی منالی تیا دەخەوێنرێت ٠

٦ ـ ئابێ لەکاتی خەوتنی مناڵەکەدا ٠٠ دەنگە دەنگی بەرزو تەقەتەق بکرێت وە ئەم خشتەیەی خوارەوە ، نوێترین خشتەی کاژێرە پێویستیەکانی خەوتن سەبارەت منداڵو مرۆڤ تا (١٧) ساڵی ٠٠٠

تەمەن	ژمارەکاژێری خەو لە ڕۆژێکدا	تێبینی
١ ـ مانگەکانی یەکەمی ژیان	٢٠ـ٢٢	جگە لەشەو دەتوانێت ،
٢ ـ ساڵی یەکەم	١٦ـ١٧	لەڕۆژا (٢) جار بخەوێت ٠
٣ ـ ساڵی (٢ـ٣) هەم	١٤ـ١٦	جگە لەشەو دەتوانێت ،
٤ ـ ساڵی (٤ـ٥) هەم	١٢ـ١٣	١٣ـ١٤
٥ ـ ساڵی (٦ـ٧) هەم		لەڕۆژدا ، یەك جار بخەوێت
٦ ـ ساڵی (٨ـ١٠) هەم	١١ـ١٢	
٧ ـ ساڵی (١١ـ١٢) هەم	١٠ـ١٢	مەگەر بۆ پێویستی‌یەکی
٨ ـ ساڵی (١٣ـ١٤) هەم	٥ر٩ـ١٠	تەندروستی‌یانە
٩ ـ ساڵی (١٥ـ١٧) هەم	٩ ـ٥ر٩	لەڕۆژدا بخەوێت

پەراوێز

١ ـ ئەم خشتەیەلەپەرتوکی (امراض الاطفال)،دانانی (کولطبین ، لانجوفوی، فلاسۆف)ی پزیشکی‌سۆڤیەتی ٠٠ لە (دار میرللطباعه والنشر) چاپکراوە بروانە لاپەرە (٦٦) ٠٠

ئامۆژگاری بۆ ژن

هەنێ ژن هەمیشە هەوڵی ئەوە ئەدات بەروالەتێك خۆی پیشانی خەڵکی بدات ، کەوا لەگەڵ توانای مادی مێردەکەیدا نەگونجێت ، بەم جۆرە بارێکی قورس‌و گران ئەخاتە سەر شانی مێردەکەی زۆر جار کارێکی وا بێ سوودو پرووپووچ ئەیکاتو پێویستی بەوە ناکات تەنك بەمێردەکەی هەڵچێنێ ، کەسیش هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە لایەنی مادی دەورێکی گەورەو هەرە گرنگی لەهێمنی ژیانی ژن‌و مێردایەتیدا هەیە ، هەر چەندە مادە هەموو شتێك نیە لەم دنیایەدا ، بەڵکو لایەنی مەعنەویش دەوری خۆی ئەگێرێت لەسەر خستنی ژیانی کامەرانیدا ، مادام ژن شارەزایی توانای مادی مێردەکەیەتی‌و مادام لەسەرەتاوە بێ‌رازی بووو شووی پێ‌کردوە ئەبێ مەعیشەت‌و گوزەرانی لە سنووری توانای مێردەکەیدا بێت ، ئیتر شتێکی ناشیرین‌و نالایەقە ئەگەر بێتو ئەم ژنە ئاژاوە بنێتەوەو گیروگرفت بۆ خۆی پەیدا بکات‌و زۆر شارەزایی موچەی مێردەکەیەتی‌و ئەزانێت ئەم شتانەی بۆ جێ‌بەجێ ناکرێت ، وئەگەر بێتو ژن ئەم شێوازە بەکار بێنێ ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت کە بۆ شایی‌یەك لەنیوانی هەر دووکیاندا ئەخولقێنرێت لەوانەیە بەبێ‌ی ڕۆژگار ئەم بۆشایی‌یە فراوانتر ببێت‌و ببێتە هۆی ڕوخاندنی ژیانی ژن‌و مێردایەتیان‌و ژنی زیرەك‌و هوشیار ئەزانێت چۆن ڕواڵەتی پۆشتەیی بە زەوق‌و ساکاری‌یەوە بەستراوە زیاتر لەوەی پەیوەندی بەتوانای مادی هەبێ ٠

ژن بەزەوق‌و شەخسیەتی خۆی ئەتوانێ زەوق‌و ڕێکوپێکی‌و بۆ شتەی پیشان‌بدات‌و بەساکاریش ئەتوانێ لەپێش خەڵکی خۆی بەجوانی‌و نەرم‌و نیانی پیشان بدات ، بەڵام ئەو ژنەی کە هەمیشە بیر تەنیا لەزیادە مەسرەفی ئەکاتەوەو ئەشزانێ ئەمە لەسنووری توانای مادی مێردەکەیدا نیە ئەم مرۆڤەوا بەدەستی خۆی مالی خۆی کاول ئەکات‌و بەدەستی خۆی گیروگرفت بۆ خۆی ئەخولقێنێ ٠

خوێندەری خۆشەویست ئەگەر موچەی مێردەکەت یارمەتی ئەوەت نەدات بەئارەزووی خۆت بەپوشتەیی خۆت بنوێنی ئەوا ڕاستراویە متمانە بکەیتە سەر ساکاری لەخۆ پوشتەکردنەوەدا بەم جۆرە ژیانێکی کامەرانی‌و پڕ خۆشیت بۆ دێتە دی ٠

سمیرە محمد علی

نوێ‌پیشانگەیەکی گەورەی پارێس کەوە بەناوبانگەکان

یاریکەرەمەزنەکانی جیهان لەزگماکیەوە یاری ئەکەن ٠٠ ئەمانە هەر بەشێوەیە لەدایك‌ئەبن‌و دروستناکرێن ٠ لێرەدا چیرۆکی هەندێ لەم یاریکەرە مەزنانە کە لە هەموو جیهاندا ناویان‌دەر کردووە بۆتان‌ئەگێڕینەوە ٠ تەنیا سێ دەوڵەت هەیە ئەویش بەرازیل‌و ئەڵەمانیاو ئینگلتەرەیە کە کاسی جیهانیان بردۆتەوە ، هەریەکێ لەم دەوڵەتانەش یاریکەرێکی ڕاستەقینەو مەزنی هەیە کە تا ئێستاش بەردەوام یاری‌ئەکات ٠

بیلێ

گەورەترین یاریکەر لەم‌هەموو یاریکەرانە بیلێ‌ی بەرازیلەو ناوی ڕاستەقینەیشی ئەدینن ئەرانتیس دونۆسینتۆیە ، ئەم یاریکەرە لەتەمەنی هەفدە ساڵی‌دا بوو کاتێ لەگەڵ تیپی وولاتەکەی لەساڵی ١٩٥٨دا بەشداری کرد ، ئەوساڵەی کە بەرازیل بۆیەکەم جار لە پێشبرکێ‌ی کاسی جیهانیدا لە سوید سەرکەوت‌و دوای چوار ساڵ هەمان دەسکەوتی لە شیلی دووپات‌کردەوە ٠ دیسان بیلێ لەگەڵ تیپی وولاتەکەی کە لە ساڵی ١٩٦٦دا لەئینگلتەرا لەپێشبرکێ‌ی جیهانیدا بەشداربوو یاری کردوە بەڵام لەم یاریەدا تووشی ئازاربووو تێشکا کەچی خێرا جارێکی تر گەڕایەوەو بووە سەرکردەی تیپی وولاتەکەی کە بۆ سێهەمین جار لە کاسی جیهانیدا سەرکەوت ، ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەیەو وێنەی نەبووە ئەم سەرکەوتنەش لە پاڵەوانێتی ساڵی ١٩٧٠دا لەمەکسیك روویدا ٠

● کە ئێستا لەتەمەنی سی‌و حەوت ساڵیدایە هێشتا بەردەوامە بیلێ لە یاریکردن‌و بەرێك‌وپێکی لەگەڵ یانەی کۆزموس نیویۆرك کە لەدەوری ئەمریکای باکوردا بەشدارە یاری ئەکات ٠

بۆبی مۆر

دووەم یاریکەری مەزنی لەم یاریکەرانە بۆبی مۆرە کە لەگەڵ تیپی ئینگلتەرابوو لە پاڵەوانێتی کاسی جیهانیدا لە شیلی لەدواییدا پاش چوار ساڵ سەرکردایەتی تیپی وولاتەکەی کردو توانی کاسی جیهانی وەدس بێنێت جارێکی‌تر سەرکردایەتی تیپی وولاتەکەی گرتە ئەستۆ لە پاڵەوانێتی کاسی جیهانیدا کە لە ساڵی ١٩٧٠دا لەمەکسیك سازکرا ٠ بۆبی مۆر کە ئێستا لەتەمەنی سێ‌و شەش ساڵیدایە هێشتا بەرێك‌وپێکی لەگەڵ یانەی فولهام کە یەکێکە لە یانەکانی پلەی دووەمی دەوری ئینگلتەرا کە پێش دووساڵ گەیشتبووە دوا قۆناغی کاسی یانەکانی ئینگلتەرا یاری ئەکات ٠

پەکینپاوەر

● سیهەم یاریکەری هەڵکەوتوو لەم یاریکەرە مەزنانە فرانز پەکنپاوەرە کەتەمەنی هەشت ساڵبوو کاتێ ئەڵەمانیا بۆیەکەم جار لەساڵی ١٩٥٤دا لەپاڵەوانێتی کاسی جیهانیدا سەرکەوت‌و بەیەکەم دەوڵەت دەرچوو ، بەڵام پاش دوانزە ساڵ پەکنپاوەر ئەندامی تیپی وولاتەکەی‌بوو کە لە دواقۆناغی یاری تیپەکەی بەرانبەر تیپی ئینگلتەرا لە ساڵی ١٩٦٦دا دۆڕا ٠ لە ساڵی ١٩٧٠دا سەرۆکی تیپی وولاتەکەی‌بوو کە لە پاڵەوانێتی کاسی جیهانیدا لەمەکسیك‌و ئەڵەمانیا پلەی سیهەمی وەرگرت ، پاش چوار ساڵ خۆی کاسی جیهانی وەرگرت کاتێ کە تیپەکەی بەسەر هۆڵەندا سەرکەوت ساڵی ١٩٧٤ لە میونیخدا ٠

هەروەها سەرکردایەتی تیپی وولاتەکەی گرتبووە دەست کاتێ کە لە ساڵی ١٩٧٢دا توانی کاسی میللەتانی ئەوروپا وەدەس

ـ ماویەتی ـ

پڕوانە ـ ل ٧

دوکانی قوتابخانەو سەرنجێك

بێ‌گومان کارێکی جوانە کەوەزارەتی پەروەردە خۆی هەڵئەستێت بەدابەشکردنی‌خواردن لەقوتابخانە سەرەتاییەکان ٠٠ بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا تائێستا زۆربەی قوتابخانە ناوەندی‌و ئامادەییەکان بەدەستگرانی شتومەکی دوکانەکانیانەوە(حانوت) ئەناڵێن ٠٠ لێرەدا چوومە پرسیاری چەند قوتابیەك‌و ویستم دەربارەی ئەم مەسەلەیە بۆم بدوێن ٠٠ لەئەنجاما ئەوە دەرکەوت کە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان‌دوکانی قوتابخانە نادەنە دەست قوتابیان‌و ئەیدەنەکرێ٠٠ کە ئەو کرێ‌یەش گران دەکەوێت کە ئەخرێتە سەر ئەو کەسەی دوکانەکە (حانوتەکە) بەکرێ دەگرێت٠٠ بەڵام ئەم کردەوەیە لەگەڵ بەرژەوەندی قوتابیانا نیە ،چونکە کابرای بەکرێ‌گرتە ترخی شتومەکی فرۆشراو بەرزدەکاتەوەو ئەم نرخەش لەگیرفانی قوتابیان دێتەدەرەوەو زۆر قوتابی لەو خواردنە بێ‌بەش ئەبێت(بەتایبەتی قوتابیانی هەژار) بۆ نموونە زۆر قوتابخانەساردی لەباتی ٢٥ فلس وزۆرشتی‌تر کە دوو نرخ زیاد دەکات بۆیە داوا ئەکەین کەبەڕێوە بەرێتی پەروەردە چارەسەرێکی ئەم مەسەلەیەبکات‌و حانوتەکان بداتە دەست قوتابیان بەنرخێکی‌هەرزان بیداتە کرێ بۆ ئەوەی گرانی نرخ نەبێتەوە ئەرك‌لەسەرقوتابی باشترین شت ئەگەر بتوانرێت بکرێت ٠٠وەزارەتی پەروەردە خۆی خواردن دابەش بکات‌وقوتابخانە ناوەندی‌و ئامادەییەکان بگرێتەوەو نرخەکەی کەمتر بکەوێت لەسەر قوتابی‌و بەمەش کردەوەیەکی جوانتر ئەخرێتە سەر ئەوکردەوانەی کە تائێستا بۆ قوتابیان‌کراوە ٠٠ هیوادارین ٠٠

ـ هۆشمەند ـ

لە چالاکیەکانی یەکیتی قوتابیانی کوردستان

دووەم پیشانگای هونەرمەند

● فیصل عثمان ●

لەم دواییەدا هونەرمەندی‌لاو ـ فیصل عثمان ـ دووەمین‌پیشانگای لەهۆڵی قوتابخانەی ئەیوبیەی کچان لەهەولێر بە سەرپەرستی یەکیتی‌قوتابیانی کوردستان لقی هەولیرو لەژێر چاودێری‌بەڕێوەبەری پەروەردەوفێرکردن مامۆستا « برهان احمد »دا سازکرا ٠ کە ٢٨ تابلۆی جۆربەجۆری تیا پیشان‌درا ٠

بەگشتی تابلۆکانی‌هونەرمەندی لاو ـ فیصل‌عثمان ـ باش‌بوون ، جۆرەسەرکەوتنێکی بەدەست‌هێنابوو ، بەتایبەتی بەپێ‌ی‌تەمەنی خوێی‌و هونەرەکەی ، چونکە هەمووی چەندساڵێکەدەستی‌داوەتە هونەرکێشان‌ولەرێگای شەخسی‌یەوە ٠٠ زۆربەی تابلۆکانی ڕەنگ‌دانەوەی باری کۆمەڵایەتی‌و ژیانی لادێ‌و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی زەحمەت کێشەکان بو ٠٠ هەرچەند هەندێکیان ساکاربوون بەڵام هیوایێکی باشی نێ‌بەدی‌دەکرێ ، چونکە بارستایی ڕۆشنبیری‌یەکەشی لاوازە ٠٠ ئەوەی سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێ ناونیشانی تابلۆکان لەگەڵ ناوەڕۆکی ناگونجێ ٠٠ وەك لەتابلۆکانی : « ٠٠٠ ماندویەتی ، ترس ، دایکایەتی ٠٠٠ هتد » بەڵام لە تابلۆ باشەکانی ئەمانەبوون : گۆڵ هەڵگر ، کۆنە فروش ـ لەنگە ـ دیمەنی کۆڕێ ، بەخۆم بەخێوتان دەکەم ، گاوان » ٠

● بۆئەوەی ئەم هونەرمەندەلاوە بەخەڵکی بناسێنین ، گفتوگۆیەکی خێراییمان لەگەڵاکرد ، هیوادارین مایەی ڕەزامەندی خوێنەرانی « هاوکاری » بێت ٠

● هەروەکو هونەرمەندی لاو « فیصل عثمان » وتی : لە ساڵی ١٩٥٦ لەشاری هەولێر لەدایك‌بووە ، وله بۆڵی سێ‌یەمی ئامادەیی پیشەسازی‌یە ٠٠ لەساڵی ١٩٧٣ وە بەشداری لەپیشانگای هونەرمەندانی کورد کردوە ، هەروەها لەوساوە هاوبەشی لەگشت پیشانگاکانی چالاکی هونەری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردن لەهەولێر کردوە ٠ جگە لەبەشداری کردنی بەشەش تابلۆ لەپشانگای ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە دەزگای ڕۆشنبیری جەماوەری لەبەهاری ڕابردودا سازی‌کردبوو ٠

● یەکەم پیشانگەشی لەهۆڵی قوتابخانەی ئەیوبی‌یەی کچان لەهەولێر ڕێکەوتی ٢٥ـ٤ـ١٩٧٥ سازکردوە ٠

● لێم‌پرسی چون تەماشای هونەرمەندەکەی بەتایبەتی وێنەکێشان ٠٠؟

ـ لەوەڵامدا وتی : « حەزلەهونەری واقعی ئەکادیمی دەکەم ، بەتایبەتی ئەوهونەرەی کە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵك دەکات

پڕوانە ـ ل ٧

فرارەمەف

شەمامە یان (قادون) یان(کاڵەکی زەردی) بۆ ئەو کاڵەکی سەوزە بەڵام کەلکی‌زۆترە لەکاڵەکی سەوز لە هەندێ لایەنەوە بەهۆی ئەوڕێژە زۆرەی کەتێدایەتی لە پرۆتێن‌و ڤیتامینەکان ٠٠

شەمامە لە (١ر٩٢٪ ئاوە)و ٧ر٠٠٪ پرۆتێن‌و ٢ر٠٠٪ نیشاستە)و (٦٪ شەکر) ٠٠هەروەها ڤیتامین (سێ‌و بی‌دووەم)ی تیدایە هەروەهاچەند کانزایەکی وەك کبریت‌و کۆگردو کلۆرو سۆدەو پۆتاس‌ومایزاو کلس‌و ئاسن‌و مس تیدایە ٠

شەمامە چارەسەرێکی باشەبۆ سك چوون ئەگەر بەیانیان بەدڵی ناشتا بخورێت ٠٠چونکە ئەو ئاوەی کە تیدایەتی (ڕیخۆڵە) ئاگادار ئەکاتەوەوجووڵانەوە بازنەیی‌یەکەی گورچ ئەکاتەوە ٠٠ ئەگەرلەوەرزی هاتنیدا بتوانیت بەیانیان بە دڵێ ناشتا بیخۆیتلەحەبی خواردنت دوور ئەخاتەوە ٠ دیسانەوە بۆچارەکردنی (مایەسیری ٠٠٠ البواسیر) ، ٠٠٠ ئەوەڕاست نی‌یە کە ئەڵێن زۆر خواردنی شەمامە گەدە بۆگەن‌ئەکات یان سك ئەچێنێ ئەگەر زۆر بخورێت ٠٠

لەگەڵ ئەوەشدا شەمامەیەکێکە لەو بەرانەی کە بۆ جوان کردن بەکار دەهێنرێت٠٠ هەروەها چارەسەرێکی باشە بۆ نەخۆشیەکانی پێست٠٠ ئەگەر تۆی‌کەی (ئاوەکەی) لەسەر پێست دانرا جوانی‌ونەرمی پێ‌ئەبەخشێت ٠٠ بەجێ‌هێنانی ئەم کارە بۆماوەی (١٠) ڕۆژ ڕاستی ئەم قسەیەت بۆ دەرئەخات ٠٠

هەروەها زانستی نوێ کاری(شەمامە)ی لەچارە سەرکردنی ئاوسانی پێست‌وبرینەکانی‌دا سەلماندووە ٠

ـ هاوڕێ ـ

لە نێوان ئەدەبو « پاشماوە »

تێکرای گەلو رای گشتی کۆمەڵو روداوو هەنگامەکان ئەنوێنێت ٠٠٠!!

★ بەڵام ئەوەی هەریەکجار سەرنج رائەکێشێو بیر دائەگیرسێنێ :

ئەو پەیوەندیە گیانی بەگیانیە ئیانەی نێوان رۆژنامەگەریو ئەدەبی زمانە ٠٠ هەرچۆنێشە ئەو کەسو پسپۆڕەی خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژوی ئەدەبیاتو زمان بێت ، بەهیچ کلۆجێ ناتوانێ وبۆی ئالمووی دەوری هەرەگەشو ئاشکرای رۆژنامەگەریو پیاوە دلگەرمەکانی لە حسابی وردی خۆی وەدەرنێ ٠ لە رۆژی لەدایکبوونی (کوردستان ــ ١٨٩٨) و تا ئەمڕۆش ، رۆژنامەگەریو دنیاکەی بوە بە شوێنی هەرمشایانو قوتابخانەی گەلێ قوتابخانەی ئەدەبیو زمانەوانیو فیکریو پەروەردەیی ٠٠ دەردەنگی هەزاران دەنگ خۆی لە نێو رۆژنامەدا نواندوەو ساغکردۆتەوە ٠٠!!

هەروەکو چۆن رەنگی سیاسەتی ئەو قۆناغەی داوەتەوە ، ئەناوایش قاوغەی شێوازە کلاشیکەی زمانی تێکشکاندوەو زمانێکی شیریو بەتامو کامی رەپێشکردوە (کوردی نووسین) و (کوردی پەتی) جاردامو بەوپەڕی سوتانو عەشقەوە لەگەڵ دنیای ووشەو ئەدەبا ئاوێتە بوەو پاڵی بە هونەرە تازەبابەتەکانی داوەو دەسگیری بوە ٠٠! لە دەرەتانی (وتار نووسی)دا ، ئەم هونەرە هەرە نوێتونوێیەی کردۆتە بڕبڕی پشتو شایانترین شوێنی بۆ داناوە ، بەتایبەتی وتاری سیاسیو مەسەلەی نیشتمانیو سەربەستیو ژیانی دیموکراسیانەو رزگارکردنی ژنو پەروەردەی منالو لاوان ، لە پێناوی گۆڕینو بنیادنانا ٠٠ ئەوەی بەوردی چاوێ بە وتارەشیرینو سیاسیەکانی ئەو (رۆژنامانەدا ٠٠!) بخشێنێ دەروازەی دەیەها مەسەلەی سەیر سەیرو مەزنی بۆ واز ئەهێنێتەوە ٠٠!

★ هەروەکو چۆن جولانەوەی پیرۆزی ئەو رۆژنامەگەریە ، خزمەتی زمانو وتارو کەلەپوروو سیاسەتی کردوە ، هەر بەو چەشنو رێبازەیش دەورێکی هەرەدیاری لەپێشخستنو زاخدانی فەریکە هونەری (کورتە چیرۆکا) بینیوە ٠٠٠ لە هەمێزنانی جولانەوەی شیعرو نەخوازەللا شیعری تازەو هاوچاخو لەباوەشکردنو دەسگرتنی ئەدیبو شاعیرانەدا ــ تا بەئەمرۆیش ئەگا ٠٠! ــ باشترین تۆمارو بەلگەیەکە ٠٠ هەرچۆنێشەو سەیر نیە ، ئەدیبو شاعیرو رۆشنبیرانی کورد بەم جۆرە هەلوەدای رۆژنامەگەری بووبنو خوویان پێ گرتبێ ٠٠ سەیریش نیە تا نیستایش مەگەر بەدەگمەن ئەدیبێکی دیار ، شاعیرێکی ناودارو رۆشنبیرێکی دلازا بدۆزیتەوە ، کە کاری لەم دەرەتانەدا نەکردبێ ٠٠ هەر لەبەر ئەمەیشە ئەدەبو رۆژنامەگەریو ئەدیبو رۆژنامە بووین بە چەند دوفلیقانەو جمکانەیەك ٠٠!! کە بێگومان خۆی لە خۆیدا مایەی تیرامانو چەندین باری سەرنجی وردو هەلوێستەی یەك دوای یەکە ٠٠!! رۆژنامەو گۆڤارەگانی (گەلاوێژ ــ نیشتمان ــ دەنگی گێتی ــ کوردستان ــ نزار ــ هیوا ــ شەفەق ــ هەتاو ــ ئازادی ــ بڵیسە ــ خەبات ــ رزگاری ٠٠ تاد) چەند لاپەڕەیەکن و مایەی شانازی ئەم دیاردەیەن ٠٠!

★ ئەمڕۆش ئێمە لەبەردەم لێپرسینەوەیەکی مەزن داینو رۆژی لەوەپێش هەماتوە ، بازولەی باس و لێکۆڵینەوەمو نامەی دوکتۆرای بەپێزی لێداچنینو ئەم پەیوەندیە توندەی نێوان ژیانی تێکراییمان ، بەتایبەتی ژیانو جولانەوەی رۆشنبیریو زمانەوانیو ئەدەبیمان ، لەتەك ، رۆژنامەگەریو جیهانە بەربلاوەکەی سەنگەرەوژن بکەینو پەردەی رەشبینی سالەهای سەدەها مەسەلەو راستی هەلدەینەوەو کەلێنێکی تری ژیانی شارستانیو رۆشنبیریمان بگرینو پڕبکەینەوە کە بەداخەوە هێشتا نەگیراوە ٠٠!! کێیە ئەو (شاعیرەی) بۆ چەند مانگێ بەرۆکی (شیعر) بەرئەدا وکرۆژەلەی شانی ئەخاتە جوباری ئەم لێپرسینەوەیە ٠٠؟؟ ٠

ئەهیلانە « پاشماوە »

بەرپرسیارێد ئەهێلانا ئەخویندەواریێ تێیت براگەیاندنەکا بەرفرەهە رابن لەهەمی گوندێت مەلبەندلێهاتینەفەکرن تاکو خەلك دراستیا خویندنو نقیسێ بکەن ٠ چمکی هێشتا گەلەل نیشتمانی بەفی کاری بدزێنا رابن وەسا راتن کو فەرمانەو ئەزبارا ئاغایە لسەر ئەگەرێت کو خەلك بچاقینی ناچنە مەلبەندا ل گوندا برادەر شیرکوی گرب (خەلك بکارێ خوفە یێ مژیلە لەوا ب سەروبەر ناهینە خویندنێ یافەرە مەلبەند هاقینا بهێنە دارخستنی) بێ گومان پێشنیارا هەڤال شیرکوی یاد جهێ خودایە ، گەلەك کەس لگوندا حەفتێ جارەکێ ناهێنە گوندی٠ دیسان شیرکوی گوت مەپلان یادانای کو ئەهێلانا ئەخویندەواریێ یانمونەیی ل دەفەرا سیمێلێ جێ بەجێ کەین٠ هەکو ئێ پلانێ جێ بەجێ دکەن تقیت ماموستاو سەرکردایە تیت ئەهێلانا ئەخویندەواریێ راپورتیت زانستی بنقیسن لەر پروگرامو کیمانیو گیروگرفتیت درێکا خویندندا تاکو دواروژ هەکو بدەست ئەهێلانا ئەخویندەواریێ ئیلزامی دکەن داچو ناستەنك نەمینن ٠

لنیڤا سالا ١٩٧٨ دێ دەست پێ کەن ٠

نومایشیکی « پاشماوە »

بێنێت و لەسالی رابردوودا لەهەمان پالەوانێتی کە دوا قۆناغەکانی یارینەکە لەبەینی ئەلەمانیاو چیکۆسلۆڤاکیا ئەکرا تیپەکەی بەدووەم دەربچێت ئەمە سەدەمین یاری دەولەتانی پەکنباوەر بوو ٠ لەلایەکی ترەوە پەکنباوەر سەرۆکی تیپی بایرن منشنە کە لەوەرزی رابردوودا و سێهەمجار لەسەریەك لەکاسی یانەکانی ئەوروپا سەربکەوێت و کاسەکە وەدەس بێنێت ٠

● پەکنباوەر کە ئێستا لەتەمەنی سێو دوو ساڵیدایە مسۆگەر لە پالەوانێتی کاسی جیهانیدا کە لە ساڵی ١٩٨٧دا لە ئەرجەنتین ئەکرێ لەگەڵ تیپی ئەلەمانیا بەشداری ئەکات ئەگەر هاتوو سانحو سەلامەت مایەوە ، چونکە تیپی ئەلەمانیا لەسەر ئەو بناغەیە کە پالەوانی دەورەی رابردووە بەبێ هیچ یارییەك لەدوا قۆناغەکانی کاسی جیهانیدا بەشدار ئەبێت، ئا لەو ساتەدا دوورنیە پەکنباوەر ئەو ژمارەیە جیهانیە کەبەناوی یاریکەری ئینگلیزی بەناوبانگ بۆبی مۆر نوسراوەو ژمارەی ئەو یاریانە گەیشتۆتە ١٠٨ یاری کە بۆتیپی ئینگلتەرا کردوویەتی بشکێنێت ٠

من گوت « پاشماوە »

ئەکارین دریشمەکێ رونەد هزرا هوزان فانیدا ٠

ئەز دگەل تەمە کو ژیان هشك دبیت تەحل دبیت گول دچرمسن ئێشو ژان هشەنە٠٠ بەڵێ ئایا چارەسەرەك بونابیت ٠٠؟ دەستی دانینە سەر دەستیو روندکا ژچافێ بۆز ببارینین ٠٠؟ و بزافەکا گرێدای بکەین وژبلی هندێ هزرا خۆ یادیارکری لسەر چنکریە کا «قالب» گەریوگیێو خازوکیێو مروفە کێ بێ زەفەر لبەرانبەرێ ئێکی کو ئەو بخۆ خاپاندیو بێهنا گەفنە جاراو ئاغاتیێ ژگوتنا وی دچیت لدمێ گولاوی گەش دبیت بلافەکێ :

ــ وێ ژتەرا ئەف سلافە ٠٠

چەوا ئاغایەك سلاف بکەتە خولامەکێ خو وبشەفێ نانفیت ژکەیفادا نەهەف بەدیو هەرفتایی یادیارە ددهزرا وی‌دا لدمێ دبێژیت :

قوناخا من ٠٠

پرستریو دافە ٠٠

ئەگوتی : نێمن ژ بوهندێ بزافە ٠

باشە پاکیە ئەگەرا بهارانە خەملی ؟ نارینانە بزافێ دگەت کوریکانە پاڤژ بکەت ، بیابانێ تێهنی لژپاناتە بخویناخو ئاف دەت فێجار توی ئەکرێ بهارا هشك توی بێزاخو زەفەر بوی تە چو بزاف نەکرن بوسەرکەفتنا هنگو هەر دوا ٠ چنکو نارینانە یانەجارە تقیاتو بکوتەکی بکەهینیەخو ٠ ئەو دبێژیتە تەپشتی تە گوتی :

م دگوتی : ئەسمانێ من ٠٠ زمژو موڕانێ گرتیە و بێ‌هەتافە ٠

« پاشماوە »

تەدگوتی : جافێ م ڕۆژا ل هندافە ٠

هەگەر توبزانی ڕۆژ مافە ، جوجار وەندا نابیت ٠

هەڤال رەخنەگرتنا من هەمی لسەر دویف مایا دانای یا « موضوع » تەیە ئەو هیڤیو بلنداهی تەبدەستێ خۆ روخاندن ،رەهێن گولا پچاندن، ئەو تەفنێ نادینێ ژبرچا خۆ بوتە راچاندی تەکوزراند ، ریکافەکری ئەگرت تقیا مروف بهێزاخو بهەستێتو بزانیت کو ئەچێبون نینە دکاریت ژهەمی ئاستەنگا ببوریتو رێبازێت خوشینێ دمشەنە دژیانێدا ٠

هەڤالێ هوزانڤان : بداخو گوڤان دبێژم تەچ داهێنان « ابداع » نەهینایە ٠ گوتنو ئەگێران تایەکێ گەفنە ژتایێت تورێ کوردیدا ٠ و فلکلوری پرەژنی «سەرچێکری ــ قالب» هەروەسا ئەم حەزدکەین توخۆ ژگریدانا خازوکیێ قورتال بکەی چنکو ئەو ئەمانە ! وبزانی کو بهار نامریت لدرێژیا مانا مروڤی ٠

ئومێدەوارم کو هەر هوزانڤانەك جهێ خوبگریت لناف کومەلێ خوداو مومك‌ییت بورێکا مللەتی چونکو هافێژتن پێشاندن « العرض »بێ چارەگرن بێ قازانجە ٠ وئەم نەدبێ دڤی دیماهێیت هوینە وەکی هەڤال خەلیل مەحمەد دهوکی بومە هەلبژادنی ٠

ئەو بهارا تەد گوتی : نەخەملی ٠

هیڤیدارم هەمی دلدارو کوڤانداز بگهنە دوستو یارێن خوو بمەرمق بکەڤن دژیانا خودا ٠

ڕێپورتاجێك « پاشماوە »

کۆری پەرەپێدانی کشتوکاڵو پشتگرتنی جوتیارەکانو دابین‌کردنی گشت پێداویستەکانی پێش‌خستنی کشتوکاڵ بە شێوەیەکی زانستیانەی هاوچەرخ ، هەروەها باسی چالاکی سەروکایەتی ناوچەی کشتوکاڵی پارێزگاری هەولێرکرد لەمەر جێبەجێکردنی بریارەکانی کۆنگرەی ساڵی رابردو بەبێی ئەو نەخشەیەی دەستنیشان کرابو لە کوتاییدا بەڕێز ــ اسماعیل رسول ــ سوپاسی گشت ئەو کەسانەی کرد کە لە کەرتی کشتوکاڵدا بە ئەرکەکانی خۆیان ڕابەریون ٠٠

لەپاشا مامۆستا ــ اسماعیل العزاوی ــ ووتاری ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵ لە وولاتدا خوێندەوە :ــ

ئێیدا پیرۆزبایی لە کۆنگرەی ناوبراوی کردو ئەوەی خستەروو ، کە ئەم چەشنە کۆنگرانە منبەرێکی باشە بۆ پەیرەوکردنی دیموکراتیەت ٠٠ لە کۆتایی ووتارەکەیدا سەبارەت بە هەلویستی شورشی ١٧ی تەمووز بە سەرکردایەتی سەرۆکی فەرمانده بەڕێز ــ احمد حسن بەندایەتی رژێمی دەرەبەگی ئەتلانەوە ٠٠ ، ٠٠ هەروەها ووتی بایەخدانی شورش بە البکر ــ لە کۆڕی کشتوکاڵدا ٠٠ هەروەها سەرکەوتنی کۆنگرەکەی بە ئاوات خواست ٠

هەروەها نوێنەرەکانی : ئەمیندارێتی گشتیی کشتوکاڵو چارەسەرکردنی کشتوکاڵ لە ناوچەی کوردستانو هەڤال ــ حکمت سلیمان ــ لێپرسراوی نووسینگری جووتیاران سەر بە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی هوبەی هەولێرو کاك مولود عبدالله محمد سەرۆکی یەکێتیی کۆمەڵانی جوتیارانی هەرەوەزی ، ووتاری خۆیان پێش‌کرش کرد ٠٠ هەموویان گرنگی بەستنی کۆنگرەکەو بایەخدانی میری شۆڕش بە کەرتی کشتوکاڵ دووپات کردەوە ٠

بە جورە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکە کوتایی هات ، جا بو لێکولینەوەی ڕابورتەکان چەندین لێژنەی تایبەتی پێك هێنرا کە بریتی‌بون :

١ ــ بەرهەمهێنانی ڕووەکی

٢ ــ بەرهەمهینانی گیانداری

ــ ئاژەل ــ ٣ ــ بەکارهێنانی ماکینەو خزمەتگوزاری

کۆمەڵایەتی ، ٤ ــ بینا و دەزگاکانی خولو ئاو ،

٥ ــ هێزی کارگەرانو مەشق

٦ ــ دەستگرتنو بازارکاری ــ التسلیف والتسویق ــ

ئەوەی شایانی باسە ئەم کۆنگرەیە سێ ڕۆژ دەخایێنی ئەم چەند دانیشتنە ساز دەکری :

ــ کۆبونەوەی ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە لەسەعات چواری ئێوارە دەست پێدەکات ٠ ڕۆژی دووەمین :

ــ دانیشتنی سەر لەبەیانی لەکات ژمێر ٨بەیانی تا ٢ دووی پاش نیوەڕۆ ٠

ــ دانیشتنی ئێوارە لە چواری ئێوارەدا تا ــ ٨ ــ شەو ڕۆژی سێیەمین :

ــ دانیشتنی سەرلەبەیانی ٨ تا ٢ دوو پاش نیوەڕۆ ــ دانیشتنی سەر لە ئێوارەدا ٤ ــ ٣٠ر٥ ٠

لێژنەکان بەردەوام دەبن لە گفتوگوکردنی لقەکانو ئیستگەکان (المحطات) ٠

سەعات شەشی ئوارە ٠

پوختەی گفتوگۆکانی لێژنەکان لەلایەن سەرۆکی لێژنەکان بە کۆنگرە ڕادەگەیەندرێ ٠

سەعات هەشتی ئێوارە

بریارەکان ئاشکرا دەکرێو کۆنگرە کوتایی دێت ٠

ئافرەتو « پاشماوە »

دادنیەکی پێشکەوتوودا ٠

لەگەڵ ئەوەدا جیاوازی‌کردن لە نێوان پیاوو ژندا لە بەشداری کردنی بنیاتنانی داهاتوویەکی ڕوونالادا شتێکە خۆی بەلای تێڕوانینی دەرەبەگانەی دواکەوتوودا دەکوتێت کە بەرەو نەمان دەروات ٠

ئێستاش مەسەلەی بەرەپێدان جێگەیەکی دیاری پەیدا کردووە کاتێك بڕوانیتە دۆخی دەولەتان بەتایبەتی ئەگەر هاتوو ئەو پەرەپێدانە هەر لە خۆیەوە بوو وەك لە زۆر وڵاتدا ڕوو دەدات یان بە شێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو یان ئاراستەکراو بێت ، بەرەو ئامانجی دیاری کراو وەك لە زۆربەی وڵاتە گەشەسەندوەکاندا هەیە ، ئەگەریش بەرەپێدانمان بە بەرسەندنێکی چاك تری گوزەرانی هەموو دانیشتوان دایە قەلەم ئەوا بێویستە بە شێوەیەکی ڕاستەکیو هاوکێشی دابەش‌بکرێت لە سەر ئەو تێگەیشتنە بنچینەیەی کۆمەڵ ٠

لێرەشەوە کاری پەرەپێدانی ئابوری لەگەڵ کاری پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیدا پێکەوە بەندنو تێکەڵن ، جگە لەوەش هێزە کارکەرەکان بە سەرمایەیەك دادەنرێن دەتوانرێت ڕەچاو بکرێتو ئاراستە بکرێت بەرەو چالاکیەکانی پەرەپێدانی ئابوری ، لێرەوە لە کارخستنی نیوەی سەرمایەی ئادمیزاد کە « ئافرەت »، لە کارخستنی توانا بنچینەییەکان دەنوێنێتو ڕێگە لە بەشداری‌کردنی ڕاستەقینەی پەرەپێدانی ئابوریو کۆمەڵایەتی دەبەستێت ٠

یەکێکیش لەو کە لێنانەی کار دەکەنە سەر ڕادەی ئابوری لە وڵاتە گەشەسەندوەکاندا ئەوەیە لە پەرەپێدانداو بایەخی تەواو نادرێتە ئادمێزاد کە گرنگترین هۆی بەدی هێنانیەتی ٠

هەروەها بەکارنەخستنی توانا کانی ئافرەت لە کاروباری بەرهەم هێنانداو هێشتنی زۆربەی بەبێ ئیشی ٠ لە ڕاستیدا پوچ‌کردنەوەو پەرتو بڵاوکردنەوەی ئەو توانایانەیە کە یارمەتی پترکردنی بەرهەم هێنانی ناوچەیی‌و پترکردنی بۆدجەی خێزانو بەرزکردنەوەی ڕادەی گوزەرانی دەدات‌و ئەنجا دەبێتە هۆی پتر بوونی بۆدجەی نەتەوەیی جگە وەدی هێنانی بۆدجەیەکی ئازاد بۆ ئافرەت کە ڕۆژ کاردەکات سەر دروست بوونی پەیوەندیەکی هاوتا لە نێوان ئافرەتو پیاودا ٠

بۆ وەدی هێنانی ئەوەش‌و پترکردنی ڕێژەی بەشداری‌کردنی ئافرەت لە هێزی کارگەرانی وڵاتەکەماندا و سوود وەرگرتن لەو توانایەی ئافرەت کە بێ‌ئیش‌و کارە نەخشەیەکی ئابوری‌و کۆمەڵایەتیە دووەمودا دانراوە ، بەشداری پترکردنی ڕێژەی ئافرەتە ئیش‌کەرەکانی کردووە کە لە کەرتو لایەنە جۆربەجۆریەکاندا ئیش دەکەن ٠

ئەمەو سەرکردایەتی ڕامیاری ماوەی فراوانی ئیش‌کردنی لە بەردەم ئافرەتدا کردۆتەوە تاکو بەشداری بنیاتنانی کۆمەڵ سۆشیالیست و دیموکراتی بکاتو بازدانێکی جێژەرەکی هاوتای وەدی هێناوە ئەویش لەو ئێڕوانینە مەبدەئیە سۆشیالیستیەوە سەبارەت بە بەهرەو توانای ئافرەتەوە لە جێبەجێکردندا بۆ خێراتر‌کردنی ڕاپەڕاندنی پرۆژە جۆرەکانی نیشتمانماندا ، بە گوێرەی پێداویستیەنیشتمانی‌یەکانی ئیستاو داهاتوو ٠

دووەم پیشانگا « پاشماوە »

چارەسەری گیروگرفتی میللەت دەکات ٠٠ هەروەها ڕێگای ڕاست بۆی دەستنیشان دەکات ٠٠ هونەرمەندی ڕەسەن ئەوکەسەیە کە هیچ درو لەگەڵ فلچەکەی نەکات ، بەڵکو بیکاتە چرایەکی خەباتی گەل ٠٠ ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە ئەم هونەرمەندە جیهانیانەم بەدڵە ــ ئوجین دیلەکرو ، هێنری دی تولوس لوتریك ٠٠٠ » ٠

● خۆشە بڵێی چیتر بڵێیت ؟

ــ خوێندنی بەرز لەکۆڕی هونەری تەشکیلیدا تەواوبکەم ٠

ــ تابلوی « خۆم بەخێوتان دەکەم » باشترین تابلۆمە ، چونکە ڕەنگدانەوەی ژیانی خێزانێکی لادییە ٠

ــ سوپاسی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەمەر سەرپەرشتی‌کردنی پشانگاکەم دەکەم ٠ لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیم بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری ٠

● هاوکاری : سوپاس ٠

ممتاز حیدری

کێ جێگای « پاشماوە »

هیلاك‌بوون ئەکرد « بانگو »ی‌کچی ئەمینایە سەر شانۆو گۆرانیەکانی تەواو ئەکرد ٠

لەئەفەریقا « لینامبولا »ی‌گۆرانی بێژیش واچاوەڕێ ئەکرێ هەمان ناوبانگی ماکیبادەستخات ٠ دواگۆرانی ئەم ئافرەتە هونەرمەندە ڕەشەش ،سرودی « ڕەگەکان »ە کە دەنگێکی بەرخراوانی‌داوەتەوە ٠

لە چاپکراوەکانی‌وەزارەتی ڕاگەیاندن
دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی
یاسای نۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان
کەوتە بازاڕەوە

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی نەوەیی پەرەپێدانی ــ بەرنامەی ڕەنێوهێنان ــ ئەمینداریەتی گشتیی بەرێوەبردنی کاروخانەسازی ناوچەی کوردستان قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ١٩٧٧/٦٠ ٠

ڕای ئەگەیەنین ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ــ

١ ــ ئەتوانرێ کۆمەڵە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەلبەندی ئەم بەرێوەبەریەتی‌یە یاخود لە بەرێوەبەرێتی کاری پارێزگای سلێمانی بە (ــ/٢٥) بیست‌و پێنج دینار دەست بکەوێت کە نادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجە گشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ــ دوا ماوەی پێشکەش کردنی ئەندەرەکان لە یاخود پێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٣ــ١١ــ١٩٧٧ ئەبێتو ئەدرێت بەسکرتێری لێژنەی کردنەوەی ئەندەرەکان لە مەلبەندی ئەم ئەمینداریەتی‌یەدا ٠

٣ ــ ئەمانەی خوارەوە دەبێت لەگەڵ ئەندەرەکاندا بن :

آ ــ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (ــ/١٥٠٠) دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق بۆ ماوەی شەش مانگ لەڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت ، یاخود لە شێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت ٠

ب ــ پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەکدا لەبەرێوەبەرێتی باجی‌داهاتەوە دەرچووبێتو بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە ٠

ج ــ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن ٠

د ــ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ــ هەر ئەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تیا نەبێت پشتگوێ ئەخرێ ٠

٥ ــ ئەم بەرێوەبەرێتی‌یە لەسەری نیە نزمترین ئەندەر لەرووی نرخەوە یان هەر ئەندەرێکی تر قبوول بکات ٠

٦ ــ هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی کار (ــ/٢٠) بیست دینار سزا ئەدرێتو پێویستیش قۆنتەراتچیەکە کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەدرێتی ئەندازیارێکی سەرپەرشتی کەر دابنێت ٠

٧ ــ ماوەی بەجێهێنانی ئەندەرەکە شەش مانگە لەڕۆژی پێشکەش‌کردنی ئەندەرەکانەوە ٠

٨ ــ پێویستە قۆنتەراتچی‌یەکان نەخشەکان لەگەڵ ئەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان ئەنیا ئەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە ٠

٩ ــ پێویستە قۆنتەراتچی پولیکی (٢٥٠) فلس بەئەندەرەکەوە بلکێنێت ٠

١٠ــ ئەو ئەندەرانە پشتگوێ ئەخرێن ئەگەر لەناو زەرفێکی داخراودا نەبن ٠

١١ــ لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بەمەرجە گشتی‌یەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەمەردوو بەشی ، یەکەمو دووەمیەوە ، ئەبەسترێت٠

١٢ــ هەر سل کردنەوەیەك لەلایەن قۆنتەراتچیەکانەوە لەنیو ئەندەرەکان بنوسرێن بەهیچ ئەژمێردرێ وەرفز ئەکرێ ٠

شیروان علی امین
ئەمینداری گشتیی
بەرێوەبردنی کاروخانەسازی

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی ــ بەرنامەی ڕەنێوهێنان ــ ئەمینداریەتی‌گشتی بەرێوەبردنی کاروخانەسازی ناوچەی کوردستان ٠
قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٩٧٧/٥٩ ٠

لەبەر ئەوەی بوونی ئەو نرخانەی کە لەلایەن قۆنتەراتچی ژمارە ١٩٧٧/٤٥ پێشکەش‌کراوە ، بۆیە پرپارماندا ئەم مەرجانەی خوارەوە ئیعلانەکە دوبارە بکەینەوە ٠

١ ــ ئەتوانرێ کۆمەڵە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەلبەندی ئەو بەرێوەبەرایەتیە ، یاخود لەبەرێوەبەرێتی کاری پارێزگای سلێمانی بە (١٠) دە دینار دەستبکەوێ ، کە شایەنی ڕەتکردنەوە نیە ، بەڵام ئەبێ قۆنتەراتچی مەرجە گشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێ ، کە قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ــ دوا ماوەی پێشکەش‌کردنی ئەندەرەکان لە یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣٠ــ١٠ــ١٩٧٧و تەسلیمی سکرتێری لێژنەی کردنەوەی ئەندەرەکان لەمەرکەزی ئەو ئەمینداریتە ٠

٣ ــ ئەندەرەکان ئەمانەی خوارەوەیان لەگەڵا ئەبێ ٠

آ ــ بارمتە سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (٢/٠٠٠) دوو هەزار دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت ، یاخود لە شێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت ٠

ب ــ پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەکدا لە بەرێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێتو بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە ٠

ج ــ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە دەچن ٠

د ــ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ــ هەر ئەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تیا نەبێت پشتگوێ ئەخرێت ٠

٥ ــ ئەم بەرێوەبەرایەتی‌یە لەسەری نی‌یە نزمترین ئەندەر لەرووی نرخەوە یان هەر ئەندەرێکی‌تر قبوول بکات ٠

٦ ــ هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی‌کا (٢٠) بیست دینار سزا ئەدرێتو پێویستیشە قۆنتەراتچی‌یەکە کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەدرێتی ئەندازیارێکی سەرپەرشتی کەر دابنێت ٠

٧ ــ ماوەی بەجێهێنانی ئەندەرەکە شەش مانگە لەڕۆژی پێشکەش‌کردنی ئەندەرەکانەوە ٠

٨ ــ پێویستە قۆنتەراتچی‌یەکان نەخشەکان لەگەڵ ئەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان ئەنیا ئەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە ٠

٩ ــ پێویستە قۆنتەراتچی پولیکی (٢٥٠) فلسی بەزەرفەکە بلکێنێ ٠

١٠ــ ئەو ئەندەرانەی لە زەرفێکی داخراودا نەبن ڕەفز ئەکرێن ٠

١١ــ لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بەمەرجە گشتیەکانی قۆنتەراتی بەشی یەکەمو دووەمیەوە ئەبەسترێ ٠

شیروان علی امین
ئەمینداری گشتیی
بەرێوەبردنی کاروخانەسازی

ڕێڕەو

بەپێی سیاسەتی گشتی ئاشکرا لەراپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستدا (ناگونجێ) نە ئێستاو نە لە پاشەڕۆژدا ، جیاوازی لەنێوان هاونیشتمانیەکاندا لەسەر بنەڕەتی نەتەوەیی ، یان ئایینی ، یان هەرلایەنێکی‌ترو بەشێوەیەکی ناڕەوا بکرێ .

● هاوری صدام حسین ●

کۆڕێکی فراوان

بۆلێکۆلینەوەی باری ئێستای ڕۆشنبیرمان

ئێوارەی شەممە ڕێکەوتی ٨-١٠-١٩٧٧ بەڕێزان مامۆستا عبدالغفار عبدالقادر الصائغ ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری‌ولاوان لەئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان‌و مامۆستا محمد امین محمد بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری‌وبلاوکردنەوەی کوردی ، کۆڕێکیان بۆ لێکۆڵینەوەی‌ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری‌و هونەری‌لەسلێمانی سازکرد گەلێک لەڕۆشنبیران‌و هونەرمەندان‌وجماوەرێکی زۆر ئامادەبون‌وکۆڕەکە زیاتر لەسێ سەعاتی خایاند .

سەرەتا مامۆستا عبدالغفار الصائغ بەخێرهاتنێکی گەرمی هەموولایەکی کردو پێ‌خۆشحالی خۆیانی‌بەرامبەر بەو یەکگرتنە دەربڕی ، لەپاشان دەوری حزبو شۆڕشی ١٧ی تەموزی بۆ ڕوون‌کردنەوەو دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ئەدیبو هونەرمەند دەبێت لەم ڕوانگەوە تەماشا بکات‌و دەوری خۆی ببینێت . هەروەها ئاراوی ئەودۆخە نائاساییەی خستە ڕوو کە بوبوە کۆسپ لەڕێگای زوربەی زۆری ئەدیب‌و هونەرمەندەکانمانا ، پاشان دەستی بۆ ئەوە کێشا کە ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتوە بەپێ سلەمینەوە لەسایەی **شۆڕشی ١٧ی تەموزدا** پێویستە ئەدیب‌و هونەرمەند بۆ جەماوەر بنوسێت‌و ڕای‌خۆی دەربڕێت ، هەروەها وتی پێویستە لەسەرمان کە چاو بە هەڵوێستی خۆمانا بگێڕینەوە بەرامبەر بەو نوسەرو ئەدیبانەی کە باسمان کردن ، لەپاشان داوای لەئامادەبوانی ئەو کۆڕەکرد کە چ‌پرسیارێک پێشنیازێکیان هەیە بخرێتە ڕوو بۆئەوەی لێی بکۆڵرێتەوەو جێگەی خۆی پێ‌بدرێت .

لێرەدا دەربارەی وەڵامی پرسیارێکی مامۆستا احمد سالار لەڕووی چالاکی ئەمانەتی ڕۆشنبیری‌و لاوان‌و گۆڤارەکان‌و یارمەتی‌دانی ئەو دوو دەزگایە بۆ چاپکردن‌و بلاوکردنەوەی بەرهەمی کوردی ، **بەڕێزان مامۆستا عبدالغفار الصائغ‌و مامۆستا محمد امین محمد هەردووکیان** کەمەدا توانیومانە (هاوکاری) بەشێوەیەکی ڕێک‌وپێکتر بویەکەمجار بەئۆفسێت چاپبکەین بێگومان ئەمەش هەنگاوێکی پیرۆزە لەبواری ڕۆژنامەگەریدا ، وەمن نامەوێت بڵێم (هاوکاری) بەمە گەیشتۆتە هیوای خۆی ، بگرە هێشتا لەسەرەتای ئەم هەوڵەداین‌و هیوامان وایە کە لەمەودوا بتوانین زیاتر بەرەو پێشەوەی بەرین‌و ئەگەر بۆمان ئەلوا بیکەین بە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە . بتوانین کارێک‌بکەین لەجیاتی ئەوەی هەفتەی جارێک دەرچێت بیکەین بە هەفتەی دوو جار .

پاشان لەوەڵامی پرسیارێکی یەکڕایان هەبو ئەویش بریتی‌بو لەوەی کە ئێمە بۆئەوە هاتوین بزانین کەموکورتی ئەم دوو دەزگایە چی‌یەو ئێوە پێشنیازتان دەربارەی پێشکەوتنیان چی‌یەو چونکە وەك ئاشکرایە هێشتا سەرەتای دەست‌پێ‌کردنی کارمانەو مەگەر لەمەودوا بتوانین ئەو چالاکیانە بخەینە ڕوو بێگومان ئەوەش ئاشکرایە کە چەبڵە بەدەستێك لێ‌نادرێت بۆیە دەبێت ئێوەی ئەدیبو هونەرمەند هاریکاریمان لەگەڵدا بکەن .

هەروەها مامۆستا محمد امین محمد دەربارەی ڕۆژنامەی (هاوکاری) وتی : هەرچەندە ماوەی (١٠) ڕۆژ کەمترە بەرامبەر بەم ڕۆژنامەیە لێبڕسراوم بەڵام لەماوە کەمەدا دەربارەی بلاوکردنەوەی هەندێ لەبەرهەمی ئەدیب‌و نوسەرەکان مامۆستا عبدالغفار الصائغ وتی :

هەموتان ڕۆشنبیرن‌و دەزانن کە هەموو بەرهەمێکی خاوێن‌و ئەوەی لەگەڵ باری ئێستاماندا بگونجێت ، جێگەی خۆی دەگرێت‌و بلاودەبێتەوە ، بەڵام ئەو ئەدیبەی کە خزاوەتە نێو چواردیواری ژورەکەیی‌و دوورە پەرێز وەستاوە لێمان هەقی ئەوەی نیە کە لۆمەی کەس بکات .

پاشان دەربارەی پرسیارێکی کاك سمکۆ ناکام دەربارەی مۆڵەتی دەقی شانۆگەری مامۆستا عبدالغفار الصائغ وتی :

پرسیارێکی جوانەو لەکاتی تەواوی خوێندکراوە چونکە هەموو چوار پێنج ڕۆژە فەرمانێك لەمرووەوە دەرچوە کە ئەمانەتی ڕۆشنبیری‌و لاوان سەرپەرشتی ئەم لەرکە دەکات‌و لەوانەیە لەمەیك دوو ڕۆژمدا ئەو فەرمانەتان پێ‌بگات ، هەروەها دەربارەی ناردنە دەرەوەی هونەرمەندە هەڵکەوتوەکان مامۆستا عبدالغفار الصائغ وتی : هەوڵێکی گەورەو سەرکەوتو لەم ڕووەوە دراوە .

هەروەها لەم کۆڕەدا مامۆستا « ئەژی گۆران ، سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی کورد لقی سلێمانی چەند پێشنیارێکی دەربارەی یارمەتی‌دان‌و پشت‌گرتنی چالاکیەکانی یەکێتی نوسەرانی بەرچاوخست لەمانە تەقەللادان بۆ ژیانەوەی (گۆڤاری نوسەری کورد) و هاندانی نوسەران لەلایەن دام‌و دەزگای ڕۆشنبیری‌یەکانەوە دەربارەی یارمەتی‌دان‌و هاندانی چالاکی هونەری تەشکیلیش هونەرمەند عطا قەزاز چەند پێشنیارێکی بەرچاو خست .

پ : هاوکاری ـ سلیمانی

● چاپکراوی نوێ ●

فریشتەکانی سەر زەمین

لە چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕاگەیاندن ، دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی ، لەبەرهەمی مامۆستا ـ تەها ئەحمەد سالح ـ کەوتە بازارەوە . ئەم بەرهەمەی مامۆستا ـ تەها ـ بریتی‌یە لەچەندان وتارو لێکولینەوەی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی ، کە هەندێکی کاتی خۆی لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بلاوکراوەتەوە .

« فریشتەکانی سەر زەمین»دووەم چاپکراوی ئەم ماوەیەی دوایی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی‌یەو چەند چاپکراوێکی تری ئەم دەزگایەلەژێر چاپدایەو بەم زوانە ئەکەونە بازارەوە .

●

کێ جێگای ماکیبا ئەگرێتەوە ؟!

میریام ماکیبا ، گۆرانی بێژی ناسراوی قولەرەشەکان ، لەماوەی ئەوئامەنگانەی هەموسالی بەناوی « ئومانیتە »وە لەپاریس ڕێك‌ئەخرێ ، لەم‌دواییەدا ، هیلاکی تەواوی بەرووە دیاربو ، لەوەش ئەچێ ئەم گۆرانی‌بێژە ناسراوە ئەیەوێ جێگری بۆ هونەرەکەی بدۆزێتەوە ، لەبەر ئەوە لەو ئامەنگانەدا ، کە هەستی بە

پروانە ـ ل ٧

ئەم کاتەت بباشێ

ـ کەریم غەمزەیی ـ

● خۆت بەخوێنەران بناسێنە .

ـ کەریم حەکیم عەزیز غەمزەیی ، ساڵی ١٩٤٩ لەشاری سلەیمانی هاتومەتە دنیاوە .

● لەکەی‌یەکەوە خوت‌داوە بەهونەری گۆرانی ؟

ـ هیشتا منال‌بووم ، خولیای گۆرانی‌وتن لەدڵو دەرونما تەوژمی ئەبرد . لەوساوەکە قوتابیەکی منال‌بووم بەهاندانی خەڵکی‌و مامۆستاکانم ڕێگای پەرەپێدانی بەهرەی گۆرانی‌وتنم گرتەبەر .

● بڵەی خوێندنت ؟

ـ لەبەر بارەگرانەکانی ژیان نەمتوانیوە خوێندن تەواوبکەم‌و دەمێکەوازم لەخوێندن هێناوە .

● ئەی‌ئێستا ؟

ـ لەپاڵ خۆ خەریك‌کردنم بە هونەری گۆرانیەوە ، بەڕۆژ جگەرخانەیەکم کردۆتەوە ، ژیانی پێ‌گوزەران ئەکەم .

● کەی بو خەڵك کەریم غەمزەیی هونەرمەندیان ناسی ؟

ـ لەساڵی ١٩٦٩دا بوو ، لەپێشا گۆرانیم لەکۆڕی تایبەت و لەناو دۆستو برادەراندا ئەوت‌و ئێستاش لە بەشی گۆرانی میللی کۆمەڵی هونەرو ویژەی کوردیم لەسلیمانی .

● دەربارەی گۆرانی میللی چی‌ئەڵێی ؟

ـ بەرای من گۆرانی میللی لەگەڵ زیاندایە ، گۆرانی میللی کوردی هەنگاوی باشی بەرەو پێشەوەی ناوە ، بەڵام داخم ناچێ هەندێ ئاوازیان شێواندوە . خۆزگە کۆمەڵەیەکی هونەری تایبەت ئەبوو کە شارەزایانی هونەری موسیقاو گورانی تیا کۆببوایەتەوەو لەمەیدانی زیانەوەی گورانی ڕەسەنی کوردیدا ئەرکی خۆی ببینیایە .

سلیمانی :
شەمال عەلی قادر

سێهەم یادی ڕۆژی موسیقای جیهانی لە پاریزگای سلێمانی

لەژێر دروشمی لە پێناوی‌هونەرێکی کوردی ڕەسەنەدا) تیپی موسیقای سلێمانی بەهاوبەشی کردنی تیپی موسیقای بەڕێوەبەرایتی‌بەروەردەی سلێمانی‌و تیپی موسیقای زانکۆو تیپی‌موسیقای مەولەوی لەیادی ڕۆژی موسیقای جیهانی‌ـ ئەمساڵ ئاهەنگێکی قەشەنگیان سازکرد .

سەرەتا ئاهەنگەکە بەوتاری تیپی موسیقای سلێمانی لەلایەن هونەرمەند فەریدون دارتاشەوە دەستی‌پێ‌کرا ، پاشان تیپەکان لەسەر بڕۆگرامی تایبەتی خۆیان ئاهەنگەکەیان جۆش‌دا .

لەپێشان تیپی موسیقای سلێمانی هاتە سەرشانۆو چەند پارچە مۆسیقاو چەند ئاوازی فۆلکلۆری کوردی پێشکەش‌کرد .

دوابەدوای ئەوان تیپی موسیقای بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی دەستی‌کرد بەپێشکەش‌کردنی بڕۆگرامی خۆی ، تیپی ناوبراویش بریتی‌بوو لە کۆمەڵێك قوتابی وردیلەی تازەپێگەیشتو ، کە بێ‌دەنگی لەنێوان پارچە مۆسیقای « ژوان »و سرودی « چەند شیرینەلام » بالی بەسەر جەماوەراندا ئەکێشا ئەوکاتە مەزنی‌و چالاکی ئەو تیپەت بۆ ئاشکرادەبوو .

پاشان تیپی موسیقای مەلبەندی چالاکی قوتابخانەکان پڕۆگرامی تایبەتی خۆی پێشکەش‌کرد :

هەروەها تیپی موسیقای منالان لەقوتابخانەی پێخودی سەرەتای کوڕان هاوبەشی ئەم ئاهەنگەی کردو پارچەیەك مۆسیقاو سرودی « براینە »ی پێشکەش‌کرد . پاش کەمێك لەلایەن هونەرمەندان مامۆستا فەریدون دارتاش‌و ئەنومر قەرەداغی‌یەوە بەناوی ڕێزگرتنی کۆمەڵێك لەهونەرمەندانی تیپی موسیقای (مەولەوی) کۆن ، دروشمی تایبەتی تیپی موسیقای سلێمانیان کردە دیاری ئەو هونەرمەندانە .

لەدوایدا تیپی موسیقای مەولەوی لەوئاهەنگەدا زانکۆ گۆرانی (باران بارانەو ئازیزو قژزەردو لەیلا) یان پێشکەش‌کرد .

لە کۆتایدا تیپی مۆسیقای هاوبەشیان کردو بەگۆرانی‌یەکی میللی لەلایەن هونەرمەند «کریم خەمزەی»یەوە کۆتاییان بەو ئاهەنگە هێنا .

پ. هاوکاری لە سلێمانی

لەدنیای سەرمایەدارەکاندا

ئینجانۆرەی بۆمبای پلاتونیوم »٥

یەکەمین‌جار ئەوەی هەبوو بۆمبای ئۆتۆمی بوو دوایی‌بۆمبای هیدرۆجین ، دوابەدوای ئەو بۆمبای نیوترون‌وەئێستاش بۆترسێکی تازەبۆمبای (پلاتونیۆ)یەتە کایەوە !

لە ساڵی ١٩٤٥دا دووبۆمبا درا بەسەر ژاپوندا کەبوو بە هۆی کوشتنی هەزارەها ئادەمیزادو تیشکی ئەوبومبایەکاری کردەسەر خوێنی‌زیاتر لە (٣٥٠,٠٠٠) کەس هەتا ئێستا دوابەدوای خۆیان نیشانەکانی ماونەتەوە .

ئێستا بەباوەڕی زانایان هێزی چەکی ئۆتۆمی جیهان‌بەقەد ٤ ملیون هێزی ئەوبۆمبایە کە درا بەسەر هیروشیمادا .

چەند وولاتێکی ڕۆژئاوای سەرمایەدار ئەیانەوێت لەخرابی‌و سامناکی ئەم بۆمبا تازەیە کەم‌بکەنەوە ، بەڵکو هەربەجاری ئەیانەوێت بیشارنەوە ، بەوەی کە ئەڵێن بەکارنەهێنرێت بۆ پیشکەوتنی وولات ، بەڵام ، زانستی هەروەکو ئەستێرە ئەدرەوشێتەوە لەسەر ئاسمانی جیهانەوە هاوارئەکات کە دەڵەتە سەرمایەدارە چاوسرسی‌یەکان چەك بۆ بەختیاری پاشەڕۆژی دروست بکەن .

ـ بێستوون ـ

هەفتەنامەی هاوکاری

● (هاوکاری)و خەوخۆشەکانی تا بەر بەیان

● ئەوا سێ‌یەم ژمارەی « هاوکاری » بە چاپی ئۆفسێت دەرچوو ... ئێستاش‌و هەتا هەتایە .. شەوی ٨ لەسەر نۆی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ لەبیر ناچێ .. شەوێ ئیشك گرتنم لەچاپخانە لەگەڵ سێ چوار لاوی تری خوێن گەرمی بەیەڕۆش بۆ پاشەڕۆژی ڕووناکی وشەی کوردی کە دنیای ڕۆژنامەگەری هاوچەرخ دەوری خۆی لە گەشە سەندنیا بگێڕێ .. ئەو شەوەی وەختمان گەیاندە بەرەبەیان‌و یەکەم ژمارەی « **هاوکاری** »مان بە (١٢) لاپەڕەی قەوارە بچوك دایە دەست خوێنەران‌و لەگەڵ دەنگی ئەو مەکینەیەی « **هاوکاری** » چاپ ئەکرد .. خەومان بە ڕۆژنامەگەری کوردی‌یەوە .. بۆ پێشەوەو بەرەوپێش‌کەوتو تر .. ئەبینی ..

● ئەو شەوەی « یەکەم ژمارەی ئۆفسیت »ی « **هاوکاری** »یش چاپکرا .. هەمان وێنە ، هەمان خەوو خۆزگە .. لەگەڵ دەستەیەك لاوی خوێن گەرم.. لە بەردەمی مەکینەی چاپی «**هاوکاری**»دا وەستا بووم .. یەکەم ژمارەی ڕووسوور هاتە بەردەممان ..

● خوێنەری بەڕێز : لەگەڵ « **هاوکاری** »یدا گەلێ یادگارمان هەیە ، لەوانەیە تۆش وەك خوێنەوار گەلێ یادگارت هەبێ ، دڵنیاشم ، خۆزگەیەکمان هەیە ، « **هاوکاری** » پێشکەوتوتر ، تا ئەبێتە ڕۆژنامەیەکی کوردی ڕۆژانە ، بەیانیان بەڕووی‌سووریەوە لەناو دەستە خوشکەکانیا ، ڕۆژنامەکانی ئەم وڵاتە ، بە کوردی .... بە زەردەخەنەیەکی جوانەوە بچێتە دەست خوێنەران .. بە تەقەللای بەرفراوان کردنی بزوتنەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی لەم وڵاتەداو بە پاڵپشتی دڵسۆزان چاومان لەو ڕۆژەیە .

● بەهرە ●

لایەنێکی تر لەدنیای سەیری « میروولە »

میروولە بەوبچووکی خۆیەهەندێك کاری وادەکات مرۆڤ لەئاستیا سەری سوڕدەمێنێ ، زیرەکی‌و ئازاییەکی زۆر دەنوێنێ . لەهەندێك هەڵس‌وکەوت‌و خوودا ، لەگەڵ مرۆڤدا یەکدەگرێتەوە . چونکە شار دروست دەکات‌و ڕێگاوبان ڕادەکێشێ‌و تونێل هەڵدەکەنێت‌و ئازووقەو خواردەمەنیش دەکاتەمبارەوە بۆزستان . هەندێك جۆرێشی ڕووەك دەچێنێت‌و باخچەیێك دەهێنێت ، جۆرە میروولەیەکیش هەیە پەزوپۆڵەی تایبەتی‌ی خۆی هەیەو بەروەردەی دەکات‌و دەیهێنێتەوە ، هەروەها میروولە لەناو خۆیاندادەکەونە جەنگ‌و ، ئەوەی سەربکەوێت دەستبەسەری‌دیلەکانی ژێرکەوتوودا دەگرێت . بەکورتی میروولەشارستانیەتی خۆیی هەیە . میروولەی کارکەر حەوت ساڵدەژێت ، شاکەشیان هەژدە ساڵ دەژێت ، هەموو جۆرەخواردەمەنی‌یەکیش دەخۆن ، میروولە بەوبچووکی‌خۆیەوەزۆر دەستەو داوێنی ژیانە ، ئەوەبوو دانەیەکیان سێ ڕۆژلەژێر ئاودا ژیا ، یەکێکی‌تر هەشت ڕۆژ بەبێ هەوا ژیا ، یەکێکی تریان چل‌و یەك ڕۆژ بەزیندوویی مایەوە دوای‌ئەوەی ملیشی لە لاشەی جودا کرابووەوە .

ئیلتیزامی شۆڕش و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بە چارەسەری بەئاشتی و دیموکراتی مەسەلەی کوردەوە بەپێی بەیاننامەی یانزەی ئادار ئیلتیزامی مەبدەئی چەسپاوە .

سەرۆکی فەرماندە | احمد حسن البکر

● الاربعاء ٢٦ تشرين الاول العدد ٣٩١ ●

هاوکاری

٢٥ فلس

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

٨ لاپەڕە

لەگەڵ پاشکۆیەکی بۆ ژانین

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدان ، الخلاني ، شەقاق ، الجمهورية ،
بەغدا ص . پ ١٤١٤ تەلەفۆن ٢/٦٨٢١١

سەرنووسەر: محمد امین محمد

● چوار شەممە ٢٦ی تشرینی یەکەم ژمارە ٣٩١ ●

ئەنجومەنی یاسادانان بۆ باوەڕدان بە ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن کۆدەبێتەوە

سەرۆکی فەرماندە چاوی بە وەزیری ناوخۆی سعودیە کەوت

لە سەعات دەی دوێنێ بەیانیدا ، سەروکی بەڕێز احمد حسن البکر لە کۆشکی کۆماری چاوی بە بەڕێز ئەمیر نایف بن عبدالعزیز وەزیری ناوخۆی ولاتی عەرەبی سعودیەو ئەو وەفدەی لەگەڵیایەتی کەوتوە . ئەویش بەبۆنەی سەردانەکەیەوە بۆ ولات .

ئەمیر نایف نامەیەکی گفتی گەیاند بە سەرۆکی بەڕێز لە خاوەن شکۆ مەلیك خالد بن عبدالعزیز مەلیکی ولاتی عەرەبی سعودیەوە کە بریتی بو لە سلاوی خاوەن شکۆو هیوا خواستنی تایبەتی بە تەندروستی باشی سەرۆکی بەڕێزو سەربەرزی گەل عیراقی برا . دوای ئەوەبەیوەندی یەکانی نێوان هەردوو ولاتی براو پتویستیەکانی یتەوکردنی بۆخزمەتی ئەتەوەی عەرەب بەرچاو خرا .

لەم چاوپێکەوتنەدا بەڕێز عزە ابراهیم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری ناوخۆو بالۆیزی سعودیە لای کۆماری عیراق ئامادە بوو .



لەبەردەم سەرۆکی فەرماندە دا ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سوێندی دەستوریان خوارد

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردوو لەبەردەم سەرۆکی فەرماندە بەڕێز احمد حسن البکردا ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەڕێزان طارق عزیز عیسی ، عدنان حسین عباس ، جعفر قاسم حمودی ، عبدالله فاضل عباس ، عەقید روکن عدنان خیرالله طلفاح ، حکمت ابراهیم ، محمد عایش حمد ، برهان الدین عبدالرحمن مصطفی سوێندی دەستووری یان خوارد ، لەکاتی سوێندخواردنەکەدا بەڕێز محی عبدالحسین مشهدی ئەمینداری گشتی ئەنجومەن ئامادە بوو .

بروانە ـ ل ٤

جنگری سەرۆك کۆمار سەردانەکەی بۆ مالیزیا و ئەفغانستان کۆتایی دێنێ

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردووکۆبوونەوەیەکی فراوان لە کۆشکی کۆماری لە کابل لەنێوان وەفدی عیراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز طەمحیی الدین معروف جنگری سەرکۆمارو لایەنی ئەفغانستان بە سەرۆکایەتی محمد داود سەرۆکی کۆمار سازکرا .

الایەنی عیراقی بریتیبوو لە بەڕێزان حامد علوان وەزیری دەولەت بۆ کاروباری دەرەوەو عبدالملك یاسین وەکیلی وەزارەتی دەرەوەو ژمارەیەك لە کاربەدەستان .. لایەنی ئەفغانستانیش بەڕێزان محمد

بروانە ـ ل ٧

وەزیری دەرەوەی ڕژێمی سوریا ڕووبەڕووی کوشتن بووە

دوێنێ عبدالحلیم خدامی جێگری سەرۆك وەزیران وەزیری دەرەوەی ڕژێمی سوریا ڕووبەڕووی هەوڵدانێکی کوشتن بووە لەفڕۆکەخانەی ابو ظبی کە لە ئەنجامدا وەزیری دەرەوەی ڕژێمی سوریا ڕایکردوەو خۆی لە فڕۆکەخانەکەدا شاردۆتەوە لە ئەنجامدا سیف بن غیاش وەزیری دەولەت بۆ کاروباری دەرەوە لە دەولەتی یەکگرتووی میرنشینەکانی عەرەب ئیکراوە بریندار بوو . وەزیری ڕاگەیاندنی ابو ظبی دوێنێ ئیتوارە بڵاوی

بروانە ـ ل ٧

بەڕێز صدام حسین سەرۆکی لە وەزارەتی بەرگری و ڕاگەیاندن ئەدات

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دوێنێ نیوەڕۆ سەری لە وەزارەتی بەرگری داو لەم سەردانەیداهاوڕێ عزە ابراهیم ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری حزبی لە گەڵدا بوو .

لە بینای وەزارەتی بەرگری ، هاوڕێ صدام حسین لە گەڵ بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بەرگرییدا کۆبوەوە بە ئامادەبوونی هاوڕێیان عزە ابراهیم ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەی جێگری لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری و طارق عزیز ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوەیی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبو هاوڕێیان ئەندامانی مەکتەبی عەسکەری حزب . هەروەها بەڕێز سەرۆکی ئەرکانی گشتی هێزە چەکدارەکانیش لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوو .

جێگری بەڕێز ڕاسپاردەکانی خۆی لە بارەی پیویستیی دامەزراندنی چاکو و پێشکەوتوانەی هێزە چەکدارەکانەوە دەربڕی لە بەر ڕۆشنایی ڕێنوێنیو نەخشە ناوەندیەکانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشداو بۆ ئەوەی سوپا هەمیشە لە خزمەتگوزاری مەسەلە نیشتیمانیو ئەتەوەییەکاندا بێت .

لە بەر بینای وەزارەتی بەرگریدا ، عقید روکن عدنان خیرالله ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بەرگریو بەڕێز سەرۆکی ئەرکانی گشتی هێزە چەکدارەکانو ئەفسەرە گەورەکانی هێزە چەکدارەکان ، پێشوازیان لە بەڕێز صدام حسین کرد لە هاتنیداو بەڕێیان خست لە کاتی ڕۆیشتنیدا .

هەروەها ، بەڕێز صدام حسین لە گەڵ بەڕێز طارق عزیز ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست جێگری لێپرسراوی مەکتەبی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنا دوێنی نیوەڕۆ سەرێکیان لە وەزارەتی ڕاگەیاندن دا .

کە جێگری بەڕێز گەیشتە وەزارەتی ڕاگەیاندن لە لایەن

بروانە ـ ل ٧

عیراق ئاهەنگی بیرەوەری سی و دووەمین ساڵی دامەزرانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەگێڕێ

وەزارەتی دەرەوە دووپاتی کردەوە ئەو نەتەوە عەرەبەی تووشی جەورێکی ستەمکارانە بووە ، لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆیەوە بەوەی کاتێك لەژێر دەسەلاتی چەند دەولەتێکی ئیستیعماریدابوو بریاری لەسەردا بەشکردنو دروست بوونی قەوارەی زایۆنیدا ، لەو بڕوایەدایە کەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەرێگەی ئەو ئەرکو ئۆبالەوە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەیخاتە ئەستۆی ئەندامانی یەوە بتوانێ کۆتایی یەك بۆ ئەو کارەساتەدا بنێ . وەزارەت لەبەیاننامەیەکدا کەبەبۆنەی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوە دەری کردووەو دۆینی ڕێکەوتی دامەزرانی بوو وتی :

لەکاتێکدا ئێمە لەعیراقدا ئاهەنگ بەوبیرەوەری یە ئەگێڕین ، هیوامانوایە کە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێ بەسەر هوکانی لاوازیوونیدا زاڵببێ بۆئەوەی بتوانێ بریارەکانی خۆی بۆخزمەتی قازانجی گەلان بەجێبهێنێ ، دوای ئەوەی کەرێکخراو لەدەسەلاتی هێزە ئیستیعماریەکان ڕزگاری بووەو گەلانی زۆری جیهان سەربەستیو سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتووە .

لەئەنجامی ئەوەدا دەولەتانی نوێ هاتوونەتە ناو ڕێکخراوەکەوە کە تازە لەدەست ئیستیعمار ڕزگاریان بووەو توانیویانە تەرازوی هێزی ناو ڕێکخراوەکە بەسوودی گەلان بگۆڕن .

کۆبوونەوەیەکی ئۆبیك

لیژنەی ئابووری ڕێکخراوی (ئۆبیك) بریاری دا لەمانگی ئایندەدا کۆبوونەوەیەك ئەگرێ .

سەرچاوەیەکی لێپرسراو وتی ، ئەولیژنەیە لەو کۆبوونەوەیەدا هەوڵ ئەدا ڕاسپاردە سەبارەت بە هەندێ مەسەلەی نەوت ئامادەبکا بۆ ئەوەی بیخاتە بەرچاوی ئەنجومەنی وەزارەتی ڕێکخراوی ئۆبیك دەوڵەتە نەوت نێرەکان کە لەمانگی کانونی یەکەمی داهاتوودا لە کەراکاسی پایتەختی ڤنزوێلادا کۆئەبێتەوە .

چەند دەوڵەتیکی تازە لە ئەنجومەنی ئاسایشدا

بێری کونیتو چیکۆسلوفاکیاو پۆلەندا و گابۆن بە ئەندامانی ناهەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان هەڵبژێران .

ئەندامێتی ئەو چواردەوڵەتە لە یەکی کانونی دووەمی داهاتوودا دەستپێ ئەکاتو دوو ساڵ ئەخایەنێت .

نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین پێخۆشحالی خۆی بەرانبەر قسەکانی کالاهان دەرئەبڕێت

بێری سعید حمادی نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە لەندەن پێخۆشحالی خۆی بەرانبەر ئەو ووتارە دەربڕی کە سێ ڕۆژ لەمەوبێش جێمس کالاهان سەرەك وەزیرانی بەریتانیا بڵاوی کردەوە .

کالاهان لە ووتارەکەیدا داوای ئەوەی کردبوو کە قەوارەی زایۆنی لەو سنوورەدا بژێت کە ناونراوە سنووری ئاسایش بەرانبەر بەوە کە لە خاکی داگیرکراوی عەرەبیدا بکشێتەوە دواوە .

هەروەها کالاهان لە ووتارکەیدا داوای ئەوەی کرد کە چەند شوێنێکی بێچەك بە درێژایی سنووری نێوان فەلەستینی داگیرکراوو دەوڵەتە عەرەبە دراوسێیەکانیو ئەو قەوارە فەلەستینیە کە لە ئەردەندا دائەمەزرێتو فراوان ئەکرێت دابنرێت ..

بروانە ـ ل ٧

لێکۆڵینەوەی سیاسی

کامەیان ڕێگای ڕزگاری فەلەستینە : کۆنفرانسی ژنێف یان شەڕی درێژخایەنی گەل ؟

لەماوەی دەمانگی ڕابردووی ساڵی ١٩٧٧دا هەوڵو تەقەلاو هاتوچۆ بۆ دەست پێکرانەوەی کۆنفرانسی ژنێف دەربارەی گیروگرفتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نەپساوەنەوەو لەو یەکدوو مانگی دواییشدا هەوڵو تەقەلاکە گەرمتر بووەو هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵپەی ئەوەیانە کە پێش تەواوبوونی ساڵی ١٩٧٧ کۆنفرانسەکە دەست بەکار بکاتەوە .

ماوەیەك لەمەوبەر بەیاننامەی دووقۆڵی ئەمریکاو سۆڤیەت دەرچوو ، هەرچەند بەیاننامەکە لەبارەی هێندێ مەسەلەی پنەڕەتیەوە ڕوون نەبوو ،و ئەوە نەبوو کە بتوانێ داخوازە ڕەواکانی گەلی فەلەستین دابین بکا ، بەڵام بەوحاڵەش بەدڵی کاربەدەستە داگیرکەرەکانی تەل ئەبیبدا نەچوو . بۆیە پاش ماوەیەکی کورت لەپڕ بەرنامەی کاری ئەمریکاو زایۆنی دەربارەی دەستپێکرانەوەی کۆنفرانسی ژنێف پلاو کرایەوە ، کە دوو بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش (٢٤٢ ، ٣٣٨) بە بنچینەی کاربارى کۆنفرانس دەزانێو بەیاننامەی ئاوکۆیی سۆڤیەتو ئەمریکا ڕەت دەکاتەوە . لەوبەرنامەیەدا هەق بە فەلەستینییەکان دراوە کە بەشێك بن لە وەفدێکی عەرەبیو ا کۆبوونەوەی کردنەوەی کۆنفرانسدا بەشدار بن ، بەڵام بەمەرجێك ئەندامی ڕێکخراوی ڕزگارکەری فەلەستین نەبن !! وانە ئەو ڕێکخراوە کە لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە پێشکەوتووەکانی جیهانو دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە نوێنەری شەرعی گەلی فەلەستین ناسراوە ، مافی ئەوەی نەدراوەتێ بەچەشنی ناڕاستەوخۆش لە کۆنفرانسدا بەشدار بێ .

ئێستا کارمان بەوە نیە کە داخۆ ڕژێمە عەرەبیەکانی لایەنگری سازان بەو بەرنامەی کارە ڕازی دەبن یان ناو باسی ئەوەش ناکەین کە ئایا پێش نوێبوونەوەی ساڵی ٩٧٨ ئەوئاواتە دێرینەیان وەدی دێت یان دەبێ چاوەڕوان بن بەلکوو لە ساڵی ٧٨دا لە سەرمێزی وتوویژەکانی ژنێف دابینشن ، لێرەدا دەمانەوێ باسی ئەوە بکەین کە لەجێدا ئەوکۆنفرانسە تا چ ڕادەیەك دەتوانی چارەسەری مەسەلەکە بکاتو گەلی فەلەستین بە ئاواتە لەمێژینەکانی بگەیەنێ .

وەك دەزانین نەواوی ئەولایەنانەی پێوەندیان بە مەسەلەکەوە هەیەو داوای بەستنی کۆنفرانسەکە دەکەن ئەوەیان سەلماندوە کە بناخەی وتوویژەکانی ئەوکۆنفرانسە لەسەر بنچینەی دووبڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش دامەزراوە . خۆ ئەوەش دەزانین کە بڕیاری ژمارە ٢٤٢ تەنیا داوای کشانەوەی زایۆنیەکان بۆ سنوورەکانی پێش حوزەیرانی ١٩٦٧ دەکاتو باسێکی لە خاکە داگیرکراوەکانی پێش شەڕی حوزەیران تیدا نیە . باسی گەلی فەلەستینیش لەوبڕیارەدا وەك مەسەلەی « پەنابەرە فەلەستینییەکان » هاتۆتە گۆڕێ ، نەك وەکوو گەلێك کە خاوەنی مافی دانانی چارەنووسی خۆی بێ . کەوابوو ئەگەر ئەوبڕیارە بەتەواویش جێبەجێ بکرێ ئەوا مەسەلەی ڕزگاری فەلەستین هەروەك خۆی دەمێنێتەوەو تەنیا گۆڕان لە مەسەلەکەدا ئەوەندە دەبێ کە هێندێك ڕژێمی خۆبەدەستەوەدەر بوونی زایۆنی داگیرکەر لەسەر خاکی فەلەستین بەرەسمیو شەرعی دەناسن .

با ئەوەش لەجێی خۆی بێ کە زایۆنی دوژمن کاتێك هەڵوێستی شڵوشەوێقی ڕژێمەکانی لایەنگری سازانی دیوە ، سوورە لەسەر ئەوەی خاکە داگیرکراوەکانی شەڕی حوزەیرانیش بەتەواوی چۆڵ نەکاتو شوێنە ستراتیژیەکان وەك جۆلانو شرم‌الشیخ لەدەست خۆیدا ڕابگرێو شاری قودسیش وەك شارێکی « ئیسرائیلی » لەدەستی قەوارە ڕەگەزپەرستەکەیدا بهێڵێتەوە . بەمجۆرە دەردەکەوێ کە کۆنفرانسی ژنێف بەهیچجۆر ناتوانێ تەنانەت بەچەشنێکی نیوەچڵیش مافە ڕەواکانی گەلی فەلەستین دابین بکا .

کەواتە گەلانی عەرەب کە بیانەوێ خاکی فەلەستین بەنایبەنیو خاکە زەوتکراوەکانی عەرەب بەگشتی لەچنگی دوژمنی داگیرکەر دەربێننەوە نابێ ئەوراستیەیان لەبیر بچێ کە ئەوخاکانە بەژۆرو بەشەڕ داگیر کراونو شتێکی بەژۆریش ئەستێندرابێ بەپارانەوەو لالانەوە نادرێنەوە . بەڵکوو هەروەك مەسەلی کوردی دەڵێ « مستلەمستێ دەگەرێتەوە » دەبێ بەژۆرو بەوزمانەی دوژمن دەیزانێ وەڵامی بدرێتەوەو لە خاکی داگیرکراو بکرێتە دەر . دیارە هیچکەس لایەنگری ئەوە نیە ئەگەر گیروگرفتێك بەخۆشی ڕێگای چارەسەری هەبێ ، بەشەڕو ناخۆشی چارەسەر بکرێ . بەڵام تاقیکردنەوەی ژیان پێی سەلماندووین کە مەسەلەی فەلەستین لەگەل سەرکێشیو کەللەڕەقی ئەڵئەبیبو پشتیوانی بێدریغی واشنتۆندا ناتوانێ بەخۆشی یەکلا بکرێ .

ئێستا بزانین کامێك ڕێگای ئەستاندنەوەی خاکی داگیرکراو تەنیا دەستبردن بۆ چەکو بەکارهێنانی هێزە ، شێوەی کاریگەری ئەو چەکبەکارهێنانە دەبێ چۆن بێ ؟ داخوا دووبات‌کردنەوەی تاقیکردنەوەی ڕابردووو هەڵگیرسانی شەڕێکی چەندڕۆژی یان چەندهەفتەیی‌و وەك کەوتۆتە سەر زارو زمانان « شەڕی پێنجەم »ـەلەتوانایدا هەیە مەسەلەکە ببڕێتەوەو دوایی بە داگیرکاری زایۆنی بێنێ ؟ تاقیکردنەوەی

بروانە ـ ل ٧

ڕەشەکانی ئەمەریکا لە کارتەر بێزارن

چاوپان پێك کەوت ،لەتەنشت یەکتریش دانیشتن .. بەڵام هەریەکە فکری لەشوێنێکیتر بووو پیری هالۆزاوی بەشێتیکی ترەوەخەریك بوو ، جاروباریش بەچاوێکی پڕ لەڕقوتووڕەییەوە لێك مۆڕ دەبوونەوەو دەیان ڕوانیە کردەوەکانی یەکتر ـ کارتەر سەرۆك‌کۆماری ئەمریکا کادەگەل (ورنون جردن) یەکێك لە گەورەترین پیاوەسیاسیەکانی ڕەشپێست .

جردن کردەوەو بەهێندەنەگرتنی ڕەشەکانی ئەمریکایی لەلایەن کارتەرەوە بەتوندی مەحکووم کردو گوتی سەرۆك‌کۆمار « بەڵێنیەکانی ڕاست دەرنەچوونو یارمەتیو لایەنگری ئەوکەسانەی خستە پاش گوێ کە پشتیوانیان لێ کردوەو یارمەتی ئەویان داوە » . ڕەشپێستەکان کە مانگی تشرینی دووەمدا « شیرنایی سەرکەوتن »یان چێشت ، ئێستا لە « ترشی ناهومێدی »دا زۆر بەتوندی تووڕەو بێزارن . ڕەشەکانی ئەمریکایی بەتەواوی نیسبەت بە سیاسەتی بڕلەپێچو پەنای کارتەر ئیعتیرازیان هەیەو پێیان وایە کارتەر چاکەو پشتیوانی ڕەشەکانی لەگەتی هەڵبژێردرانیدا لەبیر بردۆتەوە ، وەفای بە بەڵێنیەکانی خۆی نیە ، پیاوێکی قەرزکۆترەو هیچ پێی وا نیە سەرکەوتنی‌بۆ سەرۆك کۆماری زیاتر لە پشتیوانی ڕەشەکان‌ڕایە .

ئەوەی ڕاست بێ سەرکەوتنی کارتەر لە هەڵبژاردنی دوایی‌دا ئەنتیجەی دەنگ‌دانو پشتیوانی ڕەشەکان بوو . لە هەڕێمی جنووبی کە ئەهمییەتێکی یەکجار زۆری دەنگ‌دانی هەبوو ، ٩٤٪ی ڕەشەکان بەقازانجی کارتەر دەنگیان دا . لەکاتێك‌دا زۆربەی سپی‌پێستەکان ـ ٥٥٪ بەقازانجی جرالد فورد دەنگی خۆیان خستە سندووقەکانی دەنگ‌دانەوە .

پەرەئەستاندنی ناکۆکی

٤٥ شار لە هەڕێمی جنووبی کە زۆربەی دانیشتوانیان لە ڕەشپێستان پێك هاتوە ، تائێستاش مووچەخۆریان بە بڵەوبایەی بەرزی ئیداریەوە زۆربەکەمی لەنێودا دەبیندرێ . ئەو ٢٨ ڕەشپێستە کە بۆ یەکەمجار خۆیان ئامادە کردبوو بۆ هەڵبژێران لە مەجلیسی سەنادا ، هەڵنەبژێردرانو بۆ نوێنەرایەتی مەجلیسی نوێنەرانی ٥٠ ناوچەی جۆربەجۆر تەنیا ١٠ ڕەشپێست هەڵبژێردران .

گیروگرفتو نارێکی لەڕادەبەدەری داهات لەنێو ئەمریکاییانی ڕەشپێستو سپی‌پێستدا ڕۆژبەڕۆژ بەرەدەستێنی . لەحاڵێك‌دا ژمارەی ئەو سپی‌پێستانەی کە ژیانێکی فەقیرانەیان هەیە تاڕادەیەکی زۆر کەم بۆتەوەو گەیشتۆتە ٦٠٠ هەزار کەس، ژمارەی فەقیرەکانی ڕەشپێست لە زیادبوون دایەو نیزیکەی نیومیلیون کەس زیاتر بووە . ژمارەی بێکارانی ڕەشپێست لە حاڵی حازردا ١٣/٢ لەسەد جۆتە سەر کە تەواو دووهێندەی بێکارانی سپی‌پێستە .

ژمارەی ئەورەشانەی کە لەبەر گیروگرفتو تەنگوچەڵەمەو ناهەمواری کۆمەڵایەتی خۆیان دەکووژن (زۆربەیان ئەوانەن کە تەمەنیان لەنێوان ١٥ تا ٢٤ ساڵی دایە) ، لە ساڵی ١٩٦٠موە تا ئێستا دووبەرابەر زیادی کردوە . کە لەنێو ئەوانیشدا نیسبەتی ژنان هێندەونیو پترە . بێجگە لەوە لەسەرێك تەمەنی ڕەشەکان بە شەش‌حەوت ساڵ لە تەمەنی سپیەکان کەمترەو لەبەر نارێکیو ناهەمواری ژیان لە تەمەنیش‌دا لە سپیەکان لەدواترن .

تەخۆشیو مردنی منداڵانو دایکانی ڕەشەکان لەوناوچانەی ڕەشەکانیان لێ دەژین ، سێچوار بەرابەر پترە لەو شوێنانەی سپیەکانیان لێ نیشتەجێن .

بەگوێرەی ڕاپۆرتو قسەوباسی هەوالنووسان دەردەکەوێ کە وەزعو گوزەرانی ڕەشەکان لەپێشوو خەراپترەو هەتا لە شارە گەورەکانیش وەك‌واشنگتونو نیویورك ئەگەر خەراپتر نەبووبێ باشتر نەبوە . ئەوە شتێکە کە گۆفارو ڕۆژنامەکانی ئەمریکاییش نایشارنەوە : ماوەیەك لەمەوپێش گۆفاری ـ حەوتوونامەی خەبەری ئەمریکا ـ بڵاوی کردەوە کە ڕەشەکان ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر بێزاریو تووڕەیی خۆیان نیسبەت بە ڕێژیم دەردەبڕن ..

خەباتو تێکۆشانی ڕەشەکان بۆ سەلماندنو ئەستاندنی مافی بەرامبەر لەهەموو کەلێنو قوژبێنێکی ئەمریکادا لە پەرەئەستاندن دایە : لەنێو نەقابەو یەکەتیەکانی کریکاری‌دا ڕەشەکان تا ئەندازەیەکی زۆر بەرهەڵستی نیسبەت بە ڕابەرەکانیان نیشان دەدەن . لە هەموو بڵەکانی حکوومەتی‌دا بەگوێرەی ئەدەستهاتن کاربەدەستە ڕەشەکان خەریکی دروستکردنو پێکەوەنانی ڕیکخراوو یەکەتی جۆربەجۆرن کە لە داهاتوێکی نیزیك‌دا دەتوانی ئەوخەباتە بۆ ئەستاندنی مافی ڕەوای ئەوان شکلو شێوەیەکی تازەتر بەخۆیەوە بگرێ .

« جوزف لاوری » سەرۆکی تازەی « کونفرانسی بەرێوەبەرایەتی مەسیحیەکانی جنووب » لە نامەیەکدا بۆ کارتەر سەروك‌کۆماری ئەمریکا بەوشێوەیەی خوارەوە دەدوێ :

« جیمی ، ئێمە ناهێڵێن تۆ دەمێك ئاسوودە بی ،.. ئێمە ڕابەرانی ڕەشەکان کە بیری ئەوەیان لێدەکرا لە مەیدان چوونە دەر ،سەرلەنوێ پەیدا بوونەوە . « استوکلی کارمایکل » لە ئەفریقا گەڕاوەتەوە کە تەبلیغات بۆ دامەزراندنی سوسیالیزم دەکا لەئەمریکادا . بەرابەرایەتی ناوبراو تائێستا لە چەند زانستگای ئەمریکادا خۆپیشاندان ڕێك خراوە .

« هوی نیوتن » لە کوبا گەڕاوەتەوەو دەیهەوێ حیزبی « پلینگە ڕەشەکان » سەرلەنوێ وەکار خاتەوەو خەباتی خۆیان دەست پێبکەنەوە . جێگای سەرنجە کە لەکاتی گەڕانەوەی ناوبراودا بۆ سانفرانسیسکۆ، زیاتر لە ٦٠٠ کەس بەگەرمیەوە پێشوازی لێکرد . ئەورێکخراوانەی خەباتیان دەکرد بۆ دابین‌کردنی مافی ڕەشەکان کە زۆرکەس پێی وا بوو هەڵوەشاون ، لەجاران باشتر تێکۆشانی خۆیان دەست پێکردۆتەوەو لە ڕیکخستنی خۆپیشاندانو مانگرتن‌دا دەورێکی گرنگیان هەیە .

تەلەفۆنت بۆ دەکەین ، نامەو تیلیگرافت بۆ دەنێرینو ئەگەر تەواوی ئەوانەش بێسوود بوو ، ئێمە سەرلەنوێ ناچارین قۆڵت لێهەڵمالینەوەو خۆپیشاندان ڕێك خەینەوە» .

« ڕۆزگار »
ئامادەی کردوە

منداڵ فرۆشتن

دیاردەیەکی تری کومەڵی سەرمایەداری

لەگەل هەموو پروپاگەندەوجاووراوێك کە لە وڵاتە سەرمایەداریەکاندا دەربارەی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤو بایەخە ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیەکان بڵاو دەکرێتەوە ، ئەم هەقیقەتە هەر ئاشکرایە کە لەڕێژیمی سەرمایەداریدا بارەو وەسەریەکانی سەرمایە لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە . بارە بیروباوەڕو ئاوات‌وئامانجو تەنانەت خواو هەموو شتێکی سەرمایەداره . سەرمایەداری بارەبەرست بۆ وەدەستهێنانی بارەو سوودوقازانج ، لەژێرپێنانی هەموو بایەخێکی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو ئینسانی لە ئاوخواردنەوە پێ هاسانترە .

لە سیستەمێکدا کە بەشێکی کەمی کۆمەڵ زوربەی هەرەزۆری داهاتی نەتەوایەتی‌وسامانی نیشتمانی بۆ خۆیان دەبەنو لە ژیانێکی ئەفسانەییدا دەژین ، و بەشی زۆری ئەندامانی کۆمەڵیش بەزەحمەتو بەرەنجی شانو ئارەقی ناوچاوان گوزەرانێکی نەمر نەژی بۆ خۆیانو خێزانەکانیان دابین دەکەن ،لە کۆمەڵێکی وەهادا هیچ سەیر نیە کە بۆ وەدەستهێنانی بارەو خۆنیزیك‌خستنەوە لە ژیانی پرکەبکەبەودەبەی عاج‌نشینەکان سەوداو مامەڵە بە ناموس‌وشەرەفو خوێنی ئادەمیزادیش بکرێ . ئەمەش نموونەیەك لەو« شاکارە ئەخلاقی‌یانە » کە لە ئەمریکا گەورەترین وڵاتی سەرمایەداریو پێشەنگی ئۆردووگای ئیمپریالیستیدادەرکەوتوە :

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی باوەڕپێکراو منداڵ فرۆشتن لە ئەمریکادا بەچەشنێك‌بڕەوی پەیدا کردوە کە ساڵێ نیزیکەی ١٠٫٠٠٠ منداڵی‌ساوا سەودای پێدەکرێ . نرخی منداڵی سپی‌پێستی‌ساخ لە بازاری ڕەشدا ٥٠٫٠٠٠ دولارە (نیزیکەی‌شانزدەهەزار دینار) . دەڵێی بازاری ڕەش لەدەستی‌پارێزەرەکانی دادگا دایە . ئەنانەت هێندێ لە پارێزەرەکان چەند ژنێکیان بەدەستەوەن کە بە ڕاسپاردەی خۆیان ئاوس‌دەبن . پۆلیس دەنگی ژنێکی لەسەر شریت تۆمار کردوەکە لەگەل پارێزەرەکەی بە تەلەفۆن قسەی کردوە . لەوبەڵگەیەدا ژنەکە بە پارێزەرەکەی گوتوە :

ـ من لە ڕۆژەکانی ٩ ،١٠و١١ی ئەم مانگەدا ئامادەیی ئاوس‌بوونم هەیە ، یەکێك‌بێرە تا ئاوسم بکا !

ژنێکی هەوالنووسی ئەمریکایی بە ناوی (شلی ڕاس) بۆ دۆزینەوەی‌دەڵالەکانی بازاری ڕەش سەرینێکی خستۆتە ژێرکراسەکەی‌و چۆتە لای یەکێك لە پارێزەرانی دادگای‌کالیفۆرنیاو گوتوویە ئامادەم ئەم منداڵە (بیژووە)م‌بفرۆشم .

شلی گوتوویە :

ـ پارێزەرەکە دەسبەجێ‌سەودایەکەی ڕێك خستومو گوتوویە ئامادەم منداڵەکەت‌تا چل‌هەزار دۆلار بۆ بفرۆشم .

منداڵێك کە لەمۆتێلەیەدادیارە بە بەنجاهەزار دۆلار سەودا کراوە .

لەهەندەران چ باسە؟!

★ هەفتەی ڕابردوو کۆماندۆکانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە فرۆکەخانەی (مەقادیشو) فرۆکە ڕفینراوەکەیان گەمارۆ دا . فرۆکەرفێنەکان کە چوارکەس بوون سێیان کوژرانو یەکێکیشیان بە بریندارى گیرا .

بەدوای ئەوەدا سێکەس لەو یازدە گیراوەی کە فرۆکەرفێنەکان داوای بەردانی ئەوانیان کردبوو لە بەندیخانەکانی ئەڵماندا خۆیان کوشت . پاش خۆکوشتنی ئەو سێکەسە کە ئەندامی ڕێکخراوی دەستەچەپی « بادر ماینهۆف » بوون لە ژور وڵاتی ئەورووپادا خۆپێشاندانو بێزاری‌دەربڕین ڕووی داو خۆپێشاندەران ئەوەیان هێنایە گۆڕێ کە لەوانەیە کارەبەدەستانی پۆلیسی ئەڵمانیا ئەو سێکەسەیان کوشتبێ .

هەر لە هەفتەی ڕابردووشدا کەلاکی « هانز مارتن شلایر » سەرۆکی یەکیەتی پیشەسازانی ئەڵمانیا کە شەش‌هەفتە بوو ڕفێنرابوو ، لەشاری « مولهاوس »ی فەرەنسا لە سندووقی ئۆتۆمبیلێکدا دۆزرایەوەو دوایی درایەوە بە کەس‌وکارەکەی‌و بردیانەوە ئەڵمانیا .

★ دادگایەکی سەربازی بەنگلادیش حوکمی ئیعدامی (٣٧)کەسی دەرکرد کە بەوە تاوانبار کرابوون کە لە کودیتا سەرنەکەوتووەکەی مانگی ڕابردووی بەنگلادیشدا بەشدار بوون .

★ لە خوارووی تاران فرۆکەیەکی هێلیکۆپتەری سەربازی ئێران کەوتە خوارەوەو چوارکەس لە ناقمی فرۆکەکە کوژران کە یەکیان شۆفێرەکە بوو ، هەروەها سێکەسی تریشیان بریندار بوون .

★ دەستەی دەوڵەتە ئەفریقاییەکان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەگشتی دەنگ داوای کرد کە ئەنجومەنی ئاسایش بەپەلە کۆبوونەوەیەك بکا بۆ باسی کردەوە نارەواکانی ئەم‌دواییەی ڕژێمی ئەفریقای خوارو .

★ کاربەدەستە ڕەگەزپەرستەکانی ئەفریقای خوارو دوو ڕۆژنامەیان داخست کە بەزمانی هاونیشتمانە ئەفریقاییەکانەوە دەدوانو دەیان کەسیشیان لەمەش‌پێستەکان بە تاوانی خەبات دژی ڕەگەزپەرستی گرت .

بەدوای ئەوەدا کورت فالدهایم سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کردەوەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی فورستەری گوناهبار کردو گوتی ئەم‌جۆرە کردەوەیە زیاتر مەسەلەکە ئاڵۆز دەکەن . هەروەها یەکیەتی ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیا بێزاری خۆی لە داخستنی ئەو دووڕۆژنامەیە دەربڕی .

★ نەناسراوێك بە تەلەفۆن ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسای ئاگادار کرد کە نەخشەی نەقاندنەوەی سەدهەزار بۆمب کێشراوە بۆ تێك‌شکاندنی ئابووری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا . ئەوپیاوە کە گوتی بەناوی سوپای سووری ئەڵمانیاوە قسە دەکا ڕایگەیاند کە لە ٢٠ی کانوونی یەکەمدا لە هەموو شوێنێکی ئەورووپا دەست دەکرێ بە تەقاندنی ئەوترومبێلانە کە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دروست کراون .

★ سایرۆس فانس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئاشکرای کرد کە پێوەندگرتن بە « ئیسرائیل »و ڕژێمە عەرەبیەکانی لایەنگری سازانەوە بەردەوامە بۆ باسی بەستنی کۆنفرانسی ژنێفو دووبارە کردەوە کە ئەمریکا هیوادارە لەکۆتایی ئەم‌ساڵەدا کۆنفرانسەکە ببەسترێ .

★ مورارجی دیسای سەرۆك وەزیرانی هیندستان بە سەردانێکی ڕەسمی چوو بۆ یەکیەتی سۆڤیەتو لەباری پێوەندیەکانی دوو وڵاتەوە لەگەل کاربەدەستانی سۆڤیەت وتوویژی کرد .

چەند تێ بینی یاکوڵێك تێ چێی؟

- ناکام -

لە نوسینی کوردیدا ئەوەندە زۆر لەسەر هونەری رەخنەکاری نوسراوە کە سەرریژ بوەو هەمو خوێنەریك کەمتابێشێك لەوە گەیشتوە کە رەخنەکار دەبێ شارەزای مەبەستەکە بێتو لە بێلایەنی لا نەداتو رستەی روشێنەر بەکار نەهێنێتو .. گەلێکی دیکەی لەم بابەتە ، چونکو ئەگەر رێگا بدرێ هەمو کەس لە هەمو شتێك بدوێ و هەرکەس دەستی قەلەمی گرت چاوی بقوچێنێ و چی بە دەمدا هات نەیگێرێتەوە ، ئەوا بارێك دێتە پێش کە پێی دەڵێن پاشاگەردانی .

ماوەیێك لەمەو پێش گوتارێکم لە رۆژنامەی عیراقدا بلاو کردەوە لە بارەی چەند وشەیێکی کوردی کە بە هەڵە بەکار دەهێنرێن و دەخرێنە جێگای نالەبارەوە ، چاوەڕوانی ئەوە بوم لێزانەکان چی یان لەمبارەوە بەبیرا دێ بە پشتگری یا بەرگری لێی زیاد کەن . کەچی لە رۆژنامەی هاوکاریدا یەکێك بە ناوی فەیسەل مستەفا یا وەکو خۆی دەڵێ (فیصل مصطفی) لێم رایەڕیوەو وەکو یەکێك بۆ بیانو بگەڕێ چاوی لە ناوەڕۆکی باسەکە پۆشیوەو بەگژ چۆنێتی نوسینەکەمدا چوە ، « هەڵەی گەورە » و « نمونەی چەوت »ی لەسەر کردوم بە مال !.. باشان بۆم دەر کەوت کە ئەم برایە لە دڵیاکی خۆیەوە کراوە بە مشتەی ناو هەمانەو پەلاماری گاشەیێکی داوە کە پێی ناڵەڵێ ، شتەکەش بە پێی ئەو نمرانەی بۆی دانراوە کردوە بە پێنج بەش ، وەکو لەخوارەوە باسی دەکەم :

١ ـ بۆ وشەی داهاتو دەڵێ « بەرامبەری موستەقبەلی عەرەبی یە » . ناشارەزایی نوسەر ـ واتا من ـ یش بەوەدا دەر دەکەوێ کە فەرقی ئامرازو پێشگر ناکا ، هەڵەی گەورەتریشی ئەوەیە کە « داهات »ی لە (شەو بە سەر داهات) دا وەکو « داهات »ی وشەی داهاتو زانیوە .. دەشڵێ ئەم بیستوە (!) کاتێ پیتی « و » بە دوای وشەوە بلکێ بیکا بە کردەی تێپەڕیو ، پاشان مشتێك لە وشەکانی پێشگرو پاشگرو فرمانو نەریتو کردەو بکەری بۆ هەڵرشتوم کە گوایا من تەقەی سەرم لەمانە دێتو نازانم چۆنیان بەکار بێنم .

● پێموا نی یە من ناچار بم نوسینەکانی خۆم بە سەنگو تەرازوی فیرگەکەی ئەو هەڵکێشم ئنجا پەسند بکرێ، چونکو من ئاگاداری ئەوەم ئەم وشانە کەی و چۆن هاتونەتە کایەوەو هێشتا چەندین قۆناخیان ماوە بگەنە پلەی پێ کەموزیادی . ئەگەر « دا » ئامراز نەبێو پێشگر بێ ، ئەگەر « دا ـ هات ـ و » لەگەڵ « داهاتو » دا ئاسمانو رێسمان بن ، ئەگەر من لە بابەتی رێزمان زانی یەکەی ئەودا پیادە بم .. ئەمانە هیچ لە ناوەڕۆکی نوسینەکە ناگوڕێ کە دەبوایە ئەو رای خۆی ـ ئەگەر رای هەبێ ـ لەسەر ئەو چەند وشانە دەر ببڕێ کە چەوتن یا راستن .

٢ ـ دەڵێ « پێویست ناکا بەو کەسەی بۆ یەکەمجار (داهاتو)ی لە جیاتی (دادێ) بەکار هێناوە بڵێین خوا گرتو ، چونکو ئەو کەسە دڵسۆز بوەو پێویستە رێزی لێ بگیرێت » .

● ئەم دڵسوزی یە زیاتر لە دڵسوزی باوەشێنی ورچەکە دەچێ کە مێشکی خاوەنەکەی خۆی پژاند ! ئەگەر داهاتو وەکو خۆی دەڵێ لە جیاتی موستەقبەلی عەرەبی بێ با رێزی لێ بگرن ، خۆ ئەگەر سەرمەقولاتی پێ درابێتو بە هۆی ئەم کاولکاری یەوە وشەی زەسەنی کوردیمان لێ تێکدرابێ کە زوربەی خوێنەرەکان ئەمرۆ (هات) لە جیاتی (دێ) بەکار دێنن دەبێ بڵێین خوا مالی کاول کا !..

بۆ ئەوەش کە کاك فەیسەل ـ ببورن فیصل ـ لە مەبەستی ئاوو کابرای نیوە خنکاو نەگەیشتوە ، قسەیێکی خۆشتری بیر خستمەوە ، دەڵێن لە کۆرێکدا دانیشتوان بە گەڕەلاوژە نوکتەیان دەگێرایەوەو پێدەکەنین ، یەکێکیان تێدا بو دوجار پێدەکەنی ، یەکەم بۆ هەرموەزی لەگەڵ دانیشتوەکانداو دوەم بۆ رۆژی دوایی کە لە نوکتەکە دەگەیشت !

٣ ـ لەسەر وشەی (پشکەش) دەڵێ « پێویستە ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە کوردیو فارسی لە بنەڕەتدا زمانی ئێرانین ، پێشتریش زمانی ئارین ، جا مەرج نیە هەر وشەیەکی لە فارسدا بەکار هات ئیتر هەقی کورد نەبێت بە کاری بێنێت . »

● لەمەڕ هاوبەشێتی کوردیو فارسی لە گەلێك وشەدا و ئەوەی کە کورد هەتا کوێ دەتوانێ وشەی فارسی بەکار بێنێ ، وا بزانم کاك فەیسەل ماوەی پالە بەستۆی نی یە ، چونکو ئەو هەر بە بیستن بەر گوێی کەوتوە کە ئەم دو زمانە هەر دوکیان ئێرانین ، ئیدی جۆری خزمایەتی دورو نزیکیانو کامیان دەست لە کامیان پان دەکاتەوەو گزی لێدەکا ، بابەتێکە ئەم برایە زۆری لێ نازانێ . بەکار هێنانی کەش لەبریتی کێش ، بیەوێو نەیەوێ لنگەو قوچە .

جگە لەوەی بیرمان ناچێ کە ئەم دو زمانە وەچی یەك ریشەن ، بەلگەی ئەوەشمان بە دەستەوەیەو دەزانین لەم دو زمانە کامیان رەسەنایەتی خۆی باراستەوەو بە پاکی ماوەتەوەو کامیان بە هۆی تێکەڵاوی و پێویستی رۆژانە سواوەو ئاوێتە بوە . باشتر وابو کاك فەیسەل دەست بۆ ئەم لایەنەیان نەبا .

٤ ـ بۆ وشەی زانست دەڵێ « من دەڵێم (!) کورد کە خاوەنی وشەکانی زانینو فێربونو خوێندنو تێگەیشتنە ، زۆر باش واتاکانیان دەزانێتو راستیش بە کاریان دێنێ ، بەڵام کە هەندێك جار بە چەوتی بەرامبەر هاونا عەرەبیەکانیانی دادەنێت ، ئەوە وا دەکەیەنێت کە واتای عەرەبی یەکان بە باشی نازانێتو .. ئەمەش هیچ شەرمی تێدا نیە » .

● ئەگەر ئەم نوسینە هەڵگێرینەوە بێچەوانەکەی راستەقینەیە . واتا بەشی زۆری نوسەری کورد مانای عیلمو مەعریفەو تەعلیمو تەربیەو .. زۆر چاك دەزانێتو دەزانێ بی کوێ بەکار بێنێ باشە ، بەڵام لە کوردی نوسیندا سەری لێ دەشێوێو نازانێ چ وشەیێکیان لەجێ دابنێ . هەر کوردێك عەرەبی نەزانێتو فێری کوردی نوسین بوبێ ، ئەم کۆسپەی ناپێتە رێ ، بەڵێ ئەو خوێندەوارە کوردانەی دەزمایەکەیان عەرەبی یە ، لە کاتی نوسینیاندا بە عەرەبی بیر دەکەنەوەو پاشان بیرمەکەیان تەرجەمەی کوردی دەکەن جا کەم وا دەبێ لەم کارەیاندا ـ وەکو نوسەرێکی کورد ـ سەر کەون .

٥ ـ لەسەر وشەی (پەروەردە)ش هەڵیداوەنی و دەڵێ « من دەڵێم (!!) راستە ئەم سێ وشەیە ـ پەروەراندە ، دەیپەروەرێنم ، پەروەراندویانە ـ بەکار نەهاتون ، بەڵام پەروەردە وشەیەکی کوردی یەو (پەروەردە بون) و (پەروەردە کردن) زۆر باوەو باویش بوە ، ئەگەر نزیکی وشەی (پەروەرش)ی فارسیش بێت ، ئەمە وا ناگەیەنێت کە لە فارسی یەوە وەرگیراوە .. »

● ئیدی لێرەدا جگە لە (ئافەرین) وەڵامێکم بۆ ئەم رایەی کاك فەیسەل نی یە .. برا گیان هەر لەبەر ئەوەی پەروەردە لە کوردیدا باو بوەو باویشە لە پێگانەیەتی شۆراپەوەو بەستەکی کوردایەتی لەبەر کرد ؟ ئەی حوا عافوت کا ، زولم لێ مەکە ، رەحمی خوات لە دڵدا بێ بۆ کوردی نیە ؟ هەر لەبەر ئەوەی تۆ خۆت چاوگی وشەکانی (عەفو) و (زولم) و (رەحم)ی عەرەبی دەزانی ؟

پەروەردە لە چاوگی پەروەرش فارسی یەوە هاتوەو ئیسمی مەفعولە ، ماناکەش (تەربیە) نی یە بەڵکو (موتەڕەبی)یە ، ئەگەر کاك فەیسەلو هاو بیرەکانی لەسەر کوردایەتی پەروەردە پێ دابگرن ، باشتر وایە ئەویش بخەنە قالبی (زانست)ەوە و بیکەن بە پەروەرست بۆ ئەوەی چاوی خوێنەرانی پێ ببەستن و گیروگرفتیش لە ناوا نەمێنێ .

هەولێر
١٩٧٧-٩-٢٤

دوو هۆزانێت کیانی

هوزانسفان ناظم حکمت
وەرگێڕانا سەرفراز علی تەفشبندی
زانکویا سلیمانیێ

١ ـ ئاخینەك :
سەد سال بوورین
من دێمێ وێ نەدیتو
من خۆ نێنە وەرگر ..
من پسیارا روناهیا هشا وێ نەکر
سەد سال بوورین
شۆخەکا لهیڤیا من ل پاژێرەکی ..
نەز هەر لسەر وی تای بووم ...
لسەر وی تای
لسەر وی تای من فیبا و
ئەم ژێك نەبووین
ئاڤبەرا مە چەرخەکە
دویرانیا مە چەرخەکە ...
چەرخەك بووری ژ تاریا شێلی
دویر ژ وێ من ئاخفت ..

٢ ـ لگەرمێ :
نەز لڤێ گەرمێ هزرێت خۆ د تەدا
د رویسیا تەدا .. گەردەن و باسکێت تەدا
راژانا تە لسەر بانگەمی وەکی کوترا سپی
د گوتنێت تەدا دکەم ..
لڤێ گەرمێ نەز بیرا تە دکەم ..
هەکو نەز د سەکەرانێدا
نزانم ...
کا دی چ ژ ڤان مەمی وێنا مینیتە لهزرا من ...
گەردەن و باسکێت تە ...؟
یانژی ...
ئاخفتنا تە ..؟
نەز بیرا نە دکەم
لڤێ گەرما زەر
لگەرما زەر لەزەلا توتیلەکێ
نەز هزرا خۆ د عەبدالیا خودا دکەم ..
عەبدالیا خۆ یا وەکو مرێ
کا دێ چاوا ژێ رزگاربم

تەرجیع بەندێکی وەلی دێوانە

محمد علی قەرەداغی

شاعیرانی کلاسیکی گەلێ لێو پۆپیان لە شیعری کلاسیکی کردووەتەوەو خزمەتی ئەو لێو پۆپانەیان کردووە تاکاتی گەورەبوونو خۆ راگرتنو ، دەساو دەسو بەرو دوایش شاعیران لە گەڵ خزمەتی ئەو لێو پۆپانەدا ژیاونو ، وێنەیان زیاد کردوون ، ئەوەتا دیوانی شاعیرانی پێشوو بە : دووبەیتو ، چوار خشتەکیو ، پێنج خشتەکیو ، حەوت بەندو ، تەرجیع بەندو تاد .. راژێنرانەتەوەو ، هەر شاعیرێك بە گوێرەی زەوقو توانای خۆی ئەسپی زەوقی خۆی لە گەڵێك لەم مەیدانانەدا تاوداوە .

شاعیرانی کوردیش وەکو شاعیرانی دراوسێیان لەم بابەتانەدا خەریك بووونو شاکاری ئەوتۆیان هەیە بە ورشەداری لە ئاسمانی ئەدەبدا ئەدرەوشێتەوە . لەوانە (خانای قوبادی)و (مەولانا خالید)و (مستەفا بەگی کوردی)و تاد .. تا ئێستا نەبیسترابوو (وەلی دیوانە) لەم مەیدانەدا پەشداری کردبێ ، بەڵام من لە ناو کۆمەڵە شیعرێکی وەلی دیوانەدا ئەم (تەرجیع بەندە)م بینی ، کە هەرچەند بە گومانەوە نووسراوە ، بەڵام بەوەی کە لەریزی شیعری وەلیدا نووسراوەو سۆزو شێوازیشی زۆر لە شیعری ئەو ئەچێ لێرەدا رێگە بەخۆم ئەدەم پێش چاوی خوێنەرانی بخەم ، تا : یەکەم ، چێژو تامی لێ وەربگرنو ، ماوەیەك لە گەڵ ئەو سۆزەدا بژین .

دووهەم ، ئەگەر شتێکی دەربارە بزانن یا رایەکیان لە سەری ببێ دەری ببڕن ، خۆ ئەگەر هیچ شتێکش دەربارەی نەبوو ئەوا دیارە لە ریزی شیعرانەکانی (وەلی دیوانە) دا جێگەی خۆی ئەگانەوەو ئەگەر جارێکی تر دیوانی وەلی دیوانە چاپ بکرێتەوە ئەوا ئەم شیعرانەش وەکو بابەتێکی تازەی شیعری ئەو شاعیرە لەو دیوانەدا چاپ ئەکرێن .

ئازیزم کەردی ...
پەی چێش بێ شەرطی چەنی من کەردی ؟
پەی چێش داخ سەخت نە جەرگم بەردی ؟
پەی چێش پەی بەدکار جەمن ویەردی ؟
پەی چێش بیالەی خەم خەفەت وەردی ؟
وە کۆی زووخال بۆ ، کێ جەڕاش بەردی !

× ×

کۆن مەیل مۆبەت ئەوەل جارینت ؟
کۆن نیم نیگای ناز صوب ئیوارینت ؟
کۆن شەرط مەحکەم ، کۆن ئیقرارەکەت ؟
کۆن دڵوەشی قەمیس دەردە دارەکەت ؟
کۆن گیان شیرین وەمن سپەردی ؟
وە کۆی زووخال بۆ ، کێ جەڕاش بەردی !

× ×

چەند قەسەم ، چەند قەول ، چەند بەینت بەست
وە ڕووی کەلامان کێشات هەردوو دەست !
مەواتت : هەی قەیس ، خەستەی زام خەطەر ،
من لەیل تۆ مەجنوون تا وەڕۆی مەحشەر
ئیستە ها جەلات مایەی دل سەردی
وە کۆی زووخال بۆ ، کێ جەڕاش بەردی !

× ×

کام حەریف وەفەند جادووی عەییاری
سەند جە دەست تۆ رەوییەی دڵداری
کام رەقیب ، کام بەد ، کام زوبان سیا ؟
کێ بی منو تۆش جەهەم کەرد جیا ؟
من شەرطو عەهدێ چەنی تۆ کەردم
سەجدە وە ئیخلاص ئاستانەت بەردم
گیانو رۆح ودل وە تۆ سپەردم

بڕوانە ـ ل ١٠

دووەم

سۆران مەحوی

تۆزێ دیدەکانی ، لەوێنەکە گرت .. وێنەکە ئەوەندە تۆزاوی بوو .. شتەکان هەمووی گۆرابوو .. تەنانەت رەسمەکەی خۆی نەدەناسیتەوە .. کەمێ تۆزەکەی تەکاند .. دوای سەرنجی لێ گرتەوە .. و دڵی خەبەری دا :ـ (ئاخۆ لەو کاتەوە تۆزاوە !!. یاوەری کێ بێ ؟!) . دیمەنی عومری بابوورددووی .. ژان .. و نازاری .. خستەوە یاد ... جەشنی سەر خۆش ، لەتری دەدا .. دیدەکانی رێشکەوبێشکەی بوو .. دوای سوجدەبردن بۆی .. رووەو زوورەکە ، ملی نا ... و یەکسەر بەگازی پشتا ... لەسەر سیسەکە راکشا ... تۆزی بن مێچەکە ، گلی داهانی .. کەلەی قورس بوو .. پێڵوی وەنەوزی نیشت.. مۆرفینی خەونێکی گران ... مرخە مرخی پێ خست ... تارمایی یە لە دوورەوە هات.. چەند تارمایی یەکی کەی بەدواوەبوو .. تارمایی یەکان، بەیەکا دەهاتوو دەچوون ... بەزمانی لووس ، لاسی دان.. تەنها مایەوە خۆی .. و لە تاریکی یەکەدا سەرەتاتکێی دەکرد .. پاشان بەپێدزە .. بۆ روناکی یەکە کشا .. بەو دیمەنە ، سامی لێ نیشت .. خەمی ئەوەی ، لێ هات بوو .. دەستو قاچێکی ، بنێتەلاوە .. بەرەبەرە سنگی دەکوتا ... و بەبەر لووتی یەوە ، وەستا .. واهاتە بەربینایی چاوەـ زەقەکانی .. بە مرۆڤی وێنەکە بچێت .. ئاهێکی تێ گەڕایەوە .. وترسی تۆزێ رەوی یەوە :

ـ هـا ... لە چ دەگەرێت ؟!

بەدەنگێکی بەرز :ـ

ـ لە ئێوە !! بیرتان دەکەم !

(ـ جێی جۆششی گریانی منە .. خوێنە نەڕژاوە ...)

جەستە سرپووەکەی موو چوڕ کەیە هاژاندی ... تەزووی ترسێکی بێ ئامان .. چرنووکی لەمێشکی دەچەقاند .. سەرەخولەی پێ کەوت بوو .. سەری کلاڤە ئالۆزاوی یەکەی ، بۆ نەئەدۆزرایەوە :ـ

ـ بیرمان دەکەی ؟!!

ـ ئا .. ئا .. بیرتان دەکەم !!

ـ بەڵام ..

ـ بەڵام چی ؟!.

ـ لەو حەلەوەی خولیای ئەمەم !! نەدۆڕاوم .. و نەبراوم !! لەو وەلامە ، واقی ورما .. هەستێکی قوڵ جولاندی .. لە سەوزەڵە گیای لای کانی یەکە .. کەوتنە رازونیاز .. ووشەکان یەکەیەکە لەمحەك درا .. باس باسی کۆربەکەبوو .. گاگۆڵکی کردن !.. سەرپێکەوتن !.. دوای هەڕەتی لاوی پیری یە ..

باش ئەوە ، بەیەکانالان .. دەیویست تۆڵەی ، دابڕانەکە بکاتەوە .. شێتانە بەخۆیەوە نووساند .. لێوو مەمکی دەمژی .. سینەو بەرۆکی هەڵدەکۆڤت .. وەختبوو ، ئارام بگرن .. حەشامەکە لەدوورەوە ، لێی تێکدان ... بەناشتنی تەرمەکەوە ، خەریك بوون .. چوونەوە قاوغەکەیان .. و گورج بۆوە ئۆغر بکات :ـ

ـ ئێ .. بۆکوێ ؟!.

ـ رێگاکەم دوورە ..

(ـ سەیرە .. هەریەك ، بەجەخارێ گیرۆدەیە !!)

بشتی تێ کردو ڕووی لێ وەرچەرخاند .. بۆ بۆن جاروباری .. تیلەی چاوی تێ دەگرت .. سڵی لەوە دەکردەوە ، بەشوێنیا ڕابکات .. وکۆربەکەی ژەم بوورده ببێت !

ـ مەرۆ .. با ئەوەی ماوە هەڵیژرم ..

ـ ئەوە زۆری دەوێ ... دەرەنگە ..

لەیەك دابڕان .. قسەیان بەگران دەگەیشتە یەك .. کۆستی کەوتەوە .. پەمپ درابوو .. پەلەپیتکەت لێ بدایە .. دەتەقێ !! هەر چەندی دەکرد سەری لێ دەرنە نەچوو .. دەستێکی کەوت بووە ئەملا .. ودەستێکی کەوت بووە ئەولا .. هیچی پێ نەمابوو هاواری لێ هەستا :ـ

ـ دەگەرێتەوە ؟!

بەدەنگێکی بەرز :ـ

ـ بەتەمابە .. و بەتەماش مەبە ..

تەونی خەونەکەی پسا .. دەکەم !!

ـ بەڵام ..

ـ بەڵام چی ؟!.

ـ لەو حەلەوەی خولیای ئەمەم !! نەدۆڕاوم .. و نەبراوم !! لەو وەلامە ، واقی ورما .. هەستێکی قوڵ جولاندی .. لە سەوزەڵە گیای لای کانی یەکە .. کەوتنە رازونیاز .. ووشەکان یەکەیەکە لەمحەك درا .. باس باسی کۆربەکەبوو .. گاگۆڵکی کردن !.. سەرپێکەوتن !.. دوای هەڕەتی لاوی پیری یە ..

باش ئەوە ، بەیەکانالان .. دەیویست تۆڵەی ، دابڕانەکە بکاتەوە .. شێتانە بەخۆیەوە نووساند .. لێوو مەمکی دەمژی .. سینەو بەرۆکی هەڵدەکۆڤت .. وەختبوو ، ئارام بگرن .. حەشامەکە لەدوورەوە ، لێی تێکدان ... بەناشتنی تەرمەکەوە ، خەریك بوون .. چوونەوە قاوغەکەیان .. و گورج بۆوە ئۆغر بکات :ـ

ـ ئێ .. بۆکوێ ؟!.

ـ رێگاکەم دوورە ..

(ـ سەیرە .. هەریەك ، بەجەخارێ گیرۆدەیە !!)

بشتی تێ کردو ڕووی لێ وەرچەرخاند .. بۆ بۆن جاروباری .. تیلەی چاوی تێ دەگرت .. سڵی لەوە دەکردەوە ، بەشوێنیا ڕابکات .. وکۆربەکەی ژەم بوورده ببێت !

ـ مەرۆ .. با ئەوەی ماوە هەڵیژرم ..

ـ ئەوە زۆری دەوێ ... دەرەنگە ..

لەیەك دابڕان .. قسەیان بەگران دەگەیشتە یەك .. کۆستی کەوتەوە .. پەمپ درابوو .. پەلەپیتکەت لێ بدایە .. دەتەقێ !! هەر چەندی دەکرد سەری لێ دەرنە نەچوو .. دەستێکی کەوت بووە ئەملا .. ودەستێکی کەوت بووە ئەولا .. هیچی پێ نەمابوو هاواری لێ هەستا :ـ

ـ دەگەرێتەوە ؟!

بەدەنگێکی بەرز :ـ

ـ بەتەمابە .. و بەتەماش مەبە ..

تەونی خەونەکەی پسا ..

ژیانی لێ ئالۆزایەوە .. ڕیسەکەی بۆوە خوری ... ئەویش چۆوە بەرگەکەی پێشووی .. نەخێر تارمایەکانی کەش ، مووبان بەدوایا هەڵکووڕووزا .. لە ناخی تاریکی یەکەدا .. یەك یەکی دەخوارد .. پاشان ئەویش بزربوو ..

ترسەکەی بۆ هاتەوە .. هەموو جەستەی نیشت بووە .. سەرئاو ؟!. ها پاپۆڕەکە ئیستا یاتاوێکی کەبخنکێ .. ئەمدیوو ، و ئەو دیوی دەکرد .. چەند تەپاو تلێ گی کەیدا .. وبەخەبەر هات .. بمێنی لەسەرمانا کوور بۆتەوە .. لەو لاشەوە ، کۆربەکەی .. لەبرسانا وەختە تاق بکات.. و دەم بۆ یەك دوو قوم شیری دایکی دەگێڕێ ..

باوەری دچیروکا خەج و سیابەندێ دا

خەج وسیابەند ئیك ژچیروکێت بەرکەفتینە ینت کو مللەتێ مە شەهنازین پێدکەت . ژبەرهندێ فێچیروکێ گەلەك نیشان وخال دانانە سەر رویێت تورێ کوردی ، بەلێموخابن کەسێ هەتا نوکە لێچوون وشلوقەکرن نەکریە ..

باوەری بەیدا بو لدەف خەجو وەختێ دەلالێ دلێ خو دیت وپێکفە ژیان دناف عەشق وئەفینێدا وکەسێ پێ نەدزانی .. نۆلایێدی پسمامێت خەجو وفیان هەر ئیکی بخو باوەرێ بچینیت وپەیدا بکەت لدلێ خەجو وبابێ خەجو ماحتیبەتی نزانیت دێ چکەت ، پسماما شەر سەرخەجو وهەکە بدەتەئیك ژوانا دێ بینە شەڕو ئەخوشی وخۆن دێ رێژێتو هەکە نەدەت .. ترسیت ئیك ژوان یاما شەفکێ برەفینیت .. لقێرە ، باوەری

سکفان عبدالحکیم
بڕوانە ـ ل ١٠

لە بەردەم سەرۆکی فەرماندەدا بەڕێز ان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکەردایەتی شۆڕش رۆژی یەکشەممەی رابوردوو سوێندی دەستوریان خوارد

میواندارى کۆشکى کۆمارى

دۆینی بەیانی بەڕێز هشام مهدی داود بەڕێوەبەری گشتی کومپانیای چنین‌و رستن لە هەولێر لە کۆشکی کۆماری ئامادە بووو ناوی خۆی لە دەفتەری میواندارىدا نووسی بۆ سوپاس کردنی سەروك بە بۆنەی دانانیەوە لە کارە نوێ کەی ٠

دیسان دوکتور علاءالدین داود بەڕێوەبەری گشتی پاراستنی کشتوکال بەبۆنەی ترفیعیەوە ناوی خۆی نووسی ٠ هەروەها محمد جاسم محمد دبدب سەروکی مەکتەبی تەنفیزی یەکیتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق‌و کامل اسماعیل رشید بەڕێوەبەری گشتی پانقی کشتوکال خۆیان ناو نووس کرد بۆ ژن وەرگرتن بە بۆنەی سەردانیانەوە لە دەرەوەی ولات ٠

هەروەها جعفر محمد رضا الذهب بالویزی کۆماری ناوی خۆی نووسی بۆژن وەرگرتن‌و چونە سەرکارەکەی ٠

١٢ ملیۆن و ١٧١ هەزار و ٤٨٠ کەس ژمارەی دانیشتوانی عیراقە

بەڕێز عدنان حسین سەرۆکی لیژنەی بالای سەرژماردنی گشتی دانیشتوان‌وەزیری نەخشە بەئاژانسی دەنگوباسی عیراقی راگەیاندکە سەرژماردەی گشتی دەری خستوە ژمارەی دانیشتوانی‌عیراق گەیشتۆتە (١٢) ملیۆن‌و (١٧١) هەزارو(٤٨٠)کەس لەمانە (١٤١) هەزارو (٧٢٠) ئەو خەلکەعیراقیانەن کە لە دەرەوە نەژین ٠

بەڕێز سەرۆکی لیژنەکە وتویە ژمارەی نیرینە لەولاتدا گەیشتۆتە (٦) ملیۆن‌و (٢٢٤) هەزارو (١٩٥) کەس‌و مێینە (٥) ملیۆن‌و (٨٠٥) هەزارو (٥٦٥) کەس‌و ئەم نیسبەتە (١٠٧) نیرینە بەرامبەر هەرسەد مێینەیەك پێكئەهێنێ ٠

دیسان روونی‌کردەوە کە سەرئەنجامی سەرژماردەکە دەری خستوە ژمارەی دانیشتوانی شارنیشین لەسنووری ئەمانەتی پایتەخت‌و شارەوانیەکاندا (٧) ملیۆن‌و (٦٤٠) هەزارو (٦٧٥) کەس ، واتە بەنیسبەتی (٦٣ر٥) لەسەدی ژمارەی دانیشتوانی ولات ، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی گوندەکان (٤) ملیۆن‌و (٣٨٩) هەزارو (٨٥) کەسن ٠

هەروەها دەرکەوتوە کە چوار دانیشتوان لەولاتدا (٢٨) کەسە بۆ هەر کیلومەتر جوارگۆشەیەکی پانایی عیراق‌و ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای بەغدا گەیشتۆتە (٣) ملیۆن‌و (٢٠٥) هەزارو (٦٤٥) کەس واتە (٦ر٢٦)ی تێکڕایی دانیشتوان ٠

سەرۆکی لیژنەی سەرژماردەی گشتی دانیشتوان روونکردەوە کە ژمارەی لادی‌و خێلە کۆچەریەکان‌و شێوە کۆچەریەکان لەعیراقدا (٩٤) هەزارو (٨٥١) کەسن لەمانە (٤٨) هەزارو (١٠٩) نێرینەو (٤٦) هەزارو (٧٤٢) مێینە ٠

هەروەها وتی : ئەنجامی سەرەنایی سەرژماردەکە دەری‌خستوە کە ژمارەی دانیشتوانی ولات لەسالی ١٩٧٧دا بەرامبەر سالی ١٩٥٧ (٥) ملیۆن‌و (٧٠١) هەزارو (٤٩٢) کەسی زیادی‌کردوە ، بەم‌پێیە معدلی گەشەسەندنی دانیشتوان سالانە لەماوەی ١٩٥٧ـ١٩٧٧ گەیشتۆتە (٣ر٣١٥) لەسەدا ٠

بەڕێز عدنان حسین روونی‌کردەوە کە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ئەگەرێتەوە بۆ زیادکردنی خزمەت گوزاری تەندروستی‌و خزمەت گوزاری گشتی هاوولاتیان ٠

قوتابیان بەشداری کونگرەی یەکێتی قوتابیانی جیهان ئەکەن ٠٠

یەکێتی قوتابیانی نیشتمانی‌عیراق بەشداری کونگرەی دوانزە هەمینی یەکێتی‌قوتابیانی جیهان کردوە کە دوێنێ لە صوفیا دەستی‌پێ‌کرد ٠٠ وەفدی عیراقی بەسەرۆکایەتی بەڕێز محمددبدب سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی نیشتمانی عیراق‌و ئەندامیەتی ئەندامانی عبدالواحد موسی‌و مەسرمحمودو هوشەنگ سید احمدە ٠

لەلێدوانێکا سەرۆکی وەفدی قوتابیانی عێراق وتی : بەشداری گوزمان لەم کونگرەیەدا ، دوێژبونەوەی ئەو روانینانەیە کە یەکێتی قوتابیانی نیشتمانی هەیەتی‌و بێ ئەروانێتە پتەوکردنی خەباتی پێشکەوتنخوازانەو شۆڕشگێڕانەی بزوتنەوەی قوتابیان لەجیهاندا ٠

هەروەها وتی لەلایەکی ترەوە کونگرە لایەنێکی پاش لە خەباتی شەرفمەندانەی بزوتنەوەی قوتابیان ئەخاتەپێش‌چاو ، لە خەباتی ڕەوایدا لەپێناوی سەرکەوتنی کێشەی سەرەکیدا لە فەلەستین ٠

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یاسای هەردوو وەزارەتی راگەیاندن وڕۆشنبیری وهونەری دەرکرد

لە ناومراستی ئەمهەفتەیەدا ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یاسای‌هەردوو وەزارەتی راگەیاندن‌و ڕۆشنبیری‌و هونەری دەرکردکە لە رۆژی بلاوبوونەوەیان لە رۆژنامەی رەسمیدا کاریان پێ‌ئەکرێ ٠

یاسای وەزارەتی راگەیاندن ژمارە (١٣٠)ی سالی ١٩٧٧ بریتی‌یە لە شانزە ماددە کە جێگای سیستەمی وەزارەتی راگەیاندن ژمارە (٢١)ی سالی ١٩٧٢ ئەگرێتەوە ٠

ماددەی چواردەهەمی یاسای نوی وەزارەتی لە کاروباری ئەنجومەنی خزمەت گوزاری گشتی بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی یاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە (٢٤)ی سالی ١٩٦٢ لاداوە ٠

بەپێی ئەم یاسانوێیە وەزارەتی راگەیاندن حەوت دەزگای گشتی نوێی ئەبێ کە بریتین لە ئیستعلامات‌و راگەیاندنی ناوخۆو راگەیاندنی دەرەوەو بەیوەندی گشتی‌و وەرگێڕان بلاوکردنەوە بە زمانی بێگانەو چاودێری‌و کاروباری ئیداری ٠

دیسان چوار دەزگای تری لە سەرە کە سەربەخۆی دارایی‌و ئیداری خۆیان هەیەو بریتین لە : دەزگای گشتی ئیستکەو تەلەفزیون‌و ئاژانسی دەنگوباسی عیراق‌و دەزگای جەماهیری ڕۆژنامەگەری‌و دەزگای‌نیشتمانی بلاوکردنەوە گەیاندن ٠

لە لایەکی ترەوە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و هونەری ژمارە (١٣٣)ی سالی ١٩٧٧ بریتی‌یە لە بیست‌و حەوت ماددە کە چالاکیەکانی وەزارەتی نوێی ڕۆشنبیری‌و هونەری لە هەموو لایەنێکەوە ڕێکخستوە ٠

دەزگاکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و هونەری لەهەشت دائیرە پێك هاتوە کە بریتی‌یە لە : کاروباری ڕۆشنبیری‌و روشنبیری‌و منالان‌و هونەری تەشکیلی‌و هونەری موسیقاو مەکتەبی نیشتمانی‌و پەیوەندی گشتی‌و پرۆژەو کاروباری ئەندازیاری‌و کاروباری ئیداری ٠

دیسان ١١ دەزگای سەربەخۆی دارایی‌و ئیداری لە سەرە کە بریتین لە : دەزگای بلاوکردنەوەی رشیدو دەزگای بلاوکردنەوەی جاحظو دەزگای گشتی ئاسارو مەلبەندی نیشتمانی پاراستنی وە سائق‌و دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی‌و دەزگای پیشەی میللی‌و دەزگای سینەماو شانۆو دەزگای (الحریە)ی چاپ‌و بلاوکردنەوەو دەزگای جل‌و بەرگی عیراق‌و دەزگای گەشت‌و گوزارو دەزگای ڕۆژنامەو بلاوکراوە (آفاق عربیە) ٠

بەڕێوەبەرەکانی شارەوانی لەوڵاتدا بەڕێوەندیان راستەخۆ بە پارێزەرەکانەوە ئەبێ

بەڕێز عزة ابراهیم ئەندامی‌ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و وەزیری ناوخۆ‌بریاری پێکەوە بەستنی بەڕێوەبەراتی شارەوانیەکانی‌لە پارێزگاکاندا دەرکرد کە راستەوخۆ بە پارێزگارەکانەوەببەسترێن لە بری جێگری پارێزگاکان ٠

ئەم بڕیارەش بۆ ئاسان‌کردنی کاروباری شارەوانیەکان‌و لە ناوبردنی ئەو تەنگ‌و چەلەمانەیە کە ئەبێتە کۆسپ لە ڕێگای کارکردنیانداو دورکەوتنەوە لە روتین ٠ بۆ ئەوەی چاکترین کارگوزاری شارەوانیانە پێش‌کەشی هاونیشتمانیەکان بکرێ ٠

بەپێی ئەم بڕیارە لەکاتی دیارنەبونی بەڕێوەبەری شارەوەنیەکاندا یاریدەدەری پارێزگار کاروبارەکانی ئەگرێتە دەست‌و پێ‌هەلئەستێ ٠٠ ئەوەش لەبەر ئەو بەیوندیە گرنگ‌و بەهێزە ، کە لە نێوان هە دوو ئەنجومەنی ناوخۆو شارەوانیدا هەیە ٠

بڕیارەکە هەموو دەسەلاتێکی داوە بە بەڕێوەبەری شارەوانیەکان لەگشت کاروبارێکی شارەوانیدا کە ئێستا جێگری پارێزگار پێی‌هەلئەستێ ٠

هەر لەسەر ئەو بڕیارە وەزارەتی ناوخۆ هەلئەستێ بۆ ئاسان‌کردنی کاروباری تەواو بۆ گوزرینی ناونیشانی بەڕێوەبەری شارەوانیەکان بە یاریدەدەری پارێزگار بۆ کاروباری شارەوانیەکان ٠

کۆنگرەی ئافرەتانی ولاتانی بێلایەن لە بەغدا

لەناوەندی سالی ئایندەدا یەکەم کۆنگرەی ئافرەتانی ولاتە بێلایەنەکان لەبەغداد ئەگیرێت ،کونگرەکە یەکێتی‌ی گشتی‌ی ئافرەتانی عیراق ڕێکی‌دەخات ئەم هەواڵە خاتو منال یونس سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی‌ی بەئاژانسی دەنگوباسی عیراقی راگەیاندوە ٠٠

هەروەها وتویەتی : ئەم کۆنگرەیەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی ولاتە بێلایەنەکان بەشداری ئەمەسەلەی هاوکاری نیوان ولاتە بێلایەنەکان ئەکۆلێتەوە ٠

ڕۆژنامە نووسێکی پۆلۆنی چاوی بەکار بەدەستانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کەوت

بەڕێزان پارێزگاری هەولێر ئیسماعیل رەسول‌و بەڕێوەبەری گشتی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی محمد سعید عبدالرحمن ٠٠

بڕوانە ـ ل ٧

سەرجاوەیەکی وەزارەتی بەرووەردە رێگا وشوێنی نوێی وەرگرتنی قوتابیانی ئامادەیی ڕوون ئەکاتەوە

وەزارەتی پەروەردەراسپاردەی تایبەتی خۆی دەرکرد دەربارەی کچە قوتابیەشوکردوەکان‌و چۆنێتی دەوام‌و وەرگرتنیان بەپێی‌تەمەنی دیاری کراوە لە قوتابخانە ئامادەیی‌وناوەندیەکاندا ٠

بەڕێز سلمان داود سالم بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی ئامادەیی وتی : بەپێی ئەم راسپاردەیە رێگا ئەدرێ بەو قوتابیە کچانەی کە شویان کردوە لە قوتابخانە ئامادەیی‌و ناوەندیەکاندا بە رۆژ دەوام بکەن ٠ لە کاتێکا قوتابخانەیەکی شەوی نزیك لە دەوروپشتیان نەبێت ٠

بەمەرجێ لەگەل ئەو بڕیارانەدا بجولێتەوە کە لە قوتابخانەکانی رۆژدا هەیەو سەرپێچی نەکا لەروی لەبەرکردنی جلو بەرگی یەکسانەوە ٠ جگە لەوە پێویستە راپۆرتێ دەربارەی باری ژیانی ئەو قوتابیەو وەرگرتنی پێشکەش بکرێ ٠

لەگەل ئەوەشدا رێگا دراوە بەو قوتابیانەی کە دوو سال لە قوتابخانەکانی رۆژدا دەرناچن ، سالی سێهەم لە قوتابخانەی شەو بخوێنن ٠ وەلە کاتی دەرنە چونی قوتابیدا بۆی هەیە داخوازی پێشکەش بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەبکا ، تا وەکو بە قوتابی خارجی دابنرێ ٠

لە ڕوی ئەو قوتابیانەی کە سەربازن بەپێی ئەم راسپاردەیە ئەتوانن لە قوتابخانەکانی شەو دەوام بکەن بەپێ ئەوەی لەتەمەنیان بڕوانن ٠

هەروەها راسپاردەکە دەربارەی وەرگرتنی ئەو قوتابیانەی سەربازیان تەواو کردوە ، لە قوتابخانەکانی رۆژدا پاش تێپەڕبونی دوو ساڵ بەسەر ئەمەنیاندا لەکاتێکا کەیشتینە ئەمەنی یاسایی کە ئامادەیان ئەکات بۆ وەرگرتن ٠

هەروەها بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی سانەویەکان وتی :

ئێستا جێگای زیاتر لە پێنج هەزارو ٧٠٠ پلەی مامۆستای کوڕوکچە بەپۆشی ماوەتەوە لە وەزارەتەکەماندا ٠ وە لە هەفتەی رابوردودا دەرگا ئاوالە کرا بۆ هەموو دەرچوانی کۆلێژەکان تا وەکو داخوازی پێش‌کەش بکەن ، هەر یەکە لە شوێنی تایبەتی خۆیدا بە مامۆستا وەربگیرێ ٠

پێش‌کەش کردنی داخوازی بۆ ئەو مەبەستە تا وەکو سی ئەم مانگە درێژە ئەکێشێ ٠

بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی روونی کردەوە کە لێژنەیەکی تایبەتی پێك هاتوە بۆ رەچاو کردنی داخوازی ئەو مامۆستا زانکویانەی کە خراونەتە سەر وەزارەت یان نەخراون ، بەشێوەیەکی کۆتایی بیان گوزێنەوە بۆ قوتابخانە سانەوەی‌و ناوەندیەکان ٠

چەندپرۆژەیەکی نیشتەجێ‌کردن لەکوردستان

دایەرەی نەخشەدانان‌لەدەزگای گشتی‌ی خانەسازی‌ئێستا کە لەناوچەی ئۆتۆنۆمی خەریکی دۆزینەوەی چەندپارچەزمویەکی ئەوتۆیە کە‌بۆجێ‌بەجێ کردنی چەند پرۆژەیەکی نوێی نیشتەجێ‌ـکردن دەستبدات ، ئەم‌پرۆژەیە بەشێکە لەپرۆگرامی گشتی‌ی سالی ١٩٧٩و١٩٨٠ ٠

دەزگای گشتی‌ی خانەسازی واچاوەڕوان ئەکات لەگەل ئەواوبون‌و جێ‌بەجێ‌کردنی ئەم پرۆژانەدا لەناوچەکەدا ئەنگوچەلەمەی بێ‌جێگایی ئەمێنێت ٠٠ ئەم‌پرۆژانە لەپارێزگای سلیمانی‌و دهۆك‌و هەولێردا نزیکی جێ‌بەجێ‌کردنن ٠٠ لەوپرۆژانەی ئێستاکە خەریکی بەجێ‌گەیاندنن پرۆژەی دروست‌کردنی ١٠٥ خانوبەرە لەپارێزگای هەولێر بۆ ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان‌و ئەنفیزیی لەگەل بارەگای یانەیەکدا ئەم پرۆژانە تێکڕا سێ ملیون‌و نیو دیناریان ئەنەچێت ٠٠

ماوەیەکی کەم لەمەوبەر مونافەسەی دروست‌کردنی ٨٦ ئەم‌خانوانە دراوە بەقونتەرات جێگان ٠٠ لەگەل ئەم‌خانوانەدا کەبۆ ئەندامانی ئەو دوو ئەنجومەنە ئەرخان ئەکرێت ، کار لە دروست‌کردنی ١٩ خانوبەرەی تردا بەردەوامە ئەمانەش بو ئەمینداراەکان‌و جێ‌گری ئەمینداراەکان ئەرخان دەکرێن ٠٠

وە لە پارێزگای هەولێر کۆشکێکی ٤٨ شوقەیی ئەواو کراوە کۆشکەکە ٢٢٠ هەزار دیناری ئەچوە ، لە هەمان کاتدا ئێستاکە ئیش‌و کار بەردەوامە لەدروست‌کردنی ٥٥٢ شوقەدا ئەمانەش چوار ملیون‌و ٨٠٠ هەزار دیناریان ئەچوە ٠

وە لە پارێزگای سلیمانی دەست‌کراوە ، بەئیش لەدروست‌کردنی ٢٥٢ جێگای نیشتەجی‌بوندا کە لەشێوەی کۆشکی نیشتەجێ‌کردندا دروست‌ئەکرێت ئەم پرۆژەیە بریتی‌یە لە ٢١ کۆشك کە هەرکۆشکێك لەوانە ١٢ شوقەی تیدائەبێت ، سەرجەمی پرۆژەکە دەوروبەری ملیونێك‌و ٢٥٠ هەزار دیناری ئەنەچێت ٠

بڕوانە ـ ل ٧

(هاوکاری)
هەفتەی دوو جار

خوێنەرە بەڕێزەکانی ئاگادار ئەکەین ، لە هەفتەی داهاتوەوە رۆژنامەکەیان (هاوکاری) هەفتەی دووجار دەرئەچێت ، ئەویش رۆژانی دوو شەمو‌ان‌و رۆژانی پێنجشەممەوان ، بۆ ئەم مەبەستە سەرنجی هەموو خوێنەرە بەڕێزمان رائەکێشین ٠ پێگومان ئەم هەنگاوە ، هەنگاوێکی پێشکەوتوانەیە لە بزوتنەوەی رۆژنامەگەری کوردیداو لەسایی ئەو بارە لەبارو مەوزوعیەی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست و شۆڕشە مەزنەکەی بۆ چەسپاندنی مافی ڕۆشنبیری گەلی کوردمان زامنی کردوە ٠ لەم بارەیەشەوە هەموومان چاوەڕێ یارمەتی‌و هاتنەکایەی هەموو دلسۆزانو خاوەن ئەلەمێکی پێشکەوتنخواز ئەکەین‌و (هاوکاری)یش هەمیشە بە وشەی پیرۆزی کوردی پشتیوانی بەهێزکردنی یەکیتی گەلی عیراق‌و چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی کوردستان‌و روونانی کەرەوەی دنیای ئەدەب‌و هونەرو ڕۆشنبیری گەلی کوردمان ئەبێ‌و دەست لەناو دەست‌و بۆ پێشەوە ٠

● هاوکاری ●

بانگەوازێك
لە یەکیتی نووسەرانی کورد لقی سلیمانی‌یەوە

لە پێناو پەرەپێدان‌و بەرەوپێشەوە بردنی ئەدەبی کوردیداو یەکیتی‌مان بە نیازی ڕێکخستنی وەرزی دووەمی ڕۆشنبیری ساڵانەی کە لە مانگی تشرینی دووەمەوە دەست‌پێ‌ئەکات ، داوا لە هەموو نووسەرو ئەدەب دۆستێك ئەکات بەزادەی خامەڕەنگینەکانیان هاوبەشی بکەن لە پێك‌هێنانی پرۆگرام‌و کۆڕەئەدەبی‌یەکانی ئەم وەرزەدا بۆ ئەم مەبەستە هەر بەرهەمێك کە بۆکوڕێك دەست ئەدات بۆمان بنێرن ٠

لیژنەی ڕۆشنبیری
یەکیتی نووسەرانی کورد
لقی سلیمانی

له پارێزگای هەولێر :

کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی و چالاکی بەردەوام و چاوبڕینە پاشەڕۆژی بەرفراوانتر

ئامادەکردنی (عبدالله محمد)

● کۆمەڵی هونەروێژەی کوردی ـ لقی هەولێر لەتەك ڕێکخراوو دامو دەزگا ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری‌و هونەریەکانی تردا ، دەورێکی کاریگەر لە پێشخستن‌و پەرەپێدانی ئەدەب‌و هونەری ڕەسەنی کوردی دەگێڕێ ٠٠ ئائیستاش توانیویەتی چەند هەنگاوێکی سەرکەوتوانە بەرەو پێشەوە بنێ ، وە بەهۆی چالاکیەکانیەوە جێی خۆی لە دڵو دەروونی خەلقێکی زۆردا بکاتەوە ٠٠

● جا بۆ ئەوەی شارەزایی لە هەندێ لایەنی چالاکیەکانی ئەم دووایی‌یەی کۆمەڵەکە پەیدا بکەین ٠٠ چاومان بە مامۆستا (خلیل یا بە کریم) سەرۆکی لقی کۆمەڵ لە هەولێر کەوت و چەند پرسیارێکمان خستە بەردەمیەوە ٠٠ ئەمیش وەڵامی داینەوە ٠٠

● مامۆستا خلیل دووپاتی کردەوە کە ـ کۆمەڵی هونەری وێژەی کوردی ـ لقی هەولێر ، لەم ماوەی دووایی‌یەدا چەند چالاکیەکی هونەری‌و ئەدەبی نواند ٠٠ لەمانە :

ـــ کردنەوەی پیشانگایەکی هونەری تەشکیلی لە هۆڵی ئەیوبیەی کچان لە هەولێر بۆ مامۆستای هونەرومر (محمد عارف سیا منصوری) ٠٠٠ کۆمەڵ سەرپەرشتی ئەم پیشانگایەی کردو دوابە دوای تەواو بوونی پیشانگاکە ، کۆڕێکی هونەری لە هۆڵی گەل بۆ مامۆستای ناوبراو گرت٠٠ لەم کۆڕەدا ما مۆستا محمد عارف دەربارەی گیروگرفتەکانی هونەری کوردی دواو٠٠ ئینجا لە بابەت هونەری تەشکیلی قسەی کردو ٠٠ بەچەند سلایدێکی ڕەنگاو ڕەنگ قسەکانی ڕوون‌کردەوە کە جێگەی ڕەزامەندی ئامادە بووەکان‌بوو ٠٠

ـــ پێش‌کەش‌کردنی شانۆگەری (پیلان) لە ڕۆژانی ٢٠ و٢٠ـ٨ـ٧٧ لە شاری کۆیەو لە ڕۆژانی ٤ـ٩ـ٧٧ تا ١٠ـ٩ـ٩٧٧ لە هۆڵی گەلی هەولێر ٠٠ شانۆگەریەکە لە نووسینی جیرۆك نووس (محمد مولود ـ مەم) و ئامادە کردن‌و دەرهێنانی هونەرمەند (طلعت سامان) بووە بە جۆرێکی سەرکەوتوانە پێشکەش کرا ٠٠

ـــ تۆمار کردنی (١٤) گۆرانی میللی‌و فۆلکلۆری کوردی بە هۆی چەند ئامێرێکی مۆسیقای میللی کە لە ناو کۆمەڵی کوردەواری دا باون لە لایەن چەند هونەرمەندێکی خاوەن بەهرەی ئەناسراو ، ئەمیش بە هەوڵ‌و کوششی هونەرمەندی لاو (ڕزگار حسن خۆشناو) کە ئەم گۆرانیانەی ئامادە کردو ٠٠ هەر بە هیمەتی ئەو لێژنەی مۆسیقاو گۆرانی‌و هەڵپەڕکی بۆژایەوە ٠٠ گۆرانیەکان دراون بە بەرێوەبەرایەتی ئێستگەی کوردی لە بەغداو تەلەفزیونی ئەنمیم بۆ تۆمار کردنیان ٠٠

ئەوەی شایانی باسیشە ، ئەم کۆمەڵە گۆرانیە ، بەشێکە لە کۆمەڵێکی زۆر کە زیاترە لە (٤٠) گۆرانی کە پەیتا پەیتا تۆماریان دەکەین ٠٠

ـــ کۆمەڵە بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر یادی چلەی ڕۆژنامە نووس‌و ئەدیبی کورد ـ خوالێ خۆشبو عبدالرحمن گیوی موکریانی کردەوە ، زۆربەی ڕێکخراوو دامو دەزگا ڕۆشنبیریەکان لەم ئاهەنگی ماتەمە کە لە ٢٢ـ٩ـ٧٧دا لە شاری هەولێر گێڕدرا بانگ کرابوون‌و بەشداریان کرد ٠

ـــ کردنەوەی بەشێکی کۆمەڵە لە شاری ڕەوانز ٠٠

پڕوانە ـ ل ١٠

کتێبی هاوکاری

دیموکراتی

سەرچاوەی هێزی هەموو کەسێك وکۆمەڵە

دوانەکەی هاوڕێ صدام حسین لەوەزارەتی پەروەردە لە ١٩٧٧/٧/١٠

کەواتە ، ئەوەی لەسەرمانە ، ڕێکاو شوێن‌و کلیلە بنەڕەتیە سەرەکیەکان ڕێك‌و پێك بکەین‌و دواییەکان بەکراوەی‌و بۆ هاتنە کایەوە بهێلینەوەو بەرەڵاش نەبن لە دەرەوەی چوارچێوەی سەرەکی سەرپەرشتی‌و هەڵسەنگاندن ، **بەمە ئەتوانین وابکەین ، هاتنەکایە لە دەست نەدەین‌و سەرەکی پێویستیش لە نەخشەو سەرپەرشتی‌دا بمێنێ‌و ئەمەش یاسایەکە لە یاسا بنەڕەتیەکانی شۆڕش لە ڕووی هەڵس‌و کەوتەوە ، لە بزوتنەوەی بیناکاری کۆمەڵدا ،نەك هەر لەم مەیدانەدا ، بەڵکو لە هەموو مەیدانەکانی‌تردا ٠**

هەرچەندە ، تەقەڵا بدەین ، هەمیشە هەست بەوە ئەکەین لە سەرمانە زیاتر کاربکەین ، ئەوەتا هەندێ هەست ئەکەین دۆڕاوین ، گوایە بۆچی شتی‌وا بەخەیاڵمانا یەت لە کاتێکا ئەشزانین زۆر کاروباری چاکیشان بەجێ‌هێناوە ؟! بۆیە واهەست ئەکەین ، چونکە چاومان لەوەوەیە گەورەتر لەوەی بە جیهان هێنانەوە ، ڕاییەڕێنین ، بەم جۆرە ، هەندێ جار ، چونکە بە پێوانەی مەبەستمان ئەبینین شتی جەوهەری‌و چاکمان بەجێ نەهێناوە ، وانەبینین دۆڕاوین‌و جا هەست‌و لێکدانەوەی وابەسەبەستی پەرەپێدان‌و هاتنە کایەوە پێویستە ، ئەمەش بۆ ڕەزامەندی شۆڕشگێڕی نەك بۆ پەنا گرتن ، پێویستە ڕازی‌بون لەخۆ بەو جۆرەبی ، باوەڕ بە خۆبوون بەهێز ئەکات ، لەپال پشت‌گوێ نەخستنی پێداویستەکانی پەرەپێدان‌و هاتنە کایەی بەردەوام ، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ڕووی قدرەتەوەو لە ڕووی بیرو باوەڕو سیاسەتەوە بە دواکەوتوی نەمێنێتەوە ٠

لە ئەنجامو نیانیەك دوور بکەونەوە ، کە لە سەر حسابی ڕاستی‌یێ ، ئەگەر وابکەن ، هەرچەندە ڕوو بە ڕووی جۆرە کۆسپ‌و گرانیەك ئەبن ، بەڵام سەرئەکەون‌و خەلکیتان زیاتر خۆش ئەوێ ، ئێمە لێرەدا قسە ئەکەین ، گرانیەکانی ژیانی ئیشوکاری ئەوانە ئەزانین کە لە نیفاق‌و درۆ یاخی ئەبن ، نەك تەنیا بە قسەی تیوری ، دیسان ئەزانین ، گرتنی ئەم جۆرە ڕێبازە ، واتان لێ ئەکات ڕوو بە ڕووی گرانی ببن ، هەندێکیشتان لەوانەیە هەڵنوتێ ، یان ، هەندێکی‌تر ئەیانخەن ، یان ، تێیان ناگەن ، ئەمانە هەموو ئەزانین ، چونکە شتی وا لە حزب‌و لە دەوڵەت‌و کۆمەڵدا هەیە ، جا مادەم لە حزبدا ، لە پال ڕێکو پێکشدا هەیە ، ئیتر چۆن ، چاوەڕێی ئەوە نەکەین ، لەناو دەوڵەت‌و کۆمەڵدا هەبێ ، کە ، لە حزب کەمتر تێکەڵو یەکگرتوە ، چونکە کۆمەڵ ، لە دەرەوەی دەوڵەت‌و لە دەرەوەی حزبدا ، لە بزوتندایەو لەبەر ئەوەش ، دواییەکانی زیاتر لە چوارچێوەی جوڵانی فراوانتردان‌و زیاتر بەرەڵایەو هەتا ،لەلقە بچوکەکانیاو بەو پێوانەیەی لە ژیانی ناو خۆی حزبدا پێویستە ، کەمتر ، پێویستیان بەو یاسایانە هەیە کە ڕێچکەی بزوتنەوەکەی ڕێکوپێك ئەکات ٠

تەنیا زیان بێ گەیشتن لە ڕۆژگاری کاری نهێنی‌دا ، وەك بەشێك لە قوربانی‌دان بەس‌نیە ، بەڵکو لە سەرمانە ، بەرگەی هەندێ زیانیش لە سەر ڕێگای پەرەپێدان‌و بنیات‌نانی کاری ئیجابیدا بگرین ، یەکەم ئافرەتی عیراقی کە پەچەی فڕێدا ، یەکەم قوربانی‌بو لە پێناوی هەموو ئافرەتانی عیراقدا ، یەکەم ئافرەتی کرێکار چوە کارگەوە ، یەکەم قوربانی‌بوو لە پێناوی هەموو ئافرەتێکی کرێکاردا ، هەروەهاش یەکەم پزیشکی ئافرەت‌و یەکەم پارێزەری ئافرەت‌و یەکەم شۆڕشگێڕی ڕاستیەو ٠٠٠ هتد ٠

هەروەك ، بەهەڵس‌و کەوت‌و بە شێوازی ڕاستی‌و داد پەروەری ، لایەن هەن ، لەڕووی تێکڕایی ئیشوکاری ڕۆژانەیانەوە زەرەریان لێ ئەدێ ، بۆیە ڕەفزی ئەکەن ، بەڵام ، هەموو کەس بە دوای دادپەروەریشدا ـ ئەگەڕێ‌و ئەیانەوێ‌و هەمان شتیش بەرامبەر دادپەروەرەکان ئەکەن ، بەڵام کاتێ داد ، دەستەو یەخەی کێشەی هەندێکیان ئەبێ ، ئەواو، ئەوانەی بە چەسپاندنی داد زیانیان لێ ئەکەوێ ، وائەکەن ، سەرچاوەی بەرپرسیار لە ڕابەڕاندنی ، دادپەروەرنەبێ ، چونکە کێشەی شەخسیان چارەسەر ناکرێ ، ئەگەر ئەو سەرچاوەیە وازی لە دادپەروەری نەهێنا ، بەڵام ، لە دەرەوەی سنووری کێشەکەی خۆیاندا لەوانەیە دادیان خۆش‌بوێ ، بەڵام کێشەی شەخسی خۆیان کە لە گەڵ دادپەروەریدا ڕێك ناکەوێ ئەوەیە ، وایان لێ ئەکات داوا لە خەلکی‌تر بکەن دەست لە دادپەروەری هەڵگرن ٠

دادپەروەری‌و شوین کەوتنی ڕاستی ، ئەرکی مرۆڤایەتیە ، لە ماڵو لە ناو دۆست‌و برادەرو لە شانەکانی حزبدا یان لە پەیوەندیدا لە گەڵ وەزیردا ، یان وەزیر لە گەڵ بەرێوەبەری گشتی ، یان لە گەڵ جێگری وەزیرێ توشی گرانی بەراستی ئەبێ ، مرۆڤ هەندێ جار ، لە ژیانی ئیشوکاریدا ، ئەگاتە بارێکی نەفسی وەها ، بە خۆی ئەڵێ : مادەم خەلکی ئەیانەوێ واز لە ڕاستی بهێنرێ ، ئیتر من بۆ هەر دادپەروەریم ؟ جا ، ڕێچکەی بەم جۆرە ، بێگومان ئەبێتە هوی لەرێ دەرچون‌و پێویستە بە هیچ جۆرێ لە بەرنامەو سلوکماندا نەبێ ، بەڵکو پێویستە بەشێك لە زەرەرو زیان قبول بکەین‌و بەرگەی هەندێ قوربانی بگرین ، تا خەتی ڕاستی‌و دادپەروەری ئەچەسپێ‌و ئەمەیشە ڕێگای شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەو باوەڕ بوە بە دادپەروەری مەسەلەکەی‌و گەلەکەی ٠

تاقی‌کردنەوە ، ساغی کردۆتەوە ، هەتا ئەو کەسانەی ، کە لە سەر حەق بەرامبەرت توند ئەبن‌و لەسەرەتادا ڕەفزت ئەکەن‌و لێت بەست ئەبن ، دوای ئەوە ، خۆشیان ئەوێی ، ئەمە لە کاتێکدا ، توندی دور ئەبێ لە مەبەستی خۆبەرستی‌و نەخشەیەکی خۆی بۆ عەزیت‌و سزادان ، ئەوا هەرچەند ئەنجام بەر جۆری بشکێتەوە بە ئاسایی وەری ئەگرن ، تەنیا بە مەرجێ ئەوە بەمەبەستی خۆ بەرستیەوە نەبەسترابێ یان بە مەبەستی سزادانی خۆییەوە بەرنامەیەکی چەسپاو نەبێ‌و نمونەش لە ژیانی ئیشوکارماندا لەم جۆرە زۆرن ٠

● ماویەتی ●

هەڵبەندی چالاکیا خویندنگەهێ لدهوکێ



لدهوکێ بتنێ ئەف مەلبەندەیێ‌هەی کو خۆ تەرخان کریبیت بۆ کارێت هونەری ئوچافدێریا بزافا هونەری‌لخویندنگەها دکەت ٠ب ڕاستی یافەرە ڕێقەبەریا پەروەردێ باش پێتەیێ بکەت‌داخازێت وان ژی جێ‌بەجێ‌کەت ٠ تاکو بزافا هونەری لدهوکێ بەرەو پێش بچیت‌وب هێز بکەفیت ٠ لچاف ـ پێکەفتنەکێ دگەل برادەر یوسف البازی ڕێقەبەرێ‌مەلبەندی گوت ٠ مەلبەندێ‌مە ژڤان تایبت خارێ پێك تێت ١ ـ شانۆ ٢ ـ موسیقا٣ ـ هونەرێ تەشکیلی٤ ـ هونەرێ پیشەیی ٥ ـ ڕەوشەن‌بیری‌و تورەیی ٠ل دەمێ ساڵا نوی یا خویندنێ‌دەست پێ‌دکەت هەر نایەك بۆ هەمی ساڵی پروگرامێ خودانیت لدویف وی پرۆگرامی کاردکەن نابێ شانۆی هەر ساڵ چەند ئوپەرێتا پێش‌کێش‌دکەن ٠ دیسان تیپەکاشانوگەری یا پێك هینای بناڤێ تیپا پەروەردێ بکارێت‌زارڤەکرنێ زادبیت ٠ مەلبەت‌ل هەمی ئاهەنگێت پارێزگەهێ ٠

هونەرێ تەشکیلی دوو پشکە ، لایەك چاف‌دێریا هونەرێ تەشکیلی لخویندنگەهێت سەرەتایی دکەت ئو وان‌خویندنگەها ئامادەدکەت‌ئو وان خویندنگەها ئامادەدکەن بۆ پێشانگەها تەشکیلی یاکو هەمی خویندنگەهێت سەرەتایی لپارێزگەها دهوکێ هەف ـ پشکێ تێدا دکەن لایێ دی چاف دێریا بزافا هونەری دکەت ل خویندنگەهێت ئامادەیی وناڤنجی ٠

تایێ‌ڕەوشەن بیری‌و تورەیی هەر ساڵ چار شاگردێت زیرەك ژخویندنگەها ژێ‌دگریت دبەنە بەغدا هەف‌پشکێ دمەهرەجانا قطری دکەن دیسان ئەو شاگردێت گیان‌وشیانەکا تورەیی هەی هاریکاریا وان دکەن ٠ ل جێژنا شاگردان پوستەرێت ڕامیاری‌و بەلافو کێت دیوارا پێش‌کێش دکەن ٠

خۆش نڤیسین : ئەو شاگردێت مەژ خوش نڤیسێ دکەن ئەم فێری یاساو بنکەهێت خوش نڤیسێ دکەین ئەم یێ ل هیڤێ دەورەکێ بو وان شاگردا فەکەین ٠

پرسیار : چالاکیا هونەری لدهوکێ یاچاوانە ؟

بەرسف : ب گشتی بزافا هونەری لدهوکێ گەلەکا کزە کادرێت هونەری نیێن زێدەیا یێت شانۆی‌و موسیقێ‌و مە کەس نینە ٠ بەهرا پتر برادەرێت ژ ئاموژگا یا هونەری دەرچوین خو ژبزافا هونەری یا دایە پاش ٠ هیڤیدارین یارمەنیا مە بدەن دا کارێ مە ڕاستو ڕەوان بڕێقە بچیت سەر فێرا مە لدهوکێ چو هول نینن پێشانگەهێت خۆ پێشانی خەلکێ بدەین یا فەرە هۆلێت تایبەتی بۆمە ئافاکەن ئو ترومبێلەکێ ژی بدەنە مە ٠

پرسیار : پەیسکا ماموستا ـ یێت دەرسا هونەری چەوایە ؟

بەرسف : گەلەك یاکزە مەلبەت ئەفەژی خەتێت وان نیێن چنکی بەهرا پترا وان نەژ دەرچوێت ئامۆژگاری‌یا هونەری بەلێ هەوالەکێ یێددەن کو بگەهنە پەیسکا مامۆستایێت بسپۆرێت هونەری ٠

پ ٠ هاوکاری لدهۆکێ

● دەست نیشانەی دیاردەیەکی سەلبی ● لە کتێبخانەی گشتی لە هەولێر ٠

دیارە هەموومان ، ئەو ڕێگا ڕاستو کراوەیەی سەرکردایەتی سیاسی ئەم وڵاتە خۆشەویستەمان بە شێوەیەکی مەوزوعی‌و دلسۆزانە گرتویەتیە بەر بۆ چارەسەری هەر سەلبیاتی لە هەر دامو دەزگایەکدا بەرامبەر نرخی هاووڵاتیەکان ڕووبدەن ، لامان ئاشکرایە ، چونکە سەرکردایەتی سیاسی لە مەبەستی ئەوەیە بنەڕەتی کۆمەڵێکی سۆشیالیستی‌و دیموکراتی لە سەر بنەڕەتی ئیجابیەت‌و لێهاتوی ئەو دامو دەزگایانەو چاکی‌و مەوزوعیەتی هەڵس‌و کەوتیان نەبێ لە گەڵ هاووڵاتیەکاندا توشی زۆر کەندو کۆسپ ئەبێ ٠٠ لەبەر ڕوناکی ئەم ڕاستی‌یەدا کە وەك باوەڕ لێی دڵنیاین ٠ ئەم هەفتەیە ، لەم لاپەڕەیەدا نامەیەکی هاووڵاتی **(ناصح حسین سلیمان ـ هەولێر ـ قوتابی ناوندی سەفین)** بەرچاو ئەخەین :

ئەم هاووڵاتیە باسی دیاردەیەکی سەلبی ئەکات لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ڕووی‌داوە ، کتێبێکی وەرگرتوە ، بۆ بارمتە ، پارەی دانراوە دوای تەواوکردنی کتێبەکە ، چۆتەوە بۆ کتێبخانەکە ٠ لێرەدا چەند دێڕێ لە دەقی نامەکەی هەڵئەبژێرین (**منیش لەوکاتەدا بە جلی شەڕی ناردداویەوە چوم ، چونکە باوکم ئاشەوانەو لە یارمەتی دانی ئەو هاتبومەوە ٠٠ ئایا ئیش‌کردن عەیبە !!؟**) ٠ ئینجا باسی ئەوە ئەکات چۆن چۆن ئەو دوو موچەخۆرەی لێپرسراوی دانەوەی پارەکەی بوون ٠٠ گالتەیان بە جل‌و بەرگی کردوەو هەتا یەکێکیان وتویەتی : (**ئەم شێتە چی‌یە لێمان هاتە ژورەوە !!؟**) ٠ ئینجا ، ئەم جۆرە هەڵس‌و کەوتەی هەندی کاربەدەست لەگەڵ هاووڵاتیەکانداو بریندارکردنی هەستی مرۆڤایەتیان بەیەکێ لە هەرە دیاردە سەلبی‌یەکانی ئەزانین کە دلسۆزانی ئەم وڵاتە شەو ڕۆژ تەقەللای ئەوە ئەدەن نەمێنێ ٠

لەبەر ئەوە نامەی ئەم هاووڵاتیە ئەخەینە بەرچاوی بەرێزان لێپرسراوانی کتێبخانەی گشتی هەولێرو ئەوەش ساغ ئەکەینەوە ٠ دەقی نامەکەمان لابەو ٠٠ هیوادارین دلسۆزانە سەرنجی ئەم دیاردە سەلبیانە بدرێ‌و چارەیان بکرێ ٠

● هاوکاری ●

خێزان

نەرکی باوکایەتی بەرانبەر منداڵەکانیان بەجێ بێنن .

هەر کە باسی منداڵو گیروگرفتەکانیو چۆنیەتی بەختیارکردنیو .. حەسانەوەو جێبەجێکردنی داخوازییەکانی هاتە ناوەوە .. هەمیشە دایك دێتە پێشەوەو .. ئەو بەرپرسیارە لەهەموو هەلەیەکدا .. هەروەها دایك بەرپرسیارە لەهەموو پێشکەوتنێك یاخود کۆڕانێك کەبەسەر منداڵەکەدا دێت .

باوکانی ئێمڕۆ ئەسەریانە

بەڵام ناوی باوك بەهیچ شێوەیەك نایەتە گۆڕێ کە باس لە منداڵ ئەکرێ لەبەر ئەوە نەریتە کۆمەڵایەتیانەی کە لەلای ئێمە باوەو وا لە باوك ئەکات لەدەرەوەی ماڵو دوور لەمنداڵەکانی بمێنێتەوە . ئێستاش بارو دۆخەکان ئەگۆڕێنو .. هەر چەندە ئەم گۆڕانەش بەسستی ئەڕوات بەڵام لەئارادایە ، یەکێ لەم گۆڕانکاریانەش بەشداربوونی ئافرەتە لەئیشو کارداو ، ناچاربوونی باوك بۆ یارمەتی دانیان لە پێناوی بەروەردەکردنی منداڵ لەبەر ئەوە پێویستە باسی دەوری باوك ئەرکو مافەکانی لەگەڵ منداڵدا بکەین ..

دەوری باوك

لەسەرەتای ژیانی منداڵدا وێنەی دایكو باوك لەلایەوە ئاوێتەی یەکتر ئەبنو لەگەڵ کەورەبوونیدا بەرە بەرە وێنەکان ئاشکرا ئەبنو باوك جێگەو شوێنی سروشتی خۆی وەرئەگرێت ، بەڵام ئەوە نازانێت کە باوکی بیاوە تا ئەگاتە قۆناغی تەمەنی چوار ساڵیو پێنج ساڵیدا .

ئایا ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت کەباوك دەوری خۆی بەتەواوی لەناو خێزاندا نابینێت ؟ بێگومان نە، .. چونکە کارکردنی باوك لەسەر منداڵەکەی خۆی پێش هەموو شتێك لەوەدا دەر ئەکەوێت تاچ رادەیەك کار ئەکاتە سەردایك چونکە دەوری راستەقینەی باوك دڵنیاکردنی دایکە ، چونکە دوودڵی دایك زیان بەمنداڵ ئەگەیەنێت ، دایك پێویستی بەخۆشەویستیەکی تایبەتی هەیە لەلایەن باوکەوە بەدرێژایی ساڵی یەکەم ، پێویستی بەکامەرانیو ڕاستگۆییو دڵنیاییو حەوانەوەی سایکۆلۆجی هەیە .

لێرەدا دەوری ووردو ناسکی باوك دەرئەکەوێت ، چونکە کە دەست ئەکاتە گێڕانەوەی چیرۆکی منداڵانەی خۆش خۆش زوو بێ تاقەت نەبێتو باوك پێی ناخۆش نیە ماوەیەك لەگەڵ منداڵەکەیدا یاری بکات وبباتە سەر بەڵام بەمەرجێك ئەمە زۆر درێژ نەبێت ، چونکە حەز ئەکات بکەرێتەوە سەر ژیانی تایبەتی خۆی وەکو ئیشکردن یاخود خوێندنەوە ، ئەیەوێ لەچوارچێوەی گیروگرفتەکانی منداڵو داخوازیە زۆرەکانی دوور بکەوێتەوەو ، نایەوێ دەوری یارمەتیدەری دایەتی منداڵ ببینێت ، هەروەها ئەو کۆڕانکاریەی کە لەژنەکەی رووویداوە وای لیکردووە کە وەکو پێشان لەژنەکەی حالی نەبێتو ، لێرەدا گلەیی‌و موجادەلەو گریان جاروبار دەست پێ‌ئەکات .

پێویستە لەسەر باوك کە دایك تێبکەیەنێت کە لە توانایدا نیە هەموو جیهان لەپێناوی منداڵەکەیدا لەپیر بکاتەوەو ، ئەبێ لەژنەکەی تێبگاتو ئەوە بزانێت کە ژنەکەی بەتەنیا ناتوانێت ئەو بارە هەڵبگرێتو پێویستی بە یارمەتی ئەوەوە هەیەو زۆر باوك ئەمە دوویات ئەکاتەوە : کە منداڵەکان بڕێ گەورەبوون بایەخیان پێ‌ئەدەم ، ئێمە ئەزانین کە لە کۆنەوە منداڵەکان تاتەمەنیان ئەگەیشتە حەوت ساڵ لە باوەشی دایك ئەمانەوە ، لەدواییدا کتوپڕو بە بێسەرەتایەك دەوری باوك هاتە گۆڕی لە ئاراستەکردنی منداڵ لەقۆناغی ئەوەو گۆڕانکاریانە کە سەر لە منداڵ ئەشێوێنێنو ئەم

پرواڵە ـ ل ١٠

گیرو گرفتی منداڵی شەرمن

گەورەترین گرفتی کەتووشی دایكو باوك دەبێت شەرمنی منداڵەکانیانە .. چونکە وانەزانن ئەگەر منداڵەکەیان بەم شێوەیە بڕوات کارێکی گەورە دەکاتە پێگەیشتنی سەردەمی لاوییان .. زۆربەی دایکانو باوکان کە منداڵەکانیان پیشانی پزیشکی تایبەتی منال دەدەن ئەڵێن « چۆن ئەتوانین کارێك بکەین کەبتوانین هانی منداڵە شەرمنەکەمان بدەین تێکەڵاوی هاوڕێکانی بێت » وە هەندێکی تریان ئەڵێن : « کچەکەمان شەرمنەو هەندێ ڕەوشتی سەیری هەیە .. هەرچەند هەوڵ دەدەین ناتوانین لەم شەرمنیەی رزگار بکەین » .

پزیشکو شارەزایانی منال ئەڵێن :

بۆ ئەوەی دایكو باوك لەشەرمنی منداڵەکانیان ڕزگاریان بێت پێویستە : لای منداڵەکە بگۆڕێت بەلای خوویەکی تر کە لەوەوپێش خووی نەدابێتێو بەمەرجێ لەم خووەدا (هوایە) خەیالو هەردوو دەستی تیا بەکاربێت کە ئەمەش وا لەمنداڵەکە دەکات کە بگەڕێتەوە بساری سروشتی .. باشترینی ئەو خووانەش (وتنەکێشان بە بەکارهێنانی ڕەنگ) ..

یەکێ لەو هۆیانە کە دایكو باوك بڕی هەڵسن بۆ

● ناوات ●

بروانە ـ ل ١٠

بەخۆدا چونەوەیەکی پێویستە

ئەگەر هەریەکێ لە ئێمە ، بۆی بلوایەو سەرنجێکی راستی خۆی بدایەتەوە ، بێگومان‌کرد ئەگاتە ئەوەی ، بەشێکی زۆری وەختی خۆی بە چەند بازی بۆش بەسەر ئەبات .

نافرەت بە تایبەتی هەندێ جار توانایەکی سەیری هەیە لەبە فیڕۆدانی وەختی خۆی تەنیا بە قسەکردنەوە ، زۆر جاریش ڕێ ئەکەوێ قسەی بۆش ئەبن ، درێژدادڕی تەلەفون ، لە باڵ ئەو هەموو گرانیەی یەتەرتگای پەیوەندی کردن بە هوی تەلەفۆنەوە ،

گوڵاڵە برزنجی

بروانە ـ ل ١٠

ئاوێنەی ژیان

ئەو ئافرەتەی لە ژیانیاکامەرانیی خیزانی بایەخی نیە بەلای ئەوەوە ، ئەبێ بزانێ کەخۆشی کامەران نیە .

گەلێ ئافرەت هەر هەولی‌ئەوەیەتی خوی بە خۆش گوزەران پیشان‌داو چاوی‌لەوەیە هەمو دەمێ لە دەستە خوشکانی هاوچەرخی خۆی‌چاکترو ڕیزتربێت ، یا بە شارستانیەتی خویەوە بنازی‌پیم وایە ئەگەیشتوتە پلەی سەرەتایی بەختیاری ژیانەوە ،بەڵکو ئەگەرێ‌ بە شوین سیبەری خویدا کە ناتوانێ بەم‌جۆرە بیگاتێ یا ناتوانێ دەسکاری ئەو وێنەیە بکا کە سیبەری پیشانی ئەدا لەسەر دیوارو ڕێگەو بان‌یاخود ئەکەوێتە بەر بێی هاوبەشی ژیانی کە مێردومناڵەکانیەتی .

ئەگەر بێتوو بەقوولی لێی‌ورد بێتەوە ئەوا تێ ئەگا کە چەن روخسارو ڕەنگی جوانی‌یا دەستی باڵاو چالاکی خوی لە بایەخ پێدانی بەگیروگرفتی نیوان خێزانیو چارەسەرکردنی کوسپوچەلەمەی سیبەریکی ئایابی جوان ئەهاوێتە بەر دەمی‌کەسوکاری‌و ئەبێتە هوی ئەکس بوونەوەی لەسەرئاوینەی ژیانی خوی‌و خیزانی ئیتر ئەوەندەی بەسە ..

نجاه رفیق حلمی

قوتابیان و گەڵەکاری

جەلال ئەسعەد ئامادەی‌کردوە

قوتابیان دەورێکی کاریگەروبیرۆزیان هەیە لە بنیات نانی کۆمەڵگای سوشیالستی‌دا ..یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکان کە قوتابیان پێ‌هەڵدەستێتی لە بواری کارکردنیا ، گەڵەکاریە ،بێ‌گومان لابردنی باری دواکەوتوی کۆمەڵو هەوڵدان‌لە پێناوی گەشەکردنیا ، تەنها لایەن ئاکرێ ئەو ڕێگایبیرۆزەی کە شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەوزی پێشکەوتنخوازگرتوێتەبەر ، لەم لایەنەوە هیچ درێغی نەکردوە ، بۆ هاندان‌وبەهێزکردنی بواری دەروونیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵی گەل . وەهەمیشە لە گشت لایەنەکانی ئابوریو پیشەسازی وکشتوکاڵەوە بازرگانیەوە لە ئیش‌کردنو ماندوبوندایە لەپێناوی بنیاتنانی سوشیالستیدا .

گەڵەکاریش یەکێکە لەئامانجەکانی ئەو وولاتانەی بەرەو سوشیالیستی هەنگاودەنین ئەك بۆ گەڕانەوەی باری ئابوری ، بەڵکو بۆ پێش‌کەوتنو بەرزکردنەوەو بنیاتنانی دەروونیو کۆمەڵایەتی‌وسیاسی ئەو مرۆڤانەی سەرکردایەتی ئەو گۆڕانەدەکەن بەرەو سوشیالیستی . جگە لە پێناساندی جەماوەری‌گەل بە یەکتریو کارکردنیان کە گرنگیەکی زۆر پڕ لەشانازی دەدات بۆ پەرەسەندی ئەو هەنگاوە .

یەکێتی نشتمانی قوتابیانی‌عێراق هەموو ساڵێك سەرکردەی کاری گەلی دەکاتو بەهەزاران قوتابی کوڕو کچ دەجنە ناو ریزی کارکردنودروستکردنەوە ، کە ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گرنگە لەڕێبازی یەکێتماندا بۆ قوڵ کردنەوەی کاری رۆژانەوناساندی جەماوەری قوتابیان بە جەماوەری ڕەنجدەروزەحمەتکێشەوە . بۆ هێنانەدی دوا رۆژێکی برشنگدار بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێکی سوشیالیانەی‌دیموکراتی یەکگرتوو .

بێ‌گومان ئەو گەڵەکاریانەی‌کە یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق بەشداریان تیا کردوەبە ناسانی نازمێرێت بەڵام بۆ نمونە ناوی هەندێ لەو پرۆژانەدەبەین کە یەکێتی بەشداری تیاکردوە وەك هەڵکەندی‌جۆگەی رضوانیەو پرۆژەی٧ی نیسان لە جزمیە ،پرۆژەی١٧ی‌تەموز لە مغیشی ، پرۆژەی الدوایە لە شطرە . جگە لەبەشداربوون لە کاری بەرهەم هێنانو بەرهەم کۆکردنەوەوزۆر بوونی بەرهەمی کارگەکان . بەشداربونیان لە گەڵ‌کۆمەڵگای جوتیاران‌و یەکێتەکانی تری وولاتو کردنەوەی‌نوردوگای تایبەتی بۆ قوتابیان .. وەك ئەلبو منیصیروخالصەو البناء والتقدم والحصیبەو هتد . وەنوردوگای فەرشی سەوز (البساط الاخضر) کەئەمسال قوتابیان بەشداریان تیداکرد . رویشەکی تری‌برشنگدار لەسەر ئەم کارە ببرۆزە لا دەبات کە یەکێتی‌نیشتمانی قوتابیانی عێراق بێ هەڵدەستێتی .. سلاو لەوقوتابیانەی بە دڵو بەگیان بەشداری کاری گەلیو نوردوگاکانی قوتابیان دەکەن .. سلاو لەو مرۆڤانەی‌هەمشیە بەختیاری خۆیان دەر ئەبڕن بەرامبەر سەفرازی گەلو نیشتمانو بنیاتنانی کۆمەڵگای‌سوشیالیستیو دیموکرات یەکگرتوو هەول ئەدەن .

ئەستێرەی‌گەشی یاری تۆپی پێ دیتەرمۆڵەر

(دیتەر مۆلەر) کە گەورەبوو چووە تیپی تۆپی پێ لە شاری (ئۆفینباخ)دا دوایی چووە شاری (کۆلۆنیا) بەرامبەر بە پارەیەکی کەم نزیکەی سەدو بیست هەزار مارك . هەموو جارێ هاوڕێکانی لە کاتی مەشق‌کردندا گالتەیان پێ ئەکرد ئەیان ووت :ـ تەماشای‌کەن نازانێ تۆپ ڕاگرێ بەس نەبوو بە بارەیەکی کەم کڕیمان .

دیتەر زۆر هەوڵی‌دا لە مەشق کردنا لە ئەنجاما توشی نەخۆشی سیل بوو ، ماوەیەك لە جێگەدا کەوت دوایی هاتەوە ناو جیهانی تۆپی پێ .

لە ساڵی ١٩٧٥دا بەسەرکەوتویی جیهان ناسی .

ئێستا مۆلەر دانەنرێ بە باشترین گۆڵکەر نەك تەنها لە ئەڵەمانیادا بەڵکو لە گشت ئەوروپادا . ئەم یاریکەرە یەکێکە لەو یاریکەرانە کە لە ساڵی ١٩٧٨دا لە ئەرجەنتین لە گەڵ تیپی ئەڵەمانیا یاری ئەکات .

طیب محمد احمد

پاڵەوانی ئەو فلیمە بوو کە لە هەموو جیهانی‌وەرزش‌دا دەنگی دایەوە

لەم رۆژانەدا خەڵکی (سوید) و (هەموو جیهان) کەوتونەتە دوان دەربارەی ئەو فلیمەی کە پاڵەوانەکەی مناڵێکی شەش ساڵانە بوو ناوی (جوهان برگمان) بوو . وەنازناوەکەی (بگیمین)ە . کە واتاکەی بەزمانی سویدی (پەنجە توتە)یە ..

دەنگدانەوەی ئەم فلیمە تەنها لەبەر گرنگی منداڵەکە نەبووە تەنها، بەڵکو ناوەرۆکی فلیمەکەش یارمەتی ئەم دەنگ دانەرەیەی داوە ، کورتەی فلیمەکەش ئەوەیە :

مناڵێك (جوهان) تەمەنی (٦) ساڵەو لەگەڵ تیپی هەڵبژاردەی نیشتمانی (سوید)دا بەشداری دەکاتو لەو یاریانەی کە لەگەڵ تیپەکانی (هەنگاریا)و (فەرەنسە) و (یەکێتی سۆڤیەت)دا ئەیگێڕێ گەورەترین سەرکەوتنی بۆ بەدەست بهێنێت .. سەرەتای فلیمەکە بەوە دەستپێدەکات یاریزانێکی سویدی بەکۆمەڵێ یاریزانی‌تر ئەگاتو ئەوان داوای لێ‌ئەکەن کە بەشداری یاری‌کردنیان لەگەڵدا بکات کوتوپڕ یاریزانە بچووکە توانای ئەو یاریزانەی بۆ دەرئەکەوێتو داوای لێ دەکات بەشداریان بکات لەیاریەکانیاندا ، بەڵام یاریزانەکە تۆزێ نابەدڵی پیشان‌داو پێی‌ووتن : ئەبێ ببورن چونکە هیلاکمو ناتوانم یاری‌بکەم ..

بەڵام ئەم عوزر هێنانەیەوەی لەفەرمەنگی یاریزانە بچووکەکان‌دا جێگای نەبۆوە ، بۆیە داواکەیان بەسەند نەکرد ، بۆیە ناچاریان کرد بەشداریان لەگەڵدا بکات ..

کاتێ یاریزانەکە ئەیویست گۆڵ تۆماربکات بەڵام ئەو منداڵە بچووکە نەیئەهێشتو خۆی تۆبەکەی لێ‌وەرنەگرتو گۆڵەکانی تۆمار نەکرد .. بۆیە لەیاری‌یەکدا یاریزانەکە ئەوەستێ‌و لەبەرخۆیەوە ئەڵێت (بەراستی یاریزانی تەواو بەرامبەری هەموو تیپەکان ئەوەستێتەوە) .

ئەوەی لێرەدا گۆتایی نایەت ئەوەیە : پاشەرۆژی ئەم یاریزانە بچووکە ئەگاتە کوێو لەجیهانی وەرزش‌دا چی‌بەسەردێت .. هەر لەبەرئەمەش یاریزانە بەناوبانگەکە بردیو بە مەشق‌کەرەکەی خۆی ناساندو ئەویش نەیویست تەنها بیخاتە یانەکەی خۆیەوە بەڵکو کردیە بەشداربووی هەڵبژاردەی (سوید) ..

ماوەتەوە بڵێین :

ئەم فلیمە شوێنەوارێکی گەورەی لەسەر رۆژنامە وەرزشیکانی سویدە بەجێ‌هێشت .. وەئێستاش زۆرکەس تیاماونو هەریەکە بەچەند جۆرێك ئەم فلیمە لێك‌دەدەنەوە ..

گرنگترینی ئەو لێدوانەی کە رۆژنامەی (تۆپ)ی سویدی لەژمارەی دوایی‌دا نوسیبوی ئەوەبوو کەئەیوت .

پێویست زۆر بەخێرایی رووبەڕووی دەرهێنەری ئەو فلیمە ببێنەوەو بزانین نهێنی ئەم فلیمە لەکوێدایەو پێویستە لەسەری بنوسرێت تائەگەینە ئەنجامێکی راست .

ناوات مەحمود مستەفا

نوماییشێکی یاریکەرە گەورەکانی جیهان

بەگشتی بیلێو مۆرو پەکنپاوەر لەبەینی خۆیاندا لەماوەی ١٨ ساڵ لە ٣٠٠ یارییان بەشداری‌کردووە ، واش دەرکەوت کەسەرەتای ژیانیان بەهیچ شێوەیەك نیشانەیەکی دلخۆش کەرنەبووە بۆ ئەوباشە رۆژە پرشنگدارە کە ئێستا گەیشتوونەتێو بەیاریکەرە هەرە مەزنەکانی جیهان ئەژمێرێن لەیاری فوتبۆڵێن‌دا .

خێزانێکی پەك‌کەوتە

بیلێ لەخێزانێکی هەژار هاتۆتە کایەوەو یەکەم جار بەمرەکەی لە کۆڵانەکانو قەراغە رەملیەکان خۆی نواندووەو بەبێ‌خاوسی یاری‌کردووە ، خێزانەکەی هیچ مێژوویەکی ئەوتۆی لەجیهانی وەرزشدا نەبووە وەیەکێ لەبراکانی ویستی بەیرەوی بیلێ بکات بەڵام تووشی تێشکانێکی بێ بەزەییانەبوو .

مۆر یاخود وورچ

بەڵام مۆز لەخێزانێکی نیمچە دەوڵەمەندو بەتواناو چاوکراوە لەمەرێمی ئایسکسدا هاتۆتەکایەوەو ، بەبێچەوانەی بیلێ توانایەکی تەبیعی هێجگار کەم بەرانبەر ئەم یاریەلەقوتابخانەدا نواندووە ، لەشێکی تێکسمراوی هەبوو هاوڕێکانی قوتابخانە نازناوی وورچیان لێ‌نابوو .. لەراستیدا بەمرەکەی لەیاری‌کریکیت زیاتر بووتا لەفوتبۆڵێن ، کاتێ کە یانەی ویستهام یۆنایتد بۆ تاقیکردنەوە یاریەکی سازکرد بۆ هەڵبژاردنی ، ئەو یانەیەی کە ڕێگای بۆ خۆش‌کرد کە بۆ گەڵێ پاڵەوانێتی بڕوات بەڵام لەئەنجامی تاقیکردنەکەدا هەر لەزوویەکەوە لەیاریەکە دەرکرا چونکە شایستەی ئەوە نەبوو لەگەڵ تیپی یانەکە گەمە بکات .

خێزانێکی وەرزشی

پەکنپاوەر لە خێزانێکی وەرزشی هاتۆتەکایەوە ، باوکی لەم مەیدانەدا یاریکەربووە هەروەها بۆ گەورەکەی پەکنپاوەر ئەویش یاریکەربووەو پێش ئەو یاری کردووە ، بەڵام لەدواییدا خەریکی مەشق‌کردن‌بووە ، باوکی پەکنپاوەر لەیاریکردندا زۆرتر بارەی وەدەست نەکەوت وەك ئەوەی لە پۆستە

بروانە ـ ل ١٠

گوێنم ئاگەدار

ئەکۆلینەکانوی دبراڤۆکا ژینا وێدا

● مریەم خان ، گولبەروژا پرگەشو ئەبیا سترانێت شرینو تەڕێت کوردی ... بەلالیسکا سپیو سپەهیا لەوژو ئاوازێت نازکو خرنگ .. تاکێ روحانا بێن خۆش و دلڤەکەرا خویلو ڤەمژیایو بسەرکداچوی .. کیش مقام بێژ شیایەو کاریە وەکی وێ لسەر تێلو دانێت کەمانا دلی بلەیزیت ؟! یان کیش مقام بێژ وەکی وێ خودانو باخوێ دەنگەکێ زرافێ مینا پیکێیە ، ئێکسەر بکەهیتە نیڤا دلو پالڤەدەت ؟!

● ئەز باور ناکەم قەلەمێت کوردی حەتا نهۆ شیابن ، مافێ ڤێ سترانبێژا هێژاو هەژی بدەنێ .. ژبل دوسێ رێزکێت بێتێزو بێزێت پەرتوکا ـ ئافرەتە ناودارەکانی کورد ـ چو ژیدەرو سەرەکانی‌ێت دی ، نافێ وێ نەئینایە و نەنڤیسیە ..! لەورا ڤێ گوتارێ حەڤێ هەی خۆ بادەت وڤرا دانیت ، کو جارا ئێکێیە ئەو بەری خەلکی ، تۆزێ ژبەرێت ژینو سەربۆریا ڤێ پورو کەفژکا بەرکەتی دادڤەتیتو باڤژدکەت .

● مریەم خان ، کچا عەمەرێ فنکیە .. (فنکێ) گوندەکێ رەندو جوانە دکەفیتە ژووریا ـ جزیرا بۆتا ـ .. بابێ وێ گەلەك لناف شەرنەخیو سلۆپیا گەڕیایە .. لێ بارا پتر عەمرێ خۆ ل جزیرێ بریەسەر ، وارگەهێ شاهینو سترانبێژێت مەزن : محمد عارفێ جزیری ، سعید ئافایێ جزیری ، حسنێ جزیری .. کو ئەوی جهی بێگومان ، دەورەکی مەزنو ژیهاتی هەبویە ، بۆ گەشکرنو فەکرنا سۆلینو بشکوژا وێیا سترانو لەوژان .

● دەما داسا مرنێ ژینا بابێ وێ دوری .. ئەو ژبەر زیڤاریو زاریێ ، نەچار بو بخو لناتەکێ بگەڕیێت ... بەریکێ رێکا لناڤبەینا میسلو جزیرێ ژ بازرگانو کاروانیا ئالا نەدبو ... نەمازە رێکا ئافی ، رێکا کەلەکو گەمیو بەلەمان .. کاروانیا بندەقو شابەلوطو کەزانو ئووکو باسیق (قسر الدین) و مزمژێت مێردینێ ، دکێشانە سیکو بازارێت میسل ، جارەکێ ـ مریەم خان ـ برەخ کاروانەکی کەت حەتا گەهشتە زاخۆ .. لئەفی باژێرێ دیماهیێ ، نەچار بو ژبەر ئەگەرا پەیداکرنا نانی ، خدامینیێ لکۆچکا عبدالرحمن شەمدین ئاغا بکەت .

● سترانبێژا مەزن ئەلماس خان محمد ، ئەوا دگوتنێ ـ دەیکا حەسیبانێ ـ ژ هەفالو نیاسێت وێبو .. لەورا پال پێڤەنا خۆ یافێتە گەرا قێرکرنا مقامو سترانا .. بو جارا ئێکێ ـ مریەم خانێ ـ سترانێت سەبدایا خۆ « دەیکا حەسیبانێ » گوتن وەکی : مقامێ خەلیلێ غازی ، پەستا هەی دوتمامێ ، پەستا خەزالامن دەلالامن .. بێژە تەمەنێ وێ گافا دەست هافێتیە ستران گوتنێ نێزیکی (١٦) سالان بو .

● وارطان اسکندریان ، خودانێ تەسجیل‌کردنو تۆمارکرنا سترانا بو لبەغدا .. ـ مریەم ـ ێ مشە پەستەو سترانێت خۆ لجەم وی تۆمار کرینە .. هەبامەکێ هۆنەرمەند (اسکندر) ، کەمان بۆ لێددا ئو ستران ژێرا تەلحین دکرن .. حەتا ناڤو دەنگێ وێ بەلاڤو بلند بوی ، ئینا دەست بتۆمارکرنا لەوژو سترانا‌کر بو کۆمپانیا چەقماقچیو تاکێت وێ لمیسلو بەغدا .. هەر وەسا ستران تەسجیلو تۆمار کرن بو ئیزگا کوردیی ژی لبەغدا .

● مریەم خانێ ستران بهەڤرا دگەل حسنێ جزیریو محمد عارفێ جزیریو ئەلماس خانێ گونینە .. ئێکی یێت گونین ئەوێ دی لێ ڤەگێرایە .. براستی سترانا وێ ـ بەردە بەردە لاوو دەستێ من بەردە ـ ئەوا دگەل حسنێ جزیری دبێژێت هندی بێژی هندا برەوشو شرین وژیهانیە .. مرۆڤ ئێکسەر دزانیت ئەو خودانا شیانەکو توانایەکا تایبەتیە دهۆنەرو بەرۆکا خۆدا .

● هۆنەرمەندا مە ، گەلەك لەوژ و مقامو پەستەو سترانێت لەوەندو دەلال ژمەرا هێلاینە ، وەکی : مقام یارگەورێ ، مقام حەمەداڕونی ، مقام سێڤێ ، مقام لێدانێ ، مقام بابێ کوزە غلی ، پەستا لێ دینێ ، پەستا داردارو کا ناڤدارا ، پەستا کراسێتە مەلەسە ، پەستا گولشێنێ ، پەستا لێلێ وەسو ، پەستا گرێ سیرا بسیرە .. دگەل زۆرێت دی کو ئەم نکارین هەمیان ژوەرا بنڤیسینو رێزکەین .

● ئەوێت مریەم خان دیتی و دگەل سەردەمەك بوراندی دبێن : جوانو تورینەکا ژیهاتیبو .. خودانا بەزنەکا نافنجیا پیچەك زراف ، دوو چافێت ڕەش ، پرچو گەڤیەکا زمرو سیس ، ڕەنگەکێ گەنمیو شرین ، خوینەکا گەرمو سفکبو .. ژبل کەیف خۆشیو ڕوی گەشیو دل فرەهیا وێ .

● دەما چویە بەر دلوفانیا خودێ ، تەمەنێ وێ نێزیکێ (٦٤) سالان بو .. قەفتەکا بنەفشو سیسنوکێت بێن خۆش ژ جانێ وێ یێ پاقژو بژوینرا .. ئەو جانێ ستێرا هۆنەرێ کوردی پتر گەشو بلقدارکری .. ئو مستەکا دیا لەعلو مراریو بەدەخشانا هافێتیە سەر بێدەرا وێیا پر بەیاڤو فرەهـ .

پەیڤێت گران :

براڤوك : بەرتوك ، نقشتوك .
خرنگ : جوانو شەنگ .
سۆلین : بشکوژ ، غونچە .
زیڤاری : ژاری ، فەقیری .

عبدالرحمن مزوریی

بڕیارەوەی موچە بۆقورئان خوێنەکانی ناوچەی کوردستان

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریاری داوە کە ئەم کەسانەی ناویان لەخوارەوە نوسراوە لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بە قورئان خوێن دابمەزرێنرین ، بەمانگانەی پانزە دینار .. ئەمەش هەنگاویکی زانستیانەیە بۆ خستنەکاری بێکارەکانی ناوچەکەو بەدی هێنانی دەستکەوت بۆ هەمو دانیشتوانی ناوچەکە ..

هەولێر

عبدالله نوري فقي رسول
فائق توفيق محمد
محمد عبدالله داود
عبدالرزاق مصطفى احمد
عبدالله عثمان محمد
محمد اسماعيل مصطفى
حسن عبدالله يوسف
اسعد افندي جعفر صوفي حسن
سعيد اسماعيل محمد
عيسى عزيز سيدا
عبدالرحمن احمد عمر
حسن حسين عزيز
عثمان عبدالكريم حمد
امين خليل صديق
جودت عمر مولود
عبدالله اسماعيل سيودين
خضر محمد مصطفى
حميد محمود عزيز
عبدالله محمد شيخو
احمد حسن محمد
علي محمد صالح
عثمان علي معروف
طاهر ملا حكيم احمد

دهوك

ملا علي همزه علي
صالح ياسين صالح
جندي عثمان شيخو
يونس احمد خلف
زبير عبدالله ياسين
محمد حسن احمد محمد
خورشيد محمد صالح
محمد علي
عبدالقادر مصطفى يوسف
احمد عبدالله جلبي
رشيد ظاهر علي
يونس مصطفى حاجي شاهين

سلێمانی

حسن علي حسن
رشيد قادر محمود
عبدالله عبدالرحمن محمود
عمر محمود محمد
مصطفى عبدالرحمن قادر
عمر حمه صالح احمد
مجيد قادر رسول
كورون احمد سعيد
حمه امين احمد علي
سليمان كريم محمد
شريف مجيد رضا
ملا محمود احمد رسول
محمد امين محمود عبدالله
حمه علي حمه صالح غفور
صابر عبدالله محمد
ملا صادق كريم
حسين حسن محمد
ملا رحيم احمد محمد
احمد محمد ابراهيم
حسين عبدالرحمن علي
ملا علي بارام ويس
قادر عبدالله علي
حمه سعيد حمه ويس
حسين رحيم محمد
ملا رضا صالح بارويس
عبدالله حمه امين حمه حسين
امين يوسف احمد
محمد امين حمد امين سعيد
احمد عبدالله رحمن
ملا محمود عارف قادر
توفيق عزيز محمود
احمد علي قادر
عيسى مجيد فتاح
مشير محمد عبدالله
صالح محمد رسول
سيروان محي‌الدين قادر
محمد صالح كريم
حكيم هدايت غفور
عبدالرحمن محمد رحيم
علي سليمان عمر
حكيم صادق بهاءالدين
علي سيف الدين ناو خاص
كريم رشيد عبدول
احمد نادر محمد
سلام كريم غفور
شكر افندي مجيد
ابو بكر محمود ابو بكر
عثمان عبدالله محمد كريم
حسين علي بارام
عثمان احمد سعيد
محمد توفيق شريف
علي عەول محمد حمه خان
حسن حمد امين حسين
كامل علي محمود
ملا باقي رشيد محمود
احمد ابراهيم احمد
عباس محمد امين انور
ابو بكر حمه احمد
توفيق ابراهيم احمد
محمد حسين احمد
عبدالله حمه رضا عبدالله
عبدالقادر حسن محمد
ناصر عبدالله عمر
روءوف مجيد رشيد
احمد رشيد سعيد
صبيحه صالح

ئەسەرێ

عبدالقادر خليل

دەمولچی دابو بەیەکدا چ کەسێك توانای ئەوەی نەبو کە پێی بلێت ئەرێ ئەوە چی روی‌داوە گەمێکەت کەوتۆتە بن دەریا یا چ باسە ئاوا دۆش داماویت مالت بەیەك پارچە کردۆتە دۆزەخ تەنانەت منداڵەکانیشت ناوێرین بلێین ئەرێ باوکە ئەوە بۆچی سێ چوار رۆژە تەنانەت خواردنو خواردەمەنی رۆژانەیشت لێ‌کردوین بەژهری مارو مالت لێی شێواندوین ؟ الەگەل خۆم کرد بەژورا ژنو منداڵ هەمو چاوی پر گریەو ئازاریان تێ‌بریم دەتگوت فریشتەم هانومەنە ناویان چاوم لێ‌بو هەمو دەستیان دەهێنا بەروودا رووبان دەکردە ئاسمان وەکو بلێین ئۆخەی . ئۆخەی روم‌کردە هاوریێ‌کەمو گوتم ئەرێ ئەوە بۆچی سێ چوار رۆژەدیار نیت ؟ لام وایە ئەگەر نەهاتمایە بۆ لات هیچ هەواڵێکت نەدەپرسین ؟ هاوریێ‌کەم ئاهێکی پر چزورکی پر ئازارۆنیشی هەڵ کێشاو گوتی . برا مالم وێران‌بوە دیاری چی بم ئەوەی لە من رووی‌داوە لە دوژمنەکانیشت روو نەدات . زۆربە هێمنی گوتم رووداوی چی جارێ پێم بلێ بۆ دیارنیت ؟ هاوریێ‌کەم الەتاو ئێشو ئازاری خوی ئاگری جگرەکەی نا بەلێوەیەوەو گوتی مالم شیوا مالم چو بوکە سورم چو . رووم تێ‌کردو گوتم کورە کابرا تۆ لەجیاتی مژبدەیت لە جگرەکە مژ لەئاگری جگرەکە دەدیت هەی بەواتەی خۆت مال وێران . ژنەکەی روی تێ‌کردمو گوتی کاکە ئەمە پیشەیەتی سێ چوار رۆژە مانی لێ‌گرتوین نەنانمان نانەوە نەئاومان ئاو .

هەر چەند پی‌ی دەڵیم کابرا بەس نەبو خوت رزگارت بو مالی دنیا چلکی دەستە هیچ پێویست ناکات خوت ئاناوا دل ئازار بدەیت . رومکردو هاوریێ‌کەمو گوتم پێم بلێ چی روی‌داوە تابتوانم بە شداریت بکەم بلکو بەمەزدوکمان شتێك بکەین . هاوریێ‌کەم زمانێکی هێنا بەجێ چزەی ئاگری جگرەکەی سەر لێویو گوتی کاکە لەسەر لێواری رێگاکە وەستام تا سواربوی ئوتومبێلەکەم لەسەرخۆ بێنە خوارەوە وچەند کەسێکی تریش خریکی سواربون بون کە لەبر تراکتورێك وەك شملی شەر وەك بایەقوش خوی دابە لایەکی ئۆتۆمبێلەکە داو نالەی لێ‌هەڵساندمو دەرگاو روی ئۆتومبێلەکەمی تێك شکاند لەهەمو لایەکەو یا الله یا الله دەستی پێ‌کرد هاتمە خواری کەروانیم قوربان مالی وێران کردوم کاکی خاوەن تراکتۆر هێشتا لێم دەهاتە پێشەوەو ئاوان باری دەکردم . کاکە چیت بۆ باس بکەم ئوتومبێلمان راکێشایە بەردەم وەستای تەنەکەچی . جاری بەدەورویشتی ئوتومبێلەکەدا چەرخەیەکی کردو دوو سێ‌جارسەری لەقاندو گوتی کاکە لێ‌دانەکەت زۆر سەختەو خۆیشت دەزانی کار ئەمرۆ بەپارە دەکرێت ئایا توانای ئەوەت هەیە بێتە ژێر باری خەرج کردنەوە . لە دڵی خومدا گوتم ئای قوربەسەرم جارێ هەر لە ئێستاوە ئەمە خواستی بێت داخو پینەو پەروکەی‌و بویاخ‌کردنەکەی چی داوابکات . قسە لەمنو قسەلەو چەند کەسێك کەوتە بەینەوەو هێندێك من دەناسێت . هێندێك ئەو دەی هەوڵێکی زۆر درا تارێك بخرێن . کاکی تەنەکەچی کە ١٥ ساڵ لەمەوبەر سەماوەری تەنەکەو گەمەدەی منداڵی دروستدەکرد ئەمرۆ بەفیزەوە پەیتا پەیتا جگرەی کەند دەنێت بەلێوەو ئەگەر جگرەی خومانەی بدەیتێ دەڵێت بەم جگەرەیێ کەلکانە دەکۆکم پێم ناکەوێت . بەلێ بەروەردەی جگەرەی‌کەندە . جارێ تۆ پێم بلێ چون چونی رێك‌کەوتن چیم‌داوە لەم باسە . کەند دەکیشێ سەماوەری دروستدەکرد خۆ ئەمرۆ لەدەرگاکەی نوسیوە کارگەی تەنەکەچێتی ئوتومبیلو بویاخ‌کردن . ئەمەیان بلێ .

هاوریێ‌کەم گوتی بەلی وەستایە وەستایە . با قسەی تۆبێت گوتم چون رێك کەوتن منیش دەنیاسم بابچینە لای . بەلی خۆمان تەکان داو رومان‌کردە لای وەستای چاك‌کردنی هەمە چەشنە ئوتومبێلیك وەستای بویاخی ئوتوماتیك . ئای قوربەسەرم ناوی ئوتوماتیکدا خریکە دەستی ئەم خەلکە دەبرێت . کەوتینە گفتوگۆ داوای چوار سەد دیناری لێ کردین دیاربو هاوریێ‌کەم ناهەقی نەبو ئەو سێ چوار رۆژە ماڵی کردبو بە دۆزەخ پارویەك بەگەرویدا نەدەچوە خوارەوە روم‌کردە وەستاو گوتم کاکە هاوریێ‌کەم توانای ئەمەی نییە بەو حیسابەی تۆ بێت چەکوشو بێنج دینار دەکەوێت وەرە من رۆژی هەزار چەکوشت بۆ دەوەشێنم بەمەموی دینارێکم پێ‌بوە . جا چاك ئەم خەلکە دوو چاری ئەم جۆرە فریکە وەستایانەبون . هەر ئەوەندە بزانن لەمەمو لایەکەوە .

دەزگای تایەبەتی دامەزرا بۆ خەلکیو ئەم فەقیرو هەژارە لە کەندکێشەکان رزگاریان بو دامو دەزگای شورش ئاگای لە هەموشتێك هەیە خاك بەسەرتان .

چەند پرۆژەیەك « پاشماوە »

وە لە پارێزگای دهۆکیش موناقەسەی ١٨٠ شوقە دراوە بە قونتەرات چێکان کە هەریەکێك لەو عەمارانە ١٢ شوقەی تێدا ئەبێت .

ئەو پرۆژانەش کە چاوەڕوان ئەکرێت لەساڵی ١٩٧٨دا لەناوچەی کوردستاندا جێ‌بەجێ‌بکرێت .. برێتیە لەدروست‌کردنی ١٠ کۆشك لە پارێزگای دهۆك هەریەکە لەو کۆشکانە ١٢ شوقەی تێدا ئەبێت و ٧٥٠ هەزار دیناری تێ‌ئەچێت .. وە لە پارێزگای سلیمانی ١٠٨ شوێنی نیشتەجێ‌کردن دروست‌ئەکرێت ئەم پرۆژەیە ٦٥٠ هەزار دیناری تێ‌ئەچێت .

جێگری سەرۆك « پاشماوە »

خان جلالر وەزیری بازرگانیو علی احمد خرم وەزیری ئەخشەکێشانو دوکتۆر عبدالله عمر وەزیری ئەندروستیو عبدالصمد غوت وەکیلی وەزارەتی دەرەوە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون .

لە کۆبوونەوەکەدا کە زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند باسی بەیوەندی دوو قۆڵیو چۆنیەتی پێشخستنی کرا هەروەها باسی ئەو مەسەلە دەولەتیانە کرا کە هەردوو لا بایەخی پێ ئەدەن .

پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی عیراق کە لەگەڵ وەفدەکە چووە وویەتی :

هەردوولا لە بارەی‌سەرنجیان بۆ پێشخستنی پەیوەندی هاریکاری نێوان عیراقو ئەفغانستان وەك یەك بوو .

لەلایەکی ترەوە رۆژنامەکانی ئەو بەیانیەکە لەکابلەوە دەرئەچن بایەخێکی گەورەیان داوە بەسەردانەکەی جێگری سەر کۆمارو ئەو وەفدەی کە لەگەڵیایەتی .

رۆژنامەی کۆمارو کابل نایمو هیواد لە لاپەڕەکانی یەکەمیاندا وێنەکانی پێشوازی کردن لە بەرێز جێگری سەر کۆمار لە فرۆکەخانەی کابلو ئەو بەیەك گەیشتنەی کە لەگەڵ سەرۆکی ئەفغانی لە کۆشکی کۆماری کردوویەتی بڵاویان کردبوەوە .

لە لایەکی ترەوە شەوی دووشەممەی رابوردوو بەرێز طه محی‌الدین معروف جێگری سەرەك کۆمار لەو خوانی نان خواردنەدا ئامادەبوو کە دکتۆر عبدالمجید وەزیری دەولەتی ئەفغانستان بۆی کردبوو وەزیرانو سەرۆك نێرراوە دیپلۆماسییە عەرەبیەکانو بێگانەکانو کاربەدەستە گەورەکان ئەفغانستانیشی تێدا بانگهێشتن کردبوو .

بەرێز جێگری سەرۆك لەوتەیەکدا کە لەو شوێنەدا دای سڵاوو خواستی بەرێز سەرۆك احمد حسن البکری بە سەرۆکی کۆماری ئەفغانستان سەرۆك محمد داودی برایو لە گەڵ سڵاوو خواستی عیراق بە گەلو حکومەتەوە بۆ گەلو حکومەتی ئەفغانستان راگەیاند .

بەرێز جێگری سەرۆك وتی ، سەردان لە یەکتری نێوان کاربەدەستانی هەردوو وڵات ئەبێتە مایەی پتەوکردنی پەیوەندییەکان ، ئەو پەیوەندییە باشانەی کە لە سەر رێزگرتنی هەردوو لاو سوودی هاوبەشی دامەزراونو عیراق بە سەکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست تێ ئەکۆشی لە پێناو بەرەو پێشەوە بردنیان .

ئەمەو جێگری سەرۆك بەرێز طه محی‌الدین معروف دوێنێ نیوەڕۆ لەگەڵ وەفدەکەی لەگەڵیدایو گەڕایەوە بەغدا دوای ئەوەی سەری لە مالیزیاو ئەفغانستان‌داو سەردانەکەی حەوت رۆژی خایاند .

بەرێز معروف بە (ئا.د.ع) راگەیاند کە لە سەردانەکەیدا سڵاوی بەرێز سەرۆکی خەباتکەر احمد حسن البکری بە خاوەن شکۆ مەلیك یانخدی برتوان ئاغونك مەلیکی مالیزیاو بەرێز محمد داود سەرەك کۆماری ئەفغانستان راگەیاندووە ..

هەروەها هەستو سڵاوی گەلو حکومەتی عیراقی بە گەلو حکومەتی مالیزیاو ئەفغانستان راگەیاندووە .

وە وتی لەچاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ کاربەدەستانی مالیزیاو ئەفغانستان لەو رێبازانە دواون کە یەبوەندی دووقۆڵی نێوان عیراقو ئەو دوو دەولەتە دۆستە لە چوارچێوەی رێزی بەرامبەر بەرژەوەندی هاوبەشدا بەرەوپێشەوە بەرێز معروف ستایشی ئەو هەلوێستە پتەوانەی کرد کە هەر دوو حکومەتو گەلی مالیزیاو ئەفغانستان بەرامبەر تێکۆشانی عەرەب دژی زایۆنیو ئیمپریالیزم هەیانە .

بەرێز طه محی‌الدین معروف جێگری سەرەك کۆمار دوێنێ بەیانی دوای سەردانێکی رەسمی لە ئەفغانستان کە سێ رۆژی خایاند شاری (کابل)ی پایتەختی ئەو وڵاتەی بەجێهێشتو گەڕایەوە بۆ وڵات ، وە لە فرۆکەخانەی کابل بەرەسمی بەرێ‌کراو لە بەرێ‌کردنەکەیدا ژمارەیەك لەوەزیرە بەرێزکانو حکومەتی ئەفغانستان ئامادەبوون .

وەزیری دەولەتی ئەفغانستان بە مەوکیبێکی رەسمی لە کۆشکی میوانداری‌یەوە تا فرۆکەخانە لەگەڵ بەرێز معروف داهاتو لەوێش بەرێز معروف تەوقەی ماڵ ئاوایی لەگەڵ وەزیرە بەرێزەکانو پارێزگاری کابلو بەرێوەبەری گشتی پۆلیسو سەرۆك نێرراوە دیپلۆماسییە عەرەبیەکانو بێگانەکانو ئەندامانی بالوێزخانەی عیراق لەکابل کرد کە بۆ بەرێ‌کردنی لەوێ ئامادەبوون .

بەرێز صدام حسین « پاشماوە »

بەرێز سعد قاسم حمودی وەزیری راگەیاندنو وەزیری رۆشنبیریو هونەرەوە بە وەکالەتو هەندێ لە هاوڕیان ئەندامانی مەکتەبی رۆشنبیری و راگەیاندنەوە پێشوازی لێ کرا بەرێز صدام حسین راسپاردەکانی خۆی لە بارەی بوختەتر کردنی چالاکیەکانی راگەیاندنو رۆشنبیریەوە لە بەر روشنایی بیروراکانی شۆڕشو حزبە سەرکردەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستداو لە پێناوی ئەمانجەکانی جەماوەر لە یەکیەتیو سەربەستیو سۆشیالیزمدا راگەیاند .

بەرێز صدام حسین گوێی لە کورتە باسێکی کارو چالاکیە جۆراو جۆرەکانی وەزارەت گرت کە لەلایەن بەرێز وەزیرەوە پێشکەش کرا .

لە کۆتایی سەردانەکەدا بەرێز صدام حسین لە لایەن بەرێز وەزیری راگەیاندن وەزیری رۆشنبیریو هونەر بەوەکالەتو هاوڕێیان ئەندامانی مەکتەبی رۆشنبیریو راگەیاندنو لێپرسراوە گەورەکانی وەزارەتەوە بەرێ خرا .

رۆژنامە نووسێك « پاشماوە »

چاویان‌کەوت بەنوسەرو رۆژنامەنوسی پۆلونی (یوهدان رویلتسکی) کە لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەی کوردستان سەری لە پارێزگای هەولێرداوە . بۆ تەماشا کردنی ناوچە شوێنەوارییەکانو ناوچەکانی گەشتو سەیران تیایداو پەیوەندی بە لێ‌پرسراوانەوە بۆ ئەم مەبەستە بکات .

رۆژنامە نوسی پۆلونی ئەم دوو چاوپێکەوتنەدا روانیە ئەو گۆڕانانەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بیا تێ‌ئەبەرێت وەئەو کاروبارانەی بۆ پێش‌خستنی کاروباری گەشتو سەیران لەناوچەکەدا کراوە .

« پاشماوە »

ئەلێن ئەمانە یارمەتی گەیاندنی چەکدارەکانیان بۆ فرۆکەخانە داوە .

لە لایەکیکەوە بڵاو کرایەوە ئەو دەستەیەی هەوڵی کوشتنی خدامیاندا خۆیان کردوە بە فرۆکەیەکی چیکوسلوڤاکیا کە لە فرۆکەخانەکە وەستابوو وەدوای شەرە گوللەیەکی خێرای هێزی پۆلیس توانی بیان‌گرن .

لەکاتی خۆیشیا رێکخراوی (حوزەیرانی رەش) بەرپسیاری خۆی بەرانبەری یەکەم هەوڵدانی کوشتنی خدام لە کانوونی یەکەمی رابوردوا پێنج کەسی تریش گرتوەو راگەیاند .

وەزیری دەرەوەی رژێمی

کردەوە کە غباش لە ئەنجامی کاریکەری برینەکانیدا کۆچی دوایی کردو ئیزگەو تلفزیونی ابو ظبي بەرنامەکانی گۆڕی بە قورئان‌خوێندنو بریاری پرسەدانانی بۆدرا .

ئەوەی شایانی باسە خدام لەکانوونی یەکەمی رابوردوشدا لە رێگای دوەلی بەینی دمشقو بیروت بریندار کراو چەند مانگێك لە خەستەخانە کەوت .

واش زانراوە کە یەکێك لەو کۆمەڵە چەکدارەی دوێنێ ویستیان خدام بکوژن گیراوە هەر وەها بڵاویش کرایەوە کە دەسەڵاداریتی ئەوێ پێنج کەسی تریش گرتوەو راگەیاند .

چەند پرۆژەیەك « پاشماوە »

وە لە پارێزگای دهۆکیش موناقەسەی ١٨٠ شوقە دراوە بە قونتەرات چێکان کە هەریەکێك لەو عەمارانە ١٢ شوقەی تێدا ئەبێت .

ئەو پرۆژانەش کە چاوەڕوان ئەکرێت لەساڵی ١٩٧٨دا لەناوچەی کوردستاندا جێ‌بەجێ‌بکرێت .. برێتیە لەدروست‌کردنی ١٠ کۆشك لە پارێزگای دهۆك هەریەکە لەو کۆشکانە ١٢ شوقەی تێدا ئەبێت و ٧٥٠ هەزار دیناری تێ‌ئەچێت .. وە لە پارێزگای سلیمانی ١٠٨ شوێنی نیشتەجێ‌کردن دروست‌ئەکرێت ئەم پرۆژەیە ٦٥٠ هەزار دیناری تێ‌ئەچێت .

بۆزانین

وەزارەتی کاروخانەسازی بەڕێوەبەرێتی گشتی کار

قۆنتەراتی نهێنی ژمارە (٧٧/١١١) بۆ دروستکردنی خانووی بەڕێوەبەری ناحیە تل عبطە/پارێزگای نەینەوا ٠٠

رای ئەگەیەنین ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەڵە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لەمەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەریەتی‌یە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگا بە (ـر٥) پێنج دینار دەستبکەوێت کە نادرێتەوە بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجەگشتی‌و مواسەفاتە هونەری‌یەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش‌کاتژمێری دوانزەی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٧ـ١١ـ١٩٧٧و لەسنووقی تەندەرەکان لەمەڵبەندی بەڕێوەبەرێتی گشتی‌کار دائەنرێ‌و درێژترین‌ماوە بۆ جێبەجێ‌کردنی کار (٦) شەش مانگە ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەڵ تەندەرەکان‌دابن :ـ
ئا ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (٣٠٠) سێسەد دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق کەبۆ ماوەی شەش مانگ لەرۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆرکراودابێت ٠
ب ـ پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەك‌دا لەبەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێت‌و بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە ٠
ج ـ بەرنامەی ئەوکارانە لەمە ئەچن ٠
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی‌خۆیدا پێشکەش‌ئەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تیانەبێت پشت‌گوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەریەتی‌یە لەسەری نی‌یە نزمترین تەندەر لەرووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی‌تر قبوول‌بکات

٦ ـ تەندەرکان بەئامادەبوونی قۆنتەراتچیەکان لەکات‌و رۆژی دیاری‌کراوی سەرەوە ئەکرێتەوەو ئەنجامە سەرەکیەکان لەتەختەی بۆزانینەکان هەڵئەواسرێن ٠

٧ ـ هەر رۆژێکی دواکەوتنی‌کار (ـر١٠) دە دینار سزا ئەدرێت ٠

٨ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لەرۆژی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٩ ـ نرخەکان بەژمارەو بەنووسین دیارئەکرێن ٠

بەڕێوەبەری گشتی‌ی کار
غسان عبدالله رضوان

بۆزانین

وەزارەتی کاروخانەسازی بەڕێوەبەرێتی کاری‌گشتی

قۆنتەراتی نهێنی ژمارە (٩٧٧/١١٢) بۆ دروستکردنی خانووی بەڕێوەبەری ناحیە زاب/پارێزگای نەینەوا ٠

رای ئەگەیەنین ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەڵە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لەمەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌یە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای نەینەوا (ـر٥) پێنج دینار دەستبکەوێت کە نادرێتەوە بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجەگشتی‌و مواسەفاتە هونەری‌یەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش‌کاتژمێری دوانزەی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٧ـ١١ـ١٩٧٧و لەسنووقی تەندەرەکان لەمەڵبەندی بەڕێوەبەرێتی گشتی‌کار دائەنرێ‌و درێژترین‌ماوە بۆ جێبەجێ‌کردنی کار (٦) شەش مانگە ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەڵ تەندەرەکان‌دابن :ـ
ئا ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (٣٠٠) سێسەد دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق کەبۆ ماوەی شەش مانگ لەرۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆرکراودابێت ٠
ب ـ پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەك‌دا لەبەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێت‌و بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە ٠
ج ـ بەرنامەی ئەوکارانە لەمە ئەچن ٠
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی‌خۆیدا پێشکەش‌ئەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تیانەبێت پشت‌گوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەریەتی‌یە لەسەری نی‌یە نزمترین تەندەر لەرووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی‌تر قبوول‌بکات

٦ ـ تەندەرکان بەئامادەبوونی قۆنتەراتچیەکان لەکات‌و رۆژی دیاری‌کراوی سەرەوە ئەکرێتەوەو ئەنجامە سەرەکیەکان لەتەختەی بۆزانینەکان هەڵئەواسرێن ٠

٧ ـ هەر رۆژێکی دواکەوتنی‌کار (ـر١٠) دە دینار سزا ئەدرێت ٠

٨ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لەرۆژی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٩ ـ نرخەکان بەژمارەو بەنووسین دیارئەکرێن ٠

بەڕێوەبەری گشتی‌ی کار
غسان عبدالله رضوان

بۆزانین

بۆ زانینی قۆنتەرات‌کردنی چێشتخانەی میللی لە سەلاحەدین

ئەمینداریەتی گشتی بەڕێوەبردنی شارەوانی‌وهاوینەهەوارەکان داوا لەو کەسانە ئەکات کە ئارەزوویان هەیەو شارەزاو پسپۆرن لە بەڕێوەبردنی چێشتخانەی‌باشی گەشت‌و گوزاریدا کە بەشداربن لەو مزایەدەدا بۆ قۆنتەرات‌کردنی چێشتخانەی میللی لە هەوارگەی‌سەلاحەدین بۆ ماوەی ساڵێك‌و دوو مانگ لە ١ـ١١ـ١٩٧٧ تا ٣١ـ١٢ـ١٩٧٨و ئەتوانرێ نوسخەیەك لە مەرجەکانی ئەوقۆنتەراتە لە ئەمینداریەتی گشتی بەڕێوەبردنی شارەوانی‌و هاوینەهەوارەکان دەست بکەوێت ٠

تەندەرەکان بە بەڕێوەبردنی شارەوانی‌و هاوینەهەوارەکان لە ناو زەرفێکی مۆرکراودا پێشکەش ئەکرێت‌و پێویستە تەندەرەکان بارمتەی سەرەتایی یان لەگەڵا بێ(ـر٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دیناری نەقدی ٠

یانوسراوێکی باوەرپێ‌کراوەکە لە یەکێك لە بانقەکان‌دەرچووبێت (لە شێوەی کەفالەی بانق‌داو هەرچەکێکی مۆرکراو نەبێ قبوول ناکرێت) ٠

ماوەی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە کاتژمێری‌دوانزەی رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠ـ١٠ـ١٩٧٧ هەر تەندەرێك لە کات‌و رۆژی دیاری‌کراوی خۆیدا پێشکەش‌نەکرێت‌و یا پسولەی بارمتەو نوسراوی (ضمان)ی‌و یا شەهادەنامەی شارەزایی لەگەڵا نەبو بەهیچ ئەژمێردرێ‌و بشت‌گوێ نەخرێ ٠

کرێی چێشتخانەکە ئەکرێت بەسێ بەش لەماوەی‌شەش مانگی یەکەمیدا ئەدرێت‌و پارەی بڵاوکردنەوەی ئەم بۆ زانینە لەسەر ئەو کەسەیە کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرئەچێت ، ئەم ئەمینداریەتی‌یە لەسەری‌نی‌یە بەرزترین نرخ یا هەر نرخێکی کە قبوول بکات ٠

ئەمینداری گشتی بەڕێوەبردنی
شارەوانی‌و هاوینەهەوارەکان

بۆزانین

دەزگای رێکخستنی دانەوێڵە بێ خۆشە بەهاوڵاتیان‌ووەکیلی فرۆشتنی برنج بەتاکە رابگەیەنێت کەوا میقدارێکی زۆری لە برنجی چاکی ناوخۆیی بە هەموو جۆرەکانی‌و لەعەمباری سایلوەکانی موصل ، حلە ، کوفە ، عمارە ، کوت ، بەغداو ، هەولێردا هەیە ئەو کەسانەی ئارەزووی کڕینیان‌هەیە راستەو خۆ موراجەعەت بکەن بۆ کڕینی ئەو میقدارەی کە پێویستی‌یان پێ هەیە بەپێی ئەو نرخانەی بڕیاری‌لەسەر دراوەو بەپێی چەشنەکانی کە بەم جۆرەی خوارەوە هەیە ٠

چەشنەکەی	نرخی هەر تونێکی بەکۆ	نرخی هەر تونێکی بەتاك
برنجی عەنبەر دەرەجە یەك	١٩٠/٠٠٠	٢٠٠/٠٠٠
برنجی عەنبەر دەرەجە دوو	١٢٠/٠٠٠	١٣٠/٠٠٠
برنجی یاریست	١١٠/٠٠٠	١٢٠/٠٠٠
برنجی نەعیمە	١٠٠/٠٠٠	١١٠/٠٠٠
برنجی بەسمەتی ناوخۆیی	١١٠/٠٠٠	١٢٠/٠٠٠
برنجی حویز	٨٠/٠٠٠	٩٠/٠٠٠

بۆزانین

لەپرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی ـ بەرنامەی رەنێوهێنان ئەمینداریەتی گشتی بەڕێوەبردن کاروخانەسازی ناوچەی کوردستان قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٩٧٧/٥٨ قۆنتەراتی دروست‌کردنی خەستەخانەی نەخۆشی سنگ لە سەندور ـ دهۆك ٠

رای ئەگەیەنین ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەڵە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لەمەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەریەتی‌یە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای دهۆك بە (ـر١٥) پانزە دینار دەستبکەوێت کە نادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجەگشتی‌و مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٥ـ١٠ـ١٩٧٧ ئەبێت‌و ئەدرێت بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەمەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی‌یەدا ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەڵ تەندەرەکاندابن :ـ
أ ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (ـر٤٠٠٠) چوارهەزار دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شەش مانگ لەرۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکاربێت ، یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت ٠
ب ـ پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەك‌دا لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێت‌و بۆ ئەم ساڵ تازەکرابێتەوە ٠
ج ـ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن ٠
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەرتەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش ئەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تیدا نەبێت پشت‌گوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەریەتی‌یە لەسەری نیە نزمترین تەندەر لەرووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی تر قبوول بکات ٠

٦ ـ هەر رۆژێکی دواکەوتنی کار (ـر٢٠) بیست دینار سزا ئەدرێت‌و پێویستیشە قۆنتەراتچیەکە کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەدرێتی ئەندازیارێکی سەربەرشتی کەر دابنێت ٠

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لەرۆژی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا ئەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی کە قۆنتەراتەکەی بۆدەرچووە ٠

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچی پوولێکی (٢٥٠) فلس بەتەندەرەکەوە بلکێنێت ٠

١٠ـ ئەو تەندەرانە پشت‌گوێ ئەخرێن ئەگەر لەناو زەرفێکی داخراودا نەبن ٠

١١ـ لەبەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجە گشتی‌یەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەهەردوو بەشی یەکەمو دوومیەوە ، ئەبەسترێت ٠

١٢ـ هەر سڵ‌کردنەوەیەك لەلایەن قۆنتەراتچیەکانەوە لەنێو تەندەرەکان بنوسرێت بەهیچ ئەژمێردرێ‌و رەفز ئەکرێ ٠

شیروان علی امین
ئەمینداری گشتی‌ی
کاروخانەسازی

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی ـ بەرنامەی رەنێوهێنان ـ ئەمینداریەتی گشتی‌ی بەرێوەبردنی کاروخانەسازی ناوچەی کوردستان قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ١٩٧٧/٦٠ ٠

رای ئەگەیەنین ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ ئەتوانرێ کۆمەڵە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەریەتی‌یە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای سلێمانی بە (ـر٢٥) بیست‌و پێنج دینار دەست بکەوێت کە نادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجە گشتی‌و مواسەفاتە هونەری‌یەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوا ماوەی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٣ـ١١ـ١٩٧٧ ئەبێت‌و ئەدرێت بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی‌یەدا ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە دەبێت لەگەڵ تەندەرەکان‌دا بن :
آ ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (ـر١٥٠٠) دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق بۆ مادەی شەش مانگ لەرۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت ، یاخود لە شێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت ٠
ب ـ پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەك‌دا لەبەڕێوەبەرێتی باجی‌داهاتەوە دەرچووبێت‌و بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە ٠
ج ـ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن ٠
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش ئەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تیا نەبێت پشت‌گوێ ئەخرێ ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەریەتی‌یە لەسەری نیە نزمترین تەندەر لە رووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی تر قبوول بکات ٠

٦ ـ هەر رۆژێکی دواکەوتنی کار (ـر٢٠) بیست دینار سزا ئەدرێت‌و پێویستیش قۆنتەراتچیەکە کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەدرێتی ئەندازیارێکی سەربەرشتی کەر دابنێت ٠

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لەرۆژی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکانەوە ٠
پێشکەش‌کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچی‌یەکان نەخشەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا ئەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە ٠

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچی پوولێکی (٢٥٠) فلس بەتەندەرەکەوە بلکێنێت ٠

١٠ـ ئەو تەندەرانە پشت‌گوێ ئەخرێن ئەگەر لەناو زەرفێکی داخراودا نەبن ٠

١١ـ لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بەمەرجە گشتی‌یەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەهەردوو بەشی ، یەکەمو دووەمەیەوە ، ئەبەسترێت٠

١٢ـ هەر سڵ کردنەوەیەك لەلایەن قۆنتەراتچیەکانەوە لەنێو تەندەرەکان بنوسرێت بەهیچ ئەژمێردرێ‌و وەرەفز ئەکرێ ٠

شیروان علی امین
ئەمینداری گشتی‌ی
بەرێوەبردنی کاروخانەسازی

بۆزانین

وەزارەتی کاروبارو باری نیشتەجێی بەریوەبەریتی گشتی کاروبار

موناقەسەی نهینی ژمارە (٧٧/١٢٨) دروست‌کردنی خانوی قائمقامی تەلعفەر پارێزگاری نەینەوا ٠٠

رای دەگەیەنین ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەڵە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌یە لە پارێزگای نەینەوا یاخود لە بە « ـ/١٠ »دە دینار دەست بکەوێت کە نادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجە گشتی‌و مواسەفاتە هونەری‌یەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ رۆژی یەکشەممەی رێکەوتی ٢٦ـ١٠ـ١٩٧٧ ئەبێت‌و دەدرێت بە بەڕێوەبەری کاروبار دواکاتی تەواو بونی کار (١٠) مانگە ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەڵ تەندەرەکان‌دا بن :
أ ـ بارمتەی سەرەتایی « پێشەکی » نزیکەی (٤٠٠) دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە رۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکاربێت ، یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت ٠
ب ـ پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگە نامەیەك‌دا لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچوو بێت‌و بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە ٠
ج ـ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن ٠
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تیدا نەبێت پشت‌گوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەریەتی‌یە لەسەری نی‌یە نزمترین تەندەر لەرووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی‌تر قبوول بکات ٠

٦ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش‌نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تیا نەبێت پشت‌گوێ ئەخرێت ٠

٧ ـ سزای دواکەوتنی هەر رۆژی کار (١٠) دیناره ٠

٨ ـ ماوەی تەواوبوونی کاری بارمتە شەش مانگە ٠

٩ ـ هەموو نرخی بە ژمارەو نووسراو دیاری ئەکرێ ٠

بەریوەبەری گشتی کاروبار
غسان عبدالله رضوان

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی ـ بەرنامەی رەنێوهێنان ـ ئەمینداریەتی‌گشتی بەرێوەبردنی کاروخانەسازی ناوچەی کوردستان ٠
قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٩٧٧/٥٩ ٠

لەبەر بەرز بوونی ئەو نرخانەی کە لەلایەن قۆنتەراتچی ژمارە ١٩٧٧/٤٥ پێشکەش‌کراوە ، بۆیە بڕیارماندا بەم مەرجانەی خوارەوە ئیعلانەکە دوبارە بکەینەوە ٠

١ ـ ئەتوانرێ کۆمەڵە ئیستارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە ، یاخود لەبەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای سلێمانی بە (١٠) دە دینار دەست‌بکەوێ ، کە شایەنی رەتکردنەوە نیە ، بەڵام ئەبێ قۆنتەراتچی مەرجە گشتی‌و مواسەفاتە هونەریەکان کاتێ بکرێ ، کە قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوا ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٣٠ـ١٠ـ١٩٧٧و تەسلیمی سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەدانان ئەکرێ لەمەرکەزی ئەو ئەمینداریتە ٠

٣ ـ ئەندەرەکان ئەمانەی خوارەوەیان لەگەڵا ئەبێ ٠
آ ـ بارمتە سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (٢/٠٠٠) دوو هەزار دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە رۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت ، یاخود لە شێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت ٠
ب ـ پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەك‌دا لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچوو بێت‌و بۆ ئەم ساڵ تازە کرا بێتەوە ٠
ج ـ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە دەچن ٠
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تیا نەبێت پشت‌گوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەریەتی‌یە لەسەری نی‌یە نزمترین تەندەر لەرووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی‌تر قبوول بکات ٠

٦ ـ هەر رۆژێکی دواکەوتنی‌کا (٢٠) بیست دینار سزا ئەدرێت‌و پێویستیشە قۆنتەراتچی‌یەکە کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەدرێتی ئەندازیارێکی سەربەرشتی کەر دابنێت ٠

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لەرۆژی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا ئەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە ٠

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچی پوولێکی (٢٥٠) فلسی بەزەرفەکە بلکێنێ ٠

١٠ـ ئەو تەندەرانەی لە زەرفێکی داخراودا نەبن رەفز ئەکرێن ٠

١١ـ لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بەمەرجە گشتیەکانی قۆنتەراتەکەدا پشت بەمەرجە گشتیەکانی قۆنتەراتی بەشی یەکەمو دووەمیەوە ئەبەسترێ ٠

شیروان علی امین
ئەمینداری گشتی‌ی
بەرێوەبردنی کاروخانەسازی

کۆمەڵی هونەرو وێژەی (پاشماوە)

کەوا دەمێك بوو هونەرمەندو ئەدیبانی ئەو شارە بەتاسەوەی بوون ٠٠ ئەمیش دوای هەوڵو تەقەلایەکی زۆر ٠٠ ئەم بەشە سەر بە لقی کۆمەڵەیە لە هەولێر ، چونکە قەزای رەواندز ـ ئیداریەن ـ سەر بە پارێزگای هەولێرە ٠

نەخشەی داهاتوو :

● لە مامۆستا خلیل یابەمان پرسی (نەخشەی داهاتوتان چیە) ؟٠٠ ئەمیش لە وەڵامدا ووتی :

ـــ ئیازمان وایە کۆڕێکی ئەدەبی لە کۆتایی ئەم مانگەدا بۆ شاعیرێکی ناوداری کورد (سازبکەین) کە تیایدا باسی تاقیکردنەوەی ئەدەبی خۆی دەکات و چەند هونراوەیەکیش دەخوێنێتەوە ـ کە تا ئێستا هەندێکیان بلاونەکراونەتەوە ٠٠ هەروا ئیازمان وایە چەند گۆرانیەکی میللی و فۆلکلوری نوێ تومار بکەین کە کاك رزگار خۆشناو ئامادەیان کردوە ٠٠ وە ئێستا خەریکین چەند شانۆگەریەك ئامادە بکەین بۆ پێشکەش کردنیان لە سەر شانۆ و تۆمار کردنیان لە تەلەفزیونی (تەئمیم) ، لە مانە شانۆگەری (سەیران) کە لە نووسینو دەرهێنانی هونەرمەند (مهدی ئومید)ە ، ئەم شانۆگەریە بۆمنالانەو بە تایبەتی قوتابیانی هەولێر ئەکتەرەکانیشی منالن ٠٠ دەتوانم یلێم ، ئەم تاقیکردنەوەیە ، شتێکی نوێ یە) لە کوردستاندا ٠٠ هەروا ئیازمان وایە « ئەفسانەی چیای ئاگرینی » بەشار کەمال بدەین بە تەلەفزیونی (تامیم) بۆ تۆمارکردنی « کاکە مەسی بۆتانی » ئەم چیرۆکەی بۆ شانۆ ئامادەکردوەو کاك مهدی اومیدیش دەری دەهێنێ ٠

● لە کۆتایی‌دا مامۆستا (خلیل یابەکریم) ووتی : « حەز دەکەم بەم بۆنەیەوە سوپاسێکی بێ پایانی ئەنجومەنی یاسادانانو ئەنجومەنی رابەرانی ناوچەی کوردستانو ئەمینداریەتی رۆشنبیری و لاوان بکەم بۆ ئەو پشتگرتنو هاندانو یاریدەی پیشکەش بە کۆمەڵەکەمانیان کرد ٠٠ هەروا سوپاسی ئەمینداریەتی شارەوانی‌و هاوینەهەوارەکانو بەرێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی هەولێر دەکەم بۆتەرخان کردنی پارچەیەك زەوی بۆ دروستکردنی بارەگایەك بۆ کۆمەڵەکەمان ٠٠

باوکانی نیمرۆ (پاشماوە)

جوارچێوە پەروەردەییە لەگەڵ کۆمەڵگاکەماندا ناگونجێت ٠ ئەو باوکانەی کە ئەم قسانە ئەکەن زۆر باش ئەزانن کە ئەمە شتێکی شیاو نییە ، ئەم قسەیەش هەروەکو پیانوویەك ئەهێننەوە یاخود ئەیانەوێت پاکانە بۆ هەڵویستی خۆیان بکەن ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەموویان تێکڕا باوکی خراپن چونکە لەوانەیە کە رووبەرووی هەستێك ئەبوون لەلایەنەوە وەکو داهێنانێکی جوان ئەهاتە بەرچاو ، ئەویش هەستکردن بەباوکایەتیە ، ئەم هەستکردنە لە لای هەموو پیاوێك هەیەو ، شتێکی هەڵەیە هەوڵی داپۆشینی بدرێت ، ئەمە هەستکردنێکی پاك‌و سوودبەخشە بۆ منداڵو دایك‌و ، پیاوەتی‌یەوە بەسترا‌وە ، هەتا ئەگەر پیاو ناچاربوو زمانێك بەکاربێنێت کە ئافرەت زیاتر لە پیاوەوە بەکاری ئەهێنێت ٠

گیروگرفتی منالی (پاشماوە)

رزگاربوون لەشەرمنی منالەکەیان ئەوەیە : هەستن بەدروستکردنی خانوو و باخچەی بچووك‌و فرۆکەو کەشتی لە کارتۆن بۆ ئەوەی منالەکەی خۆی‌بێوە خەریك بکات ، نابێت دایك‌و باوك بەپێی زەوقی خۆیان (خوویەك ـ هوایە) بۆ منالەکەیان هەڵبژێرن چونکە جیهانی منال زۆر جیایە لەگەڵ جیهانی دایك‌و باوك‌دا ٠

لە کۆتایی‌دا شارەزایان دەڵێن :

لەسەردایك‌و باوك پێویستە کە ئەو کارەی لەم پێناوەدا دەیکەن بەدیقەت بیگرنە ئەستۆو بەبێ وەرس بوون بەرەو پیری بچن وە سەرکەوتوو دەبن ئەگەر بەبڕوای تەواوەوە لەگەڵ منالەکانیان خەریك‌بن ٠٠ وە بە جارێك شەرمنی لەمنالەکەیان دوور دەکەوێتەوە ٠

تەرجیع بەندێکی (پاشماوە)

من نە پیالەی عیشق تۆ وەردم
تۆ وە بێ تاوان جەمن وپەردی
وە کۆی زووخاڵ بۆ ، کێ جەڕاش بەردی !

× ×

ئازیز بەو ئیعجاز بڕ ڕووی ڕەمضای حەق
ئەر گونام نییەن (انها صدق)
بویەر جە تەقصیر جەمین شوعلەی (شەم)
جە غولام تەقصیر جە خواجە کەرەم
تۆ ئایینەی پاك مینای بێ گەردی
وە کۆی زووخاڵ بۆ ، کێ جەڕاش بەردی !

× ×

ئەمجار وە مەیلی لاوانمەوە
وە ڕێزەی رازان تاوانمەوە
فکرێ کەر بەوێت ، هۆش باوەر نەگۆش !
واتەی بەدکاران بکەر فەرامۆش
خاڵان خوردە ڕێز چون لاجیوەردی
وە کۆی زووخاڵ بۆ ، کێ جەڕاش بەردی !

× ×

ئازیز یەکێ بی ناکاو ناخەبەر
وەستش نە پەینمان جیایی جەسەر ؟
کام عەڕراف ، کام شووم ، کام زوبان تاڵبی ؟
کام جادووی (سمن !) بەدکۆی نا هاڵ بی ؟
فیدات بام قیبلەم شای وەفا داران
کێ گۆش دان وە حەرف واتەی بەدکاران
تۆ بێ شەرطیت کەرد وە قەولش کەردی
وە کۆی زووخاڵ بۆ ، کێ جەڕاش بەردی !

× ×

ساوەسەن دەخیل ئیستیغنا تا کەی !
تاکەی بنۆشۆن خەم پیالەی مەی ؟!
تاکەی چون مەجنوون ئاخو داخم بۆ ؟
تاکەی بێ کەیفی نە دەماخم بۆ ؟
تاکەی چون خەزان بەد ڕەنگی‌و زەردی ؟
وە کۆی زووخاڵ بۆ ، کێ جەڕاش بەردی !

× ×

خوصووص تۆ بڕ عەقل بڕ کەمالەنی
بڕ دەرك‌و بڕ هۆش دانەی لالەنی !
پەی چیش مەی نەجام کەم شەرطی ومردی
وە کۆی زووخاڵ بۆ ، کێ جەڕاش بەردی !

بەخۆدا چونەوە (پاشماوە)

زۆر جاریش باسی‌و خواستەکان بێ کەلکن ، حکایەتی دوو بارەبوون ، دەنگو باسی تایبەتی بێ سوودن ٠

ئەم دیاردەیەش بۆ زۆرمان روون بۆتەوە ، بە تایبەتی دوای ئەوەی خەتەکانی تەلەفۆن لیك ئەئالێن‌و قسەوباسی دوو کەس ئەبیستین ، یان کە قسە ئەکەین ، قسەو باس کەسانی‌تر تێکەل قسەمان ئەبێ ، سەر سام ئەبین بەلکو هەتا تورەش ئەبین ، بە تایبەتی کە ئەزانین ئەو قسە دوورو دریژانەی ئەکرێن چەند بێ کەلك‌و بێ سوودن ، دەنگو باسی کارکردن ، باسی کردنی تێکرایی گەشتێك بەناو بازاردا ، دەنگوباسی مۆدەو مۆدەکاری ، دەنگوباسی ناومال و خێزان ، هەر قسەو باسی چەند لقێکی هەیە ، هەر لقی چیروکیکی درێژی هەیە ٠ جا وەنەبێ لەمەدا هەر مەبەستمان بێ ئافرەت گوناهبار بکەین ٠

هەندێ پیاویش نەخۆشی چەندبازییان هەیە ، هەوالی کە ئەگاتە سەر زاری ئەبێ بە چیرۆکیکی درێژو بێ تام ، درێژە پێدانی وای پێوەیە هیچ بە کەلکی گوێگرەکانی نایەت لەمەدا پیاویش وەك ئافرەتە بۆشە زۆر بلێکان وایە ، جا ئەگەر ئەم بەلکەی شتێ بێ ئەوە بەلکەی ناشەخسیەت‌و کەم هوشیاری کۆمەلایەتی‌و بێ ئەگەیشتوییە ٠

مرۆڤی پێگەیشتو ، نرخی وەخت ئەزانی ، ئەوە ئەزانێ کە هەموو ساتەکانی تەمەن ئەبێ بۆ سوودی خۆو کەسانی‌تر بەهەڵ بەکاربێ ، بۆ بەرهەم ، بۆ سەرنج دان‌و بیر فراوان‌بونی ، بۆ بەشداری لە چالاکی وەزرش‌و رۆشنبیری ، واکۆمەڵایەتیدا ٠ بۆ تێگەیشتن لە گیروگرفتەکانی خێزان ، هەوڵدان بۆ خولقاندنی گەورەترین توانای راهێنان‌و گونجان ، بەڵام چەنەبازی درێژی تەلەفۆن ، چەنەبازی بۆش لەگەڵ خێزان بۆ ماوەی چەندان سەعات ، ئەمانە هەموو هوی لە ستچوونی وەختە ، لە چەرخێکا کەوای لێ هاتووە هەموو وەختێك بەنرخە ٠

ئەمە پێوست بە سەرنج دانەوە ئەکات‌و پێویست بە خۆ دا چونەوە ئەکات تا وردە وردە لەم نەخۆشیە رزگار ئەبین ٠

باوەری دجیروکا (پاشماوە)

بەلاف‌بو وسست بو لدلێ بابێدا ٠٠ بەلێ خەجو باوەری بکەسێ نینە ٠٠ هەتا باوەریا وێ ببرپارێت بابێ وێ کێم وسستە ئینا هەمی هزرو شیان‌و ئەفیناخو واهیلا دلێ شقانێ هەژار وبێ خودان سیابەندی ٠٠ چنکو دترسا ژ پاشە رۆژێ و نەدفیا ببیتە کوفان وکول وخەم ٠٠ ماگونەهە ، ئەوژی شوبکەت وەکی خەلکێ بداهول وزرنا وبداوەت ئینا بریارا وێ دچێ خودا بو وەکی گوتیە بابێ خو من کەس ژ پسامێت خو نەفێتو باوەریا من پوان نائێت چنکو هەمی کوفاندارێت جوانیامێن‌و هەما خو تێرکەن ژجانیێ بەلێ مالو ژن ئینان دهزرا وان‌دا ئینە ٠٠ من خوشتفێ خو یێ هەی ، وئەزهیڤدارم تو هاریکاریا من بکەی دا بگەهەمە مرادا خو وخەونا من بجهە ببێت ، بابێ خەجو باوەریاوی بقەسێت خەجو هات وباوەری‌دا خەجو وگوتێ ئەزێ اگەلتەمە ٠٠ وهەر دگەل دەزگرێ خۆ بخو برەڤن وقەستا چیایێ سیپانێ خەلاتێ بکەن ، وپێکڤە ئەفیندار رەڤین وبام هندی لێ‌گەران داکو هەردووکا بکوژن بەلێ نەدیتن ٠٠ ولناف کەفرا لچیایێ سیپانێ خەلاتێ مانو پشتی سیابەند لدویف نێرین کویفی چوی دا نێجیرەکێ بو خەجو ببینیت ٠٠ بەزێ کویفی شاخێت خو سیابەند هلافێتو هاڤێت‌و بقورمێ دارەکێ قەما ٠٠ خەجو ما سەر سوزو ئەفینا خو و چەند حەسکر بو وەریێت گوندا ببینیت دا دەزگرێ خو ژمرنێ خلاسکەت ٠٠ بەلێ سیابەندی هەتا بەری مرنێ باوەریاوی سست بو بو ئەفینا خەجو و باوەر نەدکر کو راست ئەڤاهە دێ مینیت سەر ئەهدا خو ٠٠ چنکو دبێژێتێ ٠٠ خوزی من زانی‌با کا دێ پشتی من سەرێ خۆ دانیە سەر جهو وبالگهێت کێ ٠٠٠ بەلێ خەجو بەرسڤاوی دا وگوتێ ٠٠ ئەفەئەز هاتم بوتە وخودیڤرا هاڤێتە بەحرا وانێ ومرو بێکڤە بونە شەهیدێت ئەفینێ باوەری ئەشکەرایەو رونامیا وێ بەلافبو لناف مللەتی‌دا کو هەردوو ئەفیندار مرن بێکڤە و کەسیش خو دویر نەکر وکەسێ خو زخو گوری کرنێ بەرنەدا هەتا بێکڤە بونە نیشان بو هەمی ئەفیندارا ل جیهانێ ٠

نومایشیکی (پاشماوە)

بەریدا کار بکات پەکنباوەر خۆیشی ئەویست بێ بەدەڵال پێش ئەوەی ئەڵەمانیا یاسای ئیحتیراف لەبواری فوتبولێندا لەسالی ١٩٦٣دا دەربکات ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پەکنباوەر ڕایەکەی بگۆڕێت ٠

کرایەمەری مەشق‌کەر

بەهرەکانی فوتبۆلێن هەمیشە لەیاری‌کردن‌و مەشق‌کردن پەیدا ئەبێت ، بەڵام وادەرکەوتووە کە یاریکەری راستەقینە هەر لەزگماکیەوە یاری فوتبۆلێن ئەزانێ وەکو بڵێی بۆ ئەم یاریە لەدایك‌بووە ، ئەمەیە رای مەشق‌کەر بۆ یەکێتی دیتمارکرایەمەر کە ئێستا مەشق‌کەری یانەی بایرن منشنەو یەکەم مرۆڤەکە وەکو مەشق‌کەر بی یەکێتی فوتبۆلێنی دەولەتان دامەزراوەو گەلێ ساڵی بۆگەڕان بەدوای بەهرەومەرەکانی دەولەتە تازە پێگەیشتوەکان بەسەر بردووە ئەدکارەکانی یاریکەری باش ٠

لەراستیدا یاریکەرە مەزنەکان ئەوانەن کە بتوانن لە هەموو شوێنێك‌و لەسایەی هەموو بارودۆخێك‌و ، ئاوو هەوایەك‌و لەگەڵ هەر تیپێك‌و، لەهەر دەولەتێك یاری بکەن هەتا ئەگەر هاتوو زمانی براەدەرەکانی تیپەکەیان بزانن یاخود نەزانن ٠

دی ستیفانۆ

ئەلفریدو دی ستیفانۆ عەقڵی نەخشەکێش بۆ گەورەترین‌یانە لە مێژوودا کەریال مەدریدی ئەسپانیەو پێنج ساڵ بەدوای یەك توانیوە کاسی یانەکانی ئەوروپا ببانەوە ٠ ئەمە ژیانی وەرزشی خۆی لە ئەرجەنتین دروستکردبوو پێش ئەوەی بێتە ئەسپانیا ٠

بۆشکاش

هەروەها هاوری بە ناوبانگەکەی کە ناوی فرەنك بۆشکاشە لەمەنگاریادا هاتۆتە ریال مەدریدو هیچ شتێك لەزمانی ئەسپانی نەئەزانی لەهەمان کاتدا دی‌ستیفانۆ بەزمانی هەنگاری قیسەی نەکردووە بەڵام زۆرباش لەیەکتر ئەگەیشتن کاتێ کەیارییان ئەکرد هەتا ئەوەبوو لەساڵی ١٩٦٠دا بەدوو قۆلی حەوت گۆڵەکەی ریال مەدرید الەیەکێ الەیاریەکانی دواقۆناغی کاسی‌یانەکانی ئەوروپا لەبەینی خۆیاندا دابەشیان‌کردبوو ٠

لینکولینەوەی سیاسی (پاشماوە)

چوارشەڕی رابردووی نێوان عەرەب‌و زایۆنی بەشەڕی تشرینیشەوە کە سروشتی زۆر لەوەکانی‌تر جیاواز بوو ، یێمان دەڵێ کە ئەوشێوەیەش ناتوانێ ئەنجامی باش بەدەستەوە بدا ٠ وەك هەمووومان دەزانین ئەوشەڕە سنوورۆکیشراوانەی تائێستا رووبان داوە ئەگەر مەسەلەکەیان زیاتر ئالۆز نەکردبێ ، بەرەو چارەسەرکردنیان نەبردوە ٠

خۆ ئەوەشمان لەبەر چاوە کە ئەو بریارانەی لە ئەنجومەنی ئاسایش‌و کۆڕوکۆمەڵە جیهانیەکانیشەوە دەرچوون ، ئەوەندەی پێوەندی بە زایۆنی دوژمنەوە هەیە خراونە ژێر پێ‌و گوێیان پێ‌نەدراوە ٠ هەر بۆنموونە ، لەگەڵ هەموو ئەورەخنەو پێزاریە کە کۆڕوکۆمەڵە ناونەتەوەییەکان دەربارەی (مستوطنە) دروستکردن دەریان بریوە ، کاربەدەستە رەگەزپەرستەکانی تەل‌ئەبیب لەسەر نەخشەی مەزنی‌خوازانەی خۆیان‌و لەسەر دروستکردنی (مستوطنات) بەردەوام بوون‌و تائێستاش بەردەوامن ٠

بەمجۆرە ئەنیا رێگایەك کە بۆ رزگارکردنی خاکی داگیرکراوو بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی گەل فەلەستین دەمێنێتەوە « شەڕی درێژخایەنی گەل »ە کە تاقیکردنەوەی زۆر وڵاتان دەری‌خستوە دەتوانێ درندەترین دوژمنانی گەلان بەچۆك‌دا بێنێ ٠ ئەوکارەی گەل قارەمانی قێتنام لەورێگایەوە بەسەر گەورەترین دەسەڵاتی ئیمپریالیستی واتە ئیمپریالیزمی ئەمریکای هێنا تا دنیا دنیایە دەبێ بەداستان بیگێڕنەوە ٠ هەر لەفەلەستینی داگیرکراودا کردەوەی فیداکارانەی بەرگری فەلەستین توانیویەتی زۆر سەرکەوتن بەدەست بێنێ‌و بەشێکی زۆر لە جوولەکە کۆچپێکراوەکانی ناچار کردوە کە خاکی داگیرکراو بەجێ بهێڵن‌و بگەڕێنەوە ئەو وڵاتانەی لێیانەوە هاتبوون ٠

دەبێ لەرێگای شەڕی درێژخایەنی گەلەوە دۆخێکی ئەوتۆ بخولقێ کە بەکردەوە رەگەزپەرستەکان جووڵەکەیان دەست نەکەوێ لە (مستوطنەکاندا) نیشتەجێیان بکەن‌و لە هیچ شوێنێکیش لە بەرپێی خۆیان ئەمین نەبن ٠ دەبێ هەموو ئیمکاناتی مادی‌و مەعنەوی بۆ ئەوشەڕە دابین بکرێ‌و رێگای سازان‌و سات‌وسەودا بەیەکجاری وەلابنرێ ٠ ئەنیا لەوحاڵەدایە کە فێتنامێکی تازە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بۆ ئیمپریالیزم دروست دەبێ‌و ناچار دەبێ بە سەرشۆڕی دامودەزگاکەی وەبێچێ ٠ ئەنیا لەوحاڵەشدایە کە گەلی فەلەستین وەك هەموو گەلانی رزگارو سەربەست چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی دیاری دەکا ٠

بۆزانین

لەپرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی ئەتەوایەتی بەرنامەی رەنێو هێنان ئەمینداریەتی گشتی بەرێوەبردنی کاروخانەسازی ناوچەی کوردستان قۆنتەرانی نهێنی ژمارە (٧٧/٦١) ٠

رای ئەگەیەنین ئەم قۆنتەرانە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەڵە ئیستارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەرێوەبەریەتی‌یە یاخود لە بەرێوەبەرێتی کاری پارێزگای دهۆك بە (ـ١٥ر) پانزە دینار دەستبکەوێت کە نادرێتەوە بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجە گشتی‌و مواسەفاتە هونەریەکان بکڕێت کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ ڕۆژی شەممە رێکەوتی ١٩٧٧/١١/٥ ئەبێت‌و ئەدرێت بەسکرتێری لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەمەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی‌یەدا ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەڵ تەندەرەکاندا بن :

أ ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (ـر١٥٠٠) دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شەش مانگ لەڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت ، یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆکراوداببێت ٠

ب ـ پێناسی زووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەك‌دا لە بەرێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووببێت‌و بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە ٠

ج ـ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن ٠

د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تیا نەبێت پشتگوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەرێوەبەرێتییە لەسەری نیە نزمترین تەندەر لەڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی تر قبوڵ بکات ٠

٦ ـ هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی کار (ـ/٢٠) بیست دینار سزا ئەدرێت‌و پێویستە قۆنتەراتچی‌یەکە ئەندازیارێکی سەربەرشت‌کەر دابنێ کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٧ ـ ماوەی دوایی‌هێنانی تەندەرەکە شەش‌مانگە لەڕۆژی پێشکەش کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکان ئەخشەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، ئەخشەکان ئەنیا ئەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە ٠

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچی پووڵێکی (٢٥٠) فلس بەتەندەرەکەوە بلکێنێت ٠

١٠ـ ئەو تەندەرانە پشتگوێ ئەخرێن ئەگەر لەناو زەرفێکی داخراودا نەبن ٠

١١ـ لەبەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجە گشتی‌یەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەهەردوو بەشی یەکەمو دووەمیەوە ، ئەبەسترێت ٠

١٢ـ هەر سڵ‌کردنەوەیەك لەلایەن قۆنتەراتچیەکانەوە لەنێو تەندەرەکان بنوسرێت بەهیچ ئەزمێردرێ‌و رەخنە ئەکرێ ٠

شیروان علی امین
ئەمینداری گشتی‌ی
کاروخانەسازی

لە چاپکراوەکانی : وەزارەتی راگەیاندن دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

لە چاپکراوەکانی : وەزارەتی راگەیاندن دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

ڕێ و ڕەو

پایەخ بە خواستی هاوولاتیەکانو داواو سکالاکانیان بدەنو هیلاکو بێزار مەبن لە بەدوادا چونی ئەو خواستو داواکاریانەدا ، چونکە ئەگەر مرۆڤێکی زولم لێکراوتان رزگار کرد ، زور یان کەم ، بەوە ، خزمەتێکی گەورەی ئەم گەلەو بیروباوەری حزبەکەتان ئەکەن .

« هاوڕێ صدام حسین »

« وورد بونەوە لەخاکێك »ناو نیشتمانی پێشانگای ئەم جارەی هونەرمەند ئیسماعیل خەیاتە کە ئەقابەی مامۆستایانی ناوچەی نۆتۆنۆمی لەهۆلی قوتابخانەی سانەوی کوردستانی کچانرۆژی شەممە ریکەوتی ٨ـ١٦/١٠/١٩٧٧ کردویەتیەوە .

ئیسماعیل خەیات یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە ئەمڕۆ توانیویەتی لەباخی هونەرا چەپکێ گوڵ بچینێتو بیداتە دەست جەماوەران ... ناتوانی یەکەم تابلۆ ببڕیتو بچیتە سەر دوهەم ئەگەر خۆی یارمەتیت نەداتو تابلۆکانیت بۆ شی نەکاتەوە ..!

مامۆستا ئیسماعیل

بەوردبونەوەو تێڕامانی خۆی لەتیوان تابلۆکانیەوە بەستەیەك ئەلێتو تاس ئەمان باتەوە ، ئەمەش بەتەواوی لەپێشانگای ئەم جارەیدا روون دەبێتەوە ، چونکە هەر کە دەچێتە پێشانگاکەی لەبەردەم یەکەم تابلۆدا دەچەقیتو بەبێ ئەوەی هەست بەخۆت بکەیت تابلۆکانی وورد دەبیتەوە ، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتوی خۆی چونکە ناونیشانی پێشانگاکەی « وورد بونەوە لەخاکێك »ئەوە دەسلەمێنێت ، واتە بەئاسانی سەبارەت بەو پرسیارەی لێمان کرد :

وەك هونەرمەندێکی کورد کام ...یەمای کوردە واریت لە تابلۆکانتا دەربریوە ، وتی : مرۆڤی کورد وەك هەموو میللەتەکانی کەی ئەم جیهانە ئێش و ئازارو هەستو نەستی خۆی هەیە ، وەلای من ئەوانە لایەنە راستی یەکەیەو ناوەرۆکی مرۆڤی کوردە ئەمانەش لەخاکدا دەردەکەوێت بۆیە من لە تابلۆکانما باسی خاك دەکەم .

هونەرمەند ئیسماعیل خەیات دەربارەی بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش و سپی کە ئەم جارە لەتابلۆکانیا بەکاری هێناون وتی :

بەکارهێنانی ئەو دوو ڕەنگە قولاییەکم لە تابلۆکانا پێ ئەبەخشێت ، ئەمەش تاقی کردنەوەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ چوار ساڵ لەمەوپێش و زۆر لێی ڕازیم چونکە ئەم دوو ڕەنگەم زۆر خۆش دەوێن و مۆکاتیشی لەوانەیە زۆر زۆر قوول بێت .

مامۆستا خەیات دەربارەی پاشەڕۆژی هونەری تشکیلی وتی :

هونەرمەند ئیسماعیل خەیات :

لە خاکی وورد ئەبێتەوەو ناخی مرۆڤی پێشان ئەدات

نا نێستا زۆر تالاو ئەچێژێ .. هەوڵو تەقەلای هونەرمەندان بچڕبچڕەو زوربەیان خۆیان دەبەستنەوە بەوەی ئەسالانی خوێندنا فێری بوون .. هەروەها بەرهەمیان کەمەو هونەرمەندەکانیشی دیسان هەر کەمن ، بەڵام ئەگەر ئەوانەی باسمان کردن پێچەوا ببێتەوە ئەوکاتە پاشەڕۆژێکی ڕووناك دێتەکایەوە .

مامۆستا ئیسماعیل دەربارەی دوا پرسیارمان ، نرخو دەوری هونەرمەند لەبواری هونەردا چی یە وتی : هونەری ڕاست ئەو هونەرەیە کە هونەرمەندەکەی تیا یەدی بکرێت .. ئەگەر ئەو هونەرمەندەی لەگەڵ خۆیی و لەگەڵ دەوروبشتیا ڕاست گۆ نەبێت سەرکەوتو نابێت ... ئەو هونەرمەندەی بڕوای بەبوونی شتێك هەبێت بێویستە ئازایانە دەری بڕێت چونکە ئازایەتی دەورێکی گەورەی لەدروست بوونی قوتابخانەکاندا گێڕاوە .

پ. هاوکاری ـ سلیمانی



ژیانی هونەرمەند لەچەند دێریکدا

لە شاری خانەقین گزنگی هەتاو جیهانی بۆ ڕووناك کردوەتەوە .

● ساڵی ١٩٦٦ لە بەعقوبە قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی تەواو کردوە .

● ئەندامی کۆمەلی هونەرمەندانی عێراقیو ئەقابەی هونەرمەندانە .

● لەنێوان ساڵانی ١٩٦٥ـ١٩٧٥ هەشت پێشانگای تایبەتی خۆی کردوەتەوە ، یەکێك لەوانە بەبۆنەی ساڵی ئافرەتانی جیهانەوە بوو .

لە گەلێك پێشانگادا هاوبەشی کردوە لەوانە : هەموو پێشانگای هونەرمەندانی کورد پێشانگای هونەرمەندانی عێراقی ، پێشانگای هونەری عێراقی نوێی گەڕۆك لەیەکیەتی سۆڤیەتو ئەوروپای ڕۆژهەلات .

زینی ئەسپو ناوزەنگی، دیاری مەنبەندی پیشەی دەستکردی میللی ـ زانکوی سلیمانی .

لەدەرەوەی سنوور

لیف ئولمان ، یەکێك بوو لەو ئەکتەرە هەرەناسراوانەی دەرهێنەری بەناوبانگی سویدی ـ ئەنگمر برگمان ـ لە زۆر فلیمی سەرکەوتودا بە تەماشا کەرانی ناسان ، سەرمڕای ئەوەی زوربەی شانۆکانی ئەوروپا وەك ئەستێرەیەکی گەشی شانۆی ناسیونالە ، ئەم ئافرەتە هونەرمەندە ، ڕیزاری دا ، دەست لە ئەکتەری هەلگرێو وەك هەر ئافرەتێکی ئاسایی بژی . ئولمان یادگارەکانی ژیانی هونەری خۆی نووسیوتەوەو لەم دوایەدا لە پاریس بڵاوکرایەوە .

پێش بڕکای چگەرەکێشان

ئەو خورەوشتانەی وڵاتە سەرمایەدارەکانی ڕۆژئاوا ، هانی پەرەپێدانو مانەوەی ئەدەن ، ئەو خوورەوشتانەیە ، کە کەمترین شت پێبووتری بێ کەلکیە ، لەکاتێکدا زوربەی زۆری دامو دەزگاو لایەنە تەندروستی یەکان هەولی ئەوە ئەدەن ، خەلك لە چگەرەکێشان دوربکەوێتەوە ، ئەوەتا لە ئیتالیا پێش بڕکێی چگەرەکێشان ئەکرێ . لەمەشدا کچێك گەرەوی بردۆتەوە کەناوی « ماریا جراسیا درودی »یە ساوە یەك سەعاتو ١٤ دەقیقەو ١٦ جرکە یەکسەری دوکەلی سەبیلی هەلمژیوە !!

کۆڕێکی فیکری لە جەزائیر بۆ لێکۆلینەوەی ئیستعماری ڕۆشنبیری لە جیهانی سێیەمدا

لەم دواییەدا کونفرانسیکی فیکری لە شاری جەزائیر کرایەوە ، کە بە تێکڕایی لە« ئیستعماری ڕۆشنبیری لە جیهانی سێیەمدا »ئەکۆلێتەوەو نزیکەی سەد پرۆفیسۆری خاوەن فیکری جیهانی بەشداریان تیا کردوە ، لەم کونفراسەدا لەوەئەکۆلرێتەوە کە چۆن ڕۆشنبیری ئیستعماری خۆی ئەکات بەناو وڵاتە تازە پێگەیشتوەکاندا ، وە دەوری زمانی نیشتمانیو ئەتەوەی لە پاراستنی پێناسی نەتەوەیی گەلە دواکەوتوەکانداو هاندانی بەرەو پێشەوە .

هەروەها کونفراسەکە بایەخێکی فراوان بە دەوری دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نوێ ئەدا . کە کارێکی گەورەیان لە دروست کردنی هوشیاری نوێدا لەئەستۆیە .

هەفتەنامەی هاوکاری

جوانە مروف بەیەقین دێرینێن خو بنڤیسیت و جوانترە یا ددلێ خودا دەربێخیت و دارێژتە سەر پەرپەڕا ... ئەقەیە ئومێدا مروفا لهەمی درا و بتایبەتی هیڤیا هەر خودان قەلەم و ڕەوشەنزانایە .

خوینەرفانێ هێژا .. ڕۆژنامە هاوکاری یا کو سوز دگەل خو دای خو دهەمی بەرهەمەکێ باش و بکێرهاتی وەربکەت و دناف بەرپەرێن خودا بەلاف بکەت ..

ژ بەرپەرێ ئێکێ هەتا بێ دیماهیێ بەرهەمێ جوان و بسەنگ .. ببناغ و تام کوردەواری دانتە بەرچاف کو بنهنا خوش و دل ئەکەریا چیا و دول و زویرێت کوردستانێ ژبێ بهێت .. پێش ئاخێف بیت ژهەیباتی و تێر و پڕیا کەلەپورێ مە بێ بەهرا بێژ ژێ بەرزە و هەلگرتیێ ناف کوچك و مزگەفت و رفانکادا ...

دێ ژنهو بێڤە هەمی نڤیسینیت هەوە بێت بکێرهاتی بەلاف کەت .. هندی هەبیت بێ کو جهێ پەرپەران درێکا وان نڤیسینان دا رابوەستیت .

ئەڤ ڕۆژنامە یا کو دێ ژ ژمارا بهێت و بێڤە (دوو) جاران دحەفتێ دا دەرکەفیت شوینا جارەکێ .. هەوجەی پێترنر هاری کاریا هەوەیە .. هەلبەت دێ بەرپسیارێن نوی ئێختە سەر ملێن هەوە و مە .. لێ بەلێ هاوکارێ باوریەکا بەرفرەها بهەوە هەی ... راستا بزافێت خو بلند بکەن و پیتەکەران زێدە بکەن و ڕەوشەنبیرێن دەفەرێ پالدەنە نڤیسینێ و لێ گەڕیانێ ..

ژبلی ڤێ هەمیێ مە زۆر پێ خوشە بێژینە هەوە ئەڤە چەند ژمارەکە ڕۆژنامە یا بنوفسیتێ دەردکەفیت چێدبیت هەوە هازێ هەبیت کو چەوان یا بتەرزەك جوان و قەشەنگ چاپ دبیت .. دیسان مە پێ خوشە بێژینە هەوە ژمارا ڕۆژنامێ دێ بیتە (٥٠٠٠) هزار لشوینا (٤٠٠٠) هەزاران و .. ئەڤە دێ بەهرا دهوکێ زێدەتر لێ کەت .. دسەر هندێ را دێ بلەز و بێ کێم و کورتی گەهیت .

هیڤیین مە گەلەکن خوینەرفانێ هێژا و .. دگەل دەرچونا هەر ژمارەکێ بدەهان بشکووژك لبەر چاڤێن مە دلەیزن .. کو ڕۆژەك بهێت ببیتە هەڤالێ هەر خوینەرفانەکێ کورد ... لێ بەلێ دەرگەهێ هەمی مالێن کوردا بقوتیت و جهێ خو بەرفزەه و خوش بکەت دناف هەمی کتێب خانان دا ..

● شەرنەخ ●

سینەما

گەڕانەوە بۆ سینەمای بازرگانی

سینەمای ڕۆژئاوا ، ناتوانی دەست بەرداری شێوازە بازرگانیەکەی ببێ ، لەبەر ئەوە ، لە هەموو داهێنانێکی تری تازەشدا ، مەسەلەی قازانجی دارایی حسابی سەرەکی بۆ ئەکرێ . ئەگەر داهێنانی تازە ئەمەی بۆ زامن نەکرد ، بە ئاسانی ئەگەڕێتەوە سەر کۆنە ، ئەیەوێ بەم جۆرە سەرنج ڕابکێشێو دەرگای قازانج بکاتەوە ، ئیستا خوێان داوەتەوە فلیمەکانی شوانی گاگەلو غارغارینی ئەسپو جەتەگەری سەردەمی شەری ناوخۆی ئەمەریکا . دوا فلیمی بەم جۆرە پالەوانەکەی ـ جولیانو جیما ـیە کە هەر لەسەرەتاوە بە ئەکتەری ئەم جۆرە فلیمە ناسراوە . فلیمەکەش بە ناوی (کالیفورنیا)وەیە کە باسی سەربازێکی هەلاتو ئەکات لە شەڕی ناوخۆی ئەمەریکاداو چۆن ڕوو بەڕووی دەستەیەك جەتەو دز ئەبێتو ئینتر تادوای هەموو فلیمێکی بازرگانی بەم جۆرە ...!

« ئەگەر دتەبیب » و حەکیم و کارساز

کاکە زیاد لادێی

بێ گومان نیوسەدە بەر لەئێستا ، پیش ئەوەی (زانستی پزیشکی) پەرەبسێنێو پەل بهاوێت بۆ لادێکان ، هیچ نەخۆشخانەو تیمارخانەیەکی نەدەکرا ، بگرە حەکیمو بەیتارە خۆماڵییەکانو دەرمانگرموکان تاکە هۆی چارەی نەخۆشیەکانی حاڵی میللەت بوونو لەجیاتی بڕینێو دکتۆرو نەشتەگەریەکان دەوری سەرەکیان گێڕاوە .

میللەتی کوردیش پیاوی ماقولو زانای وایان لێ هەلکەوتوە کەلەزادەی مێشکی خۆیانەوە توانیویانە سود لەو سروشتە وەرگرن کە ئەم ناوچانەی گرتۆتەوە ، هەروەها توانیویانە دەرمانو ویستەمەینەکانیان هەر لەم گژوگیایە دەربهێنن و بۆچارەسەرکردنی نەخۆشیەکانیان ـ بەکاری بێنن .

هەرچەندە هەندێ جار دروستکردنی ئەم داوو دەرمانانە بەڕێگایەکی زانستانە نەبووە ، بەلکو مالوێرانیو کوترەوەری بەدواهاتوە ، بەڵام لەبەر ناچاریو نەبوونی سەرچاوەیەکی بڕواپێکەرو ڕێگایەکی ڕاستو زانستیانەو چڕیو نەبوونی ڕێگاوبان ، پەیەیان بێ بردووەو بەکاریان هێناوە . جا وەنەبێ ئەم جۆرە ڕوخسارە هەرلای ئێمەدا هەلکەوتوە ، بەلکو لەهەر سوچێکی جیهان کە درەنگ ئەمزانستەی نیا سەرهەلدابێ ئەم جۆرە ڕوخسارەی لێ بەدی دەکرێ .

ئەو حەکیمو بەیتارە خۆماڵیانە ، هەر خوێندەوار نەبوون ، بەلکو یەکێ بوون لەخەلکی ڕەشو ڕووت کە ئەم بەهرەیەیان پەیدا کردوە ، (ئەحمەد تەبیت)ی کارسازو حەکیمو هونەرمەند، یەکێکە لەو شۆڕەسوارانەی کە توانیویەتی لەمەیدانەدا بەسەدان مرۆڤ لەو دەردو نەخۆشیە کوشندانە ڕزگار بکا کە باڵیان کێشابوو بەسەر ناوچەکانی کوردستان بەدەیان داوو دەرمانی بەدەستی خۆی دروست کردوەو خستوتیە ناو هەگبەیەکەو بەپشتی خۆی داداوە .

جا پێش ئەوەی ئەمەرۆڤە کارسازە ئەوسامانە بەرزە لەگەڵ خۆی ببات ژێر گل ، بەهەڵمزانی ، و خۆم گەیاندنێ، چەند پرسیارێکم لێ کرد لەبارەی ئەم کارە پیرۆزەوە ، داخەکەم پیری تەنگی پێ هەڵچنیوەو خەریکە پەکی بکەوێ ، بەڵام هەرچۆنێك بێ توانیم هەندێ لەو سامانە وەدەست بێنمو پیش کەشی خوێنەرانی بکەم .

● خانە ئەحمەد دەتوانیت ناوی هەندێ گژوگیاو گول دەست نیشان بکەیت کە بەشێوەی داودەرمان دروستت دەکردو بۆ چ نەخۆشیەك بەکارت دەهێنا ؟

● گژوگیایەکان بریتی بوون لە :

□ (شۆڕە) کە ماوەیەکی وەکو خوێ بوو ، ڕۆنی زەیت ، بنیشتەتال ، کیمیاو عەنزە ڕووت بۆ بڕینی ساکار بەکارم دەهێنا .

□ (جیوەو خەنە) ، (سەلب قوزی) کە بەشێوەی مەرهەم بەکارم دەهێنا .

□ (حۆشیەو چۆبچینی) ئەوەش بەشێوەی ئاو دەخواریەوە .

□ (ڕوناس و زەردێنەی هلیکە) ، (ڕونی کونجی و گرشان) بە شێوەی مەرجەم بەکارم دەهێنا .

□ دەرمانە پیسە ، مردار سەنگ ، کرشان ، سپیاو ، ڕونی کونجی ، سرکە ، تەنەکار ، کرمی دەریا ، ئەمانەشم هەمووی بۆ نەخۆشیەکانی پیست بەکار دەهێنا ، هەروەها (موسانە)ش بەشێوی دۆشاو بەکاردەهات .

□ وێزە لك ، برایم بۆگەنی ، شاتەرە ـ ئەمانە بە شێوەی ئاو دەخورانەوە بۆ نەخۆشیەکانی ئاوەوەی لەش .

□ ڕەش کەلەکان لەگەڵ ماست ، بۆ (خورشت) بەکارم دەهێنا .

□ قوچە بلباس ، دزە ، مال پڕ ، ئەم گیایانەم بەشێوەی مەرهەم بۆ بڕینی قۆل بەکار دەهێنا ، وەکو شوێنی گوللە .

□ (ڕەیحانە کۆیلە) م دەکولاند ئەنجا ئاوەکەم بەوکەسانە دەدا کە خوێنیان لەبەر دەڕۆیی .

□ (گوڵە بەیبون) ئەمەشم دەکولاند ئاوەکەم بەکاردەهێنا بۆ ژانەسك و (گوڵە زەردە) و (مازوی شینو شەکر) ئەمانەم بەشێوەی چادەدا ئەو منالانەی توشی سك چوون دەبوون .

□ (بنە ڕیواس) پاش ووشك کردنەوەی دەمهاڕیو لەگەڵ شەکر تێکەلاوم دەکردو بۆ چارەسەرکردنی بڕینی (شێرپەنجە) بەکارم دەهێنا .

★ زیاتر ئەو نەخۆشیانەی لەوسەردەمەدا باوبوون چی بوون ؟

● لە هەمووان باوترو زۆتر نەخۆشی (کولك) و (خورشت) (حکی الجلدیە ـ ئەکزیما)بوو .

لە چاپخانەی (دار العراق) لە چاپ دراوە

هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەیدان، الشارع، شەقامی «الجمهوریة»
بەغدا س.پ ١٤١٥ تەلەفۆن ٧٦٨٢١١/٢

سەرنووسەر: محمد امین محمد

● دووشەممە ٣١ی تشرینی دووەم ژمارە ٣٩٢ ●

شۆڕشەکەمان، ڕێزی گەل نەگرێتەو سەربەڕشتی بەڕیوەبردنی چالاکی دیموکراتی بەجۆرێ نەکات کە دروست کردنی هاوولاتی نوێ زامن بکات، بەوجۆرەی توانای بەرگەگرتنی بەرپرسیاری تێکۆشانی پاشەڕۆژ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵی سۆشیالیستی هەبێ.

سەرۆکی فەرماندە | احمد حسن البکر

● الاثنین ٣١ تشرین الثانی العدد ٣٩٢ ●

هاوڕێ البکر

کۆنگرەی یانزەهەمی نەتەوەیی ستراتیجیەتێکی شۆڕشگێڕی و واقیعبینانەی بۆ حزب نەخشاند

هاوڕێ أحمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکۆمار دووپاتی کردەوە کە کۆنگرەی نەتەوەیی یانزەهەم ستراتیژێکی شۆڕشگێڕانەوە واقیعی وای بۆ حزب کێشا کە تاقیکردنەوەی رابوردووو باری ئێستای عەرەبی و گۆڕانی باری دەوڵەتانی بە بەرچاوەوە گرتووە •

لە دوانێکی تایبەتیدا بۆ گۆڤاری «الوطن العربی» کەلە پاریس دەرنەچێ، هاوڕێ البکر ڕایگەیاند کە ئەو ڕاپۆرتە سیاسییەی کۆنگرە لە کۆبوونەوەکانیدا بریاری لەسەردراوە، ئێستاکە وایەکجارەکی دائەڕێژرێ و دوای تەواوبوونی بۆ نەتەوەی عەرەب بڵاوئەکرێتەوە •

هەروەهاوتویە: ڕاپورتە سیاسییەکە خۆڵاسەی تاقی کردنەوەی حزب و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی عەرەبە لە قۆناغی رابوردوداو دیسان ستراتیجیەتی قۆناغی داهاتوی حزب و بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەبی نەخشانەوە •

« دەقی قسەکانی هاوڕێ البکر لە لاپەڕەی دووداً بخوێنەرەوە »

لە بڕوسکەیەکدا بۆسەرۆکی فەرماندەوهاوڕێ صدام حسین:

ڕێزلێنانی بایەخی سەرکردایەتی سیاسی حزب و شۆڕش بەکەلەپووری مرۆڤایەتی

لەوبڕوسکەیەدا کە لەکۆتایی فیستفالی ڕێزلێنانی میژوونووسی ئینگلیزی کۆچکردو نەرنۆلد توینبی بۆسەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر و بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش نیرراوەستایشی ئەو بایەخە گەورەو بەردەوامە کراوە کە سەرکردایەتی سیاسی حزبوشۆڕش بەرامبەر کەلەپوری مرۆڤایەتی نیشانی ئەداتلەگەل پشتگیری کردنی هەموهەوڵو تەقەلایەکی مرۆڤانەی بەنرخدا ••

ئەمەش تەواوی بڕوسکەکەیە ••

بەناوی میژوونووسانو لێکۆلەرەکانی نیشتمانی عەرەبو جیهانەوە کە لەبەغدا بۆ بۆزاندنەوەی بیرەوەریی بیاوی بیرو میژوو ئەرنۆلد توینبی کۆبوینەتەوە، گەورەترین ڕێزو گەرمترین سوپاس پیشکەش بەڕێزتان ئەکەین بۆ ئەو بایەخەی بەلێکولینەوەی میژووی دەدەنو بۆ ئەو چاودێرییەی بەرامبەر کەلەپوری مرۆڤایەتی نیشانی ئەدەن و بۆ ئەو پشتگیری کردنە گەورەیەی لەزانستو زانایانی ئەکەنو ئەو یارمەتییە بێسنورەی پێشکەش هەمو هەوڵو تەقەلایەکی مرۆڤانەی ڕەسەنی ئەدەن •

ڕێزگرتنتان لە میژوونوسێکی وەك توینبی بەڵگەی مرۆڤایەتی شارستانیتی عەرەبیتانەو نیشانەی بەرزیی ڕەوشتێکە کە لەرەگەزێکی ڕەسەنەوە بۆتان ماوەتەوە، بایەخ دانی گەورەتان بەتەقەلای ئەم زانا بێوێنەیە ئاشکرا ئەوەنیشان ئەدات کە چەندە بەتەنگ زانیاری زاناکانەوەن •• هەروەها ڕەوشتی خێرخوایی و چاکەی شۆڕشە مەزنەکەتان نیشان دەدات کە گەلێك دەستکەونی مەزنی لەزور لایەنی شارستانی و ڕۆشنبیریدا لەپێناوی پێشکەوتنو بنیاتنانی کۆمەڵایەتیدا پێشکەش کردوە ••

کۆبونەوەکەمان ئەوەی ساغ کردوە کە میژوونووسەکان لە هەمو گۆشەیەکی دنیاوە ئامادەبون لێداوینەوەو ڕێزیان لە شارستانیمان گرتوەو لەگەل ئامانجە نەتەوایەتیکانماندا تێکەڵاو بون، وە ئەو لێکۆلینەوە زانستیانەی پێشکەش فیستفالەکەکرا بەڵگەی ئەوە بو کە نارەزایی بەرامبەر قەوارەی زایونیزم دەرئەبڕنو ڕەگەزپەرستی بیروباوەری زایونی ساغ کردۆتەوە لەگەل ئەو کردارە درندانەیەدا کە لەناوچە عەرەبیکاندا ڕەچاوی ئەکات وە ئەوەیان ساغ کردۆتەوە کە مانەوەی ئەو قەوارەیە دوژمنایەتیەکە پیچەوانەی خواستی میژووەو ئەبێتە مەترسیەك بۆ دوارۆژی ئەمنو ئاسایش لەجیهاند •

میژوونوسان لەنیشتمانی عەرەبو جیهانەوە بەرە نگاربونەوەی شەڕ فروشتنی زایونیزمەکان بەبێویست دەزانن ئەویش بەبەرەنگار بونەوەیەکی توندو تیژی ئەوتو کە حەقی ڕەوای نەتەوەی عەرەب بکێڕێتەوەو کەلەپورەکانی بیارێزی، وە ئەوەش ساغ ئەکەنەوەو ئەی سەلێنن کەشلیو سەرشۆڕیو خۆبەدەستەوەدان سیاسەتێکی بێکەڵکەو نارەزایی بەرامبەر هەمو چارەسەریکی خۆ بەدەستەوەدەرانەی مەسەلەی فەلەستین دەرئەبڕن سڵاو بۆ ئیوەی بەڕێزو لایەنگیری هەلوێستە نەترسەکانتانین لە سەرخستنی مەسەلەی مرۆڤدا لە هەرلایەك بێت بەتایبەتی شۆڕشە ڕزگاری خوازەکان کە بەڕاستی خواستی جەماوەری عەرەب نیشان ئەدات لەغلیجەوە تاوەکو موحیت هەربژین وەك ڕابەریکی حەق پەرستو سەرکردەیەکی سەرکەوتو و باڵپشتێکی گەورەی زانستو زانایان •

د• حسین امین
ئەمینداری گشتی یەکێتی‌ی میژوونوسە عەرەبەکان

بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی نارەوایی دروستکردنی نیشتەجێی زایۆنی لەخاکی داگیرکراوی عەرەبدا

پێرێشەوێ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر نارەوایی دروستکردنی نیشتەجێی زایۆنیەکان لەخاکی داگیرکراوی عەرەبدا داو دوای بڕیاردانەکە نوێنەری زایۆنی دوژمن حاییم هرتزج بەتوندی هێرشی بردەسەر بڕیارەکەو ستایشی ئەمەریکای کرد سەبارەت بەوەی کە دەنگی لەسەر بڕیارەکە نەداوە •

لەخاکی داگیر کراویشدا مەناحم بیگن سەرەك وەزیرانی دوژمن ڕەفزی بڕیارەکەی ڕێکخراوی دەولەتانی کردو وتی، ئیسرائیل خۆی بەهیچ بڕیارێك ناپەستێنەوە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەری بکا کە ئەو بڕیارە بریتی بێ لە قەدەغەکردنی دروستکردنی نیشتەجێ لەخاکی داگیرکراوی عەرەبدا •

لە دوانێکی لە کاتی بەشداربوونی لە لێکۆڵینەوەکانی کۆنگرەکردنەوەی حەوتەم ساڵەی کشتوکاڵدا

هاوڕێ صدام حسین داوای شوێن کەوتنی پێشکەوتنی زانستی لە ڕەنێوهێنانی کشتوکاڵدا ئەکات

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دوای کرد زانستی بە جۆری بەکار بهێنرێ کە خزمەتی گەلی عیراق بکات •• وە دووپاتی کرنگی شوێن کەوتنی پێشکەوتنی زانستی کردەوەبۆ ڕەنێوهێنانی هەربە زەویەك کە بەکاری کشتوکاڵی کردن دێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی نابووری ڕاستو بە پێی حسابی توانای نادەمیزادو توانای دارایی ڕەنێو بهێنرێ ئەمە لە دوانێکی جێگری بەڕێزدا هاتووە کاتێ لە لێکۆڵینەوەکانی کۆنگرەی کردنەوەی حەوتەم ساڵەی کشتوکاڵدا بەشداری کردووەکە پێرێ بەیانی لە هۆڵی نیقابەی ئەندازیارانی کشتوکاڵدا کراوەتەوە •

جێگری بەڕێز وتی، لە چاککردنی زەویە کشتوکالیەکاندا پێویستە ئەوە بە بەرچاو بگیرێ کە شوێنو جۆری ئەو زەویە پێش بخرێ لە کشتوکاڵ کردندا کە نیازوایە چاك بکرێ، ئەمەش مانای ئەوەیە بۆ نموونە، دەهەزار دۆنم زەوی لە ناوەڕاستی عیراقدا چاك بکرێ نەك لە خوارووی لە بەر کاروباری هونەری وپاتخود بەمەزی هەندێ کاروباری تریشەوە •

هەروەها وتی کاتێ بەراورد لە نێوان پڕۆژەیەکی کشتوکالی کە ئەتوانرێ لە پارێزگای (مثنی) دا بکرێ لە گەڵ ئەمەمان پانتایی زەوی کشتوکالی کە ئەتوانرێ بەبەرهەمێکی باڵاتر لە پارێزگای (واسط) دا بکرێت •• پێویستە پڕۆژەکەی واسط بایەخ بێ بەدەینو پێشی بخەین لەبەرهەندی لەو بژچوونە مەرکەزیانەوە کە باس کران •

هەروەها بەڕێز صدام حسین وتی، کاتێ ئەوتری جووتیار هەن لە پارێزگای «مثنی» دا پێویستە بارى کۆمەڵایەتیان چاکبکرێ، ئەتوانرێ ئەوجوتیارانە بگوێزرێنەوە بۆ پڕۆژەی‌تری کشتوکالی کە دەوڵەت لە ناوچەکانی‌تری وڵاتدا پێکی‌ئەهێنێ •

جێگری بەڕێز ڕوونی کردەوە کە دەبێ زانستی بەشەرەو ڕێبازێکی چەوت ئاراستە نەکرێ بەوەی کە شوێن نیشتەجێی هاوولاتی عیراقی بکەوێ لە هەرشوێنێك بێ ئەوهاوولاتیە، بەڵکو ئەبێ زانستی لەسەر ڕێبازی بیروڕای ڕاست ڕابهێنین ئەك بەپێی ئارەزووی تاك و هەڵەوە، تاوەکو بەپاشی خزمەتی گەلی عیراق بکات •• وە بۆئەوە وابچین کە ئەوهاوولاتیەی لە شاخ ئەژی پێویستە هەرلەوێ بهێنێتەوە ئەوهاوولاتیەی لە زۆنگەکاندا ئەژی ئەویش هەرلەوێ بهێنێتەوە •• نموونە بۆئەوە وەك چاککردنی زەوی کشتوکالی لە ناوەڕاستی زۆنگاودا بۆ ئەوجوتیارە عیراقیەی لەوێدا ئەژی وە چاککردنی زەوی کشتوکالی لە بەرزایی شاخدا بۆ ئەو جوتیارە عیراقیەی لەوێدا ئەژی •

وتی، ئەو بیروڕایانە هەڵەزو نابێ شوێنیان بکەوین، کە شوێنیان بکەوین هەڵەین •• ئەو زۆریە کشتوکالیەی کە بەکەڵکی چاندن دێت یاخود ئەو زۆریەی پەڕەی پێدراوەو لە دوا ڕۆژدا بە کەڵکی چاندن دێت تێکڕا هەموویان مولکی هەموو عیراقیەکانن، ڕۆڵەیەکی سلێمانی تەنها ڕۆڵەی سلێمانی نی‌یە بەڵکو دووبارە ڕۆڵەی عیراقیشە •• پێویست لەسەری شوێن پڕۆژەکانی دەوڵەت بکەوێ لەهەر شوێنێکدا بێت ئەوپڕۆژەیە، پێویست نی‌یە لەسەر دەوڵەت شوێن ئەوبکەوێ، ئیتر ئەو لە هەر شوێنێکیش بێت، تاڕادەیەك ئەو شوێن کەوتنە هەڵەیە •• هەروەها سەبارەت بەوانەی لە

لاپەڕە ل ـ ٧

نەخشەیەکی ئەمەریکی بۆهێنانی هێزی دەوڵەتان بۆخوارووی لوبنان

ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، حکومەتی لوبنانی ئاگادارکردووە، کە هەڵوێستەکەی لەبارەی خوارووی لوبنانەوە هەرهەڵوێستی (تل ابیب) خۆیەتی •

ئەمەش ڕۆژنامەی (النهار البیروتی) ووتویەتی •• هەروەها ووتی باڵیۆزی ئەمەریکا لەبەیروت ریچاردباركر بە فؤاد بطرس وەزیری دەرەوەو بەرگری لوبنانی وتووە (ئەمریکاش وەکو ئیسرائیل داوائەکات کە هێزەکانی بەرگری فەلەستین لە خوارووی لوبنان بکشێنەوەبەرلەوەی باسی هیچ هەنگاوێك بکرێت) • سێ ڕۆژ لەمەوبەر فؤاد بطرس لەماوەی (٢٤) سەعاتدادووجار لەگەل باڵیۆزی ئەمەریکی کۆبۆتەوە، سەرچاوەکانی وەزارەتی دەرەوی لوبنان ڕایانگەیاندووە کە باسەکە هەرباسی باری خوارووی لوبنانبووەبێ ئەوەی درێژە بە باسەکانی کۆبوونەوەکە بدرێت •

وەفدێکی حزبیو ڕەسمی بۆ بەشداری‌کردنی ئاهەنگەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

عیراق بە وەفدێکی حزبیو ڕەسمی بە سەرۆکایەتی هاوڕی دکتۆر عبدالمجید الرافعی ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەشداری‌ی ئاهەنگی بیرەوەری شەستەمینی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیستی سۆفیەتی ئەکا •

وەفدەکە هاوڕێ عبدالله فاضل ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەندامی سەرکردایەتی قوتری لەگەل بەڕێز عزیز ڕەشید وەزیری گواستنەوەی تێدایە •

لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامەی (السفیر) ئاشکرای کردووە کە چەند هەنگاوێکی دیارکراو لەئارادایە بۆچارەسەرکردنی کێشەی باشور لەم چەندڕۆژادا جێبەجێئەکرێن• ڕۆژنامەکە لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە وەری‌گرتووە کە ئەمەریکا پێشنیاری کردووە کە هێزی دەوڵەتان بهێنرێتە خوارووی لوبنان سەرچاوەکانی حکومەت ووتویانە کە پێشنیارەکانی ئەمەریکا داوای ئەوەئەکەن کە لەماوەی چوارمانگدا هێزی دەوڵەتان بنێررێن بۆ خوارووی لوبنان •

ڕیمۆن ئەدەش سەرۆکی دەستەی نیشتمانی لوبنانی دووپاتی‌کردەوە کە زایۆنی دوژمن ئەیەوێ دەست بگرێت بەسەر ئاوی ڕوباری (لیطانی) کە ١٥ کم لەستووری لوبنان ـ فەلەستین دووری •• هەروەها ووتی دوژمن خەریکی نەخشەدانانە بۆ هێرش هێنان بۆ خوارووی لوبنان لەپێناوی چۆڵکردنی ئەو ناوچە لەدانیشتوانەکانی و سووتاندنی گرتن لە ئاوی ڕوباری (لیطانی) یەوە •

لەلایەکی ترەوە ڕیمۆن ئەدە ڕایگەیاندووە کە بەپێی باری سەرنجی ئەوەوە کۆنگرەی ژنێف کە تایبەتیە بەسازاندن لەناوچەی عەرەبیدا لەمساڵەدا نابەسترێت • هەروەها

باوەڕدان بە ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان

ـ هەولێر ـ بە تەلەفۆن لەنوێنەری (هاوکاری) یەوە: ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، کۆبوونەوەیەکی کوتوپڕدا کەڕۆژی شەممەی ڕابوردوو لە بارەگای ئەنجومەن لە هەولێربەستی باوەڕیدا بە ئەندامانی دووەم ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی •

ئەوەی شایانی باسە سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکر بەڕێز احمد عبدالقادری ئەندامی دووەم ئەنجومەنی یاسادانانی ڕاسپارد کە ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن بەپێی بڕگەی (ج) لە ماددەی (١٣)ی یاسای ئۆتۆنۆمی پێك بهێنێ •

ئەنجومەنە نوێیەکە بریتیە لە بەڕێزان: احمد عبدالقادر سەرۆك، موسی عبدالصمد سعدالله ئەمینداری گشتی کاروباری پەروەردەو خوێندنی باڵا، شیروان علی امین ئەمینداری گشتی کاروباری نیشتەجێی، محمد صدیق محمود ئەمینداری گشتی کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵ، محمد امین محمد احمد ئەمینداری گشتی کاروباری ناوخۆ، احمد حامد قادر ئەمینداری گواستنەوەو ڕێگاوبان عبدالغفار عبدالقادر ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیریو لاوان، سعاد حبیب علی ئەمینداری گشتی کاروباری شارەوانی هاوینەهەوارەکان، محمد زێوەر شریف ئەمینداری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی، بشیر عبدالرحمن محمد علی ئەمینداری گشتی کاروباری ئەوقاف •

دوای ئەوەی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن باوەڕی ئەنجومەنی یاسادانانی پێدرا، بەڕێز احمد عبدالقادر سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن ووتاریکی خۆیندەوە ئەمە دەقەکەیەتی:

بڕوانە ل ٤

بەبۆنەی باوەڕدان بەدووەم ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنەوە:

ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن لە بەردەم بەرپرسیاری مێژوویی و نیشتمانیدا

هەر ڕۆژێك لە عیراقی خوشەویستمانا وەلەژێر سێبەری شورشەکەمانا شورشی ١٧ی تەموزدا، ڕولەکانی گەلی عیراق لەریگای ڕزگاریو بنیاتنانی سوشیالیستیدا چەندان دەسکەوتی گرنگیان دەست نەکەوێ، وە گەلی کوردمان کەبەشێکی تێکۆشەرن لە ڕولەکانی گەلی عیراق ئیستا لە ژێر سایەی شۆڕشی ١٧ی تەموزو حزبە سەرکردەکەماندا حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە چەرخێکی زێڕیندا ئەژین ••

چەندڕۆژێك لەمەوبەر بە سەربەرشتی باوکی فەرماندەمان احمد حسن البکر دوەمین خولی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان کرایەوە بۆئەوەی لایەنەکانی‌تری ڕێبازی ئۆتۆنۆمی تەواوبکات کە یەکەمین خولی ئەنجومەنەکە سێ ساڵ لەمەوبەر دەستی‌پێکردبو و لەو ماوەیەدا گەلێك دەسکەوتو سەرکەوتنی بەگەلەکەمان بەخشیو پنجینەیەکی پتەوی بۆپێك هێنانی دەزگاو دامەزراوەکانی سەر بە ئەنجومەنەکە دانا کە ئەمەش بەپێی بڕیاری بڵاوکردنەوەی یاسای ئۆتۆنۆمی بو •• ئەمڕۆکەش دوەمین خولی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی سەربەئەنجومەنی یاسادانان دێتەکایەوە بۆئەوەی دەوری چالاکیو ئەمەیەتی میژویی خۆی لەپێناوی بەڕێوەبردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەهەمو بوارێکدا بەهاریکاری کردن لەگەل دەزگاناوەندیەکانی دەوڵەتدا بەجێبگەیەنێ • وە دەستاو برد بکات بۆبەجێ گەیاندنی ئەو بنیاتنانو گۆڕانکاریە گەورەیەی کە لەناوچەکەدا ڕوونەدات، سەرکردایەتی سیاسی حزبو شورش بەهەمو توانایەکەوە پشتگیری ئەوبەرپابونە گشتیەی ناوچەکە ئەکەن لەهەمو ڕوبەکەوە بۆسڕینەوەی هەموشوێنەوارێکی دواکەوتن کەلەڕۆژانی دەسەڵاتی تاقمەبەکرێگیراوەکەدا دوچاری بوبو، کە بە هەموشێوەیەك هەولیانئەدا وڵات لەدۆخێکی ئالۆزو دواکەوتوییدا بهێڵنەوەو دوربی لە شارستانیتیو پێشکەوتن، وە بیبەشبێ لەونەخشەی گەشەکردنە کە ئیستا لەوڵاتەکەمانا کەوتۆتەخۆ •• بەڵام دڵسۆزی نواندنی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان گەلێك لەوپێوانەو بیرکردنەوەیەی نوکەرانی ئیستعمار بەهێزتربون وە توانیان بەسەر ئەوتاقمە بەکرێگیراوەدا سەرکەوونو بانگەوازی ئۆتۆنۆمی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بڵاوبکەنەوەو خێرو بێری دەزگاو دامەزراوەکانی یاسادانانو ڕاپەڕاندن هەمو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، میری نیشتمانیمانو حزبە سەرکردەکەمان حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بەهەمو توانایەکیانەوە سەرپەرشتیان کردوە •

بڕوانە ـ ل ٧

دەقی قسەکانی هاوڕێ البکر دەربارەی کاروباری کۆنگرەی نەتەوەیی یانزەهەم

کۆنگرەکە رادەیەکی باڵایی پێگەیشتوی وەعیەت و ئیلتزام و هەستکردن بەلێپرسینەوەی دەربڕی

گۆڤاری (الوطن العربی) کە لە پاریس دەرئەچێت ، بە هاوکاری لەگەڵ رۆژنامەی (الثورە) گفتوگۆیەکی رۆژنامەگەری لەگەڵ هاوڕێ احمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرۆك کۆمار کرد ، کە تیایدا باسی کاروباری کونگرەی نەتەوەیی یانزەهەم و باری ئیستای ناوچەی عەرەبی کرا •

هاوڕێ جێگری ئەمینداری گشتی ، سەرۆك کۆمار ، دەربارەی ئەمە ، قسەی ئاشکراو گرنگی کردو لەو ماوەیەوە بایەخی میژووی بەستنی کونگرەکەی روون کردەوە لەگەڵ ئەو بەرنامەو ئەرکانەی دیاری کردوون ، دیسان باسی باری ئیستای ناوچەی عەرەبی کردوەو لایەنەکانی دیاری کردوە •

ئەمەش ، دەقی ئەو قسانەیە کە رۆژی هەینی رابوردوو لە گۆڤاری (الوطن العربی) و (الثورە)دا بڵاوکرایەوە :

پرسیاری یەکەم :

کونگرەی نەتەوەیی یانزەهەمی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ماوەیەك لەمەوبەر بەستراو بەیاننامەیەکی پوختەی دەرکرد ، ئایا ئەتوانرێ خاسیەتەکانی ئەم کونگرەیەمان بۆ روون بکەنەوە ، بەتایبەتی ئەوەی لە کونگرە نەتەوەییەکانی پێشوی جوێ کاتەوە ؟!

وەڵام :

کونگرەی نەتەوەیی یانزەهەمی حزب بە هوی گەلی کاروباری جەوهەری یەوە لەکونگرە نەتەوەییەکانی پێشو جیایە ، لەماوەی ئەو راپۆرتانەوە کە گەلی لایەنی سیاسی و رێکخراوی گرتەوە خۆ ئامادەکردنێکی چاکی بۆ کرا بوو ، ئەو راپۆرتانە بەشێوەیەکی کۆمەڵەیی لەسەرکردایەتی حزبو دەزگاکانی سەرکردایەتیدا لێیان کۆڵرایەوەو دوای پێگەیاندنیان و دەولەمەند کردنیان بەرچاوی کونگرە خران ، دیسان کونگرە رادەیەکی باڵای پێگەیشتوی و خۆگرتن بە مەوزوعیەتو ئیلتزامو هەست کردنی بەرز بەلێپرسینەوەی دەربڕی ، ئەمانەش هەموو لەو رادەی گفتوگۆو لێکۆڵینەوانەدا دەرکەوت کە شێوەی راهاتن و سەرنج دانی مەوزوعی راستەقینەی بەرامبەر بەو کاروبارە ئەساسیانەی پێوە دیارە کە بەرچاو خران ، جا ئەوەی پەیوەندی بەژیانی ناوخۆی حزبەوەو پیتای ناوخۆییەوە بوبێ ، یان ئەوەی پەیوەندی بە کاروباری نێکوشانی عەرەبیەوە بوبێ •

ئەمانەش هەموو ، دەوڵەمەندی تاقی کردنەوەی حزبو شۆڕشو پتەوو یەکیتی فیکریو رێکخراوی دەربڕی ، لەپاڵ سوودبوونی نێکوشەرەکانی لەسەر ئەوە هەموو ئەمانەو لەو کۆڕە ئیجابیەدا دەربخەن کە سیمایەکی ئەساسی بوو لەسیماکانی ئەم کونگرەیە •

پرسیاری دووەم :

ئایا ئەو بەیاننامەیەی لەکونگرەکەوە دەرچوو ، هەموو ئەوە بوو حزب ویستویەتی دەربارەی کونگرەکە رای بگەیەنێ ؟

وەڵام :

نە ، ئەو بەیاننامەیەی دەرچوو ، بەرچاوخستنێکی پوختەی ئەو کاروبارانە بوو لە کونگرەکەدا بوون ، لەگەڵ ناوی ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی سەرکردایەتی نەتەوەیی ، کونگرەکە بریاری لەسەر راپۆرتێکی سیاسی مەرکەزی گرنگدا ، کە بریتی یە کە خۆڵاسەی تاقی کردنەوەی حزبو شۆڕشی عەرەبی لە قۆناغی رابوردوداو دیسان ستراتیجیەتی قۆناغی داهاتوی حزبو بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەبی نەخشاندوە ، ئەم راپۆرتە سیاسییە ئێستا لە دوا ئامادەکردنیایەتیو لەبەر رووناکی ئەو لێکولینەوە فراوانو قوڵەی لە کونگرەکەدا دەربارەی کرا ، دوای ئەواو بوونی بۆ نەتەوەی عەرەب ئاشکرا ئەکرێو وەسیقەیەکی ئەساسی ئەبێ کە لەکونگرەوە دەرچوە •

پرسیاری سێیەم :

ئایا ئەتوانین شتێ لە دیار ترین بریارەکانی کونگرەکە بزانین ؟

وەڵام :

کونگرەکە دوو لایەنی ئەساسی گرتەوە ، قۆناغی پێشوو قۆناغی داهاتوو ، ئەتوانین بڵێین گرنگ ترین بریارەکانی لەلایەنی یەکەم ، شی کردنەوەی زانستی وردی رووداوو گۆڕانە دیارەکانی قۆناغی پێشوو بوو ، ئەمە زۆر گرنگە ، چونکە ئالۆزی ناهێڵێ ، یەك بینی دروست ئەکاتو تێکوشەران ئەتوانن دەرسی باشی لێوە فێربین ، بەڵام دەربارەی قۆناغی داهاتو ئەتوانین بڵێین دیارترین بریارەکانی کونگرە :

● کاری بەردەوام لەپێناوی بنیات نانی بەرەی پێشکەوتنخوازی عەرەبیدا •

● رو بەروو وەستانی دیاردەکانی ئالۆزیو تێك بچراوی لە هەڵویستی ئێستەی عەرەبیدا •

● توندکردنی تێکوشان دژی سازاندنە خۆبەدەستەوە دەرانەکانی ئێستا لە ئارادان •

● پتەوکردنی تێکوشانی یەکیتی خوازیو کاری یەکیتی یانە لە هەموو لایەنێکی سیاسیو ئابوریو رۆشنبیریدا •

● چالاك کردنی بزوتنەوەی جەماوەری عەرەبیو پاڵپشت گرتنی رێکخراوە میللی یە عەرەبیەکان •

بۆ دەربڕینی هەموو ئەمانە ، کونگرە ستراتیجیەتێکی شۆڕشگیرانەو واقعیانەی بۆ حزب نەخشاند کە بایەخی بە تاقی کردنەوەی رابوردوو باری ئیستەی عەرەبیو گۆڕانەکانی باری دەولەتان داوە •

پرسیاری چوارەم :

سیماکانی قۆناغی داهاتو ، وەك کونگرە دیاری کردوە کامانەن ؟

وەڵام :

بۆ ئەوەی بتوانین سیماکانی قۆناغی داهاتو دیاری بکەین ، پێویستە لەسەرەتاوە سەرنج لە داهاتەکانی واقع بدەین ، ئەو گۆڕانکاریانەش دیاری بکەین کە ئەتوانێ لە چوارچێوەی نیشتمانی عەرەبیماندا بەکارتێکردن یان پەیوەندی لەگەڵ مەرکەزەکانی هێزی دەوڵەتاندا بجوڵێنرین ، جا کە بزوتنەوەی تێکوشانی عەرەبی لەو پێشو ئیش روو بەرووی تەوژمی درندانەی ئیستعمارو کۆنەپەرست ئەبێ ، لەپاڵ تەقەللای فراواندا بۆ لەناوبردنی مەسەلەی فەلەستینو رێکخستنی باری ناوچەی عەرەبی بەپێی نەخشەو سوودی ئیستعمارو کۆنەپەرست ، کەواتە لەسەرمانە وای بۆ بچین کە قۆناغی داهاتوو ، فراوان بوونو قوڵ کردنەوەی زۆران بازی ئێوان بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب لەلایەکیو هاوپەیمانی ئیمپریالیزمو صەهیونیو کۆنەپەرست لەلایەکی تر نەبینێ ، لەبەر ئەوە لەسەرمانە رێڕەوی نوێتر و بەکار تری وا بگرینە بەر کە بەتەواوی لەگەڵ قەوارەو گرنگی ئەو بەگژا چونەدا بگونجێ . دیسان لەسەرمانە بەشێوەیەکی مەوزوعیو زانستی یانەی لەوە بەرنامەی سازاندن بەرەو باوەڕهێنان بەو داگیرکردنە کۆنە ئەچێ ، بەرامبەر وازهێنانی لە بەشێکی داگیرکراوی نوێ ، ئەم هەڵویستەش لەگەڵ مافە نەتەوەییەکاندا و لەگەڵ رێڕەوی تێکوشانی عەرەبیدا ناکۆکە ، لەماوەی ساڵانی رابوردوشدا بە تاقی کردنەوە بۆشی ئەو بروپاگەندەیە ساغ بوەوە کە ئەڵێ توانای « سازاندن » زیانێکی گەورە بە مافەکانی عەرەبو پاشە رۆژی عەرەب ناگەیەنێو باس کردنی لەسازاندن بەو ناوەوە گوایە مەلدانی جەوهەری تیانیە باسێکی وایە لە رووی کارەوە کەس رازی ناکات ، چونکە ئەو سازاندنەی ئێستا لە ئارادایەو ئەوانەی ئەیانگرێتەوە رووبەرووی ئەچن واز هێنانی ترسناکی مافەکانی عەرەبی تیایەو مەلکەچی تەواو بۆ ستراتیجیەتی ئەمریکاو صەهیونیو مەلکەچی تەواو لە بەردەم چاوپرسیەتی صەهیونیەکاندا ، لەبەر ئەمەو لەسەر ئەم بنەڕەتە ، تێکوشان دژی ئەو سازاندنانەی لە ئارادان ، تەنیا بۆچون نیە ، بەڵکو دەربڕی ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەییە ، هەموو ئەمانەش بەشێوەیەکی واقعی بەکار ئەوەی دووپات کردەوە کە حزبو شۆڕش لەعیراقدا وریایی بەرامبەر دەرئەبڕی ، کە قبول کردن بە هەر مەلدانێك بە هەر بیانویەکەوە بێ ئەبێتە هوی مەلدانو مەلکەچی دووەمو سێیەمو بەم جۆرە ، هەتا مەلکەچی تەواوی ئەتەوە لەبەدەم هاوپەیمانی ئیستعمارو صەهیونیدا ئەوەتە رووداوەکان باری سەرنجو هەڵوێستمان ساغ ئەکاتەوە •

پرسیاری شەشەم :

لەم دواییەدا هەندێ دەزگای راگەیاندنی عەرەبیو جیهانی رایان گەیاند کە هەوڵدانێ هەیە بۆ بەدی هێنانی نزیك بوونەوەی عیراقو سوریا ، ئەمە چەندە راستە ؟ ئایا تەقەللایەك لەم بارەیەوە لەلایەنی عەرەبی یان جیهانی دۆستەوە دراوە ؟

وەڵام :

بۆ ئەوەی پێك گەیشتنی نێوانی ئێمەو ئەو رژیم یان ئەم رژیم بێتەدێ ، پێویستە ئەو رژیمە سنووری ئەم دنیایە قیمی رەوشتو سلوکی راستەقینەی تیابێ ، کە ئەمە وای لێ بکات خۆی بە بنەڕەتەکانی بەیەك گەیشتنەوە ببەستێ ، لەماوەی تاقی کردنەوەمان لەگەڵ رژیمی سوریا تەبیعەتی بروبیانوی خەلەتێنەرانەی ئەم رژیمەمان لەجارێ زیاتر بۆ ساغ بوەوە •

واچاکە لێرەدا ئەو تەقەللایە بەیاد بهێنەوە کە بەرێز عبدالسلام جلود دەربارەی یەکخستنی نێوان عیراقو سوریا بەر لەسالی زیاتر دای لەو کاتەدا رژیمی سوریا بە برادەر جلودو هەندێ برایانی عەرەبی وت ئەگەر عیراق هێزی عەسکەری بنێرێ بۆ بەرەی سوریا ، وا لەسازاندن ئەکشێتەوە ، ئەوسا بە برادەر جلودمان وت ، رازین ، هیز ئەنێرین ، بەڵام ئەبێ رژیمی سوریا دوای خۆ کۆکردنەوەی لەبەرەی شەڕ ئاشکرای خۆکشانەوەی لەسازاندن بکات ، دەستوبرد هێزی عەسکەریمان نارده سەر سنوورو برادەر جلود لەمە ئاگادار کرا ، پێویست بوو رژیمی سوریا ئەو بەڵێنە بەجێبهێنێ کە دابووی بە برادەر جلودو برایانی عەرەب کەچی خۆی لەو بەڵێنانە بەدوور گرت ، لە جیاتی کشانەوە لەسازاندنو گرتنی رێی نیشتمانیو نەتەوەیی ، هێزەکانی نارده لوبنان ، بۆ لێدانی بزوتنەوەی بەرگری فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان ، جا ئیتر ماقوڵنیە دوای ئەم تاقی کردنەوەو تاقی کردنەوەکانی پێشو کەس باوەر بەرژیمی سوریا بکات •

هەڵسەنگاندنمان لە ئەنجامی زیاتر لەتاقی کردنەوەیەك ئەوەیە : رژیمی سوریا کاتێ ئەم پروپاگەندانە بڵاو ئەکاتەوە ئامانجی چاککردنی باری خۆیەتی لە بینەو بەرەی سازاندنا ، یان پارە بەفیڕۆدان لەهەندێ لایەنی عەرەب ، یان ئالۆزی نانەوە لەریزی جەماوەری عەرەبو بزوتنەوەی بەرگری فەلەستینو گەل عەرەب لە سوریا تا خۆی بە ئاتەواویو گیروگرفتە قورسەکانیا تێبپەڕێ ، لەبەر ئەم هویانە ئێمە رێگای نادەین جارێکی کە ئەم جۆرە یاریە لە سەر حسابی کاروباری چارەنووسمان بکات ، ئێمە هەرگیز لەگەڵ ئەو رژیمەدا پێك ناگەین ، چونکە پێك گەیشتنمان خزمەتی مەسەلەی رزگاری ناکات ، بەڵکو خزمەت ئەبێ بۆ پرۆژەکانی سازاندن ، دیسان هیچ لایەنێکی عەرەبی یان دەولەتانی دۆست بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی پێوە نەکردوین و هەرکەسێ پەیوەندی پێوە کردین ئەمە وەڵامانە •

پرسیاری حەوتەم :

ئایا توانای زامن کردنی مستلزماتی زیاندنەوەی بەرەکەی رۆژهەڵات هەیە ؟

وەڵام :

سوپای عیراق هەمیشە ئامادەیە بۆ شەڕی رزگاری ، ئەمە ئێویستی بە دووپات کردنەوەو بەڵگەنیە سوپاکەمان سوپای عەرەبایەتیو کاروباری چارەنووسیەتی بەڵام رێگای ئەوە نادەین سوپای عیراق وەك وەرەقەی بێنەو بەرەی سازاندن بەکار بهێنرێ ، کاتێ هەر لایەنێکی عەرەب ، ئارەزوی شەڕی رزگاری راستەقینەی هەیەو دەست ئەکات بە تێکوشان بۆ زامن کردنی مستلزماتەکانی ، ئەوا ئەبینێ سوپای عیراق لە پالیایەتی ، هەمیشە ئامادەیە ، هەر ئەمەش بو لە شەڕەکانی تشرینەدا رووی دا •

سوپای عیراق هەمیشە ئامادەی تێکۆشانی رزگاری یەو ئەمەش پێویستی بە دووپات کردنەوەو بەڵگەهێنانەوە نیە سوپاکەمان سوپای عەرەبایەتی وکاروباری چارەنووسیەتی

تێکۆشان دژی ئەو سازاندنانەی لە ئارادان ، تەنیا بۆچون نیە بەڵکو دەربڕینی ئەرکی نیشتمانی ونەتەوەییە هەموو گۆڕانەکانیش بەشێوەیەکی واقع وبەکار ئەوانەی دووپات کردەوە کە حزبو شۆڕش لەعیراق دەست نیشانی کرد بوون

شیعر و فەلسەفە

وەرگێڕانی
فوئاد میسری

ئەم لێکۆڵینەوە ئەدەبیە کە برای نووسەر کاك فوئاد مەجید میسری کردویەتی بەکوردی لە گۆڤاری « آفاق عربیە »دا بڵاو کراوەتەوە لەبەر ئەهمیەتی لەروویی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیەوە « ئەدەبو ژیان » بە زنجیرە بڵاوی ئەکاتەوە .

دیاریترین شتێك کە زمانی شیعر لەزمانی بەخشان جیائەکاتەوە ئەوەیە کە ، زمانی شیعر خەیال تیایا شتێکی سەرەکیی‌و جەوهەریە ، چونکە زمانێکە لەناخەوە هەڵئەقوڵێ ، ئەمەیش بەپێچەوانەی زمانی بەخشانەوەیە کە تەنهایەك مەودای هەیە ، بەتایبەتی‌ی ئەگەر ئەو راستی‌یەمان زانی کە هەر لە یەکەم رۆژی دروستبوونیەوە پەیوەندی‌یەکی توندو تۆڵی بووە بە داستانەوەو داستانیش رووی یەکەمو سەرەتایی‌و بیری مرۆڤایەتی‌یەو زمانی شیعریش خۆی لەخۆی‌دا زمانی هەڵچوونو راگەیاندنە .

« سەردەمی داستانەکان ، بەسەردەمی شیعر ناسراوە ، چونکە ووشەی شیعر ، چەندین واتای زیندوو ، و دواجاریش چەندەها واتای داستاناوی‌ی میتافیزیکی راگەیاندووە .

جا لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەر لە بایەخ‌پێدانی واقیع وێنەی کێشاوەو پێش لاسایی‌کردنەوەیشی زۆرتر رووی‌کردۆتە خەیال ، ئەبینین شیعر ، پێش پەخشان کەوتووە ، ئەمەیش سەبارەت بەوەی پەخشان بریتی‌یە لەدەربڕینێکی رووت‌وقووتو لەرووی واتایشەوە ووردەکاری‌ی زمان بالی بەسەردا کێشاوە ...(١)

جوان‌ناسێکی وەك (ـ بندتو کدوشەی ئیتالیایی ١٨٦٦ـ١٩٥٢) سەبارەت بە پێویستی‌ی شیعرو بنچینەکانی نەش‌ونوماکردنی‌و پەیوەندیی بەسەرەتای بیری مرۆڤایەتی‌یەوە ئەڵێت :ـ

« لەدایك‌بوونی شیعر ، ئەنجامی رابواردنێکی خۆش ، یان ئارەزوویەکی کاتی‌ی نەبووە ، بەڵکو پێویستی‌یەکی سروشتی‌ی‌بووەو زۆر دوورە لەوەوە کە بەشێکی زیادە لەسك دابنرێتو شیاوی گۆڕکردنو چزکردن بێت ، چونکە یەکەمین دەلس‌وکەوتی بیری مرۆڤایەتی‌یە .

مرۆڤ بەرلەوەی بگاتە قۆناغی دروست‌کردنی شتە گشتی‌یەکان ، لە ناخی دابیروڕای خەیاڵاوی دروست‌ئەکرد ، واتە بەرلەوەی بتوانێ قسە بکات ، گۆرانی‌ی ئەووت ، پێش پەخشانیش شیعری ووتووەو بەر لەوەی دەربڕینی هونەریش بەکاربهێنێ ئیشارەتی بەکارهێناوە ... »(٢)

هەرچەندە ئەم رایەی ـ بندتو ـ زۆر گشتی‌یە ، بەڵام لەگەڵ ئێمەدا لەوەدا ، یەکانگیر ئەبێتەوە کە مێشکی مرۆڤ لەسەرەتای دروست بوونیەوە بیروڕای خەیاڵاوی‌ی‌و داستاناوی‌ی ئەخولقان کە ئەتوانین ئەوە دابنێین بە :ـ

« فەلسەفەی سەرەتایی ، یاخود زنجیرەیەك هەوڵوتەقەلا بۆ تێگەیشتنی جیهانو لێکدانەوەی ژیانو مردنو قەدەرو سروشتو یەزدانو نەریتی ئایینی »(٣) .

دوابەدوای ئەمەش :ـ

« داستان ئەبێتە ئەدەبێك پێویستە وای‌دابنێین کە ، کارێکی هونەری یەو خەیالی مرۆڤایەتی پێکی‌هێناوە »(٤) .

پێش ـ سۆکرات ـ چەندین فەیلەسووف دەربارەی مینولۆژیای کۆن دواونو لەبیروباوەڕەکانی کۆلیوپانەتەوە ، بەمەیشەوە زانەوەستاون داوای راپەرینیشیان کردووە بەرامبەر بە داستانە کۆنەکان .

دروست‌بکات .. پاڵەوانەکانی بەشداریی پێك‌هێنانی جۆرە درامایەك ئەکەن ، و شانۆی ئەم پاڵەوانانە ، جیهانە سروشتی‌یەکەیە ، وەك چیاکانی ـ ئالپ ـو دەریاکانو ئاسمان ... »(٦) .

ئائەم جیاوازی‌یە گرنگانە ، ئەمانگەیەنێ ئەوراستی‌یەی کە ، داستان :

« .. ئەوەنی‌یە بەکارتێکردنی چەند خواستێکی تایبەتی‌ی مرۆڤ ، جیهان ژیرەوزەبەر بکرێ ، ئەخێر ، بەڵکو بەرەنگاربوونەوەیەکی نوێیە بەرامبەر بەچەندین حەقیقەتی بنچینەیی مرۆڤایەتی‌ی .

داستان هەڵاتن نی‌یە ، بەڵکو مەبەست و ریبازێکە سیمایەکی ئەخلاقی‌ی هەیەو بەشێوەیەکی ناڕاستەو خۆوێنەی جیهانێك ئەخاتەروو ، تیایا تواناو لێهاتوویی مرۆڤ نیشان‌ئەدات ، لەبەرئەوە ، ئەو وێنانەی یەك‌مانای شیعری‌یان هەیە ، لەتاکەوێنەیەکدا تێکەڵ ئەبن ... »(٧) .

کەوابوو لەنێوان شیعرو داستان‌دا ، رەگێکی هاوبەش هەیە ، لەو رووەوە کە رووانینی داستاناوی هەمیشە شاعیری کۆنی ورووژاندووەو پەرۆشی‌بووە ، چونکە :ـ

« .. وێنەو هەڵوێستی ئەوتۆی ئەداتێ کە خەیالی مرۆڤ پشتاوپشت رەنگی کێشاوەو بوونەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی بیری بەرامبەر بەمەتەلی ژیانو بوونو نەبوون .. دیارە ئەو شێوەو هەڵوێستانەیش هەمیشە مایەی شەیدابوونی شاعیران‌بوونو بە پەرۆشەوە شوێنی کەوتون، ئەمەیش بەمەبەستی وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی کە بەسەرزاری ملیۆنان زیندوو مردووەوە بووەو تا ئستاش بەشێوەی مەتەل ماونەتەوەو داستانو ئەفسانەکان بێهوودە ئەرکی هەڵهێنانو وەڵامدانەوەیان گرتبووە ئەستۆ .. رەنگە هەر ئەم بێدەسەڵاتی‌یەش بووبێ وای لەشاعیرەکۆنەکان کردبێ ، داستان بەشێوەی بەیت دابرێژن ... »(٨) .

جا لەبەر ئەوەی زمانی شیعر ، زمانێکی ناڕاستەوخۆیە ، لەدەربڕین‌دا زۆرتر لەشێوەی داستان ئەچێو زوربەی جار گوێ‌ناداتە ووتەی لۆژیکی‌و هەندێ مەسەلەی ئاشکراو راستەوخۆ ، ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆربوونی واتا دیاردەیەکی زەقی مەبەستەکانی ئەمچەشنە ئەدەبەیە ، ئەبینین قەڵای شیعر ، زمانێکی رەوانەو ئەشێ چەندەها ئیحتمالو واتای جۆربەجۆری دوور لەیەکتر ببەخشێ ، ووتەش لای شاعیران نەك هەر واتای زمانەوانی ئاشکرا نابەخشێ ، بەڵکو دەلالەتیش لەواتای بەیانی‌ی ، ئەوتۆیش ئەکات گەرێو شارەزای بەیانو رەوانبێژی‌ی نەبین ، هەرگیز تێ‌ی ناگەین .

هەروەها وتە ، واتای دەنگ‌داریشی هەیە ، چونکە شاعیران بەووتە گفتوگۆ ناکەن وەك ئەوەی کە خەڵکە ئاسایی‌یەکە پێ‌ی ئەدوێن لەژیانی رۆژانەیاندا ، بەڵکو بەگۆرانی‌ی ئەی‌لێنو نرخێکی موسیقی وای پێ‌ئەبەخشن ئەبێتە ئاوازی هەمەچەشن ، کەواتە ، لە ئەلێن شیعر ، مەبەستان ئەوەنی‌یە بەرامبەری چەند ووشەیەکی پرواتاو چڕ راوەستاوین ، بەڵکو رووبەرووی چەند رستەیەك ئەبینەوە کە بەخەیالی شاعیران‌دا هاتووەو هەستیان پێ‌کردووە .

بەڵام ئەوانە چەند رەمزێکی ناتەواون ، بۆیە بەناچاری‌یەوە پەنا ئەبەنە بەرخەیاڵو مۆسیقا .. جا وەنەبێ رەمزەکان بەتەواوی لەواتاو مەبەستەکان جیابزوبنەوە ، نە ، ئەوەندە هەیە ئەو رەمزانە کەم یان زۆر لەتەمو مژدا مەڵەئەکەن ، هەر ئەمەیشە وای‌لێ‌ئەکات شیعر واتاو دەلالەتێکی فراوانی هەبێت ... »(٩) .

ئەناهێڵم

شرینا من ..
دەمێ جیهان پر خەملی
ز جوانیا تە
دەمێ ژەسمانێ دلێ مـن
عەورو مژو مـوران رەڤیـن
ژبەر باین سپێدەهیتیت تە
من توفیای ..

دەمێ گوبینا نیفشەڤا شەڤینێت من
تالێنو تازی خرکرین
هەمی کرین لاڤژە بۆتە
تبنێ ئەزێ ژارو رەبەن
هەر هەژاندیم
تولیەر زێمارا نڤاندیم
باشی ژنویکا دەلا لامن
هشیار کریم
لایە لایو نارنیاتە
من توفیای !
دەمێ شڤانێ گوندێمە
بزنو بێری لێك خرکرین
بەز بێر کرین
تارستانێ لەرێ کێریا
ئاگر کرین
شیفکو نهالێت دلێ من
روهن کرین
تیروشکا وان دوو چاڤیت تە
من توفیای
دەمێ لباغێ ئەڤیندارا
دەحلو دڕو ستری وەرین
گول بشکڤین
هینگێ شرین
من توفیای !
دەلالا من

ئەگەر هاتو هەر بلبلەك
ئەڤینداریێ حەد گولا بیت
هەر تو بتنێ‌ی ئەو نێرکزا
رەد دا چاندین
ناف لاتو وارێ ژینا من
ئەگەر هاتو شرین جارەك
هەر ئەزمانەك
هزار ناڤا بهەلشکێڤیت
ئەهەر بێژیت
بتنێ هەر توی
بویە هوزان
هەمی ستران
لسەر ئەزمانێ من دلەنیری
سفکو شرین
گەلەك زوی .. زوی
دابەرا من
ئەو ئەڤینا

چاڤو جەرگو هنائیت من
ژتە هەلگرتی
مە و ساڵە
دلێ رەبەن
من هەلگرتی
ئەز ناهێلم ..
کریەکەپن لیەر راگرتی
تەنا هێلم
ئویارا من
ئەگەر بەکروك خرفە ببن
هەمی پێکڤە بکەنە دلی
بو ببن ژان
باش بزانە
هندی بێتێدا بەیدا بونی گریو کوڤان
دێ ساخکەن ئەو دێین دەرمان ... دی بن دەرمان.

محفوظ مائی

ژوانی شەوانە

« سالار فتاح »

ئەو چرکانەی لە ئامێزما ئۆقرە دەگری
دڵی شێتم ، هەنسك ئەداو
بە کول دەگری .. .

بروسکەی ڕاز .. جێ‌ژوانی دڵداریمان
ئەمەژێنێ ..

ئەی کچە کە ..
بە جوانی‌یەکەی خۆت مەنازە ..!

مێخەکو سملێ گەردنت
بۆ دڵداران .. جێگەی ڕازە
منیش بە عەشقی پاکی تۆ

بەبۆن کەوتووم
وەرە گیانە .. تیشکی چاوە مەنگەکانت
بخەرە دووم

تەزووی گەرمو ساردی ئەوین
بروسکە بێو
دڵی منی شێتو شەیدا
ئەسووتێنێ ..!

وەرەگیانە .. من شەیدائم
ڕێبوارێکی سەرگەردانی
دوو چرکەکانی ئاواتم

پشوی ساڵانەی کرێکارێك

کورتەچیرۆك

نازاد جندیانی

بەم سەرەتای بەیانە .. بە شلوارە خەنەیی‌یەکەی‌و بە کراسە زەردەکەیەوە لە دوتوێ‌ی دەرگا ـ ـوزە دارینەکەی ماڵیانەوە خزایە ناو باوەشی شەقامە چۆڵەکەوە ..

(چواردە رۆژ پشودانی ساڵانە ، .. ئەبێ سەرێك لە ماڵی خەزورم بدەم ! ..)

(: ـ حەمە گیان .. ئەزانی ماڵی باجی خاوەری هاوسێمان تازە تەباخێکی گازیان‌کڕیوە .. ئەوەندە جوانە تا بڵێ‌ی‌بەس ..)

: جا تۆ چیت‌ئەوێ باجی فاتەکەی ماڵێ خۆمان ؟!

: وتم .. بەشکو ..

هێشتا لە شەقامەکەوە بێچی نەکردبووەوە پاسێك گەیشتە ئەو ئیستگەی کە لەوێوە نزیك بو .. گورج گورج خۆی هەڵکوتاو لەسەر یەکێك لە سەندەلیەکانی پاسەکەدا دانیشت .

بەیانی‌یە زوەکان پاسەکان هەمویان وەك بڵێ‌ی تەنیا بۆ گواستنەوەی کرێکاران تەرخان‌کراون .. چکە لە کرێکار کەسێکی کەی تیادا نابێنی .

(.. چواردە رۆژ پشودانی ساڵانە ئەچمەوە دێ)

دەنگێك لە ناخی‌یەوە هەڵقوڵا : ئەی بەشکوەکەی باجی فاتەی ماڵی خۆتان ؟

ویستی خۆی لە مەسەلەکە گێل‌کات ، سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد ئەوەندەی بۆئیش نەمابو ، سەیرێکی کیسە نایلۆنەکەی دەستیشی‌کردو لەبەر خۆیەوە وتی

: دو نانو .. سێ تەماتەو .. دو ئارو .. بەسمە سەروزیادیشە کە لە پاسەکە دابەزی پێنج دەقیقەی مابو بۆکار ، بە پەلە کیسەی دەستی داناو چوە سەرئیش .

ئامێرێکی بچوکە پەستینەوەی بە دەستەوە بو ، هندێکی لێ‌دا وەکارنەکەوت .. دوان .. سیان ، سەیرێکی‌کرد ، بانگێکی لە عەول‌کردو ئەویش سەیرێکی ئامێرەکەی‌کردو وتی :

: ئەمە چاك نابێتەوە ..

: چۆن ؟!

: مردوتەرێ هەوازبێنە .. بۆ ئەوەندە خۆت مانگو ئەکەیت ئەڵێ‌ی بۆ ماڵی باوکتە .

زەردەخەنەیەکی شەرماوی گرتی

: ئاخر .. شەرمە با چاودێرەکە قسەیەك نەکا ..

ئەویش سەرێکی سەیری بۆ لەقان .

: بەخوا بە سەزمانی .. رۆڵە ئەم قۆنترات‌چیانە گەر لە دەستیان بێت رۆژی دە سعات بە دە فلس ئیشت پێ‌ئەکەن .. دوێنێ هەر ئەم جەنابە ئەیوت ناتوانی قازمەکە داوەشێنی ! .. ئەوانە ئەیانەوێ خودی کرێکار بکرن .. ئەك بەرشەمی رۆژانەی .

دەستێکی تری دایەوە ئامێرەکەو بە هندرێك خستیە کار ..

(.. لە دەستیان بێت رۆژی دەسعات ... تەباخە گازەکە ... چواردە رۆژ پشوی ساڵانە ..) .

لەبەر لرمەو هۆرەی ئامێرەکە تاسابوو .. گێژوو وێژ بو بو ، تا بەرەبەری نیومرۆ بێ وەستان کاری‌کردو بیری لەوشتانە ئەکردەوە کە لە بەیانی‌یەوە لە مێشکیا ئەخولانەوە ، لە پرێکا وەك بڵێ‌ی ماری بیگەزێ .. راچلەکی‌و ئامێرەکەی بەرەڵلاکردو لە شوێن خۆیا هێندەمە گرتی .

: دیسان فەرمانبەری خۆیەتی (ذاتیە) ئەڵێ مافی پشودانت نی‌یە ..

یان شەش مانگت تەواو نەکردو . یان وەرنگرتوە .. یان .. یان .. هەزاران بیانوی تر .

دو دڵ بو .. چی بکا .. داوای پشودان بکات یان‌نا ..

چۆن چۆنێك لە ناکاو دەستی لە ئامێرەکە بەردابو ئەوناوانش گرتیەوە دەستی‌و کەوتە . ـ وە کار ..

(باشەم پرۆژەیە تەواو بێت .. شەرت بێ بە شەقیش‌بێ پشودانەکەم لە چاوە سورەکانی فەرمانبەرەکەی خۆیەتی‌یەوە دەربینم .. دەسا بەخوا لێ‌ی خۆش نابم ...)

: نابەوخوایە لێت خۆش‌نابم .. نا ..

لە زوری فەرمانبەرێکی فەرمانگەی خانەنشینیدا فاتەخانی چوانو جاحێل لەبەردەمی مێزەکەی‌دا وەستابو ..

: مێردەکەت ساڵێك خزمەتی هەیەو بشودانی‌نی‌یە کەوتە خوێندنەوەی فایلی تایبەتی حەمەی شەهید .

: وە لەبەرئەوەی لە ئیشی میری‌دا ڕانی لە دەستداوە بۆیە ئەمەش دەفتەری خانەنشینیەکەی .

تەموزی ١٩٧٧
هەولێر

سوپاسنامەیەك بۆ سەرۆکی بەڕێز لە سەرۆکی دەوڵەتی میرنشینەکانی عەرەبیەوە

سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکر ئەم سوپاسنامەیەی لە بەڕێز شیخ زاید بن سلطان ال نهیان سەرۆکی دەوڵەتی میرنشینەکانی عەرەبیەوە پێگەیشتوە :

خاوەن بەرزیەتی برا سەرۆك احمد حسن البکری بەڕێز ـ سەرۆك کۆماری عیراق ٠

سوپاسی خاوەن بەرزیەتیتان ئەکەین بەرامبەر پرسەنامەکەتان بەبۆنەی کۆچی دوایی بەڕێز سیف بن غباش وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە کە دەستی نارەوای گەیشتی لە کاتی رابەراندنی ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەییدا ، ئێمە ئەبەردەم ئەم کارەساتەدا ، لەخوای گەورەو مەزن ئەپارێنەوە کۆچ کردو بە بەزەیی خۆی بگرێتەوەو شوێنی دۆستو شەهیدان بێ ٠

براتان

زاید بن سلطان ال نهیان

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەڕێز یاسین توفیق یوسف بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کارگێڕی لە وەزارەتی گواستنەوە سەری لەکۆشکی کۆماری داو خۆی ناو نووس کرد بۆ سوپاس کردنی سەرۆك بەبۆنەی دانانیەوە لەسەر وەزیفەی تازەی ، هەروەها بەڕێزان محب‌الدین کمال‌الدین جنگری وەزارەتی گواستنەوەو محمد جاسم الامین جنگری وەزارەتی راگەیاندنو ئەدیب ئەمین سەرۆکی ئەنجومەنی کاروباری تامینو جمیل احمد عداد پارێزگاری بەغداو عبدالتواب عبدالله الملا حویش سەرۆکی دەزگای گشتی گواستنەوەو نوری عثمان فرج بەڕێوەبەری گشتی سامانی ئاژەل بەبۆنەی هاتنەوەیان لە دەرەوەی عیراق سەریان لەکۆشکی کۆماری داوە ٠

هەروەها بەڕێزان اسماعیل ابراهیم جاسم بەڕێوەبەری گشتی نەخشە لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیو محمد نایف عبدالرحمن سەرۆکی زوری بازرگانی عیراقو دوکتۆر اکرم نشات ابراهیم بەڕێوەبەری گشتی مەلبەندی نەتەوەی کۆمەڵایەتی ناوی خۆیان لەدەفتەری میواندارید نووسی بۆ ئزن وەرگرتنو سەردان لەدەزەوەی عیراق ٠

چەند بڕیارێکی گرنگی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریارێکی دەرکردوە بەگوێرەی ئەویریارە مافی ئەوەی داوە بەوکەسەی ئیجازەی خوێندنی وەرگرتوەوبەبێ هۆی نەخۆش کە بەراپورتی پزیشکی لایەنی گیرابیو ئەو باوەرنامەیەی لەکاتی دیاری‌کراوی خۆیداکە لەوەپێش لە سەری رێك کەوتوە بەپێی ماددەی(٥٠) یاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ی چاکەکراو بۆی وەرنەگیرابی ، ئەم بریارە دەسەڵاتی ئەوەی‌داوە بەو وەزارەتانەی ئەم بریارە ئەیانگرێتەوە لەرۆژی راسیبیونی قوتابیتکەوە بەشێوەی پێشەکی پارەی‌ساڵیکی بدرێتی ٠٠

ئەمەش تەواوی بریارەکەیە

بەگوێرەی دەسەڵاتی برگەی « ١ » لەماددەی چلو دووی دەستوری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی رۆژی ٢٩ـ١٠ـ١٩٧٧دا بریاری ئەمانەی داوە ٠

١ ـ ئەگەر ئەو کەسەی ئیجازەی خوێندنی هەبو بەبێ هۆی نەخۆش کەوتن کە بەراپورتی پزیشکی لایەنێکی رەسمی لایەنگیر بکرێتو نەیتوانی لەو کاتەدا باوەرنامەکە وەرگرێت کە بەپێی ماددەی ٥٠ی یاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ی چاکەکراو لەسەری رێکەکەوتوە ، بۆ وەزارەت هەیە کە بەشێوەی پارەی پێشەکی (سلفە) بۆ ماوەی ساڵێك لەکاتی راسیبیونیوە پارەی بداتیو ئەم ساڵەش بەئیجازەیەکی ئیعتیادی بۆ دائەنرێت بەبێ ئەوەی موچەی بدرێتی ٠٠

٢ ـ ئەوەی بەزەمالەی خوێندن بۆ دەرەوی وڵات بەری‌بکرێت لەم بارەیەوە وەك ئەو کەسە مامەڵەی لەگەڵدا ئەکرێت ئیجازەی خوێندنی پێدرایی ٠

٣ ـ بەپێوەی هیچ دەقو بریارێك ناکرێت کە پیچەوانەی ئەم بریارە رابوەستێ ٠

٤ ـ لەکاتی بڵاوبونەوەی ئەم بریارە لە رۆژنامەیەکی رەسمیدا پەیرەوی ئەکرێت ٠

٥ ـ پیویستە لەسەر وەزیرەکان پەیرەوی ئەم بریارە بکەن ٠

احمد حسن البکر
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش

دیسان ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریاریکی دەربارەی (موخەسەساتی زەوجی) داوە کە لەبریاری ٧٤٧ی ١١ـ٧ـ١٩٧٦دا هەیە بەشێك بێت لە سەرجەمی موچەکە لەبریاری ٦٥ی ١٧ـ١ـ١٩٧٧دا هەیە ئەویش بو حیسابکردنی

بروانە ـ ل ٧

دەستپێکردنی حەوتەمین کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکاڵ

بەنەخشە کێشانێکی زانستی یانە وخۆراگرتنی هۆشمەندانە لەکارکردنماندا پەرەپێدانی کشتوکاڵ دێتە دی

بەڕێز عزة ابراهیم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشو سەروکی ئەنجومەنی بەرزیی کشتوکاڵ وتویەتی ٠٠حەوتەمین کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکاڵ نمونەی فراوانترین کرداری دیموکراتیانەیە لەبنیاتنانی شۆرشگێرانەی دیهاتەکانماندا لە یەکەم هەنگاویوە دوای دەرچونی یاسای چاککردنی کشتوکاڵی ژمارە ١١٧ی ساڵی ١٩٧٠ ٠

لەو وتارەدا کە لە کۆبونەوەیەکی ئیوارانی کۆنگرەکەدا خوێندویەتیەوە کە سەرلەبەیانی رۆژی شەممەی ریکەوتی ٢٩ی ئەم مانگەدا لەژێر دروشمی (بە نەخشەکێشانێکی زانستیانەو خۆراگرتنێکی هۆشمەندانە لە کارکردنماندا پەرەپیدانی کشتوکاڵ دێنینەدی) کراوەتەوە ٠ هەروەها وتویەتی : ئەمە بە ئامانجی قولکردنەوەی رێگای شۆرشگیرانەو چارەسەرکردنی شوێنەلاوازەکانێتی سەرەرای دەست نیشان‌کردنی لایەنە چاکەکانی قولکردنەوەو فراوان‌کردنی مەوداکەی ٠

هەروەها وتویەتی ٠٠ کۆنگرەکە بۆتە نەرێتێکی شۆرشگرانەو فیکری کە شانازی پێوە ئەکرێتو نمونەی تێکەڵاوبونێکی شۆرشگیرانەیە لە نێوان سەرکردایەتیو بنکەکاندا ئەویش لە سەرریبازی ئەو رەوتی شارستانی‌یەتیەی وڵاتەکەمان پێیدا دەروات ٠

ئەوەشی دەست نیشان‌کردوە کە ئەرکی سەرەکی کۆنگرەکە پەیوەندی هەیە بە ئامانجە سەرەکێکانی شۆرشی ١٧ی تەمموزو شۆرشی کشتوکاڵی‌یەوەو زۆر ئەرکی دیکەش کە پەیوەندی هەیە بە بنیاتنانی کۆمەڵایەتی دێهاتەکانەوە هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵێك مەسەلەو مەبەستەوە بە مەبەستی دانانی چارەسەریکی ئەوتۆ کە راپەراندنو جێبەجێ کردنیان مسۆگەربکات بە جۆریکی ئەوتو کە لە گەڵ خواستو ئامانجەکانی نەخشەی پێنج ساڵەی کشتوکاڵدا بگونجێت ٠٠ وەزیاتر بایەخی بە ئامادەکردنی کادیر داوە بو پێش خستنو پەرەپیدانی زیانی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی جوتیاران ٠٠

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵ داوای کردوە کە هەولو تەقەللایەکی زیاتر بۆ پەرەپیدانی بەرهەمی کشتوکاڵی بدرێت ٠٠

هەروەها داوای کردوە کە گیانی دیموکراتیەت لە کۆنگرەکەدا فراوانو قوڵ بکرێتەوەو بە جۆرێکی ئەوتۆ بگاتە رادەی ئەو ئەرکانەی کە لە ئەستۆیدایە لە رەنگ رشتنی نەخشەی چالاکی ئەم بەشە گرنگە ٠٠

بەڕێز عزة ابراهیم ئەوەی دووپاتە کردۆتەوە کە زۆر هەڵەیە ئەگەر بێتو هەندێ لەو لایەنانە بکرێت بە زێر لێوەوە کە پەیوەندیان هەیە بە کەم‌تەرخەمیو کەمو کورتیو سەرنەکەوتنەوە ئەویش بۆ ئەوەی کۆنگرەکە بتوانێت ئەو ئەنجامە ئیجابیانە وەدی بهێنێت کە چاوەروانی لێ ئەکرێت ٠٠

بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشو سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵ ستایشی دەزگاکانی راگەیاندنی کردوە کە چەند دەوریکی کاریگەری گیراوە لە وریاکردنەوەداو داوای لێکردوە کە تێکەڵاوی کەرنەکانی کشتوکاڵ بێت بۆ ئەوەی هەمولایەکی بزوتنەوەی ناوخۆی ئەو کەرنە بەدی بکاتو بەوردیو ئەمینی بە جەماوەریان بگەیەنێت ٠

دوای ئەوە لە کۆنگرەکەدا یازدە لیژنە پێك هێنرا کە برێتین لە لیژنەی بەرهەمی روەکیو بێویستیکانیو لیژنەی بەرهەمی حەیوانەکانیو پێویستیەکانیو لیژنەی خزمەتگوزاری کشتوکاڵو کۆمەڵایەتی ولیژنەی هەرەوەزکاری کشتوکاڵیو لیژنەی بەڕێکردنو تەسلیف لیژنەی مەکینەو لیژنەی ئاوو زەویو لیژنەی چالاکی ئافرەتو بەرەپیدانی ژنانی لادێو لیژنەی مەشقو فیرکردنو لیژنەی راگەیاندنو لیژنەی راگەیاندنی کشتوکاڵ ٠٠

ئەوە بو بەڕێز عزة ابراهیم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشو سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵ رۆژی شەممەی رابوردو کۆنگرەکەی کردەوە ٠

لە سەرەتای کۆبونەوەی بەیانیانی کۆنگرەکەدا بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵو سەرۆکی لیژنەی تەحزیری کۆنگرەکە وتاریکی خوێندەوە ٠٠ لە وتارەکەیدا وتی ٠٠٠ گرتنی ئەم کۆنگرەیە دوای زنجیرەیەك کۆنگرەی کشتوکاڵی سەرکەوتو هاتۆتەکایەوە کە هەمویان لایەنی یاسایان‌گرتوە هەروەك لە یاسای نەخشەی بەرەپیدانی نەتەوایەتی ١٩٧٦ ـ ١٩٨٠ داهاتوە ٠٠

دوای ئەوە باسی نەخشەی وەزارەتەکەی کردوە کە دەیەوێت بەرامبەر یەك لە ناو هەموو چالاکیکاندا پەیداکات وەیا بەرامبەریەك لە نیوان کەرتی کشتوکاڵو کەرتە ناپوریەکانی تری وڵاتدا پەیداکات هەروەها باسی ئەو ئەرکانەی کردوە کە تاوەکو ئێستا وەزارەتی کشتوکال توانیویەتی جێبەجێیان‌بکات ٠

دوا بەدوای ئەمیش بەڕێز دکتۆر مکرم جمال وەزیری ئاودێری وتاریکی پێشکەش‌کرد لە وتارەکەیدا وتی ٠٠ ئەو وەك نەرێتێکی دیموکراتیە کە کەرتی کشتوکاڵ شانازی پێوە ئەکات ئەویش فراوان‌کردنی بنکەی میللی‌یە بۆ لێکۆلینەوەی پرۆگرامی نەخشەی نەتەوەیی‌و بەشداری کردنێکی زۆری کادیر کارگیرانی مەیدانی کشتوکاڵ لە دانانی پرۆگرامی کارو نەخشەی بەرهەم هێناندا بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی ساڵانەدا لێیان بکۆلرێتەوە ٠٠ وە ئەوەشی دووپاتە کردۆتەوە کە سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش چەند بایەخێکی گەورە بەم بەشە ئەدەن ٠

لە کۆنگرەکەدا گەلێك لە کاربەدەستانو پارێزگارەکانو سەرۆکی یەکێتیو رێخراوەکان بەشداربون ٠

کۆنگرەکە رۆژنامەیەکی رۆژانەی دەرکردوە بە ناوی (کۆنگرەی کشتوکاڵ.)یەوە کە ئەمەش رۆژنامەیەکی ناوخۆیە بە چوار لاپەرە لەژیر چاودێریی لیژنەی راگەیاندنی کشتوکالیدا دەر ئەچێت ٠

●

کۆنگرەی لاوان لە سلێمانی

رۆژی هەینی رابوردو لیژنەی ناوخۆی سەربەیەکێتی‌ی گشتی‌ی لاوانی عیراق لقی سلیمانی لەژیر دروشمی (لاوان بەلای خۆدا راکێشە لە دوارۆژ دلنیابە) کۆنگرەیەکی پێك‌هێناوە ٠ لە کۆنگرەکەدا هاوری لیرسراوی مەکتەبی لاوان لەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لقی سلیمانیو قایمقامی سلیمانی بەشداربوە کۆنگرەکە لەراپورتی ئەو لیژنەیەی کۆلیوەتەوە کەبریتی‌یە لە چالاکی ریکخستنو چاودێری زانستیو نوردوگای مەشق‌کردن ٠

لەگەڵ ئەوەشدا کۆنگرەکە لە دوو راپورتی دارایو بەڕیوەبردنی کۆلیوەتەوە ٠٠ دوای ئەوەش لیژنەیەکی نوی هەلبژێردراوە کە برێتی‌یە لە ١٠ ئەندامی سەرەکیو دوو ئەندامی یەدەك ٠

پۆستەری کۆڕی راگەیاندنی جیهانی لەبەغدا ٣ ـ ٦ی تشرینی دووەم ١٩٧٧

بەبۆنەی میهرەجانی مێژوونووس «توێنبی»یەوە

رۆژی ١٩٧٧/١٠/٢٥ یەکێتی مێژنووسانی عەرەب بەیلریدەی وەزارەتی راگەیاندن میهرەجانێکی گەورەیان بۆ رێزلێنانی مێژوونووسی بەناوبانگ ئەرنۆلد توینبی دەستپێکرد کە شەش رۆژ دخایاند ٠ بەڕێز سعد قاسم حمودی وەزیری راگەیاندن لە بەیانی‌ی ئەورۆژەدا لەکۆبوونەوەیەکی گەورەدا کە لە هۆتلی (الرباط) لەبەغدا کرا بە وتارێکی بەنرخ میهرەجانەکەی کردەوە ٠

ئێمە بەبۆنەیەوە واکورتەیەکی ژیانی (توینبی) ی مێژوونووسی مەزنتان پێشکەش دەکەین ٠

● ساڵی ١٨٨٩ لەدایکبوە ٠ ساڵی ١٩١٢ وەك پسپۆرێك لەمێژووی شارستانێتی‌ی کۆنداو بەتایبەتی شارستانێتی ئۆکسفۆرد دەرچوە ٠

● دوای دەرچوونی لەزانکۆ چوە بۆ یۆنانو لەپشکنیندا بەدوای شوێنەواری کۆندا بەشدار بوەو بەدوایدا دوو کتیبی بڵاوکردۆتەوە ٠ یەکەمیان (شارستانێتی هلنستی) و دووەمیان (بیرکردنەوەی مێژوویی لای کریکەکان) ٠ هەروەها لەگەڵ چەند پسپۆرێکی‌تردا لەدەرکردنی کتیبی (کەلەپووری کریکەکان) دا بەشداربوە کە بەمەوسوعەیەکی مێژوویی دەگەمەن دادەنرێ ٠

● لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاوە گەلێ کاروفرمان بەتوینبی سپێردراوەو بۆماوەی (٣٠) ساڵ (مستشار) یان بوە ٠ دوای شەڕی یەکەمی جیهانی‌ی ئەندامێکی وەفدی بەریتانیابوە بۆ کۆنگرەی پیکهاتن (صلح) و هەروەها دوای شەڕی دووەمی جیهانی‌ی ٠

● توینبی بەئەوەرەترین مێژوونووسی سەدەی بیستەم دەزانرێو ناودارترین رۆشنبیریکە بە مەوزوعیەتو سەراپایی‌یەوە لەمێژووی کۆلیوەتەوە ٠ ئەو ناوبانگەشی هەر لەووەختەوە بۆ پەیدابوو کە کتیبە هەرەبەنرخەکەی (لیکۆلینەوەی مێژوو) ی دەرکرد کە دوانزە بەرگو ماوەی چل ساڵ پێوەی خەریکبوو ٠

● توینبی بەگیانێکی مەوزوعیانەو بە ئینسافەوە شارستانێتی‌ی عەرەبو ئیسلامی هەڵسەنگاندوەو بەیەکێك لەپێنج شارستانێتی‌یە گەورەکانی حسابکردوەو وایداناوە کە ناوچەیەکی فراوانی سەرزەمینی گرتۆتەوەو بۆماوەی چەند سەدەیەك دەوامی کردوە ٠

● توینبی وەك لەکتیبەکەیدا (تاقیکردنەوە) نووسیویە باوەڕی وایە کە ئیسرائیلو ئەمریکا پرمەترسی‌ترین دوو ئیمپریالیزمن کە لەمرۆدا هەرەشە لەجیهانی دەکەن ٠ هەرەشە لەجیهان دەکەن ٠ باوەڕەشە کە لەئەنجامدا سەرکەوتن هەر بۆ عەرەب دەبێ ٠

سەرۆکی ئەنجومەنی راپەراندن :

هاتنەکایەی چالاکانە بۆپاراستنی دەستکەوتە پێشکەوتوەکانی شۆڕشی ١٧ی تەموز بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست

پاشماوەی ل (١)

میوانە بەڕێزەکان ٠٠

برایان ئەندامانی بەڕێزی ئەنجومەنی یاسادانان ٠٠

سوپاسیو ستایشی زۆرم ئەگەیەنم بە سەرۆك کۆماری تێکوشەر احمد حسن البکر بەرامبەر بەو باوەڕە باڵایەی پێداوین بەڕاسپاردنمان بۆ سەرۆکایەتی دووەم ئەنجومەنی راپەراندنی ناوچەی کوردستان و ئەم باوەڕدانە هاندەری خۆم ئاوەڵەکانم ئەندامانی ئەنجومەنەکە ئەبێ بۆ هەموو چالاکیەکو هاتنە پێشەوەیەکی دڵسۆزانە بۆ خزمەتی ناوچەکەو بتەوکردنی یەکێتی نیشتمانیو پاراستنی دەستکەوتە پێشکەوتوەکانی شۆڕشی ١٧ی تەموز بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستو فراوان کردنیو کارکردنی دڵسۆزانە لەپێناوی چەسپاندنو بەرەپێدانی دامو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیداو پتەوکردنی دوەری لە بنیات نانی عیراقی شۆڕشدا تا بەشێکی تەواوکەری دامو دەزگاکانی مەرکەزی بێو بتوانێ ئەرکی سەرشانی لە ناوچەکەدا بەجێ ٠ بهێنێ بە کارکردن بە هەموو دەسەڵاتو شارەزاییەکیەوە تابتوانی ئەرکی گرانی سەرشانی دەستەڵاتداریەتی مەرکەزی سوك بکات ٠

هەروەها بەناوی خۆمو هاورێکانمەوە سوپاسێکی زۆری برایانم ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان دەکەین کە بەوجۆرەی ئەنجومەنی تەنفیزیم دەستنیشان کردبو باوەڕیان پێدان ، وە هیچ کاتی گومانمان لەباوەڕ پیدانەنی‌یە کەدەبێتە پال پشتێ بۆ تەختکردنی هەموکۆسپو تەگەرەیەکو خۆش‌کردنی رێگای لەبەردەم ئەنجومەنی یاسادانانو تەنفیزیدا کەبەچاکی ئەرکەکانی خۆیان بەجێبگەیەنن ٠

ئەی برایان هاتنەکایەی دوەمەم ئەنجومەنی یاسادانانو تەنفیزی لەکاتی دیاری کراوی خۆیداو دەستکردنیان بەئیش‌وکاری خۆیان ٠ ئەوبایەخە نیشان دەدات کە بەدەزگاکانی ئۆتۆنۆمی ئەدرێت کە توانیویەتی بەسەر ئەو کوسپو تەگەراندا زاڵبێت کە رێگای لێگرتون ئەویش بەپشتگیریی‌و راکۆکی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشو چاودێری کردنێکی بەردەوامی لە سێ‌ساڵی رابوردودا ، ئێمە گومانمان لەوەنی‌یە کە ئەو ئامۆژگاری‌یە بەردەوامەی لە ماوەی رابوردودا ئەو کوسپو تەگەرانەی تەخت‌کرد لە ماوەی داهاتودا ئەبێتە یارمەتی دەرمان لە هەمو ئەرکو دەسەڵاتو شارەزای‌یەکی یاساییداو سلاوی خواتان لێبێت ٠

بەڕێز محمد علی امین سەرۆکی دووەمم ئەنجومەنی یاسادانان وتاریکی خوێندەوە لەوتارەکەیدا وتی :

بە ناوی خۆمۆ لەباتی بەڕێز ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانەوە بەم بۆنەیەوە گەرم‌ترین پیرۆزبایی پێشکەشی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزیی دەکەم کە بەڕێز سەرەکی کۆمار باوەری خۆی پیداوەو ئەرکی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزیی پێ‌سپاردوە ٠٠

هەروەها پیرۆزبایی لە سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزیو هاوڕێکانی دەکەم بۆ باوەڕی نوێنەرانی گەلی کوردمان کەخۆی لە ئەنجومەنی یاسادانانداا دەنوێنێ ، ئەوەش ساغ دەکەینەوە کە ئەم ئەنجومەنە چاکترین یارمەتی‌دەرو پشتگیر کەر دەبێت بۆهەمو هەنگاویکی ئیجابی کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەرەو دۆخێکی چاکتر بەرێت لەم بوارەدا چاکتر لەوە شك‌نابەم کە بە پەلکەی پهێنمەوە لەوەزیاتر کە بەڕێز نوێنەری سەرەك کۆمار لەیەکەم کۆبونەوەی دووهەم دەورەدا کەوتی : حکومەتی شۆرشو حزبە سەرکردەکەی لە زۆرکاتدا رایکەیاندوە کەباوەڕ بە ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان هەرگیز لەق‌نابێت چونکە لەراستیدا ئەم باوەڕە بۆمەرامێك نەبوەو نابێت بەلکو واقعێکی فیکریو کارامەیە لە پرۆگرامی حزبو شۆرشدا ٠

بەم شێوەیە ئێمەو ئێوە لەبەردەم لێپرسینەوەی مێژووداین کە وتەکانی بەڕێزیان بخەینەکارەوە ئەوە ئەمیندارێتی وەردەگرنو ئەرکە تازەکانتان دەگرنەدەست لە دۆخێکیوادا کە پێویستی بە هەوڵو تەقەلایەکی زیاترە لەبەرئەوە هیوامان زۆرەو پشتمان بەئێوە بەستوە کەدەست بخەینە ناودەستی بەکتیریو بەهاوکاریەکی بەردار کە دەسنکەوتێکی زیاتر بۆجەماوەر وەدی‌بهێنێن بۆ ئەوەی باوەری هاونیشتمانیان بەئۆتۆنۆمی زیانرکەین وەك بە ئەمەکیەك بو سەرکردایەتی سیاسی کەباوەری بەرزی‌خۆی داوە بە هەیئەتەکانی ٠٠ لەکۆتایدا داوای سەرکەوتن بۆ هەمولایەك دەکەم بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئیکۆشەر احمد حسن البکر وئامۆژگاریو پشتگیریی سەرکردایەتی حزبو شۆرشو خوا هەمولایەك سەرکەوتو کات ٠

بەڕێز هاشم حسن سەرۆکی پێشوی ئەنجومەنی تەنفیزیی وتاریکی خوێندەوەو وتی : شۆرشی ١٧ی تەمموزو حزبە سەرکردەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ٠ ئاواتێکی جەماوەریی گەورەی وەدی‌هێنا بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ١١ی ئازارو دانانی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ئەو بەوکردارە دەستی لە پیلانێکی ئیمپریالیزمی کۆنەپەرستانە شوشت کە لە عیراقی شۆرش دەکرا ٠

هەروەها وتی : ئەم دەستکەوتە جەماوەریە گەورەیە بە ئامانجی قولکردنەوەی یەکێتی‌ی نیشتمانیو راپەراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و نەهێشتنی شوێنەواری کویرەـ

بروانە ـ ل ٧

بەپێی بەجێ هێنانی راسپاردەکانی سەرکردایەتی شۆڕش :

سلێمانی بەردەوام ئاوەدانی و بنوێ بووبنەوە

● وەکو ئاشکرایە لەمچەندانەی دواییدا پاریزگای سلیمانی جموجولێو دەستکاریەکی تەواوی تیایە لە رووی ئاوەدانیو پێك هێنانی خۆش گوزەرانی بۆ هاولاتیان • بۆ زیاتر روون بونەوەی ئەم جموجولانەو زانینی ئیشوکارە ئاوەدانیەکانی پاریزگاکە سەرمان لە بەرێز (ئەرشەد ئەحمەد محمەد) پاریزگاری سلیمانیداو ئەم گفتوگۆیەمان لەگەلدا کرد •

● لە سەرەتای چاوپێ- کەوتنەکەدا بەرێز پاریزگار وتی •

★ وەکو پێویستیەکی سەرشانمانو بەجێهێنانی راسپاردەکانی سەرکردایەتی شۆڕش ئێمە هەمیشە سورین لە سەر بەجێهێنانی خواستو داواکانی رۆلەکانی کەلەلەو هەمیشە لە هەولداین کەباشترین گوزەران بهێنینەکایەوە بۆ ژیانی رۆژانەی هاولاتیان لە هەموو روەکانی ژیانەوە ومەبەستمان سودی گشتیەو هەموو توانای خۆمان نەخەینەکار بۆ ئاوەدان کردنەوەی ولاتەکەمان بە باشترین شێوەی تازە بەلام لیرەدا یارمەتیو پاڵپشت- کردنی هاولاتیان شتێکی بنویستەو ئەبێ لە هەموو رویەکەوە دەستی یارمەیتمان بۆ درێژبکەن بۆ ئەوەی بتوانین لە کەمترین ماوەدا بیداویستیو داواکانیان لە هەموو رویەکەوە بەدی بهێنینو خۆش گوزەرانی ژیانی سەردەمیان بۆ ئامادە بکەینو ئێمەیش هەمیشە قاپیان کراوەیە لە رووی هەمووانداو ئامادەین رووبەرروو گوێ لە هەموو هاولاتیەك بگرینو هەرچیان هەیە پێیان رابگەیەنینو بەگوێرەی توانا لێ بکۆڵینەوەو باشەکانیان بۆ جێبەجێ بکەین •

● دوای ئەوە دەربارەی پرۆژە ئاوەدانیەکان لە رووی تەندروستیو فیرکردنو ئاوەدانیترەوە لە بەرێز پاریزگارمان پرسیو ئەویش لە وەلامدا وتی •

★ لە پاریزگاکەدا گەلێك پرۆژەی ئاوەدانی بەکەلكو گرنگمان هەیە کە هەیانە تەواو بوونو هەیانە ماویانەو هەیانە تازە دەستیان پێکراوە وهەشیانە بەم نزیکانە دەستیان پێئەکرێت ، لیرەدا بۆ شارەزایی هاوولاتیان و روون- کردنەوەی هەندێ لەم پرۆژانە بەگوێرەی ماوە ئەمەوێ باسی هەندێکیان بکەم •

● لە هەموو روەکانی ژیانەوە پرۆژەی ئاوەدانی وفراوان کردن لە پاریزگاکەماندا دەست پێکردوە • لە رووی تەندروستیو بە تەنگەوەبوونی تەندروستی جمماوەری هاولاتیان ئەم پرۆژانەی خوارەومان هەیە •

١ - لەم دواییەدا تاقی- گایەکی گشتی (مختبر عام) تەواوبوو کە سەر بە تەخۆشخانەی گشتی سلیمانیە و ٣٧ هەزار دیناری تێ چووەو تازەترین ئامێری فەننی تیادامەزراوە •

٢ - فراوان کردنی تەخۆشخانەی قەلاذزە کە نزیکەی ٣٢ هەزار دیناری تێچووە •

٣ - هەروەها فراوان کردنی مەلبەندی قەلاچۆکردنی تەخۆشی سیل لە شاری سلیمانی کە ئەمیش ٢٠ هەزار دیناری تێچووە •

٤ - لە تەخۆشخانەی گشتی سلیمانیدا ژورێکی ساردی تازە بۆ مەیتی مردوو دروست- کراوە بە تازەترین شیوە کە ١٥٫٣٠٠ هەزار دیناری تێ چووە •

٥ - هەر لە شاری سلیمانیدا پرۆژەی پاراستنی تەندروستی تەواوبووە کە هەموو جۆرە پێویستیەکی پزیشکایەتی پاراستنی تەندروستی تیایەو نەخشەی خۆپاراستنی ناوشاری تیادانەنرێتو پزیشکایەتی تەندروستی شارەکەو تەخۆشخانەی دایکانو منالانو پاراستنی خێزانو تەندروستی قوتابیانو تەندروستی لادێکانو تەندروستی تەخۆشیە هەمیشەییەکانو تاقی گاکانی سەر بەم بەشانەی تیایە لەگەل بەشی عەمەلیات کە ئەمانە هەموویان نزیکەی ٩٤٫٠٠٠ هەزار دیناریان تێ چووە بە تازە ترین ئەساس رازێنراونەتەوە •

٦ - هەروەها لە قەزاو ناحیەکاندا گەلێ پرۆژەی گرنگی تەندروستیتر کراوە وەکو دروست کردنی ١٥ خانو بۆ فەرمانبەرانی بەشی تەندروستی بە ٧٥٠ هەزار دینار کە هەندێکیان دەستیان پێکراوەو بەم نزیکانەیش دەست بەوانی تریان ئەکرێت• هەروەها بەم زوانە دەست ئەکرێت بە ئیش کردن لە ئەخۆشخانەی سید صادق بە ٧٠ هەزار دیناروو ئەخۆشخانەیەکیش لە دەربەندیخان ئەواوبووە • لە چەچەال خەستەخانەیەکی نمونەی کراوە بە ١٦٥ هەزار دینار بە فراوانی نزیکەی ٤٠ قەرەوێلە •

● ئەمانەو گەلێ پرۆژەی ئاودانی تەندروستیترو لە رووی ئاوەدانی رۆشنبیریو فیرکردنەوە پرۆژەی زۆرمان هەیە لەوانە •

١ - کردنەوەی ٤٨ قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە سەرانسەری پاریزگاکەدا کە ١٫١٢٠٫٠٠٠ ملیونێك و سەدوو بیست هەزاردیناریان تێچووە •

٢ - وە نزیکەی ١١٣ هەزار دینار سەرف کراوە بۆ زیاد کردنی ژورو فراوان کردنی قوتابخانەکان •

٣ - پێنج قوتابخانە کراوەتەوە لە هەلەبجەو ماوەتو گنگێو تەگەرانو بیارە کە ١٣٠ هەزار دیناریان تێچووە •

٤ - وە هە چەمچەمال ١٥ خانو کراوە بۆ فەرمانبەران نزیکەی ١٨٥ دیناریان تێ چووە •

٥ - دروست کردنی سەرای جوارقورنەو بێتنواتە ٩٠ هەزار دیناریان تێچووە •

٦ - دروست کردنی دوو دائرەی بەرید لە بیارەو چناران بە ٢٤ هەزار دیناروو لە تەواوبوندان •

٧ - فراوان کردنو چاك- کردنی یارێگای وەرزشی لە سلیمانی بە ١٠١ هەزار دینار •

٨ - هەروەها لە قەزای کەلار دەستکراوە بە دروستکردنی ٤٠ چل خانو بۆ فەرمانبەرانی ئیدارەی ناوخۆو ١٠٠ خانو بۆ جویتاران و ١٠ خانو بۆ مامۆستایان و مزگەوتێك کە ٥٠٠٫٠٠٠ هەزار دیناریان تێئەچێت •

٩ - وە لەم دواییەدا ١٥ پاس کرراوە بۆ بەرژەوەندی گواستنەوەی سلیمانی •

ئەمانەو گەلێ پرۆژەی ئاوەدانیتر کە بەم زوانە دەستیان پێئەکرێت •

● دەربارەی نەبوونیو کەمی ئاوی خواردنەوە لە زۆربەی گەرەکەکانی سلیمانیدا لە بەرێز پاریزگارمان پرسیو ئەویش لەلە وەلامدا وتی •

+ وەکو هەموو ئەزانن لەم ساڵانەی دواییدا شاری سلیمانی لە فراوان بوونو زۆر بونێکی یەکجار زۆردایەو دانیشتوانی یەکجار بەرەو زۆربوون ئەچێتو خانو پرۆژەی ئاوەدانی زۆری تیا ئەکرێتو وابزانم ئەمەیشە بوەتە هۆی سەرەکی کەمیو نەبونی ئاوی خواردنەوە • جۆ ئەگەر بڵێی ئەم دیاردەیە زۆر جێگای تری گرتۆتەوە •

ئیتر شارەوانیش وای لێهاتوە کە بە گوێرەی پێویستیو کات ناوەکە دابەش بکات بەسەر گەرەکەکانداو هەریەکەیان کاتو بەشی خۆی بۆ دابنێت • ئیمەیش لەم روەوە ، وە نەبێ کەم تەرخەمو دەستەوسان دانیشتبین بەلکو هەمیشە لە هەولداین بۆ نەهێشتنی ئەم تەنگوچەلەمەیو هەموو تەنگوچەلەمەکانی تریش - جانەوەی شایانی باسە بۆ ئەوەی بە کتوپڕی دەست بکرین بەسەر مەسەلەکەداو بە شێوەیەکی کاتی تا ئاوی دووکانمان بۆدێت کە واچاوەروان ئەکرێت لە ساڵی داهاتودا دەستی پێبکرێت بە ٩ ملیون دینار هەوڵماندراوە کە ١٠ بیری ئیرتوازی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی شارەکەدا هەڵبکەنینو مەکینەی ئاو هەڵکێشانی تایبەتی بۆ دابنێینو بتوانین تارادەیەك دەستبگرین بەسەر مەسەلەکەدا - هەروەها ١٠٠ هەزار دینار تەرخانکراوە بۆ فراوانکردنو چاککردنی بۆریەکانی ناو شارو پشت بە خوا بەرەو باشتر ئەرواتو هیوادارین هاولاتیان دڵیان هیچ نەکاتو ئەوە بزانن کە ئەم لایەنە پشت گوێ نەخراوە •

● هەروەها بەرێز پاریزکاری سلیمانی وتی :

+ ئێمە هەمیشە واین لە بیرکردنەوەو لێك دانەوەی ویستو داوای هاولاتیانداو حەزئەکەین باشترین پاشە رۆژیان بۆبەدی بهێنین چونکە ئیمە هەموومان رۆلەی ئەم نیشتمانەینو هەموومان

بروانە - ل ٧

کتێبی هاوکاری

دیموکراتی

سەرچاوەی هێزی هەمووکەسێك وکۆمەڵە

دوانەکەی هاوری صدام حسین لەوەزارەتی پەروەردە لە ١٩٧٧/٧/١٠

هەندێجار ڕێنەکەوێ ، لەگەل هاوڕێیەکماندا ، ڕەق نەبینو بەرامبەر بەحەقیان نەکەوینە هەڵەوە ، لەبەر- ئەوەشدا نەبینین ئەوهاوڕێیەمان کە لە هەڵەنگاندنی هەڵویستیدا ، بەرامبەری کەوتوینەتە هەڵەوە ، یەتو ئەلای ئێمە ، خۆمان کە کاری وامان بەرامبەری کردوە سکالا ئەکات ، کەواتە ، ئەو ڕوحیەتە لەماوەی ناقی کردنەوەوە ، ئەوە ساغ ئەکاتەوە کە مرۆڤ ، لەجەوهەریا ، دادپەروەری ئەوێ ، هەتا ئەوکاتەش کە داد پەروەری سزای ئەداتو زوریەی هەرەزۆری خەڵکی ، سوود لە دادپەروەری وەزنەکرنو قازانجی راستەقینەیان یەتەدیو کەمێکی تایبەتی کە دادپەروەری ڕەفزنەکەن ، ئەمەیە ئەو دەستکەوتەیەی ئەگەل ڕۆژگاردا بەدی ئەهێنین •

خوشکو برایان ، لەبیرتان بێ ، هەموو مرۆڤی کە ویستان ئەزیەتی بدەن هەست بە مەبەستی شەخسیتان ئەکات ، هەرچەندە تەقەللای شاردنەوەیشی بدەن ، چونکە هەموو خەلیەیەکی رووتان ئەوە دەرئەخاتو ناتوانن بیشارنەوە ، هەروەك چۆن حەق لە مەوقعی خۆیەوە ئەکەوێتە گفت ، هەروەهاش زوڵم لەمەوقعی خۆیەوە هاوارئەکاتو وای لێدێ دیاربێو ئەشاردرێتەوە ، هەرچەندە خەلك لەرێگای رازی کردنەوە کۆبکەیتەوە ، هەر لە دەستیشیان ئەدەی چونکە لەرێگای رمزامەندیەوە کۆت ئەکردونەتەوە من ئەمەتان لەوموە پێئەڵێم ، کە خۆم بەتاقی کردنەوەو لەماوەی کارکردنمانەوە لە حزبو دەوڵەتدا هەستم پێکردوە ، چونکە کۆکردنەوە بەرێگای رازی کردن ، ئەساسەکەی قازانجی شەخسیە ، یان سوودی ذاتی ، سوودی زاتیش مەرجنیە ماددیبێ ، چونکە سوودی زاتی نامادیش هەیە ، کەواتە کۆکردنەوە بە پێی متمانەکردن بەرازی کردنو سوودی زاتی ، لەگەل ناکۆك بوونی سوودی زاتیو رێکنەکەوتنی لەگەلیا ئەبچڕێ •

جا - برایان هەولی ئەوە بدەن ئەم ڕۆحیەتە لەلای هەموومان چەسپ بکەنو بایەخی پێبدەن •

من سەرنجی ئەوکۆزانە بێشکەوتنە ئەدەم ئێستا رووئەدات ، هەست بەو جیاوازییەی وەزعی ئێستاو بەر لە سێ ساڵو ساڵێك ئەکەمو دوای ساڵێك لەئێستا جیانەبێ ، بەڵام هەر داوای زیاتر ئەکەینو لە پێناوی ئەوەدا کارئەکەین . ئەسەرتانە بایەخ بە هوشیارکردنەوە بەدەنو ناقی کردنەوە- کانتان بکەیەنێ بە قوتابیەکانو لەگەلیان بکونجێن . زێزی بیروڕایان بگرن ، سەربەرشتی چاکی کاروباریان بکەن ، چونکە ، ئەو نمونانەی واقعن کە ناتوانن دەستیان لێهەلبگرنو هەڵس و کەوتی تەواویان لەگەل نەکەن ، بۆکەسمان ناگونجێ هەولێ ئەوە بدات وای بیشان بدات ئەتوانێ دەست لە کەسانی تر هەلگرێ کە وەك ئەو نین ، چونکە هەر ئەم هەستەی کرد ، دوایی دێ ، جا نیتر مەستەوای ڕۆشنبیریو تێکۆشانی هەرچەندێ دوایی دێو ئەبرێتەوە ، چونکە ئەبۆچونی وادا ، ئێلێ بوونەوەی یەمبزبوونی لێ ئەبڕێ ، ئێلێ بوونەوەش زیادبوونی زانینەو ئەمەرجە ئەساسیەکانی یەکگرتنو کۆڕانی راستەقینەیە •

هیچ ناکۆکیەك لەنێوان دیموکراتیو نێوان هیزی ڕەوادا نیە ، هیچتان وای بۆنەچێ گوایە دیموکراتی پێهیزی ئەکات یان هەیبەتو دەستەلاتی « وای لەدەستئەدات ، چونکە ئەمە راست نیەو ناکوکیەك نیە لەنێوان موماره‌سەی دیموکراتیو دەستەلاتی ئیداری مەرکەزی ڕەوادا ، بەپێی تەوازنی زانراوی نێوان مەرکەزیەتو دیموکراتی ، پێهیزەکان لەرووی تواناو تێگەیشتنەوە بەتەنیا وای تێئەگەن کە ناکوکی هەیە لەنێوان دیموکراتیو مەرکەزیەتدا ، لەنێوان سەربەرشتیو هەڵسوکەوتی برایانەو هاوڕێیانەدا ، لەنێوان پارێزگاری کردنی نێوان دەورو مەوقعی سەرکردایەتیدا •

دیموکراتی ، پەیوەندیەکانی نێوان خەڵکیو شێوازی ئەساسی لەهیزدا پتەوئەکات کە بریتیە لە زێزگرتن ، چونکە ئەوهیزەی لە دیموکراتیەوە هەڵقولاوە شێوازی ئیلتزامی بالایە لەرابەراندنی فەرماندا بەوردیو بە جالاکی گەورەو فراوانەوە ، لەمحاڵەتەدا هیز ، شەخسی نیە بەڵکو حاڵەتو قدرەتی باوەرو مەوزوعیە •

ئەمەیشە قیمەتی ئەساسی ، لە ئەنجامی یەکگرتندا پەیوەندی دیموکراتی نێوان بەرزو نزم ، پارێزگاری بکەن ، چونکە سەرچاوەی هیزی راستەقینەتانەو هەموو هیزیکیتری دەستکردی بەستراو بەحاڵەتو زەمانی تایبەتەوە ، ناگاتە ئەنجام خاوەنەکەی هەست بەخۆی ئەکات لەهەموو چەکیك کراوەتەوەو توانای خۆڕاگرتنی لەبەردەم ساکارترینو بچوکترین کەسدا یان بی نرخترین خاڵەتی کەمگرێ نامێنێ •

بایەخ بەخواستی هاوولاتیەکانو داواو سکالاکانیان بدەنو هیلاکو بێزار مەبن لە بەدواداچونی ئەو خواستو داواکاریانەدا ، چونکە ئەگەر مرۆڤێکی زوڵم لێکراوتان رزگارکرد ، زۆر یان کەم ، بەوە خزمەتێکی گەورەی ئەمگەلەو بیروباوەری حزبەکەتان ئەکەن ، هەست بەزوڵمکردن شتێکی تر سناکە ، لەوەش ترسناکتر نیە مرۆڤ هەست بە زوڵمبکات ، چونکە ئەوکاتەی هەست ئەکات هیچکەسی لەکۆمەڵو لەدەوڵەت لەدەور نیە ئەو زوڵمەی لەسەر لابات ، ئەگوڕری بە وزیەکی تەقینەوە ، لەسەرتانە بەوجۆرەی خواو کۆمەڵ ڕەزامەندنەبێ ، بەوجۆرەی حزبەکەتانو شۆڕشەکەتان رازی نەبێ هەڵسوکەوت لەگەل گەلەکەتان بکەن ، نابێ کەستان بەرامبەر بەحەق توڕەبێو هەڵبچێ ، بەرگەی ئەنجامی ناڕەوا بگرن لەپێناوی حەقدا ، لەپێناوی ئەوقیمە گەورەیەی ئەیچەسپێنێو لەپێناوی چەسپاندنیا تێئەکۆشن •

- تەواو -

ئەوەی مالێ شوشە بەندبێ ڕەوانی یە بە ڕدە فڕکانێ بکا..!

ـ ئەحمەد سەلام ـ

لە ژمارە (٣٨٩)ی ڕۆژی ١٢ـ١٠ـ١٩٧٧ لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) دا مامۆستا (مصطفی صالح کریم) لە ژێر ناوی (ئێوارە کۆڕەکانی !یەکێتی نوسەرانی کورد لە سلیمانی) ، دەربارەی چەندکوڕێ لەو کۆڕانەی یەکێتی هەنێ بیرو ڕاو سەرنجی دەربڕیبوو • بایی ئەوەندەی پەیوەندی بە منەوە هەبێ وبەقەدەر ئەو لایەنانەی ناگام لێیانە حەز ناکەم ئەوبیروڕاو سەرنجانە هەروا بە (حیسابی خەمل !) بە سەرخۆم و خوێنەرانی ئازیزدا تێپەڕێن •

پێش هەموو شتێ مامۆستا (مصطفی صالح کریم) ناونیشانێکی بۆ سەر باسەکەی داتاشیوە کە بە هیچ جۆرێ لەگەل زەوقی زمانی کوردیدا ناگونجێ و بکرە وەرگێڕانێکی دەقاو دەقی (الامسیات الادبیە)ی عەرەبی دەگرێتەوە کە چێژی زمانەکەمان پێی قایل نایێ ! بە بڕوای من لە بری (ئێوارە کۆڕەکان !) باشتر وابوو بکرە ئەتوانم بڵێم راستتریش وابوو بیوتایە (کۆڕەکانی سەر لە ئێوارانی یەکێتی نوسەرانی کورد لە سلیمانی) کوردانەتر دەرئەچوو چونکە کورد ئەڵێ : خواردنی سەر لە بەیانیان دانیشتنی سەر لە ئێواران ، کەواتە بەو پێیە ئەشێ بۆ (الامسیات الادبیە) بووترێ (کۆڕەکانی سەر لە ئێواران)

ئەك (ئێوارە کۆڕەکان !) •

مامۆستا مصطفی لە پوختەی باسی کۆڕەکاندا باسەکەی بەوە دەکاتەوە کە چۆن لە کۆڕەکەی مامۆستا (کاکەی فەللاح)دا خۆی و مامۆستا ع•ع• شەونم دانرابوون بۆ لێ دوان لە بابەتی ئەو کۆڕەو ئەیەوێ ـ هەر وەکو لە کاتی کۆڕەکەیشدا شتێکی ڕای ووت ! ـ وای بیشان بدات (یا هیچ نەبێ ئیحایەکی وا بە خوێندەواران بدات !) کە گوایە ئەبوایە لە ڕێی منەوە بابەتەکە پێش وەخت بگەیشتایەتە دەستی خۆی و مامۆستا شەونم ، ئەوە نی یە زمانی حالی ئەڵێ :

(بە پێچەوانەشەوە مامۆستا ـ احمد سلام ـ کە بەڕێوەبەری کۆڕ بوو خۆی شتی لەو بابەتەوە ئامادەکردبوو چونکە باسەکە لای خۆی مابوەوە ، ئەمە لە کاتیکدا کە دەبشوو باسەکەی بە ئێمە بدایە !!)•

جارێ حەز ئەکەم مامۆستا مصطفی و خوێندەوارانیش ئەوە بزانن کە من (هەرچەندە لە لێژنەی ڕوشنبیری یەکێتی بووم) تا ڕۆژی کۆڕەکە ئەم زانیوە کێ دانراوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو باسە ، چونکە ، تا دوو ، سێ کۆڕیش دوای کۆڕەکە (کاکەی فەللاح) بۆ مەسەلەی دانانی کەسانێك بۆ لێدوان لەبەرهەمی یەکیکی تر تەنها لە دەسەلاتی دەستەی بەڕیوەبەری یەکێتی خۆیدا بووە • لە ڕووی ئەوەشەوە کە پێشتر من بابەتەکەم بینیوە ، وا بزانم ئەمیان شتێکی زۆر ئاسایی یە ، چونکە پێشتر بریاری وا هەبووە (لە لایەن دەستەی بەڕیوەبەری یەکێتی یەوە) کە پێویستە هەموو بەرهەمێك لێژنەی ڕۆشنبیری چاوی پێ بکەوێ و ڕای خۆی لەسەر بدا ، دیارە منیش وەکو هەموو ئەندامێکی تری ناو لێژنەکە هەقی ئەو بینینەم پێ ڕەوابینراوە ! • دەربارەی ئەوەش کە من وەك بەڕیوەبەری کۆڕەکەی مامۆستا (کاکەی فەللاح) باری سەرنجی خۆم پێش وەخت خستۆتەڕوو ، بۆ ئەمیشیان حەز ئەکەم مامۆستا مصطفی ئەوە بزانێ کە من پێشتر (پێش بەستنی کۆڕەکە بە یەك دوو ڕۆژ ڕوخسەتم لە مامۆستا کاکەی فەللاح خۆی خواستبوو ئەك بۆ خۆم ، بەڵکو هەندێ باری سەرنجی کاك (شیرکۆ بێکەس) یش هەبوو ڕای سپاردم لە ڕۆژی کۆڕەکەدا بە ناوی ئەوەوە بیانخەمەڕوو ، دیارە ئەگەر بهاتایەو (کاکەی فەللاح) ڕۆژی خۆی ڕازی نەبوایە ئەوا ئە باری سەرنجەکانی خۆم دەخستەڕوو ، ئەو ڕاسپاردەکانی کاك (شێرکو بێکەس)م بە جێ دەهێنا ! ڕەنگە ئەگەر کەمێکیش لا بکەینەوە بەلای (ئینصاف)دا وا تێدەگەم ئەو کۆڕەی کاکەی فەللاح دەربارەی ـ هەردی و شیعرو قۆناغ ـ ڕادەی پێزو گەرمو گوری و بەهێزی یان لە گەڵ کۆڕی تر (بە پێزترو کەرمو گورتر و بەهێزتر !) بوو •

مامۆستا مصطفی لە چەند ڕستەیەکدا بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە ڕووی دەمی قسەی دەکاتە من لە ڕوانینێکی بەرزەکیانەوە (نظرە فوقیە) وە صیفەی ڕستەکانی دارشتوە ، بایی ئەوەندەیشی من لە دنیای (ئەدەب) نووسین گەیشتبم ئەو (صیفاتە !) دەمێکە چوونەتە ناو گۆڕی نەمانەوە ! بەرادەیەك ئەتوانم بڵێم لە شێوەی قسەی ڕۆژانەشدا بەکارهێنانیان بۆتە کارێکی ستەم • چەند ڕستەیەك لەوانە دەخەمە ڕوو هەر بەو بۆنەیشەوە داوا لەخوێندەوارانی ئازیز دەکەم خۆیان بەڕاوردێ بکەن لەگەڵ ئەم شێوە نووسینەی و شێوەی نووسینەکانی تری هەرلەو باسەدا ، لیرەدا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە (صیغە فەرمانەکان) دەخەمە ناو کەوانەوە :

لە ڕستەی یەکەمدا ئەڵێ : ئەمە لەکاتیکداکە (دەبوو) باسەکەی بەئێمە (بدایە) •

لە ڕستەی دووەمدا ئەڵێ : (نابێت) بەڕیوەبەری کۆڕ •• لە ڕستەی سێیەمدا ئەڵێ : (ئەبێ) ئەو هەڵسورێنەرین • ئەمەی تیشکێکی تر بخەمە سەر ئەو لایەنەی مامۆستا تیایا ئەڵێ :

(ئەمە لە کاتیکدا کە دەبوو باسەکەی بە ئێمە بدایە !!) نازانم مامۆستا مصطفی بە چ هەقێك ئەو (ئەمرە) بەسەر منداا دەکات کە (دەبوو !!) باسەکەم بدایەتە دەستیان (خۆی و مامۆستا شەونم) لە کاتیکا هەق وابوو خۆی لە هەموو کەسێ باشتر بزانێ کە ئەك من بەڵکو هیچ یەکێ لە ئەندامانی لێژنەی ڕۆشنبیری هەقی ئەوەی پێ ئەدرابوو ـ لەو ڕۆژەدا ـ بەرهەمی کەس بداتە دەست کەسی تر ، ئیتر بۆ (دەبوو !) لە ناو هەموو دەستەی بەڕێوبەرو لێژنەی ڕۆشنبیریدا هەر بەتەنها ڕووی دەم بکرێتە من و هەر لە ڕێی منیشەوە باسەکە بدرێتە دەستیان ! • ئەگەر مامۆستا مصطفی بڕوا ناکا کە من لەو ڕووەوە (تەخویل) نەکرابووم ، با بفەرموێ چاوێك بە (محضر)ی دانیشتنەکانی لێژنەی ڕۆشنبیریدا بگێڕێ ، یا بەرەو ڕووم کاتەوە لەگەڵ ئەو کەسەدا کەوای چرپاندوە بە گوێیدا خاڵێکی تر لە نووسینەکەی مامۆستا مصطفیدا دەبینم حەزناکەم ئەمیشیان هەروا سووکێ بەسەرکەسا تێپەڕکات ، ئەویش مەسەلەی (مایکرۆفونو جۆنیەتی بەکارهێنانیەتی !) ، ئەوە نی یە زمانی حالی مامۆستا ئێرەبشدا ئەڵێ :

(نابێت بەڕیوەبەری کۆڕ لەپێشا سەرنجە تایبەتیەکانی خۆی دەربڕێ هەر لەبەر ئەوەی مایکروفۆنی لەبەر دەستدایەو •• هەتد)

من لیرەدا تەنها قسە لە بەشی دووەمی ئەم قسانەی ناو کەوانەکە دەکەم چونکە تارادەیەك لە بەشی سەرەوەی دووام . واتە تەنها تیشکی قسەم دەخەمە سەر (هەر لەبەر ئەوەی مایکرۆفۆنی لە بەر دەستدایەو •• هەتد) •

ناشکرایە یەکێتی نوسەرانی کورد لقی سلیمانی لە ماوەی چالاکیەکانی وەرزی یەکەمیدا (کە نزیکەی دوو مانگی خایاند) توانی دەوروبەری (١٠) دە کۆڕ ساز بکات ، هەر لە ناو لێژنەی ڕۆشنبیریی یش دا لە سەرەتاوە قسەیەکی وا کرا کە بۆ هەر کۆڕە یەکێك لە ئەندامانی لێژنەکە سەرپەرشتی کۆڕەکە بکات و بەڕیوەی بەرێ • بە درێژایی هەموو کۆڕەکان من وەك ئەندامێکی لێژنەکە تەنها دووجار (مایکرۆفۆنم لەبەر دەستدابووە !)

یەکەمیان لە کۆڕەکەی کاکەی فەللاحدا ئەوەی تریان لە کۆڕێکی خۆمدا (کە لە بابەت کیش و زمانی شیعری لەتیف هەلمەتەوە بوو) ئەمە حیسابی من ، بێینە سەر حیسابی مامۆستا مصطفی خۆی ، دیارە هەموو دەزانن کە مامۆستا بە حوکمی کاروباری (وەزیفی) بەسەدان کیلومەتر لە سلیمانیەوە دوورە ، هەر مەگەر سەردانەو سەردان بیپەرژێتە سەر ئەوەی لە کۆڕەکانی یەکێتی نوسەرانداا ئامادەبێ کەچی باوەڕ دەکەن هەر لەماوەی یەك ، دوو سەردانا بە قەدەرمن و (لەخەلکی تریش زیاتر !) مایکرۆفۆنی کەوتە دەست دیارە ئاشکرایە کە جاری یەکەمیان لە کۆڕەکەی کاکەی فەللاحدا بوو (کاتێ ئەرکی هەڵسەنگاندنی پێسپێردرابوو) دووەمیشیان لە کۆڕێکی چیرۆك خوێندنەوەدا بوو (کاتێ چیرۆکیکی خۆی تیا خوێندەوە) •

هەر ئەم قسانەش ئەوەم دێنیتەوە بیر کە لیرەدا بپرسم چۆن مامۆستا مصطفی صالح کریم لە سەرو زوربەی زۆری دەستەی بەڕیوەبەری یەکێتی و لێژنەی ڕوشنبیریدا توانی لە یەکەمین پروگرامی ئەدەبی یەکێتی نوسەرانی سلیمانی بۆ سەر تەلەفزیون هاوبەشی بکات ؟! •

بۆ ئەوەی زیاتر مەبەستەکە لە ئاڵۆزی دەربازکەم و دنیای ئەدەب بخەمەلاوە یەنا دەبەمە بەر عەمەلیەکی حیسابی (چونکە جاری وایە ئەدەبەکە زۆر کەس بە هەلەدا دەبات !) قابیلە لە (عیلمی ریازیاتا = زانستی ماتماتیکی دا) ئەگەر سەلماندمان (١ + ١ = ٢) بڵێن لە ڕاستی لاتداوە • من ئەم عەمەلیە حیسابیە دەخەمە پێش چاوی خوێندەواران ، داواش لە خویان دەکەم لە ئەنجامدا (حیسابی ڕێژەو نیسبەت کاریەکان) بەراورد بکەن •

ئەحمەد سەلام + ئەندامی یەکێتی و ئەندام لە لێژنەی ڕۆشنبیریدا

÷ ———— =

تەنها ١٠٠ م دوور لە بارەگای یەکێتیەوە (سلیمانی)

٢ جار مایکرۆفۆن گرتنەدەست

مصطفی صالح کریم +

ئەندامی یەکێتی نوسەران

÷ ———— =

٤٠٠ کم دوور لە بارەگای یەکێتیەوە (ڕەمادی)

٢ جار مایکرۆفۆن گرتنەدەست

لە دواجارا تا هەقمە ئەگەر بڵێم :

(ئەوی مالی شووشە بەندبێ ڕەوانی یە بە ڕدە فڕکانێ بکا !) •

ئاو و فۆلکلۆر

ژن ، هەمی ژن دپسپورینەدەمێ باسی مافێ خۆ دکەن کو : دچەوسینە ،دشەبرزەنە ، دمە لژلن ، دەستەسەرن ، ژێر دەستن ،ئازادنینن •••• هـ •• د •

ڕاستە هەمی کەسەکێ ڕەوشەنفان هیفیا وی ئەوە ژن ڕێزگار ببێت ژ باشفەچونێ و بکەمیتە بەیسکەکا بلندو ژیارەکاخوش • بەلێ ئەفە هندێ ئاگەهینیت کو ژن هەمی دەمان ، هەمی چەرخان بن دەستبیە ئو مێری زورداری وزوری لێ کریە • نە ، یا وەتوف نینە ، گەلەك جاران وگەلەك چەرخان ژناکورد هەمی مافێن خوو وەرگرتینە بێ کیماسی لهەمی چەشنەکاران : لدورینێ لبرینێ ، لچاندنێ ، کاروبارێ مەرومالاتی ، کاروبارێ نافمالێ ، لفانا هاریکاری یا هەبی لنافبەران ژنو مێران دژیارو ژینێدا • ژبلی کاروبارێ دلداریێ و ئەفینێ وشۆکرنێ • کجا کورد بدلێ خو شۆکرییەو هندە جاران دلداری و ئەفینی ژی بکار ئینایە •

هندە جاراێن کێم یسان هندە حالەتان زوری و زورداری بکار ئینایە ژلای بابێ فە یان ژلای برایانفە ، هەلبەت ئەف تشتەدڤێ نەمینیت •

ئەگەر ئەم بێینو تێندەینەچەند ڕۆیدانو کاروباری پێش نهو چ لسەیران ودیلانان ، شەفەروکو شەهیانان دێ بینین کچو ژن دسەربەستو ئازادن • پێکفە کجو کوڕ ، شوخو گەنج ،لاوو شەپال هەمی لگەرتن دیلانان لرێزێن سەیرانان ،لدورێن دستاران لرەخێن جوهنیان ، لبەر کوجکانو ئاگردانان پیکفە سترانانو بەستان دبێژن ، پیکفە جیروکقسەیان دکەن • لڤێرە ئەم دکارین بێژین کجا کورد تارادەیەکێ یا سەربەخویە ، مافێن وێ گەلەك دبەرزە نینن ئەگەر بێتو بەرامبەری نەخویندەواریا مللەتی بکەین چ ژ لای رامیاریڤە یان ئابوریڤە یان ڕەوشەنتیڤە •

ئەگەر بێتو نەخویندەواری کز ببیت ، بلەیا ڕەوشەنبیرێ بسەرکەفیت ، ئابوری بسەرزببیت ژن دێ گەهیتە بەیسکەکا گەلەك بەرزو بلندو دێژمێری ژی دەرباز بیت •

بەروفاژیا ئەفا مە گوتی هندە جاران ژنێ سەرێ ژمێری وەرگرتی و بدەستێ خو بویە وەکو گەلەك جاران دیار دبیت ژ جیروکێن فولکلوری و دهێتە گوتنو دبێژن : ـ

مەلایەکێ گەروك هەبو ،جارەکێ ژجاران لنافبەرا دوو گوندان دسێ زەلامان تشقلی وسلاڤ کرێ و چو ، بو شەرەدەڤێ هەر سێ زەلامان : هەر ئێکی ژوان گوت : سلاڤا مەلای بو من بو ، لنافبەرا وان وەلێهات کو گازی مەلای بکەنو لسێ بسیاربکەن کا مەلای سلاڤکر بو کێ ژ وان ؟ •

مەلا ئەگەریاف لای هەرسێ کەسانو گوتن وە چیە ؟ ئێکەك ژ وان ببەرسڤ هاتو گوتن : شەرە دەڤێ مە

فاروق نامێدی

بروانە ـ ل ٧

ئەدەب وسەرهاتیا مێژووا ملەتایە

بەڵکو گەلەك کەس هزردکەن کو ئەدەب هوزانەکە •• ئان چیروکەکە ••• ئەدەب گەلەك ژڤێ بترە •• ئەدەب نوی قەکرنا مێژووا ملەتانە••• توبتایبەتی ئەدەبێ ملەتێ کورد •• چنکی ڤی ملەتی و درێژیا مێژووا خودا گەلەك هەول دانێت داین بۆ ژیانەکا چاکتر •• گەلەك قوربانی یێت ڕێکاژیاناخودا ڕێزکرین ، داکو نقشێ خو •• ئەزمانێ خو ••مێژووا خو •• نورێکێت ژیاناخو بپارێزیت •• ئەدەبی ڤی ملەتی وێنەیەکە بۆ ناشکەراکرنا مێژووسەرهاتنێت وی درێکا ژیانێوا •••

ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینە هوزانێت هوزان ئانێت کورد ، ئەم دێ بنیین پشکا بتر ژئانە هوزانا لسەر خەباتا نی ملەتی یە ، چنکی ڕێکا ژیانا نی ملەتی ڕێکەکا تایبەتی یە •• هەر وەسا ئەڤ چەندە مە لانادەت ژسەر وێ ڕێ کو ئەم بێژین هوزان ئانێت کورد هەمی دەرگەهێت هوزانەڤاینێ • ئو کە نمونە بۆ ڕەنگێت هوزانەڤاینێ ئەئە بارچە هوزانەکە یا بدەستمە کەفتی لسەر ئەڤینین •

دکتور (بلیچ شێرکو) دبیرهاتیت خودا ژکیس دەڤێ ڕۆژهەلاتناس (ن• نلیامینوف)ی دبێژیت : زانا ، شینوارەکێ کەڤن ئەکولا لباکورێ ئیرانێ دڤی شینواریدا هوزانەك دیت بنافێ (بۆرا بۆزی) مێژووا ڤی هوزانێ ئەدگەڕیتە سالا ٢٣٠ بەری بونا عیسایی •••! ئان ئەم دشین بێژین ئەڤ هوزانە یاهاتیە دانان بەری ٢٣٠٠ سالا ئو ئەڤالخاری ئەو بارچە هوزانە ••

خواز دێ ئەزتو بهێڤرابین
بهێڤرا هێرین خورینێ
وەدێ بهێرین گوترابین
بانگ دێن بهێڤرا نارینێ
دوینێ گوترا هێرا بوم
ئاواز زهجر دخوینێ
فێرا پێلو بیابان
هاوار ژدەست ئەڤینێ
ئەزتو واتویك دلوینێ
هێزان چوا دێن وینێ
ڤێکرا پێکرا خدان نوینێ
بچرینێ یاپنڤینێ

خوێندەواریت بهاگران •• گەلەك ووشە زووشتیت ڤێ هوزانێ خوێندەوار تێناگەهیت •• ئێجا ئەم دێ ئەم هەول دەین ڤان ووت ناشکەرا کەین لدیڤ تێ گەهشتنا خو ••

(خواز دێ ئەزتو بهێڤرابین) خواز •• خوزی •• خوزگە ، ئەزتو •• یاناشکرایە بهێڤرابین •• ئەم

قمر الدین الدوسکی

بروانە ـ ل ٧

چیرۆك

شتێك ڕاگرەوە

نووسینی عەزیز ئەسین
گۆڕینی لە فارسی یەوە : قەرهاد



ویستم لە (ئەمین ئونو)ژوە بۆ (کارراکوی) بڕۆم • هەرکە گەیشتمە سەر یردەکە دەنگی هەراو زەنا بەرز بۆوە •

ـ بیگرن ڕای کرد

پاسەوانەکان دەستیان بەفیکەلێدان کردو کەوتنە بشکنین ، خەلکەکەیش لە ناوا بە سەریەکا ترشابوونو لە ڕاکردنا کەوتبوونەژێردەست وپێی یەکتری • هەریەکە لەوی تری ئەپرسی •

ـ چ خەبەرە ؟

ـ چی ڕووی داوە ؟

ـ ڕەنگە شێتێك لە دەست پاسەوانەکان هەلاتبێت •

ـ کەس لەم پاسەوانانە ناگات ، جارێك ئەیان گرنو کە مەبەستیشیان نەبێت بەریان ئەدەن •

پیاوێکم لێ نزیك کەوتەوەو پێی ووتم :

ـ دەسەیری ئەم خەلکەژیرەبکە ، هەزار ڕەحمەت لە شێتەکان ،ئەرێ ئەوە بۆ وارژاونەتە کۆلی یەکترو جێگا بە خۆیان ناگرن ؟

یەکێکی ترم لێ نزیك کەوتەوەو پێی ووتم •

ـ مەسەلەکە ئەوەندە سادەنی یە ، ئەڵێن « پارو » لە شێتە ترسناکەکانەو تانیستا چوارکەسی کوشتووە ئەڵێن بەهەرکەس بگات بڕی ئەداتێ •

لەگەل ئەوەدا کەلێم نزیك کەوتبووەوە کەوتینەڕێ ، قسەو نوکتەی خۆشی لە بارەی شێتەکانەوە بۆگێڕامەوە ، دەمی گەرم بوو ،گەلێك پێ کەنیم ، لە ڕاستیا پیاوێکی یەکجار قسەخۆش ـ بوو ، ئەوەی لەگەلیابوایە هەستی بەهیلاکی نەئەکرد ،باشان پێی ووتم •

ـ ڕەنگە بیستبێت ، ••جارێکیان لە شێتخانەدا لە شێتێك دەپرسن : ئێوەلێرەداچەندکەسن ؟ هەمووشێتەکان وەلامیان دابووەوە : فەرموو ئێوەپێمان بڵێن ئەوانەی دەرەوە چەند کەسن ؟

دوای گێڕانەوەی ئەم قسەخۆشە دەسنی بۆلای یەکێك درێژکرد کە لەوڵامانەوەبوو وتی :

ـ ئێستا سەیرێکی ئەم کابرایە بکە •

منیش کەمێکم بەسەروبالای کابرادا هەڵڕوانی ، هاوڕیکەم زیاتر لەسەرقسەکەی ڕۆشتو پێی ووتم :

ـ کێ ناڵێ ئەو شێتەی ڕای کردووە ئەمەیە ؟

قسەکەی لە ڕاستی نەکرد ، چونکە کابرا هیچ ڕەنگو ڕوی نە ئەچووەسەرمرۆڤێکی ژیر • بە دەم ڕێگاوە لە بەرخۆیەوە هەروورنە وورتی بوو ، جارێك لە سەرخۆ لە ڕاوەك گوێی بە جوێنێك زرنگابێتەوە « ئەم »یکی ئەکردوو لە پێستی خۆی دەرنەچوو •

دەورو پشتەکەیان بە ئاشکرا گوێیان لە قسەکانیان بوو •

بەم شێوەیە لەگەل یەکتردا کەوتبوونە چەلەحانێ :

ـ ئەبێت بە شینەیی بڵێیت : (کاکە گیان وەرەپێشەوە ، لیموکانت دانەیان بەچەندە ؟)

ئیتر کوڕە هەر ئەوەندە بڵێت : (یەکی بە یەنجا قرۆش) بێ سێو دوو ئەبێت پشتینەکەی بگریتو بەرزی بکەیتەوە ، لە سەرئەم بردەوە بە سەرابەری دەیتە خوارێ ئەنجا بچۆرە لای سەوزە فرۆشێکو پێی بڵێ : ئەم کەرەوزە بە چەندە ؟ هەر ئەوەندە دەمی کردەوە تا بڵێت : بە دە قرۆش ، ئەبێ پشتینەکەی ئەویش بگریتو لەم سەر بردەوە سەرەو خوار هەڵیواسیت ، تۆ چوار جاروا ئە خەلك بکە بزانە ئیتر کەس ئەتوانێت بڵێ لەل •

لە وکاتەدا کەئەمیان گەرمی قسەبوو ، هاوڕێکەی پێی بڕی و وتی :

ـ بەروبووم •• کاکی من بەروبووم چاندنو کشتیاری لە پێش نازادی یەوە یە • ئەبێت بستێك زەوی نەمێنێتەوە ئەی کلین • من خۆم چوار پێنج دانە گولدانی دەست کردم هەیە پیازو لوبیام تیاچاندون• ئیستا وەرە سەیری ئەو پیازە جوانە بکە چۆن سەری دەرهێناوە ، پیاو ئەڵێت شتی وا بکات • ئەی •• ئەگەر ئێمە ئەم کارانە بکەینو خەیارو پیازو باینجانو لوبیای سەوز لە مالی خۆماندا •

بروانە ـ ل ٧

چاپکراوی نوێ

حاجی قادر

شاعیری شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازو دیموکراتی ی نەتەوەی کورد

لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانەو مامۆستا عبدالستار طاهر شەریف لە وەرامدانەوەو ڕەخنە لێگرتنی لێکۆڵینەوەیەکی هەروەها بەر فراوانی مامۆستا مسعود محمددا سەبارەت بە حاجی قادر نووسیوێتی ، لەگەل پێشەکی یەکی دوکتۆر مارف خەزنەداردا •

پێشەکی یەکەی دوکتور مارف خەزنەدار تا لاپەڕە (٣١)ی کتێبەکەی گرتۆتەوە • لە سەرەتایدا باسی لە لێکۆڵینەوەی زانستی و مەرجەکانێتی لە ئەدەبداو ئینجا لەوە دەدوێ کە (حاجی شاعیری دەربەبەگی نی یە)و لە ئەنجامیدا لە وەرامی مامۆستا مسعود محمددا لە مەسەلەی بوونو نەبوونی دەربەبەگایەتی دەدوێ لە کوردستاندا • ئینجا بە (هەندێ تێبینی)ی گشتی کۆتایی بە پێشەکی یەکەی دێنێ •

مامۆستا عبدالستار طاهر شریف لێکۆڵینەوەکەی کردووە بە حەوت بەشەوە کە ئەوە بوو لە وەختی خۆشیدا بەش

بروانە ـ ل ٧

چیرۆك شتێكی ـ پاشماوە

بچێنین ، بڕوابكە ئەم وولاتە وای لێ دێت الافاوی پیازو خەیار ڕێكامان پێ بگرێت. ئەم خەلكە هەر ئەوەندە ئەزانن بڵێن « ئازادی » . ئاخر من نازانم ئازادی چییەو تامی چۆنە ؟ وولاتێك لۆبیای سەوزی نەبێت ، پیازو خەیاری تیا دەست نەكەوێت ، مانای وایە ئازادیشی تیانییە .

هاوڕێكەی بێ ئەوەی گوێی بۆ قسەكانی شل كردبێت ئەیووت .

ـ كوتەك .. كاكی من كوتەك .. ئەم میللەتە بێ تێ هەلدان و كوتەك ئاپنەمرۆف . بە درۆپێشنیان ئەیان وتووە : (كوتەك لە بەهەشتەوە هاتووە) .

هەردووكیان وا لەگەل یەكترا سەرگەرمی قسەبوون كەسیان بواری ئەوی تری نەئەدا . ئێمەیش هەر گوێمان لێ گرتبوون .

ـ لە پێش یاسای بنچینەیدا ـ لۆبیای سەوز ، بە برای خۆم بڵێم خەیار كوڕەكاكی من ـ ئەم خەلكەی ڕاستی ی مەسەلەكە نازانێت پێیەكی بگرەو بۆ دۆزەخی فرێدە ، ئەبێت هەموو كەسێك لە حەوشەكەیدا سەوزەبكات و توور بچێنێت بە هاوریكەم ووت :

ـ شتێكان یەكێك بوون یان دووان ؟

ـ نازانم .

ـ بەڵام ئەم دووانە هەردووكیان شتێن ، پێویستە ئاگاداری پولیس بكەین .

لە پردەكەوە بەرەوخوار هاتین ئەمان ویست پۆلیس بهێنین ئافرەتێكی شۆخ لە پلیكانەكانەوە بەرەوژوور بۆ سەرپردەكە ئەچوو دنیا گەرم بوو ، ئافرەتەكە بەرگێكی نەرم و ناسكی لە بەرابوو ، دوو پیاو كە ئەوانیش ئەیان ویست بە پلیكانەكاندا سەركەون ، لە دواوە تەنگیان بە ئافرەتەكە هەلچنی بوو . خۆیان كۆم كردبووەوە لە ژیركراسە ـ كەیەوە سەیری ناولنگیان ئەكرد ، لەگەل سەرنەوی كردیناندا ئەیانووت :

ـ سەیری ئەم بێوێژدانە چی كردووە .

ـ ئۆف خۆزگا بۆت نەكەوتبو تۆیش وەك پشیلەی دەستەمۆ یاریت لە سەرسنگم نەكرد .

ـ دەك خوا بمكا بە قوربانت .

لە پڕا ڕێگای پلیكانەكان بڕاو پیاوان بە ڕاستو چەپا بەرینە كۆڵی ئافرەتە بەسەزمانەكە ، ئەویش لەگەل هاوارهاواردا بەجانتا ـ كەی دەستی سەروڕووی پیاوەكانی ئەكوتایەوە ، بە هاوڕێكەم ووت :

ـ ئەمانەن .. شێتەكان .. ئەبێت زوو بگەینە لای پۆلیس

بەدەم ڕۆیشتنەوە كومەڵێكمان لە پشت دەرگای ئاسنی بەندەرەكەوە بینی جاوەڕوانی كرانەوەی دەرگا كە بوون تاسواری كەشتی بن ، هاوڕێكەم ووتی :

ـ سەیرێكی ئەو دوانە بكەو گوێیان لێ بگرە .

كە گوێم هەلخست ژن و مێردێك بوون، لەگەل یەكیاندا نەوت ، پیاوەكە پێی ووت :

ـ بەخوا ڕاینەكەم .. سەری خۆم هەلئەگرم و دەشت و بیابان ئەگرمەبەر ژنەكە ئەی ووت :

ـ جاكێ دەستی گرتوویت .. ڕێگایەكی پان و بەرینە ، ڕەنگە وا بزانیت بەسایەی سەرتەوە گەلێك خێرو بێری دنیامان بەسەرا ڕژاوە خوانەی بڕێت مێردیش زوور زەبەندەیە بۆ ئێمە .

كابرا تاتوانی زللەیەكی گەیاندە پەناگوێی ، ژنە هاواری لێ هەستاو دەستی بەدادوبێداد كرد . هاوڕێكەم وتی :

ـ زووكە بما بڕوێن .. ئەگینا بۆشایەتی ئەمان گەیەننە دادگا .

بەبەلە ڕۆیشتین و لە كۆڕی شەڕەكە دوور كەوتینەوە لە سەرپردەكەوە زریكەی ئافرەتێكمان گوێ لێ بوو ، كە تەماشای سەرەوەمان كرد تەكسیەكی گازمان بینی بە سەرپردەكەدا تێ ئەپەڕی ، لە پەنجەرەكەیەوە هەردوو پێی ئافرەتێك دیار بوو كەلەقەی لەجام و دەرگا كە ئەداو هاوارو دادو بێداری بوو .

ـ ئەی هاوار خەلكینە ، ئەمانە ئەیانەوێت بمفرێنن . بۆ خوا فریام بكەون . ئاخر پیاوی ژیر بەم ڕۆژی ڕووناكەو لەناو ئەم هەموو خەلكەدا ئافرەت ئەفرێنێ ، بە هاوڕێكەم ووت :

ـ بێ گومان ئەمانە شێتەكانن ، زووكە باهەوالی پۆلیس بدەین .

هاوڕی خوێن ساردەكەم دیسان دەستی بە نوكتە گێڕانەوەی شێتەكان كرد منیش قاقای پێكەنینم بەرز بوو بووەوە . لەم بگرەو بەردەیەدا دوو پاسەوان هاتن نووسان بە قۆلی هاوڕێكەماو پێیان ووت :

ـ ڕاینەكەیت ؟ ها ؟ دەی فەرموو پێشمان كەوە با بڕۆین .

هاوڕێكەم ئاوڕی لێ دامەوەو پێی ووتم :

ـ باشە .. هاوڕێ خوات لەگەل .. ئیتر من لێت جیا ئەبمەوە .

ویستم بكەومە دوای ، بڕۆم بۆ ئەو جێگایەی ئەویان بۆ ئەبرد ، بەڵام نەمتوانی ، بەمل كەچی یەوە هاوارم لێ كرد :

ـ خوات لەگەل هاوڕێی خۆشەویستم .. خوات لەگەل .

تەمەنی ملیون ـ پاشماوە

دانەوەی شارەزاو زاناكان .

ناوەڕۆكی سەرەكی فلیمەكە پیشاندانی تەقەللای مرۆڤە بۆ پەرەپێدانی ژیانی و سوود وەرگرتن لە خێرو بێتی سەرزەمین بەو جۆرەی ئاوات و خواستی بەرەو پاشە ڕۆژی باشتر ئەهێنێتەدی .

داستانی ئەم فلیمەو دەرهێنانی بەرهەمی هونەرمەند (ئەنیلی شورندایك)و موسیقای فلیمەكە (دیتر هوسالا) دانیاوە .

هاوكاری كردویەتی بەكوردی

حاجی قادر ـ پاشماوە

بەش لە ژمارەكانی (ڕۆژی كوردستان)دا بڵاوی دەكردنەوە . مامۆستا تەقەلایداوە لە هەر بەشێكدا لایەنێكی بیروراكانی مامۆستا مسعود بگرێتو بیروڕای تایبەتی خۆی لەسەر دەربڕێتو ئەوەی بە چەوتی دەزانێ ڕەخنەی لێ بگرێتو هەروەها خۆشی چی بەراست دەزانێ بیخاتە روو .

كتێبەكە لە بڵاوكراوەكانی گوڤاری (ڕۆژی كوردستان)ە كە كۆمەڵەی ڕۆشنبیری كوردی دەریدەكا . (١١٠) لاپەڕەیە بە قەوارەی گەورە . لە چاپخانەی (الادیب) لەبەغدا چاپكراوەو نرخی (٤٠٠) فلسە .

سەروتار « پاشماوە »

ئێمە لەوباوەڕەداین كە ئەنجومەنی ڕایەڕاندنی تازە بەرپرسیاری مێژویی و نیشتمانی ئەگرێتە ئەستۆی خۆی و بەپێی توانای خۆی لەپیلاوی بەهێزكردنی یەكێتی نیشتمانی بنیاتنانی سۆشیالیستیدا تێ ئەكوشێ و پارێزگاری دەسكەوت و سەرچاوەكانی شورشی ١٧ی تەموز ئەكات ، وە سەرچاوەی حزب و شورش بەهەمو شێوەیەك بشتگیری لەناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەكات ؛ لەپێناوی سەرچاوەكەو تێ و بەجێهێنانی ئەو ئەركە پیرۆزانەدا كە خراوەتە ئەستۆی ، بۆ بەدیهێنانی پیشكەوتن و بەختەوەری وڵاتەكە .

ژن و فولكلور ـ پاشماوە

هەر سێیانە ، هەر ئێمەكێ دەپێژیت مەلای سلاف گرە سەر من بقنێ . مە دفێت بزانین كا سلافا تە بوكێ ژمە بو ؟

مەلای هزرێن خو كرنو گوت :

من سلافكرە وی كەسی ئەو كەسێ پێتر ژهەمیان ژ ژنا خو بترسیت . هەر ئێكی ژوان گوت : ئەز پێتر ژ ژنا خو دترسم .

مەلای گوتێ : بو من بێژن كا چەوا هێ ژ ژنێن خو دترسن !

زەلامێ ئێكێ گوت : روژەكێ ژان دەرفەتەك وەسا چێبو من گوتە ژنا خو « هێك » من نەفێن .

سال بو سالێ ژی مریشك لە زێدە دبون ژبەر كو ژنا من هێكا فەدگریتو چیچەلوكا ڕادگریت . ژنا من ژی هەرو ڕادبیت هێلكا دكەلینیت ئان دكەتە هێلكە روین بو خوو بجیكێن من . براستی دەمێ ئەو هێلكا لدەف من دخون گەلەك دلێ من دچیتێو ئەز حەز كەم بخوم ، وەلێ ئەز چ بكەم ژنا من خوارنەكا دیتر ددانیتە بەر من چونكو جارەكێ من گوتبوێ من هێك نەفێن ، روژەكێ دەستێن ژنا من دەهەفیرێرا بون ، ئەز چوم هندە هێلك من ژكولكێ مریشكان ئینانە دەرو من دانانە بن كولافێ خو لسەر سەرێ خوو شاشك من هافێتێ ولێ توندكر ، سێنیەك ژی من هافێتە دباخلا خوداو پیچەكا روینی ژی من كرە سەر نانەكێو هندە نانێن دژی من تێ ئالاندن و ئەو ژی هافێتنە دباخلا خودا .

ئەز هاتم و من گوتە ژنا خو ئەفە ئەز دێ چم كەری بەمە داران . مەرەما من ئەمەو بو دەمێ دگەهمە ئاڤ داران ئاگرەكی هەلكەمو هەفیرێ نانی خلاس ، بو من تێربخوم .

ژنا من گوت : كوڕا وەرە نوكە نەچە ، ئەفە ئەز ژ هەڤێدێ نانی خلاس بو من نانی لسەر سێلێ وەرگێرە بەری تو بچی . ئەز ئەوێرم ناوەرگێرم ، ئەز روینشتمە بێژمێ ناوەرگێرم . ئەز ئەوێ نان بەحتو هافێتە سەر بەر كوجكێ ئاگریو ئەوێ سێلێ ، تیركا ددەستێ من داو نان لسەر نانی وەردگێرم ودهافێمە دتبەڤێدا . نانەك یێ دوێ ... چواری ئەو روینێ دباخلا مندا حەل بوو بو سویلیو دبەشمێ منرا دەركەفت ، هوو .. چافێن وێ بینیرا بەشمێ من كەفتن لوتی : كوڕا ئەفە چیە ؟ كوڕا ئەفە تە میزتیە بخوفە ؟ ئەفە گوتو تەبەك لسەرێ من داو گوت كوڕا تو شەرم ناكەی ، لگەل تەبێ ئەو هیلكێن لبن كولافێ من هەمی بەقینو بسەرو چافێن من داهاتنەخوار ، گوتی كوڕا ئەفە تەهێك ژی دزینە ؟

من گوتێ بەختێ تەدا ژنێ راوستێ ئەز دێ جیروكا خو بو تە بێژم .

ئەدەب سەرهاتیا ـ پاشماوە

هزر دكەین ئەفە دوو ووشەیە .. بەهڤ .. رابین .. پێگفە رابین ، ئو پارچا بەیتێ دێ بیتە (خوزی ئەزتو پێگفە رابین) .. (بهێڤرا هێرین خورینێ) .. بهێڤرا مە دیاركر كو بهەڤرایە .. هێرین .. یادیارە كو هەرین .. بچین .. خورینێ .. ئەم هز دكەین خورینێ ئەو جهەیێ كو بەزی لێ خوێددەن ... چنكی بێ شكە بەزی پایەكێ بەرزێ هەی دژیانا كوردەواریا كەڤندا .. ئو بشكا دوێ ژێ بەیتێ دێ بتیە : (پێگفە رابیاین چویاینە خوێدانێ) خوێدانا بەزی .

بەیتا دووێ (وەرە بهێرین گوترابین) .. وەرە بچین .. بهەرین ، گوت .. رابین .. ئەم هزر دكەین ووت گوت .. وەخت .. بەروەخت .. زوو رابین .. ووشەیا دیارە ژرابونێیە .. (وەرە بچین بەروەخت رابین) .

پشكا دووێ ژبەیتا دووێ (بانگ دین بهێڤرا نارینێ) بانگ دین .. ووشەكا دیارە .. كو بانگ دەین .. بكەین هەوار .. بهێڤرا .. بهەڤرا .. نارینێ .. نارینك رەنگەكێ سترانایە تێتە گۆتن هەكو بیكا فەدگوهێزن .. بەلێ ئەم هرز دكەین ووشە هندێ دیار ناكەت .. لغێرێ نارینێ .. یائینایی شوینا بویكی .. (پێگفە بكەین هەوار ئەی نارینێ .. ئەی بویكێ) .

چیرۆك بۆ منالان ـ پاشماوە

شاخەوان پێكەنی ووتی :

« لەقوتابخانەدا شوێنی نووستنو خەوبینین نیە .. ئەبێ زۆر وریابیت . »

پشیلەكە ووتی : « ئەی كەواتە ، كەی بنووم و خەون ببینم ؟ »

شاخەوان ووتی : « دوای تەواوكردنی ئەركەكانی قوتابخانەت ئەتوانی وەكو من بنوویت »

پشیلەكە ناخێكی هەلكێشاو ووتی : « ئاخ .. ئەی ئەمە كارێكی زۆرگرانو قورسە .. ئایا هیچ ڕێگایەكی غەیری قوتابخانە نیە ، بۆ گەیشتنە سەرمانگ ؟ »

شاخەوان پێكەنی ووتی :

« ئەی .. تەنیا بەخەون ئەتوانیت بگەیتە سەرمانگ »

بزبزۆكی پشیلە سەیری ئەملاو ئەولای خۆی كرد .. تیشكی خۆرەكە لەنێو پەنجەرەكەوە ئەهاتە ناو . بەشێكی ژورەكەی پڕ ئەكردەوە . بەخاوو خلیچكی ڕۆشتو لەژێر تیشكەخۆشەكەی خۆرا راكشا .. وردە وردە پێڵوەكانی نووقاو نووستو خەونی بەمانگەوە ئەبینی .

هاوڕێ صدام « پاشماوە »

مشێو بەسرەو زیقارو هەرشوێنێكی تری ئەو وڵاتەشدا ئەژین .

هەروەها بەڕێز صدام حسین وتی ، كاتێك بەربەستێكی بچووك بۆ ئاودانی (٢٠) هەزار دۆنم زەوی لە پارێزگای دهۆك دروست ئەكەین و ئەتوانین بەهەمان پارەو كۆششی هونەری پرۆژەیەكی كشتوكالی پێك بهێنین كە پانتایی چارەكە ملیۆنێ دۆنم زەوی لە پارێزگای واسط ، لە سەرمانە پارێزگای واسط هەلبژێرین ئەك پارێزگای دهۆك ، لەبەر ئەوە ئەوەی لە دهۆكە ، پێویستە بگوێزرێتەوە بۆ واسط ، هەروەها ئەگەر پێویست بێ كارگەیەك لە سەر ئەو بنەڕەتە دابمەزرێنرێ كە كەرەسەی خاوی لە سلێمانی هەیەو كارگەكە پێویستی بە (١٠٠) هەزار كەس هەیە ئیشی تێدا بكاو ئەو ژمارەیەش لەسەر پارێزگای سلێمانیدا دەست ناكەوێ ، پێویستە كارگەكە لەوێ دامەزرێنیو (١٠٠) هەزار كەسی لە پارێزگاكانی هەولێرو بەسرەو زیقارەوە بۆ بەرێن .

بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش دووپاتی گرنگی شوێن كەوتنی پێشكەوتنی زانیاری كردەوەو وتی ئابێ قەبارەی زانستی بگوشین تاوەكو بە قەناتێكی نامەوزوعیو نازانستیدا ببینە ئەوورەوە .

هەروەها جێگری بەڕێز داوای كرد كە ڕۆشنبیری میللی بۆ ئەو باسانەی لە كۆنگرە كشتوكالیەكەدا خراونەتە روو لە ڕێی ئامیلكەوە بڵاو بكرێنەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆشنبیریە بە ڕۆشنبیریەكی تایبەتی نەمێنێتەوەو بەلكو ببێتە ڕۆشنبیری بۆ هەموو گەل ، تاوەكو ئەو شارەزاییە بەوشێوە ساكارەیەوە بەگەل بگەیەنین كە هۆشی گشتیو تایبەتی پێ بەرز بكاتەوە .

هەروەها بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركرایەتی شۆڕش كرنگی خۆلقاندنی جوتیاری هۆشمەندو ئەوفەرمانبەرەی دووپات كردەوە كە بەشێوەیەكی مەیدانی كاری كشتوكالی ئەكا .

جێگری بەڕێز ئەكانی بەشداری كردنیدا دوێنێ بەیانی لەلێكۆلینەوەكانی ئەولیژنانەی بۆكۆنگرەی كشتوكالی حەوتەم تەرخان ـ كراون ، پەنجەی بۆ ئەوە درێژكرد كە پێویستە مرۆڤی هۆشمەند سۆشیالیستیانە بخولقێنرێ .

هەروەها وتی ، جێبەجێ ـ كردنی سۆشیالیستی پێویستە لەگەل هۆشمەندی گەلدا هاوسەنگ بێتو دووپاتی ـ كردەوە كە پەیوەندی دیالیكتیكی لەنەخشەدا لەنێوان زیادبوونی بەرهەم هێنانو پێشكەوتنی ژیانی كۆمەڵایەتیدا شتێكی گرنگە .

دووبارە پەنجەی بۆ ئەوە درێژكرد كە مەبەس لەبەرهەمهێنان پێویستە بەرەو بەرزبوونەوەبێ چونكە پێشكەوتنمان لەبوارەكانی تردا بەرەو بەرزبوونەوە مل ئەنێ . وە وتی كاتێ هەموو بزوتنەوەی كۆمەڵگا لەهۆشمەندیو پێكەیشتوویی و تەكنیك زانستیدا بەرەو پێشەوە ئەبزوێ ، ئەبێ ئامانجەكانی بەرهەمهێنانیشمان بەرەو پێشەوە ببزوێ .

ئەمەو ژمارەیەك لەبەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش وەزیرە بەڕێزەكانو ئەندامانی مەكتەبی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنو مەكتەبی مەركەزیی جوتیاران لەحزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستیداو پارێزەرە بەڕێزەكان لەكۆبوونەوەكانی لیژنەكاندا ئامادەبوون . لیژنەكان كە ژمارەیان (١٢) لیژنەیە لەنەخشەكانی پارێزگاكانو دەزگاكانو پرۆژەكشتوكالیەكانیان كۆلیەوە لەگەل ئەوراسپاردەو بڕیارانەی كۆنگرەی كشتوكالی شەشەم كە بەجێهێنراون .. سەرای ئەونەخشانەش كە كە پێشكەش بە كۆنگرەكە كراون .

سەرۆكی ئەنجومەنی ـ پاشماوە

وەریو كۆستەكەوتویی ناوچەكەیە .

بەڕێز هاشم حسن داوای لە ئەنجومەنی تازەكردوە كە كارێكی بەردوام بكەن بۆ چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی قولـ كردنەوەی یەكێتی نیشتمانی لەناو هەمو ڕۆڵەكانی گەلدا بە عەرەبو كوردو هەمو كەمایەتیەكانی تریەوە بۆئەوەی لەسای شۆڕشدا ژیانێكی خۆش گوزەرانو بەختیارانە بژین .

دوای ئەوە ئۆلیژنە پێكهات كە بڕێتین لە لیژنەی لێكۆلینەوە لەدروستی ئەندامێتیو لیژنەی پیشنیار ـ كردنو شاكاتو سكاڵانامەو كاروباری یاسایی و كاروباری ناوخۆو كۆمەلایەتیو چاودێری كاروباری ئافرەتانو هاوینەـ هەوارو شارەوانیكانو كاروخانەسازیو كاروباری دارایی و ئابوریو كاروباری كشتوكاڵو هەروەزكاری و كاروباری پەروەردەو ڕوشنبیریو ئەوقافو كاروباری كەمایەتیكانو ژماریاری ئەنجومەن .

سەرۆكی پێشوی ئەنجومەن داوای لەو ئەندامانەی ئەنجومەنی یاسادانان كردوە كەمەزنەكەن ببنە ئەندامی ئەم لیژنانە ناوی خۆیان بدەن .. دوای ئەوە هەلبژاردن دەستی پێكردو ئەندامەكانی ئەم لیژنانە دانران .

لە سەرەتای كۆبونەوەی ئەنجومەندا دلنیایی لەتەواوی نیساب كراو ئەندامێكی ئەنجومەنی یاسادانان لەبەردەم ئەندامانی ئەنجومەندا سوێندی دەستوری خوارد .

ئەنجومەن ڕۆژی ٢٩ی مانگی داهاتوی دیاری كردوە بۆ ئەوەی كۆبونەوەی داهاتوی خۆی تێدا بكات .

سلیمانی و بەردەوام ـ پاشماوە

یەك ئەركمان لە سەرشانە ئەویش خزمەتكردنو پێش خستنی نیشتمانە بەرەو پێشكەوتنی گەلانیتر . هەر بۆ شارەزابوونو زانینی هەموو گیروگرفتی هاوڵاتیان لەم دواییەدا سەرم داوە لە بەشی زۆری قەزاو ناحیەكانی سەر بە پارێزگاكەو لە پێویستی هاوڵاتیان كۆڵومەتەوەو خواریێن كەم تەرخەم نابین لە بەدی هێنانیان . وە تەنها داوایتمان ئەوەیە كە هەمووان بەوپەری دڵسۆزیەوە یارمەتیمان بدەن لە ئاوەدان كردنەوەی ئەم وڵاتە پڕ سودو بەپێدا كە خۆی لەخویا ئامادەییەكی تەواوی هەیە بۆ پێشكەوتن .

لە كۆتایی ئەم دوانەیشدا سوپاسی ڕۆژنامەی هاوكاری ئەكەم كە دەرفەتی بۆ پێك هێنام هەندێ ڕووی ئاوەدانی پارێزگاكە ڕونبكەمەوە بۆ هاوڵاتیانو سوپاسیش بۆ هەمووان .

لەسەر ڕێ

عبدالقادر خلیل

لە كاتێكدا نوێنەری جیمی كارتر لە گەشتی تایبەتیە بۆ چارە سەركردنی ئالۆزی نێوان ناوچەی ڕۆژ هەلاتی عەرەبیوە دان نان بە چارەسەر كردنی مەسەلەی فەلەستین بەپێی ئەو ئەخشەیەی بنتاگون دای ڕشتوە هەر لە هەمان كاتدا نوێنەرەكەی جیمی كارتر فرمیسكی بە كول هەلدەڕێژێت بۆ منداڵە ئاوارە فەلەستینیەكانوە داوا دەكات ئالەبەر ئەم منداڵە بەسەزمانانە دەبێت سەرەكانی عەرەب دەستی ئاشتی درێژ بكەن بو مناحم بیغن . ئەگەر ئاشتی بەپێی ئەو ئەخشەیەی كە كێشراوە لە كۆشكی سپی لە واشنگتون نە گیریو دانی پیا نە نرێت ئەمریكا نا چارە تورەكەی یارمەتیەكەی بپیچێتەوە واز لە برایەتی ئەمریكاو عەرەب بهێنێت ناچاراماں مەكەن ڕێگەی چەوت بگرین ئەمە ووتەیەكی نوێنەری بەرێزە بۆ ڕوزهەلاتی عەرەبی . دەڵێت كاك ساریس وانز من دڵم بە گەلی عەرەبی فەلەستین دەسوتێت هەر لەبەر ئەوانیشە ئاتیستا وا هاتومەتە ناوچەكە شەویك لە قاهیرەو شەویك لە شامو شەویك لە عەمانو شەویك لە تل ابیب دەبەمە سەر ئێمە برای هەمو لایەكتانین نامانەوێت ئاشتی پێ شێل بكرێت . تاو تاو فرمیسك ئەسرێتو هەنسكی بە كول دەدات بەپێی بروای چەوتی ئەو ئەگەر صهیونیزم دەستی ئاشتی بۆ درێژ بكرێت لەلایەن سەرەكانی عەرەبی بەزیوو خۆ فرۆشەوە ئەوساكە هیچ گومانی نییە كە منداڵانی فەلەستینیش بیر لەوە ناكەنەوە كە داوای بەشی خویان بكەن داوای خاكی زەوت كراویان بكەن داوای خوینی باوكو باپیرانیان بكەن . تورەكە ڕزیوەكەی كیسنگر دراوەتە دەست وانز مشتێ دولاری سەوزی بریقەداری تێ خراوە لیك لەدەم دەخاتە خوارێ . هەر خوكوتانە بۆ مشتێ زیاد وەرگرتن .

بەلی بەڕێز جیمی كارتر ماوەیەك لە مەوبەر موری نابەو بریارەدا كە دراوە لەلایەن هێزی چەك داری ئەمریكای ئاشتیخواز بۆ دروستكردنی بومبای نێترونی . بەلێ بومبای نێترونی چەك پەرستان تینون تینوێتیان بەگری بومبای نێترونی ئەشكێ . لە كاتێكدا كونفرانسی ئاشتی خوازانی جیهان بیرەوەری ئەو كارەساتە ناهەمواری ئەمریكا یاد دەكەنەوە كە لە ساڵی ١٩٤٥ دا تاوانی گەورەی جیهانی كرا لەلایەن ئەمریكاوە بە هاویشتنی بومبای ئەتۆمی بۆسەر هێروشیماو ناكازاكی . ئەو تاوانەی مەتاهەتابە ئێشو ئازاری لە دڵی هەمو ئاشتی خوازانی جیهاندا وون نابێت ئێستاش سەرەكی ئیمپریالیزمی جیهانی مۆری دروستكردنی بومبای نێترونی مۆر دەكاتو دەستی ئاشتی خوازی درێژ دەكات بو چارەسەركردنی مەسەلەی فەلەستین بەپێی ئەخشەی بنتاگون .. ئاشتی چاك دەستی پاك ئەو دەستەی كە لە گومی خوێنی گەلاندا تابن هەنگل سوربوە و جارێكی تر ناتوانن ئەو دەستە ژەنگنە بخەنە ناو دەستی گەلی عەرەبی بەش خواروو زەوی داگیركراو خوین ڕژاو لە سیناو لە جولانو لە هەمو بستە خاكیكی زەوتكراوی فەلەستیندا .

كاك ساریس وانز هەگبەكەت هێنندە دارزیوو كونكونە بروامەكە گەلی عەرەبی بە فریوبەریو بەومشتە گلاسەوزە بریقەدارانەی كە ئێوەلانی پیوە لێ دەدەن كە دولارەو برین سارێژ دەكات تازە ئاشتی وەك ئەو ئاشتیەی ئێوە دەتان دەوێت بهێننەدی . جامی ویسكی خوت نوش بكەو هەگبە رزیوەكەت بپێچەوە پیلانەكانتان تازە باوی ئەماوە ژیر زەریا ئەتۆمیەكانتان دەتەقێتەوە بەگەروتا ناو جەرگتان دەبرێت بومبا هاوێژە ئەتۆمیەكانتان فانتۆمەكانتان هیچی ئەیتوانی سەر بەگەلی فیتنامی پالەوان شۆڕبكات

گەلان ئەمڕۆ سورن لە سەر ڕاستی سورن لە سەر مافی خویان هەمو پیلانە كانتان پەشمە . مۆری بێ ئابرویەتیوابە ناوچەوانتانەوە هەرچیش دەستی لە ناو دەستتانا بێت بۆ گر بەردان و یارمەتی دانتان ئافرۆس كراوە لە لایەن گەلانی پێش كەوتو خوازی جیهانەوە . تا زووە هەگبەكەت بخەرە بن هەنگلت وبچۆرەوە تەنها ١٦ ملیون بێ كارەی ئەمریكی خویان ئامادەكردوە پیشوازی چاكت بكەن .

چەند بریاریكی « پاشماوە »

ئەوپەری سنوری قەرزی بانقی عەقاری ئەویش تەنیا سەبارەت بەكرێكار .

ئەمەش تەواوی ئەوبریارەیە ..

بەپێ دەسەلاتی بڕگەی ١ لەماددەی چلو دووی دەستوری وەختی لە كۆبونەوەی ڕۆژی ٢٩ی ١٠ی ساڵی ١٩٧٧دا ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش بریاری داوە ..

١ ـ ئەو (موخەسەساتی زەوجیەی) لەبریاری ٧٤٧ی ١١ی ٧ی ساڵی ١٩٧٦ دا باس كراوە ئەبێتە بەشێك لەو موچەیەی كە لەبریاری ٦٥ی ١١ی ساڵی ١٩٧٧ دەربڕاوە ئەویش بۆ دیاری كردنی دوا سنوری قەرزی بانقی عەقاری ئەویش تەنیا سەبارەت بەكرێكاران .

٢ ـ ئەم بریارە لەڕۆژی ١ی ١ی ساڵی ١٩٧٨ ەوە پەیڕەوی ئەكرێت .

٣ ـ لەسەر وەزیری كاروخانەسازی پێویستەكە ئەم بریارە جێبەجێبكات .

احمد حسن البكر

سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش

هەروەها ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش بریاری داوە كە موچەی مانگانەی ئەو شۆفێرەی بۆیەكەم جار لەدایەرەیەكی ڕەسمیدا ئیش دەكات ٣٠ دینار بێت ، وە دینارێكو ٢٥٠ فلس بۆ هەر ساڵێك خزمەتی لەوەوپێشی بۆ زیاد ئەكرێت كە ئەگەر لەدایەرەی ڕەسمیو نیمچەڕەسمیو كەرتی سۆشیالیستیدا بەشۆفیری كاری كردبێت .

ڕێڕەو

کۆنەپەرستان ناسراوان ناتوانن بمانخەن ، بەڵکو ئەوان لە شاییدا لاوازنو لەشینیشدا هەر لاوازو پێهێزن ، بەپێی سەرنجدانی زانستیانە بەرامبەر ڕێڕەوی مێژوو دەوری یەکالاکردنەوەی گەلان ، لەهەموو جیهاندا ڕووی نەداوە تاقی کردنەوەیەکی ڕاستی شۆڕشگێڕانەی کامڵ لەزەوی بدرێ ، ئەو تاقی کردنەوانەی خراون ، یان شۆڕشگێڕ نەبوون یاخود پێداویستو مەرجەکانی تاقی کردنەوەی کامڵی شۆڕشگێڕیان تیادا نەبووە ، ئەوکاتە پشتیان لەزەوی دراوە .

« هاوڕێ صدام حسین »

کتێب ناسەکانی وڵات :

لە گەورەترین نومایشی ڕۆشنبیریدا لەسلێمانی

پ : هاوکاری ـ سلیمانی هەفتەی ڕابوردو لە ژێردروشمی (کتێبخانە لە پێناوی خزمەت کردنی بیری‌نەتەوەیی پێشکەوتودا) بەچاو دێری بەڕێز دکتۆر طارق حسن ئامێدی سەرۆکی‌زانکوی سلێمانی ، چوارەم‌کۆنگرەی کتێب ناسانی عێراقی لە هۆڵی فارابی زانکۆی‌ناوبراو دەستی پێ‌کرد .

ئەوەی شایانی باسە ، لەم کۆنگرەیەدا ، کە پێنج ڕۆژی خایاند ، نێرراوی کتێبخانەی زانکۆکانی هەموو وڵاتو کتێبخانە نیشتانیەکانو گشتیەکان لەگەڵ نێراوی وەزارەتەکانو دەزگاکانی وڵاتو ئەوانەی پەیوەندیان پێوەهەیە هاوبەشی تیادا کرد .

ئاهەنگی کردنەوەش لە کات ژمێری (١٠)ی سەر لە بەیانیدا بە وتارێکی بەڕێز سەرۆکی زانکۆی سلێمانی دەستی پێ‌کردو لە وتارەکەیدا ئامانجی ئەو کۆنگرەیەی ڕوونکردووە بۆئەوەی کتێبخانە بکرێت بە مەلبەندێکی ڕۆشنبیری لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش‌دا بۆ خزمەت‌کردنی بیری نەتەوەیی پێشکەوتوو ، هەروەها وتی : کتێبخانەی نوێی ئەمڕومان وەك ئەوانەی پێشو نەماوە کە بریتی‌بێت لە هەندێ کتێبو سەرچاوە ، بەڵکو ڕێچکەو ئامانجەکانیشی گۆڕاوە بۆ ئەوەی ببێتە دەزگایەکی ڕۆشنبیری لە پێناوی وەدەست هێنانی زانیاریەکی یەکجار فراواندا ، بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە هەموو توانایەکمان ئەخەینە کار هەرچەندە هێشتا سەرەتامانەو هەندێ کەمو کوڕیمان لەم ڕووەوە هەیە .

پاشان بەڕێز دکتۆر محمد فاضل محمد عزیز ئەمینداری گشتی کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی وتارێکی خوێندەوەو دەوری کتێبخانەی لە وولاتەکەمانا ڕوون کردەوە .

لە دوایدا بەڕێزان « فوءاد قزانجی » سەرۆکی کۆمەڵەی کتێب ناسانی عێراقی لەگەڵ مامۆستا « عبدالامیر مهدی حبیب » بەم‌بۆنەوە یەکی وتارێکیان خوێندەوە .

هەروەها لە کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆدا ، لە دوای کردنەوەی پێشانگایەکی کتێب لە کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی ، میوانەکان بۆ جاری دووەم هەر لە هۆڵی فارابی یەکیان‌گرتەوەو دەستیان‌کرد بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆنگرەو ئەوەی گرنگە مامۆستا شاکر فتاح احمد بە سەرۆکی لیژنەی پەرەپێدانی کتێبخانەی ناوچەی کوردستان هەڵبژێردرا .

هەر بەم بۆنەوە لە ئەوێدا لەمەلبەندی ڕۆشنبیری زانکۆی سلێمانی ئاهەنگێکی پرجۆش سازکراو کەلێك گۆرانی کوردی فۆلکلۆری لە لایەن تیپی مۆسیقای سلێمانیو زانکۆوە ، لەگەڵ چەند هەلپەرکێی جۆر بە جۆر لایەن میوانەکانەوە پێشکەش‌کرا .

کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی لە چەند دێڕێکا :

لە سالی ١٩٦٨ دامەزراوە ـ ئێستا لە ناو کۆلێجی نادابدایەو لەسێ هۆڵی خوێندنەوە پێك‌هاتوە ، نزیکەی (١٢٠) خوێنەری تیادا جێگەنەبێتەوە ، ئەمە جگە لە دوو هۆڵی‌تر ، کە یەکێکیان بۆ سەرچاوەی کوردیو عەرەبی تەرخان‌کراوە ، ئەوی‌کەشیان تەنها بۆ سەرچاوەی بیانی ، لەبەر ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ سەرچاوەو کتێبو خوێنەر زۆرئەبێو پەرەئەسێنی ، بڕیار وایە زانکۆ کتێبخانەیەکی تایبەتی بۆ بکاتەوە ، ئەمەش لە سەرەتای وەرزی خوێندنی ١٩٧٨/٧٧دا وەدەستدێت ئەوەی شایانی باسە کتێبخانەی زانکۆ ١٠٠٫٠٠٠ کتێبی تیدایە جگە لە ٢٫٠٠٠ سەرچاوەی زانیاریو هەندێ‌بابەتی کە شکۆڵی زانیاریو شتی نایابو هەڵکەوتوی‌کەش .

پیشەی دەستکردی میللی ـ دەوری‌وفانۆن دیاری مەلبەندی پشەی میللی لە سلێمانی

سینەما

تەرف چوار ملیۆن ونیوسالەی سەرزەمین لەفلیمێکدا ..

لەوانەیە بەلاتەوە سەیربێ،بەڵام شایانی سەرسوڕمان‌نیە ، بەڵکو شتێکی جوانە ، مرۆڤ فلیمێك ببینێ ئەوەی‌تیا پیشان بدرێ ، مرۆڤ‌لەسەرمتای دروست بوونیەوە تا ئەمڕۆی چۆن پەیدابوەوچۆن پێش‌کەوتوە ، ئەمفلیمەش پر بە پێستی خۆی فلیمێکی مەوزوعیە، سەرەڕای‌ئەوەی ئەتوانرێ بە مادەیەکی پەروەردەو فێرکردن دابنرێ بۆ منداڵو گەورە وەك یەك ، ئەم فلیمەش بە ڕەنگاورەنگ تۆمارکراوەو لە دروست کردنیا متمانە بە ماددەی تۆمار کراوو وێنەی فۆتۆگراف کراوە ، لەپاڵ تابلۆی هونەرمەندەکانی دنیادا . ئەمە بێجگە لە بەکارهێنانی هونەری سینەمایی بۆ دەرخستنی ناوەڕۆکی باسەکە بەوجۆرەی ئەسڵو پێشکەوتنو کۆڕانەکانی دانیشتوانی سەر زەمین بۆ تەماشاکەران ڕوون بکاتەوە ، مرۆڤی سەر زەمینی ئێستا کە ژمارەی گەیشتۆتە نزیکەی (٤) چوار ملیار کەس .

لە ماوەی (١٠٥) دەقیقەدا ئەم فلیمە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی مرۆڤ پیشان ئەدات هەتا ئەگاتە سەر مرۆڤی ئەم چەرخە ، ئەکتەرو پاڵەوانەکانی ئەم فلیمە مرۆڤن ، جێگای گرتنی فلیمەکە ڕووی ئەم سەرزەمینە فراوانەیە لە کاتی دروست بوونیەوە بەر لە چوار ملیونو نیو ساڵ بەپێی لێك

بڕوانە ـ ل ٧

فێڵکردن لە فرۆشتنی قاوەدا !!

دوای ئەو زەرەرو زیانەی‌لە بەرهەمی ئەمساڵی قاوە کەوتوە لە بەرازیل ، بەهۆی‌ساردو سەرماوە ، نرخی قاوە گرانبوو ، ئەمەش وای‌لەوکەسانە کردوە ، کە لە ڕادەی جیهانیدا بازرگانی بەقاوەوە ئەکەن ، ئەم کارەساتە بەهەڵبزانن‌و بیبەری ڕەشو دانەوێڵەی تر تێکەڵ قاوە بکەن بەمەبەستی زیاد کردن ، بەڵام ، شارەزاکان زوو بەمەیان زانیو لایەنە لێپرسراوەکان کەوتونەتە بشکنینی زیاتر لەم بارەیەوە !

هەرجارەی نووسینێك

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر لەزووەوە بەهۆی ئەوەوە کە کیشوەری ئاسیاو ئەفریقاو ئەوروپای بەیەکەوە ئەبەستێ جێی سەرنج ڕاکێشانی ئەو دەوڵەتانەبوە کە هێزو توانایەکی گەورەیان بەگوێرەی سەردەم بەدەستەوە بوە .. ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی‌ترەوە ئەم ناوچەیەی بەهۆی زەویو زارەکەیەوە کە خاوەنی سامانێکی گەورەیە لەلایەن بازاری جیهانەوە .. گومانی تیانیە جێی بایەخێکی گەورەیە .

جا ئەگەر سەرنجێکی بەڵکەنامەی چەسپاوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بکەین کە ئەڵێت :

سیاسەتی ئەمریکا لەمەردوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دوردا ئەوەیە ئەم‌ناوچەیە بۆچارەنوسی ئەمریکاو هەمو جیهانی سەرمایەداری گرنگە .. لەڕوی ستراتیژیشەوە پردێك لەنێوان ئاسیاو ئەفریقادا دروست‌ئەکاتو بەسەر هێڵی ئاسمانی بەرەو بەشی خواروی کشوەرو دەریای هیندا ئەڕوانێ .. ڕوی ئابوریشی .. بەرهەمی نەوت لەهەردوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دوردا بۆیتەوکردنی هێزی ئابوریو سەربازی هاوکێیەکانی پەیمانی ئەتلەسی‌گەلێك‌جێی بایەخە .. بەڵام لەڕوی سیاسیەوە .. خۆ ئەگەربێت وڵاتەکانی ئەم‌ناوچەیە ڕێگەیەکی تر بدۆزنەوە لەگەڵ ـ وڵاتە سۆشیالیستەکاندا ـ بۆ گەشەکردنو هاوکاری ماڵ‌کاولی هەمو (جیهانی ئازاد)ە .

ئەماشانەکەین ئەوە بۆ سێ ساڵ ئەچێت کە گورچوگۆڵی دیپلۆماسیەتی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا گەلێك سەرۆکی ئەمریکای بینیوەو ڕۆڕی ئەزمریەو هۆزی جێبەجێ‌کردنی سیاسەتی بەگۆڕاوی ڕەچاوکردوەو هاوبەیانی گۆڕیوە بەڵام هێڵەستراتیژیەکەی بەڵکەنامەی ناوبراو دانی‌پیدانراوە لەجێی خۆی ئەلەقیوەو ئەخزاوە .

چونکە ئەو دەوڵەتەی ئەیەوێ بەخۆڕایی بازاری ساغ‌کردنەوەی کەلوپەلی دەستکەوێو سامانی ئەتەویی وڵاتێکی‌تر تاڵان‌بکات هەرگیز بەشوێن ئاشتیو ئازادیو بەختیاری وڵاتانو گەلاندا ناگەڕێ .. بەکورتیەکەی مۆنۆپۆلەکان ڕۆژێك لەڕۆژان دۆستی گەلان نەبونو بەرگریان لەوگەلە لاوازانە نەکردوە کە زێردەستەنو هەمیشە دوژمنی باوەکوشتەو .. لالوتی ئەو ڕژێمە سەرمایەدارانە نەبون کە وڵاتانی تازەگەشەکردو بەدۆست دانانێن .

لەبەرئەوە ئەوکارانەی کە لە لوبنانو بەرامبەر گەلی فەلەستین لەلایەن هەندێك کاربەدەستی وڵاتی عەرەبی خۆفرۆشەوە ئەکرێن جێی سەرسوڕمان نیە .. چونکە جێبەجێ‌کردنی ئەخشەکانی ئەمریکایەو وەدیهێنانی ئەو هێڵە چەسپاوەیە کە بەڵکەنامەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەرەتاوە دایناوەو هەیەتی بەڵام لەبەرگێکی تردا .

● مجید ندیم ●

جیهانی منداڵ

ئامادەکردنی شکریە أحمد

چیرۆك بۆ منداڵان

پشیلەوماسیگر

بزبزۆك پشیلەیەکی چکۆلانەیە ، زۆر حەزی لە چۆلەکەو پەپولەیە .. حەز ئەکا لەژێر تیشکی خۆرا بنوێو زۆریش لەسەگو شاولی بۆلیسەکان ئەترسێو دڵپەستر ئەبێ .

بەڵام زۆرشت هەیە سەری لەبزبزۆك شێواندوە .. نازانێ بۆ شاخەوانی هەڤالی هەمو ڕۆژێ لەبەردەم مێز دانەنیشێو خۆی بەشتی سەیر سەیرەوە خەریك ئەکات .

ڕۆژێ بزبزۆك لەشاخەوانی هەڤالی پرسی : (ئەمشتانە چین خۆتی پێخەریك ئەکەی ؟) شاخەوان پێکەنی ووتی : « ئەمانە کتێبەکانمنو ئەیانخوێنم ، دەفتەرەکانیشم تیاندا ئەنووسم » .

پشیلەکە سەری سوڕ ماو بەهەڤالکەی ووت : (جا سوودی خوێندنو نووسین چیە ؟) .

ـ تایبم بەمرۆڤێکی بەکەڵکی ئەمکۆمەڵە .

ـ ئەبی بەچی ؟

ـ بەدوکتۆر ، یابەئەندازیار ، یابەپێناوی لەبیاوانی ئاسمان ونەچمە سەر مانگ .

بزبزۆك نەختێ بیری‌کردەوە ئینجا لەبەردەم خۆیدا ووتی : « مانگ .. ئای کەمانگ چەند جوانە !! چەند بەختیار ئەبووم گەر لەسەر مانگ خانوێکم ببوایە ! » .

سەری لەهەڤالکەی بەرزکردەوە ووتی : « باشە چی‌بکەم تا وەکو تۆ سود بەخشبم ؟ » .

شاخەوان ووتی : « بچۆ بۆ قوتابخانە .. »

ـ لەقوتابخانەدا چی‌بکەم ؟

شاخەوان ووتی : « بەیانیان زوو هەڵئەستی تا دەرست لەدەس نەڕوا .. »

پشیلەکە نەختێ بیری‌کردەوەو لەبەردەم خۆیدا ووتی : « ئەمە زۆر قورسە » .

ئینجا لەشاخەوانی هەڤالی پرسی : « جا دەرس چیت فێرئەکا ؟ » .

شاخەوان ووتی : « دەرس فێری شتی تازەم ئەکا .. لەبۆل لەگەڵ هەڤالەکانم دائەنیشم‌و گۆێ لەیەکێ ئەگرم ناوی مامۆستایە .. پێتو خوێندنو سرودو وەرزشو گەلێ شتمان فێرئەکا . »

پشیلەکە ووتی : « ئایا لەگەڵ هەڤالەکانت یاری ئەکەیت ؟ »

شاخەوان ووتی : « بەڵێ لەگۆڕەپانی قوتابخانەدا یاری لەگەڵ هەڤالەکانم ئەکەم .. بەڵام کاتی یاریکردن لەچاو کاتەکانی خوێندنو کار زۆر کەمە »

بزبزۆك تۆزێ بیری کردەوە ووتی : « گەر چوومە قوتابخانە ، ئایا ئەتوانم لەژێر تیشکی خۆر ڕاکشێم‌و قژم پاك بکەمەوەو بکەومە شوێن چۆلەکەو بنووم‌و خەو بەمانگ ببینم ؟ »

نووسینی : لەیلا سایە

گۆڕینی : م. زامدار

بڕوانە ل ـ ٧

هاوڕێیانی گۆشە

ئێمە ، چاومان لەوموەیە ، کە منالی بچکۆلە یکەینە مۆمی تیشك دانەوە لە ناو خێزانەکەیدا ، کە لەدایکو باوکو خوشکو براکانی پێك‌کاتەوە .

« هاوڕێ صدام حسین »

● چنار حمید صادق

● چالاك احمد

● خەندە عبدالرحمن

● جوان محمد امین

هەڵبژاردە

● ئامۆژگاری ●

هاوڕێ خۆشەویستەکانم : ئامۆژگاری تەنیا بۆ منداڵ نیە ، هەموومان ئەبێ بەدڵێکی فراوانەوە گوێ بۆ ئامۆژگاری لە خۆمان گەورەتر بگرین ، ئەوەی گوێ لە ئامۆژگاری چاکە نەگرێ ، دوایی پەشیمانی هەر بۆ خۆی ئەمێنێتەوە .

دایکو باوکمانو ئەوانەی لەخۆمان گەورەترن ، تاقی کردنەوەی زۆرتریان لەژیان بینیوە ، زیاتر هەست بە گیروگرفتو کۆسپەکانی ڕێگای ژیان ئەکەن ، لەبەر ئەوە ، کە وریامان ئەکەنەوە بۆ چاوکراوەی لەژیاندا ، نابێ هەست بەکەمی توانای خۆمان بکەینو بڵێین خۆ ئێمە منال نین .

● ئایا ئەزانی ●

ـ لەکاتی فڕینی مێشو هەنگو باڵندەکانی تردا ، باڵیان هێزیکی کارەبایی لێ‌پەیدا ئەبێتو زوربەی باڵندەکان بەم هێزە هەست بەشتی دەوروپشتیان ئەکەن لەکاتی فریندا ؟ جا هەرچەندە باڵە فرکێو فڕینی بەهێزتر بێ ، هێزی کارەبای زیاتر لێ‌پەیدا ئەبێو ئەم ڕاستی‌یەش بەشێوەیەکی زانستی بۆ شارەزاکانی سروشت ڕوون بۆتەوە .

هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

وەزارەتی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەیدان، الطلاق، قەڵای «الجمهوریة»
بەغدا ص.پ ١٤١٥ تەلەفۆن ٢/٦٨٢١١

سەرنووسەر: محمد امین محمد

● پێنج شەممە ٣ی تشرینی دووەم ژمارە ٣٩٣ ●

● الخميس ٣ تشرين الثاني العدد ٣٩٣ ●

شۆڕش ، کەبەڵێنی بە ڕۆڵەکانی کەل داوە بۆ بنیاتنانی ژیانێکی نوێی سەربەستو پیرۆز ، هەمیشەو بەردەوامو بەپێی توانای بەرەوپێشەوە چونیو بەپێی پێشکەوتنەکانی قۆناغی بنیاتنانیو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ، بەرهەم دوای بەرهەمی پێشکەش کردوە .

سەرۆکی فەرماندە | احمد حسن البكر

سەرۆکی فەرماندە داوای ئامادەکردنی نەخشەیەکی زانستی جۆری کشتوکاڵ ئەکات

هاوڕێ صدام حسین : ئێمە فیکرەی سوپایەکی پیشەیی هەروەك راست ڕەوەکان تێی ئەگەین ڕەفز ئەکەین

سەرۆکی فەرماندە بەشداری لێکۆڵینەوەکانی کۆنگرەی کشتوکاڵی ئەکا

بەڕێز سەرۆك احمدحسن البكر وتویە :کشتوکاڵ زانستیەکی فرەلایەنە پێویستەهەموو توانایەك لەپێناوی پەرەپێدانی کادیرەکانیدا تەرخانبکرێ هەروەك چۆن کاربۆ پەرەپێدانی پزیشکیو بازرگانیولقەکانی تری زانیاری ئەکەین .

ئەمەش لەو وتارەئاراستەیەدا کە سەرۆکیبەڕێز دوێنێ لەکاتی بەشدار بوونیا لە گفتوگۆکانی کۆبوونەوەی گشتی دوومەی کۆنگرەی کشتوکالیدا لە ئەقابەی ئەندازیارەکشتوکالیەکاندا ئاراستەی کرد .

هەروەها وتی : هەموو چالاکیزانی سروشتی جوغرافیایی عراق سروشتی کشتوکالە ئەوا ئاسایە بایەختیکی گەورەیەم ئەدەن بەدیزو پشتی ئەواوی پێ ببەستین . ئێمەش وەك نیزام گیروگرفتی گەورەمان بۆ بەجێماوە کەپاشماوەی ڕۆژگاریکی دوورو درێژمو پێچاککردنوسەرپەرشتی مابوومو کەئێستا زۆر پێویستە ئەو بایەخی پێبدری .

سەرۆکی بەڕێز وتی : یەکەم شتی کە سەرنجی هەموو کارگێرانی کەڕتی کشتوکالی بۆ ڕانەکێشم بەتایبەتی ئەنجومەنی پالای کشتوکال ئەوەیە بایەخ بەچاککردنی خاك یەمن چونکە هیچ بریاریکو هیچ کۆنگرەیەك سوودبەخش نابێ ئەگەر زەویو زار بەشێوەیەکی زانستی جاك نەکرابێ بۆئەوەی تەقەللاو پارە لە زەویو زاریکدا بەفیرۆ نەچێ کە شایانی کشتوکال نیە یان ئەنجامی بێهێزی ئەبێو توانای بەرهەمدانی چاکی نابێ .

سەرۆکی بەڕێز بۆ ئەنجومەنی پالای کشتوکالی دووبات کردەوە کە بایەختیکی فراوان بەم لایەنەنە بدات سەرەڕای بایەخدانی چاکتر بە تەقەللاو هەوڵی ئەو مرۆڤانەی لەم کەرنەداو لەشوێنەکانیدا

بروانە ـ ل ٤

سەرۆکی بەڕێز چاوی بە وەزیری دەرەوەی کوێت ئەکەوێت

«ـەعات دەی دوێنێ بەیانی بەڕێز سەرۆك احمد حسن البكر لە کۆشکی کۆماری پێشوازیی شیخ صباح الاحمد الجابر الصباح وەزیری دەرەوەی دەولەتی کوێتو وەفدەکەی لەگەلیەتی کرد .

شیخ الصباح نامەیەکی بە سەرۆکی بەڕێز لە پایەبلند ئەمیر صباح السالم الصباح ئەمیری دەولەتی کوێتەوە گەیاند ، نامەکە هەستی خۆشەویستیو خواستی شەخسی ئەمیری سەبارەت بە بەردەوام لەشساغیو بەختیاری بۆ سەرۆکی بەڕێز لەگەل زیاتر پێشکەوتنی بۆگەل عیراق تیدابوو .

دوای ئەوە باسی بارودۆخی ناوچەی عەرەبی خرایە روو بیروڕا دەربارەی ئالوگۆڕکراو باسی پەیوەندیی دووقۆلی نێوان هەردوو ولاتی براو هۆکانی چەساندنی کران ، بەشێوەیەك کە خزمەتی مەسەلەکانی نەتەوەی عەرەبی تیدابێ .

لە چاوپێکەوتنەکەدا دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو بەڕێز باڵوێزی کوێت لەبەغدا ئامادەبوون ، وە وەفدەکەی لەگەل بەڕێز وەزیری دەرەوەی دەولەتی کوێت دابوو ، بەڕێزان راشد الراشد وەکیلی وەزارەتی دەرەوەو عبدالعزیز عبدالله باڵوێزی دامەزرێنراوی دەولەتی کوێت لە کۆماری عیراقو دکتۆر عبدالعزیز رزوقی بەڕێوەبەری دائیرەی قانونی لەوەزارەتی دەرەوەدا ، تیدابوو .

دوێنێ نیوەڕۆ بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە مەکتەبی ڕەسمیخۆی لە بینای ئەنجوومەنی ئیشتمانی ، پێشوازیی شیخ صباح احمد الجابر الصباح وەزیری دەرەوەی کوێتو وەفدەکەی لە گەلیدایە کرد .

شیخ الصباح لە چاوپێکەوتنەکەدا نامەیەکی (بەدەم)ی بە جێگری بەڕێز لە پایە بلند شیخ جابر الاحمدالصباح جێنشینی کوێتەوە گەیاند کە پەیوەندی بە بەهێزکردنی پەیوەندییەی دووقۆلی نێوان هەردووولاتی براوە هەیە .

لە چاوپێکەوتنەکەداباسی مەسەلەکانی ئێستای عەرەبیکران . وە دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەشی تیدا ئامادەبوو .

سەرۆکی بەڕێز چاوی بە وەزیری دەرەوەی کوێت ئەکەوێت

هاوڕێ صدام حسین : ئێمە فیکرەی سوپایەکی پیشەیی هەروەك راست ڕەوەکان تێی ئەگەین ڕەفز ئەکەین

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش فەریق ڕوکنیەکەم صدام حسین دووپاتی ڕەفزکردنی بیروڕای سوپای پیشەیی وەك ڕاستڕەوەکان تێی ئەگەنو لەسەری کار ئەکەن ، کردەوە .

ئەمە لەدوانێکی گرنگداهات کەبەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەئاهەنگی دەرچوونی دەورە چڵوسێی ئەرکانداای ، ئەو دەورەیەی کە لەشەشی تشرینیەکەمی رابوردوودا ناوی لێنرا دەورەی (صدام حسین)و پێریکە گۆڤاری ـ حراس الوطن ـ کە دائیرەی ئاهۆژگاری کردنی سیاسی ئەوەزارەتی بەرگری دەری ئەکا ، بڵاوی کردەوە .

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوامەنی سەرکردایەتی شۆڕش پەنجەی بۆ ئەوە درێژکرد کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەزانی کەپێویستە هەریەکێ لەئێمە شارەزاییەکی (پسپۆڕی) گشتیو شارەزاییەکی تایبەتی هەبێ ، واتە خاوەن شارەزاییەکی گشتی بێ ... ولە هەمان کاتیشدا شارەزاییەکی دیاری کراوی لەبوارێکی دیاردا هەبێ .. وە دووپاتی کردەوە کەگرنگترین مەسەلە لەشارەزایی گشتی ئەوەیە کە شارەزایی لەمەسەلەکانی گەلدا هەبێ شارەزایی لەبڕواو زانینی ئەو بیروباوەڕانەدا هەبێ کە لەڕێبازی تێکۆشانی درێژو بەئاستی ئامانجە ستراتیجیە دوورترەکانی لەئاخەوە خزمەتی گەل بکەن .

هەروەهاوتی ، ئەوەی پێویستە لەسەری کاربکەین ، بڕیارەکانی پەیوەندیی نێوان کاری کومەڵگاو کاری هێزە چەکدارەکانە بەپێی بیروباوەڕی کاری شۆڕشگێڕانە ، سەبارەت بەخزمەتکردنی گەلو ئامانجەکانی نەتەوەوە . وە بەیەوەنەکردنی ئەو بیروڕایانە ئەبێتەمایەی پیلان بەرامبەر بەگەلو نەتەوە .

« دەقی قسەکانی هاوڕێ صدام لەژمارەی ئایندەدا بخوێنەرەوە » .

یاسر عرفات گەیشتە بەغدا

دوێنێ ئێوارە بەڕێز یاسر عرفات سەرۆکی لیژنەی ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین گەیشتە بەغدا و لەلایەن هاوڕێ دوکتۆر منیف الرزاز پاریدەدەری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو هاوڕێیان طارق عزیز ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوەیی حزب ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو سعدون شاکر ئەندامی سەرکردایەتی قطری حزب ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی و بەڕێوەبەرو ئەندامانی مەکتەبی فەلەستینو تێکۆشانی چەکدار لەسەر کردایەتی ئەتەوەییەوە پێشوازی کرا .

سەرەك وەزیرانی لیبیا بە سەردانێکی کوتوپڕ ئەگاتە جەزائیر

جەزائیر ـ ئا.د.ف :

دوێنێکە عبدالسلام جلود سەرەك وەزیرانی جەماهیریەتی عەرەبی لیبیا بەسەردانێکی کوتوپڕی گەیشتە جەزائیر .

جلود لەسەردانەکەیا لەگەل سەرۆکی جەزائیر هواری بومەدین گوتەبێژەوە بۆ ئەوەی لە پەیوندییەکانی نێوان هەردوو ولات بدوێن .

سەرۆکی فەرماندە ریزی وەرزشەوانە نەوجوانەکان ئەگری

بەڕێز سەرۆکی فەرماندەاحمد حسن البكر ریزی لەبڕاردەی بەچکە شێرانی عیراقیگرت ، کە کاتی سەرۆکی بەڕێزی لە پاڵەوانیەتی دووەمی ئاسیا لە زۆرانبازی سەرپێستدابردەوە ، کە لە لەسەرەتای مانگی رابوردوو لە بەغداداکرا .

سەرۆکی بەڕێز لەکاتی پێشوازی کردنی مەلبڕاردەکەدا دوێنێ بەبانی لە کۆشکی کۆماری ، ئەو کۆشش و تەقەلایانەی نرخاند کە ئەو مەلبڕاردەیە داویەتی لەگەل ئەو خووو رەوشتە بەرزادا کە لەکاتی گێرانی پاڵەوانیەتەکەدا نواندویەتی ، وە هیوای بەدیهێنانی ئەنجامی باشتری بۆ خواستن ، لە پێناو بەرزیوونەوەی رادەی وەرزش لە وڵاتەکەماندا .

سەرۆکی بەڕێز پشتگیری کردنی بەردەوامی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشی بۆ وەرزشو وەرزشکەرەکانو لاوان بەشێوەیەکی گشتی دووباتکردەوەو پەنجەی بۆ گرنگی وەرزش راکێشا بەوەی کە هۆیەکی گرنگو

بروانە ـ ل ٤

هاوڕێ صدام حسین پێشوازی وەفدی حزبی ئیشتراکی فەرەنسا ئەکا

پێرێ نیوەڕۆ هاوڕێ صدامحسین یارمەتیدەری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە مەکتەبی ڕەسمی خۆی لە بینای ئەنجوومەنی نیشتمانی ،پێشوازی وەفدی حزبی ئیشتیراکی فەرەنسای کرد کەبەسەرۆکایەتی بەڕێز جان بییرشۆڤانمو ئەندامی مەکتەبی ڕاپەڕاندنی ئەو حیزبەبوو .

هاوڕێ یاریدەدەری ئەمینداری گشتی بەخێرهاتنی وەفدە میوانەکەی کردو باسی گرنگی چاوبەیەك کەوتنی کرد لەنێوان حزبی بەعسی سۆشیالیستو حزبی ئیشتیراکی فەرەنسادا ، وە پێویست بوونی یەکتر بینینو وتووێژکردنو پەیوەندیی مرۆڤایەتی دووپات کردەوە کە لەوانەیە بەهۆیانەوە خاڵی ناکۆکی تەسك بێتەوە .

هەروەها هاوڕێ یارمەتیدەری ئەمینداری گشتی وتی ، بەلامانەوە گرنگ نییە کە خاڵی ناکۆکی لەنێواندا هەبێ ، بەلکە ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ، تێگەیشتنێك بەرامبەر ئەو ناکۆکیە هەبێ ، چونکە ناکۆکی لەئەنجامی وتووێژکردنێکی ئیجابیو دروستکەردا تەسك ئەبێتەوە .

هەروەها هاوڕێ صدام حسین دەوری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی سەبارەت بەتێکۆشانی جەماوەری لەسەر هەردوو زەمینەی وڵاتو عەرەبداو پەیوەندیی ئەو حزبەش بە بزوتنەوەکانی رزگاری وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە خستەروو .

دوای ئەوە بەڕێز شۆڤانمو دەربارەی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی حزبی ئیشتیراکی فەرەنسادواو سیاسەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو هەڵوێستی پشتگیری کردنی بۆبزوتنەوە رزگاریەکانی جیهانو وەستانی دژی بزوتنەوە ئیستیعاریەکانو زایۆنیەکان ، نرخاند .

لەچاوپێکەوتنەکەدا باسی ڕێبازی پێشخستنی پەیوەندی نێوان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو نێوان حزبی ئیشتیراکی فەرەنسا کرا .

لەو چاوپێکەوتنەدا هاوڕێ یان عبدالفتاح محمد امین ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست، ناصیف عواد بەڕێوەبەری مەکتەبی ڕۆشنبیریو راگەیاندنی ئەتەوەییو زهیر القادری بەڕێوەبەری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە سەرکردایەتی ئەتەوەییدا ، ئامادەبوون .

ئا.د.ع

برجنیف ئامادەی وڵاتەکەی بۆ وەستاندنی خۆ چەکدارکردن ڕائەگەیەنێ

لیونید برجنیف سکرتێری گشتی حزبی کۆمونستی سۆڤیەت وتویە یەکێتی سۆڤیەت بایەخی تەواو بە پەرەپێدانی بەرگری خۆی ئەدات بەڵام تەقەللای ئەوە نادات بەهێز تر بێ ، لە وتاریکا کە ناوبراو دوێنێ ئەو لە کردنەوەی کۆبوونەوەی لیژنەی مەرکەزی حزبی کۆمونستو ئەنجومەنی بەرزی سوڤیەتدا داویەتی بەبۆنەی بیرەوەری (٦٠) ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالستەوە وتویە ئێمە هەوڵی وەستاندنی تاقی کردنەوەی ئەتۆم ئەدەین و ئەمانەوێ گفتوگۆکان لەم بارەیەوە بجوڵێنن ، ئامادەی وڵاتەکەشی پیشاندا بۆ ڕێکەوتن لەسەر قەدەغەکردنی هەموو چەکێکی ئەتۆمی لەئاسمانو ئەرزو دەریاو ژێر زەمین .

لێکۆڵینه‌وه‌ی سیاسی

هه‌فته‌ی پشتگیری خه‌باتی گه‌لی نامیبیا

له‌ رۆژی پێنج‌شه‌ممه‌ی رابردووه‌وه هێزه پێشکه‌وتنخوازه‌کانی جیهان جموجۆڵو خۆپێشاندانیان ده‌ست پێ‌کرد ، بۆ پشتگیری خه‌باتی گه‌لی نامیبیاو پێشره‌وه شۆڕشگێڕه‌کەی ،واته رێکخراوی گه‌لی خوارووی رۆژئاوای ئه‌فریقا (سوابۆ) ٠

ئه‌مه‌ش به‌بۆنه‌ی هه‌فته‌ی هاوده‌ردی له‌گه‌ل خه‌باتی گه‌لی نامیبیاوه که کۆڕی گشتی رێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان له کانونی یه‌که‌می ساڵی رابردوودا بڕیاری له‌سه‌ر دابوو ٠ کۆڕی گشتی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان هه‌روه‌ها به‌رنامه‌یه‌کی به‌رباڵاوو سه‌رتاپاگیریشی بۆ وه‌دی‌هاتنی سه‌ربه‌خۆیی نامیبیاو کۆتایی‌هێنان به ده‌سه‌ڵاتی ئیستیعار به‌سه‌ر ئه‌وه‌هێرێمه‌دا دانابوو ، که تائێستا (٩٢) ساله له‌ژێر نیری ده‌سه‌ڵاتی ئیستیعاردا ده‌ناڵێنێ ٠

ساڵی ١٨٨٤ نامیبیا له‌لایه‌ن ئه‌ڵمانیاوه داگیر کراو پاشان له‌ساڵی ١٩١٥دا که‌وته به‌ر ده‌سه‌ڵاتی ئیستیعاری به‌ریتانیا ٠٠ پاش شه‌ڕی دووهه‌می جیهانی که‌وته ژێر باڵ‌به‌سه‌رداکێشان (انتداب)ی ئه‌فریقای خوارووو که ساڵی ١٩٦٩ پاش هه‌ڵگیرسانی شۆڕشی چه‌کداری نیشتانی به‌سه‌رۆکایه‌تی (سوابۆ) ، وه‌ك وڵایه‌تێك خستیه سه‌ر ئه‌فریقای خوارووو ٠

گه‌لی نامیبیا به لوولەی تفه‌نگ توانی ده‌نگی خۆی به‌دنیا رابگه‌یه‌نێو خه‌ڵکی جیهان له بوونی خۆی وه‌ك گه‌ڵێکی خاوه‌ن مه‌سه‌له‌یه‌کی ره‌وا ئاگادار بکا ٠ هه‌روه‌ها توانی سه‌رنجی رێکخراوه ناونه‌ته‌وه‌ییه‌کان بۆ لای مه‌سه‌له‌که‌ی رابکێشێ ٠

له تشرینی یه‌که‌می ١٩٦٦دا کۆڕی گشتی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان بڕیارێکی ده‌رکرد که له‌کانوونی یه‌که‌می ساڵی ١٩٧٤دا ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی دموله‌تانیش به‌گشتی ده‌نگ په‌سندی کرد ٠ به‌گوێره‌ی ئه‌وبڕیاره دوایی به باڵ‌به‌سه‌رداکێشانی ئه‌فریقای خوارووو هێناو داوای له ئیداره‌ی باڵ‌به‌سه‌رداکێشان کرد که به‌ته‌واوی له هه‌رێمه‌که بکشێته‌وه ٠

هه‌روه‌ها ئه‌نجومه‌نێکی به ناوی « ئه‌نجومه‌نی کاروباری نامیبیا » دامه‌زراندو داوای له‌وئه‌نجومه‌نه کرد که له هێڵه سه‌ره‌کیه‌کانی به‌رنامه‌ی سه‌ربه‌خۆیی بکۆڵێته‌وه ، ئه‌مه‌ش به راوێژکردن له‌گه‌ڵ (سوابۆ) که له‌کانونی یه‌که‌می ١٩٧٣دا وه‌ك نوێنه‌ری شه‌رعی گه‌لی نامیبیا به‌ره‌سمی ناسیبوو ٠

ئه‌نجومه‌نی ئاسایش داوای له حکوومه‌تی ئه‌فریقای خوارووو کرد که رێگا بدا له‌ژێر چاوه‌دێری نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کاندا هه‌ڵبژاردنێکی گشتی له نامیبیا بکرێ بۆئه‌وه‌ی گه‌لی نامیبیا له‌ورێگایه‌وه مافی دانانی چاره‌نووسی خۆی وه‌ده‌ست بهێنێ ٠

باشان له کۆنفرانسی جیهانی یارمه‌تی گه‌لی زیمبابۆیو نامیبیادا (٩٣) دموله‌ت پشتیوانی ته‌واوی ته‌واوی خۆیان له خه‌باتی گه‌لی نامیبیا به‌سه‌رۆکایه‌تی بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی (سوابۆ) ده‌ربڕی ٠٠ هه‌روه‌ها رێکخراوی هاوده‌ردی گه‌لانی ئاسیاو ئه‌فریقاو ئه‌مریکای لاتین له ٢٦ی ئابی رابردوودا داوای وه‌دی‌هێنانی سه‌ربه‌خۆیی نامیبیای کردو موناوه‌ره‌ی ئه‌و پێنج دموله‌ته ئیمپریالیستی یه‌ی گوناهبار کرد که قازانجی مۆنۆپۆله‌کانیان له‌و وڵاته‌دا هه‌یه‌و هه‌وڵ ده‌ده‌ن به‌دانانی دموله‌تێکی ده‌سکردی خۆیان به‌رپه‌رچی ویستی خێرخوازانه‌ی کۆمه‌ڵگای ناوده‌وله‌تان بده‌نه‌وه ٠ ئه‌مه‌ش بۆ وه‌دی‌هێنانی دووئامانجی سه‌ره‌کی :

یه‌که‌م به‌رده‌وام‌بوون له‌سه‌ر به‌تاڵان‌بردنی خێروبێری نامیبیا به‌تایبه‌تی گه‌نجینه‌ی سامانی زێڕزه‌وی وه‌ك ئه‌ڵماس‌و یۆرانیۆم‌و کانگای ئاسن‌و ئه‌وت‌و هی‌تر ٠

ئامانجی دووهه‌میش شوێنی جوگرافیایی‌و ستراتیژی نامیبیایه که له ناوچه‌ی لبۆزه‌ی هێوا (راس الرجاء)وه نێزیکه‌و ئه‌و ناوچه‌یه‌ش له لێکدانه‌وه‌ی ستراتیژی عه‌سکه‌ری ئیمپریالیسته‌کاندا که هه‌ول ده‌ده‌ن بۆ دامه‌زراندنی په‌یمانی خوارووی ئه‌تلانتیك ، بایه‌خێکی زۆری پێده‌درێ ٠

بێجگه له‌وه‌ش چاوه‌ڕوان ده‌کرێ سه‌ربه‌خۆیی نامیبیا زیاتر جێگا به دوورزێمه ره‌گه‌زپه‌رسته‌که‌ی پریتۆریاو سالیزبوری له‌ق بکا که دواسه‌نگه‌ری ئیمپریالیزم‌و ره‌گه‌زپه‌رستین له‌وقاره‌یه‌دا ٠ هه‌روه‌ك ئه‌م سه‌ربه‌خۆبوونه‌ی نامیبیا ده‌بێته هۆی پته‌وبوونی خه‌باتی شۆڕشگێڕانی زیمبابۆی‌و خوارووی ئه‌فریقاش به‌جۆرێك که له‌ناوبردنی ئه‌و دوورزێمه ره‌گه‌زپه‌رسته خێراتر بکا ٠

بێجگه له‌وه‌ش که چاوه‌ڕوان ده‌کرێ سه‌ربه‌خۆیی جیهانی له خه‌باتی گه‌لی نامیبیا بۆ هه‌موو بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی جیهانی ئه‌رکێکی پێویست‌و فه‌وری‌یه ، بۆئه‌وه‌ی یه‌کێك له گرنگترین جێ‌پێ‌یه‌کانی خه‌باتی شۆڕشگێڕانی زیمبابۆی‌و خوارووی ئه‌فریقاش نه‌خشه‌و پلانی ئیمپریالیست‌و ره‌گه‌زپه‌رسته‌کان دژی گه‌لانی ئه‌وناچه‌یه‌و ده‌وروبه‌ری هه‌لوه‌شێنندرێته‌وه‌و ئه‌فریقایه‌کی تازه دروست بێ که هیچ شوێنێکی بۆ تاڵانۆ بڕۆی ئیستیعار تێدا نه‌بێ ٠

● ره‌گ‌وریشه

به‌ملیۆنه‌ها ئه‌مه‌ریکایی ، که‌ئه‌بن ، به‌رامبه‌ر ته‌له‌فزیۆن سه‌دوسی‌ی ملیۆن که‌س‌دانیشتونو له‌ماوه‌ی هه‌شت‌ڕۆژدا دوانزه سه‌عاتیان‌به‌سه‌ر بردوه بۆ بینینی بابه‌تی کتێبێك که ناوی :ره‌گ‌وریشه‌یه (روتس) ٠

دایکان هه‌ر سه‌رله‌ئێواره‌منداله‌کانیان ئه‌خه‌واند بۆ ئه‌وه‌ی بتوانن سه‌عات یانزه‌له‌خه‌و هه‌ستنه‌وه‌و رووداوو بابه‌تی ئه‌وکتێبه ببینن که‌له‌سه‌ره‌تاوه تاوه‌کو کۆتایی ٠٠ له‌کۆشکی سپی‌یه‌وه تا بابچوکترین ماڵ له‌وپه‌ڕی یاخود ئه‌وپه‌ڕی ژوورو له‌ته‌له‌فزیونی ئه‌مه‌ریکادا نیشان ئه‌درا ٠

تائێستا خوێنه‌رانی ئه‌مه‌ریکایی پتر له پانزه ملیۆن دۆلاریان داوه بۆ کڕینی ملیۆنێك‌و پێنج‌سه‌د هه‌زار دانه له کتێبی « ره‌گ‌وریشه » ٠٠ ئه‌مژماره‌یه له‌و کتێبه فرۆشراوه پێش‌ئه‌وه‌ی دانه‌ی هه‌رزانتری « شێوه بازرگانی » لێ چاپ بکرێت ، واش چاوه‌ڕوان ئه‌کرێت که هه‌ر به‌ته‌نیا له ئه‌مه‌ریکا به‌ملیۆنه‌ها دانه‌ی تری لێ چاپ بکرێ ٠

له ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکاش ، زوربه‌ی ده‌زگاکانی باڵاوکردنه‌وه‌ی جیهان ، دوور نی‌یه که ده‌زگایه‌کی باڵاوکردنه‌وه‌ی وڵاتێك له وڵاتانی عه‌ره‌بی تیادا بێت ، ئه‌م کتێبه گه‌وره‌یه که له هه‌شت‌سه‌د لاپه‌ڕه پتره ، به‌چه‌ندین زمانی نادمیزاد له سه‌رانسه‌ری جیهاندا چاپی ئه‌کەن ٠ خه‌ڵکیش ئه‌وقه‌وانو شریتو کاسێتانه ئه‌کڕن که چیرۆکی دانانی ئه‌م‌کتێبه‌یان له‌سه‌ر تۆماركراوه ٠٠ چیرۆکی دوانزه ساڵ گه‌ڕانو پشکێنن که نووسه‌ری کتێبه‌که له نێوان ئه‌مه‌ریکاو ناوه‌راستی ئه‌فه‌ریقاو له‌ناو دۆسی‌یه کۆنه‌کانی له‌نده‌نا بۆ دانانی ئه‌م‌کتێبه ، ئه‌م چیرۆکه ، به‌سه‌ری بردوه ٠

ده‌مه‌ته‌قێی‌یه‌کی زۆریش له‌نێو مێژوونووس‌و نووسه‌ره به‌ناوبانگه‌کاندا به‌رده‌وامه ٠٠ ئایا « ره‌گ‌وریشه » کتێبه یاخود چیرۆکه ؟! ئایا ئه‌مه کتێبه‌و گومان له رووداوو که‌سه‌کانی ناکرێ‌و ده‌سکاری نه‌کراون ؟! یاخود چیرۆکه‌و نیایدا مشتێك مێژوو تێکه‌ڵ به کۆلێك ئه‌ندێشه کراوه ؟!

ناونیشانی ته‌واوه‌تی کتێبه‌که ئه‌مه‌یه : « ره‌گ‌وریشه ـ چیرۆکی خێزانێکی ئه‌مه‌ریکایی »

که‌واتا ئه‌م خێزانه کامه‌یه ؟ چیرۆکه‌که‌ی چی‌یه ؟ ئه‌م‌چیرۆکه له ئه‌مه‌ریکادا چ بایه‌خێکی هه‌یه ؟ ئه‌خوازه‌ڵلا له‌ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکادا ٠٠!

خێزانه‌که ، بنه‌ماڵه‌ی میستەر (ئه‌لیکس هالی) نووسه‌ری کتێبه‌که‌یه ئه‌ویش قوله‌ڕه‌شێکی ئه‌مه‌ریکاییه ٠٠٠ بیست ساڵ له « باسه‌وانی که‌ناره‌کانی » ده‌ریادا ئیشی کردوه ٠٠ له‌دوایی‌دا ده‌ستی له‌م کاره‌ی هه‌ڵگرتوه‌و موسڵمان بوه‌و چۆته ریزی تاقمی مالکۆم ئێکس سه‌رکرده‌ی قوله‌ڕه‌شه موسڵمانه‌کان ٠ ئێکس چه‌ندساڵێك له‌مه‌وبه‌ر هه‌ربه‌ده‌ستی قوله‌ڕه‌شه موسڵمانه ناحه‌زه‌کانی کوژرا ٠ کوژرانی (مالکۆم ئێکس)ی سه‌رکرده‌ی له‌ناخه‌وه هه‌ژاندی‌و کتێبێکی له‌سه‌ر دانا ٠٠ ئه‌م‌کتێبه یه‌که‌م‌و دوا تاقی‌کردنه‌وه‌ی بوو له جیهانی نووسین‌دا ٠٠ ئه‌ندساڵێك هالی له‌شه‌ر چاو ون بوو تا له‌پڕ ده‌رکه‌وته‌وه کتێبی « ره‌گ‌وریشه »ی باڵاو کرده‌وه ٠٠ ئیتر له‌وساوه ناوی که‌وتۆته سه‌ر زاری هه‌موو که‌سێك و بگره چیرۆکی نووسینی کتێبه‌که‌ی له یه‌که‌م‌لاپه‌ڕه‌ی ڕۆژنامه‌کاندا باڵاو ئه‌کرێته‌وه ، جگه له‌وه‌ی له‌ ئه‌مه‌ریکاو به‌ریتانیاو له‌شوێنی تریش‌دا بۆته بابه‌تی لێکۆڵینه‌وه‌و وتارو نووسینی گۆڤاره هه‌فته‌یی‌و مانگانه‌کان ٠ ماوه‌یه‌کیش له‌مه‌وبه‌ر خه‌ڵاتی ئه‌ده‌بی پولیتزه‌ری ئه‌مساڵی له‌سه‌ر وه‌رگرت ٠٠ ئه‌مه‌ش خه‌ڵاتێکه له ئه‌مه‌ریکادا ئه‌وه‌نده‌ی خه‌یاتی جیهانی‌ی نۆبێله ٠ شتێکی سه‌یرو له‌ناکاو نه‌بوو ئه‌م‌ساڵ خه‌ڵاتی نۆبل له ئه‌ده‌بی ئه‌مه‌ریکا وه‌رگرێ ٠ ده‌سکه‌وتی دارایی‌و پاره‌ش به‌هۆی ئه‌م‌به‌رهه‌مه‌وه وا له ئه‌لیکس هالی ئه‌کات که وه‌ك محمد علی کلای قوله‌ڕه‌شی موسڵمان ، ببێ به ملیۆنێرێکی ئه‌مه‌ریکایی ٠

که‌وابوو بابه‌تی کتێبی « ره‌گ‌وریشه » چی‌یه که ئێمه له ئه‌م‌پیشه‌کی‌یه دوورو درێژه‌مان بی نووسی ؟! ئه‌وپێشه‌کی‌یه‌مان بۆ ئه‌وه نه‌نووسی‌وه تا سه‌رنجی خوێنه‌ران بۆلای ئه‌م‌کتێبه راکێشین به‌لکو بۆئه‌وه‌ی باسی ئه‌وبایه‌خه بکه‌ین که خه‌ڵکی به‌کتێبی به‌نرخی ئه‌ده‌ن به‌تایبه‌تی له‌و وڵاتانه‌دا که ئاستی روشنبیری‌یان به‌رز بۆته‌وه ٠ هه‌روه‌ها بۆ ئه‌وه‌ی رووني بکه‌ینه‌وه چه‌نده بایه‌خ به‌وکتێبانه ئه‌درێ که په‌یوه‌ندی‌یان به‌وگیروگرفته کۆمه‌ڵایه‌تی‌و مه‌سه‌له نه‌ته‌وه‌ییانه‌وه هه‌یه که خه‌ڵکی رۆژانه له‌گه‌ڵیاندا ئه‌ژین ٠ هه‌روه‌ها به‌م پێشه‌کی‌یه ویستمان باسی ئه‌وکۆششی‌و ته‌قه‌ڵلایه بکه‌ین که نووسه‌را داونی‌و برینین له کۆششی دوانزه ساڵ بۆ دانانی ئه‌م‌کتێبه‌و بۆئه‌وه‌ی باسی ئه‌و دموره بکه‌ین که ده‌زگاکانی روشنبیری گشتی به‌هۆی ته‌له‌فزیۆن‌و سینماو ته‌وان‌و کاسێته‌وه ئه‌یگێڕن بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م‌به‌رهه‌مانه به‌دیمه‌نێکی رازاوه‌و سه‌رنج‌راکێش پێشکه‌ش به خه‌ڵکی بکه‌ن ٠٠ ئێنجا با بچینه سه‌ر بابه‌تی کتێبه‌که ٠٠ ئه‌ویش بریتی‌یه له قوله‌ڕه‌شه‌کانی ئه‌مه‌ریکا : له‌کوێ‌وه هاتوون ؟ چۆن هاتوون ؟ دوای هاتنیان چی‌یان به‌سه‌ر هاتوه ؟!

تێگه‌ای نه‌ته‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکا له کۆچ‌کردوان پێك هاتوه ته‌نیا ئه‌و خه‌ڵکه که‌مه نه‌بێت که به ناوی هبنده سوزه‌کان ناسراون‌و کاتی خۆی که کریستۆفه‌ر کۆلۆمبس که‌یشتوته ئه‌مه‌ریکا وای زانیوه که‌یشتوته هیندستان‌و ئه‌م ناوه‌ی به‌سه‌ردا بڕیون ، که‌چی له‌وێ بۆزی ده‌رکه‌وتوه ئه‌م‌خه‌ڵکه جۆزه هیندی‌یه‌کی سه‌یرن‌و به‌وزمانه هیندی‌یه قسه ناکه‌ن که ته‌رجومانه عه‌ره‌به‌که‌ی کۆلۆمبوس که له ئیسپاناوه له‌گه‌ڵیا هاتوه ئه‌یزانێ‌و قسه‌ی پێ‌ئه‌کات ٠ ره‌نگی پیستیشیان وه‌ك مسی سوز وایه بۆیه ناوی ناون : هیندء سوره‌کان ٠٠ ئه‌م تۆزه خه‌ڵکه نه‌بێت ، هه‌موو ئه‌مه‌ریکاییه‌کان به‌باوو باپیره‌وه له وڵاتی دووزه‌وه به‌ناره‌زوی خۆیان یان له‌به‌ر چه‌ند هۆیه‌ك کۆچیان بۆ ئه‌مه‌ریکا کردوه که به‌تێکڕایی ئه‌مانه‌ن :

راکردن له‌چنگ چه‌وساندنه‌وه‌ی ئاینی‌ی که له ئه‌نجامی شه‌ڕی سه‌ختی نێوان کاتۆلیك‌و پرۆتستانت له ئه‌وروپادا باڵاو ببۆوه ، یاخود به‌هۆی شه‌ڕی نێوان عیسایی‌و جوله‌که‌کان یاخود له‌ترسی ئازاری سیاسی ده‌ستی کاربه‌ده‌سته زۆرداره‌کانی ئه‌وروپا رایان‌کردوه ، یان به‌دوای سودو قازانجی زۆرو له‌ئه‌ندازه‌به‌در که‌ونون که له ئه‌مه‌ریکادا ده‌ستیان که‌وتوه‌و ئه‌وکاته ئه‌مه‌ولاته ده‌زگای بۆ خه‌ڵکی خستبۆ سه‌ر پشت بۆ ئه‌وه‌ی کۆچی بۆ بکه‌ن‌و تیایدا کاربکه‌ن‌و ده‌وله‌مه‌ند ببن ٠٠ جگه له تاقمێك که قوله‌ڕه‌شه‌کان‌و به‌ڕۆزی زۆرداریی هاتون بۆ ئه‌مه‌ریکا ٠٠ بازرگانی به‌نده‌و کۆیله‌کان به‌مناڵی قوله‌کانیان له‌دایك‌و ساوکیان ئه‌فرانده‌و وه‌ك مێگه‌له‌مه‌ڕ فرێ‌یان ئه‌دانه ناو پاپۆره‌وه که شه‌پۆلی ده‌ریا ته‌ته‌میرانی پێ ئه‌کردن‌و جریکه هاوریان ئه‌گه‌یشته ئاسمان‌و قه‌مچی بازرگانانی کۆیله‌ش که که‌شتی‌یه‌وانه ئینگلیزه‌کان بوون‌و پشتی شین‌و مۆر ئه‌کردنه‌وه ٠٠ کاتێکیش ئه‌گه‌یشتنه ئه‌مه‌ریکا له بازاڕی کۆیله‌کان ئه‌فرۆشران ، خاوه‌ن کێڵگه‌کانی لۆکه ئه‌یانکڕین‌و له کێڵگه‌کاندا کاریان پێ‌ئه‌کردن ، ئه‌مانیش هه‌روه‌ك کۆیله‌ی سه‌رده‌می قه‌ڕاڵی‌یه‌تی فیرعه‌ون یاخود سیزاری‌یه‌کان یان وه‌ك هی دوورگه‌ی عه‌ره‌ب یاخود ئه‌وروپای سه‌ده‌کانی ناوه‌راست به‌ده‌ست هه‌زاره‌ها کوێره‌وه‌ری‌یه‌وه ئه‌تلانه‌وه ٠

ئه‌م‌کۆیلانه بوون به هاووڵاتی ئه‌مه‌ریکایی به‌ڵام پێست سپی‌یه ئه‌مه‌ریکاییه‌کان له‌کوێ‌و ئه‌مان له‌کوێ ! ئه‌ڵبه‌ر به‌ته‌نیا جیاوازی له‌نێوان سه‌ربه‌ستی بنچینه‌یی‌و مافه‌کانی ئاده‌میزادی ره‌ش‌و سپی‌یه‌کاندا هه‌یه ، به‌ڵکو سپی‌پێسته‌که به‌چاوێکی نایه‌کسانی‌یه‌وه سه‌یری پێست ره‌شه‌که ئه‌کات ٠

ئه‌ومرۆفه سپی‌پێسته‌ی له به‌ریتانیا یاخود له سکۆتله‌نده یان له ئه‌له‌مانیاوه یاخود له هۆله‌نده‌وه هاتوه وا ئه‌بینێ که ته‌نیا له‌که‌ڵشت‌دا له‌گه‌ڵ ئه‌م کۆیله‌یه‌ی له ئه‌فه‌ریقاوه هاتوه له‌یه‌ك ئه‌چن که ئه‌مه‌یه : هه‌ردووکیان به دووقاچ ئه‌ڕۆن ، به دووده‌ست کار ئه‌که‌ن ، ئه‌خۆن‌و ئه‌خۆنه‌وه ، دووچاوو دووگوێچکه‌یان هه‌یه ٠٠ به‌ڵام له‌مانه به‌ده‌ر له هه‌مووشتێك‌دا له یه‌کتری جیاوازن ٠٠ له زیره‌کی‌دا ٠٠ له توانای بیرکردنه‌وه ٠٠ له خوراگری‌و به‌رگه‌گرتنی کارکردن ته‌نانه‌ت له ره‌وشت‌و ئاکارو بۆنی پیستی له‌شیش‌دا ره‌گه‌یه‌ك نین‌و له یه‌کتری جیاوازن ٠

به‌گره جیاوازی‌یه‌کی بنچینه‌یی له‌نێوانیاندا هه‌یه که پێست‌سپی‌یه‌که به قوڵی‌ی هه‌ستی بۆ ئه‌که‌ات‌و ئه‌یبینێ ٠٠ ئه‌م سپی‌پێسته باوك‌و باپیری هه‌یه له ئه‌وروپا به‌جێی هێشتون ، ئه‌و ئه‌وروپایه‌ش خاوه‌ن شارستانی‌یه‌ت‌و رابوردوی دێرینه ٠٠ به‌ڵام قوله‌ڕه‌شه‌که ته‌نیا که‌سێکه خوڵقاوه‌و باوك‌و باپیری له‌دارستان‌و جه‌نگه‌ڵه‌کانی ئه‌فه‌ریقادا وه‌ك مه‌یمون‌و گۆریلا به داره‌کاندا هه‌ڵئه‌گه‌ڕان‌و چاوچلیان ئه‌کرد دوای ئه‌مه خوا به‌زه‌یی پیادا هاتۆته‌وه‌و له دارستانه‌کانی ئه‌فه‌ریقا ده‌رباز کردوه‌و قۆناخی « پاك‌بوونه‌وه »ی بڕیوه‌ر ماوه‌یه‌ك بوه به کۆیله ٠ ئنجا ئه‌براهام لنکۆڵن هاتوه‌و رزگاری کردوه‌و بوه به‌هاووڵاتی‌یه‌کی ئه‌مه‌ریکایی ، هه‌رچه‌نده ئه‌گه‌یشتۆته ئه‌وپله‌یه‌ی به‌ته‌واوه‌تی له‌گه‌ڵ هاووڵاتی پیست‌سپی ئه‌مه‌ریکایی یه‌کسان بێت ٠٠

تائێستا مرۆڤی سپی‌پێست له ئه‌مه‌ریکا به‌گشتی وا ئه‌بینێ‌و وا هه‌ست ئه‌کات که قوله‌ڕه‌شی ئه‌مه‌ریکایی بنچینه‌یه‌کی شارستانی ، مرۆڤایه‌تی نی‌یه ، به‌ومانایه‌ی سپی‌پێسته‌که تێی ئه‌گات که خۆی له ئینگلتره یاخود ئیرله‌نده یان له ئیسپانیا ، ئیتالیا یان چین ، به‌لقان یان له قه‌فقاسه‌وه هاتوه ٠ هه‌رکه قوله‌ڕه‌شێکی بینی ئه‌م‌پرسیارانه له‌مێشکی‌دا ئه‌که‌ونه جوله‌جول : ئه‌بێ باوو باپیری ئه‌م قوله له ئه‌فه‌ریقاو دارستانه‌کانی‌دا چۆن گوزه‌رانیان کردبێ ؟ چی‌یان زانیوه ؟! چۆن قسه‌یان کردوه ؟! گرنگیش نی‌یه ئه‌ڕقوله‌ڕه‌شه‌ی ئه‌م پێست‌سپی‌یه ئه‌ببینێ (رالف بانش)ێ که خه‌ڵانی ئاشتی نۆبلی وه‌رگرتوه یاخود (مارتن لوته‌رکنگی) سه‌رکرده‌ی به‌ناوبانگی سه‌ده‌ی نوێ بێت ، یاخود (ئه‌ندرۆ یانگی) سه‌رۆکی وه‌فدی ئه‌مه‌ریکا له نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان‌و دۆستی نزیکی سه‌رۆك کارته‌ر بێت ٠٠ خۆ هه‌ر باسی محمد علی کلای‌و سیدنی پواتی‌و ئه‌ستێره ڕۆشنگداره‌کانی‌تر ناکرێ ئه‌خوازه‌ڵلا ئه‌گه‌ر ئه‌وه قوله‌ڕه‌شه مامۆستایه‌کی به‌ناوبانگ یاخود زانایه‌کی ناودار یان ئه‌لیکی هالی نووسه‌ری « ره‌گ‌وریشه » بێ ، هه‌ربه‌وچاوه سه‌یر ئه‌کرێ که قوله‌ڕه‌شه‌که‌یه ٠

با ئه‌لیکس هالی دوانزه ساڵ خه‌ریك بێت‌و به‌دوای ره‌چه‌ڵه‌ك‌و « ره‌گ‌وریشه »ی ئه‌وقوله ڕه‌شه ئه‌مه‌ریکاییه‌دا بگه‌ڕێ‌و چیرۆکی خێزانه‌که‌ی هه‌روه‌ك له داپیره‌یه‌وه له هه‌رێمی تنیسی له خواروی ئه‌مه‌ریکا بیستویه‌تی بکات به سه‌ره‌ده‌زوی‌یه‌ك بۆ گردنه‌وه‌ی ئه‌م گرێ‌کوێره ٠٠ هه‌موو ساتێك‌و له هه‌موو جوڵانه‌وه‌یه‌ك‌دا ئه‌و پرسیارانه له‌میشکی‌دا په‌نگیان ئه‌خوارده‌وه که به‌خه‌یاڵی مرۆڤی سپی پێست‌دا ئه‌هاتن ئه‌گه‌ر چاوی به قوله‌ڕه‌شێکی ئه‌مه‌ریکایی که‌وتبایه که له جه‌نگه‌ڵه‌کانی ئه‌فه‌ریقاوه هاتوه ، داپیره‌ی پێ‌ی ئه‌وت :

به‌مناڵی‌ی ئه‌لیکس هالی له گوندێکی قوله‌ڕه‌شه‌کان له‌خواروی ئه‌مه‌ریکا گوێ‌ی له داپیره‌ی ئه‌بوو به‌سه‌رهاتی بیاوێکی کۆنینه‌ی بۆ ئه‌گێڕایه‌وه ناوی « ئه‌فه‌ریقایی » بوه ئه‌م‌داپیره‌ش له ئه‌نکی خۆیه‌وه ئه‌م به‌سه‌رهاته‌ی بیستوه که بۆی گێڕاوه‌ته‌وه ٠ به‌سه‌رهاتی ئه‌م ئه‌فه‌ریقاییه ئه‌وکاته ده‌ستی پێ‌کردوه که له دارستانه‌کانی ده‌وروبشتی گونده‌که‌یان له‌سه‌ر ڕۆخی روباریکی گه‌وره یاری کردوه ، ناوی گونده‌که‌ش « کامبی بولنگو » بوه ، له‌پڕ چوارکه‌س هه‌ڵیان‌کوتاوه‌ته سه‌ری ٠٠٠ لێ‌یان داوه ٠ ده‌ست‌و پێ‌یان به‌ستوه‌و فڕێ‌یان داوه‌ته ناو که‌شتی‌یه‌کی کۆیله‌هه‌ڵگره‌وه ، چه‌ند ڕۆژو هه‌فته‌یه‌ك که‌شتی‌یه‌که ده‌ریای بڕیوه تا له‌دواییدا گه‌یشتوته جێ‌و ئه‌وو مناله فڕێنراوه‌کانی تری له‌سه‌ر خاکێکی نوێ فڕێ داوه ٠٠ ئه‌م به‌سه‌رهاته هه‌ر له‌بیرو مێشکی هالی‌دا ماوه تاوه‌کو پیر بوه‌و چۆته ریزی تاقمی مالکۆم ئێکس سه‌رکرده‌ی شۆڕشگێڕی‌و قوله‌ڕه‌ش ٠٠ ئنجا که‌وتۆته سۆراخ‌کردنی بنچینه‌ی ئه‌م‌چیرۆکه که له داپیره‌یه‌وه بیستویه‌تی ٠

له ئه‌مه‌ریکاوه ده‌ستی پێ‌کردوه ٠٠ له‌پیرو به‌ساڵاچووو ریش‌سپی‌یه‌کانی خزمی خۆی پرسیوه بۆئه‌وه‌ی سه‌ره‌تای مێژوی خێزانه‌که‌ی بزانێ ، له‌ورۆژه‌وه ئه‌م « ئه‌فه‌ریقاییه » بۆی ناوه‌ته سه‌ر خاکی ئه‌مه‌ریکا ٠٠ دوای ئه‌مه ده‌ستی کردوه به پشکێنینی دۆسیه‌و ڕاپۆرت‌و ده‌فته‌رو کتێبه کۆنه‌کانی مۆزه‌خانه‌ی نیشتمانی واشنتۆن‌و کتێبخانه‌ی کۆنگرێس که هه‌مو ئه‌و وه‌سیقه‌و کتیب‌و ڕۆژنامانه‌یان تیادا هه‌ڵگیراوه که له ئه‌مه‌ریکا چاپ کراون ٠٠ له دواییدا وای به‌خه‌یاڵدا هاتوه که ئه‌و ئه‌فه‌ریقاییانه‌ی هاتونه‌ته ئه‌مه‌ریکا له‌ڕووه‌وه یارمه‌تی ئه‌دن چوه بۆ لایان‌و باسی ئه‌وگونده‌ی ئه‌فه‌ریقای لێ‌برسیون ٠٠ ئه‌وانیش به زێزلێ‌نانه‌وه گوێ‌یان بۆ گرتوه‌و جاروباریش شانیان بۆ هه‌ڵته‌کاندوه‌و به‌سه‌رسامی‌یه‌که‌وه به‌جێ‌یان هێشتوه ٠٠ ئه‌بێ ئه‌م ئه‌مه‌ریکاییه بۆچی هه‌واڵی لادێ‌یه‌کی ئه‌ناسراوی ناوه‌راستی ئه‌فه‌ریقا

وه‌رگێڕ : حمید عزیز

بروانه ـ ل ٧

جیهانا ئه‌ڤرۆ

یێ گوهبدمت دمنگوپاس‌و نوی‌چێبوویێن جیهانا ئه‌ڤرو ، بساناهی دبینیت ، ئاگرێ خه‌باتو بزاڤا نیشتمانی‌و سه‌ربه‌ستی‌خازا مللەتان هه‌رچار کنارێن دنیایێ نێ ڤه‌گرتی‌و هێدی وێڤه‌ترە گه‌رمو گورترو خوشتر دبتو بملیونان باسکێن رەش‌و زەرو سپی دست ددنه چه‌کێ خه‌باتا پیروز دژی داگیرکه‌رو چه‌وسێنه‌رو زۆرداران‌و ژبو رزگارکرنا وه‌لاتێ خو ژ دەستێن له‌وتیێن ئیمپریالیزما جیهانی کو روژبوروژ ، درندەترو هارتر دبتو رەنگێن نویێن نیشاندن‌و ئازاردانا مروڤێ هاوچه‌رخ دروستدکه‌تو کوره رێکێن خراپتر ژبو خوین مژینا مللەتان‌و دزینا کرتو سامانا وان دبینێت ٠

ئیمپریالیزما جیهانی ، ژمێژوەرە لسه‌ر حسێبا وڵاتێن پاشکه‌فتی‌و ژاروژیرێن ئه‌فریقایی‌و ئاسیایی‌و ئه‌مریکا لاتینی دژیتو مللەتێن وانا دچه‌وسینیتو هه‌رچی زۆری‌و زۆرداری هه‌یه ژبو بجێ‌ئینانا ئارمانجێن خویێن له‌ووتی بکاردینیت ، لێ‌به‌لێ ، وه‌کی جاران کو راسته‌وخو ئێکسه‌ر هێرش دبرنه سه‌رڤان وڵاتان‌و داگیردکه‌رن‌و ژ کومپه‌نیێن مونوپولیستێن خورا دکه‌رنه بازارو هه‌رچی کانی‌و مالو کرتێ وا هه‌یه ، ژخورا دبر ، ئه‌ڤرو بیناسێ ، پتر بوونو به‌رفره‌ه بوونا تێکه‌هشتنا مللەتان‌و بلاڤبوونا بیروهزرێن شۆڕشگێڕو پێشکه‌فتی‌خازو په‌یدابوونا نوردوگاهێ سوشیالستو کوما دموله‌تێن بێ‌لایه‌نو سه‌ربست ، ئیمپریالیزما جیهانی‌و داردەستێن وێ یێن گه‌فنه‌به‌رێس‌و بێ‌وژدان ، ژ ئه‌چاری‌و بێ‌رێ‌یی ، ئێن که‌تینه هندێ ، بهنده ئاواو دەستورێن دی ، دەست دکاروباری ناڤخویێ وڵاتان بدەن‌و دەسه‌ڵاتا جارانا خو بزڤرینه‌ڤه‌و لدوی به‌رژەوەندا خو تێکه‌دانێ بکه‌ن‌و وەبکه‌ن کو ئه‌ڤ مللەتانه هه‌روه‌ه‌ر باشکه‌فتی‌و بندەست‌و چونه‌ژان بمینن‌و ژبو هندێ بنافێ هاریکاریا ئابوری‌و دەست‌گرتنا مللەتێن ژارو ئاڤاکرنا چه‌ند پروژەکێن لاکو لێ‌وازو گه‌له‌ك فندو فێلێن دی بکاردئینن ٠

**لێ‌به‌لێ ، وه‌کی مه‌گوتی ، هوشیاری‌یا مللەتانو بێگه‌هشتنا بزاڤا نیشتمانی‌یه‌ره‌و رزگاری‌خازا وان روژبوروژ دربێن مه‌زنترو بهێزتر لپروژەو پیلانێن

شاعیرە لاوەکانمان .. بەم چەشنە لە شیعری حەفتاکان دەگەن

سعدالله پەرۆش

کێشەی شیعری نوێو نوێبوونەوە ، تائێستا وەکو پێویست لەلایەن رۆشنبیرو رەخنەگرەکانمانەوە لێی نەکۆڵراوەتەوە .. بەڵکو بۆمان هەیە بڵێین ، لێکۆڵینەوە یەکی زانستیی لەسەر نەنووسراوەتەوە ... بۆیە ، ئەگەر جاروبار ڕوومان کردە ئەو دەنگانەی لایەنێکی سەرەکیی ئەم کێشەیەین ، هەڤمانە ..! چونکە بەم هۆیەوە دەتوانین وەڵامی چەند پرسیارێ بدەینەوە ــ کە پێویستە وەڵامیان بدرێتەوە ــ ! بۆ ئەوەی زیاتر لە لایەنە جۆر بەجۆرەکانی هۆنراوەی هاوچاخی کوردی بگەین ... لە هەمان کاتیشدا ، بزانین ئەم شاعیرانە چۆن بیردەکەونەوە .. چۆن مامەڵە لەگەڵ ووشەی ڕەنگین‌دا دەکەن ..؟ هەتاد ..

هەر بۆیەش چاومان بەچەند شاعیرێکی لاوکەوت ، کە هەریەکێکیان ، قەوارەیێکی تایبەتی لە مەیدانی شیعری نوێی کوردی‌دا هەیە .

× ×

شیعری نوێو ڕەخنە

● لە پێشدا چاومان بە کاك (سعدالله پەرۆش) کەوت ، کە یەکێکە لە شاعیرە لاوەکانمانو لە سالی ١٩٦٩ دا نامیلکەیێکی شیعری لە ژێر ناوی « کۆشی ئارام » بە چاپ گەیاندوە وکومەڵێك شیعروو نووسینی‌تری لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکان‌دا بڵاوکردۆتەوەو لە سالی ١٩٧٣دا لەگەڵ ئاقێنك لە شاعیرو نووسەرە لاوەکانی هەولێر زمارەی یەکەمی « خەرمانەی ووشە » یان دەرکردوە .. هەروا لە چەند کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا شیعری خوێندۆتەوە ..

● داوامان لە کاك سعدالله‌کرد ، دەربارەی شیعری نوێو ڕەخنەبدوێ .. لەوەڵامدا وتی :

ــ هەندێ کەس دەڵێن شیعری تازەی کوردی چاولێ‌کەری‌و کاوێژکردنەوەی شیعری بێگانەیەو هیچی‌تر .. هەندێ کەسی‌کە دەڵێن شیعری تازە ، کەوتنە ژێر زەبری تاسیرو لاسایی‌کردنەوەی ئەدەبو شیعرو شارستانیەتی ڕۆژئاوایە ... هەندێکی تریش دەڵێن ، نەخێر ئەم سەیرو سەمەرە تازەیەی بە شیعر ناو دەبردرێ .. تەنیا وڕێنەیە .. وڕێنەی لەحەزانی دەمتای قورسی ئەو نەخۆشی‌یە دەرونیانەی کە گەنجەکانمان گیرۆدەی بوونو دووچاری تلانەوەی هاتوون .. تەنانەت ئەو بارە قورسەی بۆی تەرخان‌کردوە کە گومانیش نیە بۆی نالوێ ئەم فرمانە ئەنجام بدات .. هەر بۆیەشە . لە زروفو حالەتێکی ئاوادا ، جا خۆمان وەك پلان بۆدانان مەبەستمان بێو مەبەستمان نەبێ ، جۆرە شیعرێکی ئەو تۆو بەجۆرە ئادگارو ناواخنێکی ئەو تۆوە سەر ڕاست دەکاتەوە کە فیعلەن لێی بوەشێتەوە .. ئیدیعا بکات کە بۆی هەیە هەموو ئەو بکرەو بەردەو وردەکاریەو ئەو تەکنیك وگیانە پر لە شارستانیەتە بەخۆوە بگرێ ، کە مرۆڤی سەردەم گیرۆدەی عەشقیەتی‌و باوەشی بۆ کردۆتەوە .. لەمەش زیاتر ، بگرە قۆناغیش پشتی بێ ببەستێو ڕەچاوی گشت دەربڕینو خواستو ئارەزو وهەموو ئەو هێماشاراوانەی لێی بکات کە ئەمڕۆ لەئارادانو .. باویانە بە تایبەتی لە سەر دەمێکی وەك ئێستادا کە بە ئەرکی هونەرمەند دەزانرێ تارا لە سەر ڕووی بووکی ئاسۆدو ژانەکانی دیوی ژوورەوەی مرۆڤ بترازێنێو بە چراخانی بەهرەو هونەری پسپۆڕیەتی خۆی تاریکایی ئەم ڕۆژگارە تێك ئالۆسکاوە ڕۆشن بکاتەوە ، بەمەرجێ لە پلەو ئاستی چەشنەی مرۆڤە بیرو دەروون فراوانەکانی ئەمڕۆش‌دا نەبەزێو دەماری حەزو ئارەزوەکانی پێ ترژنەکاتەوە .

● هەروا کاك سعدالله دەڵێ :

ــ بۆ یەکالا کردنەوەو دۆزینەوەی مروارى ئەم جۆرە شیعرە ڕەسەنەو بۆ جوداکردنەوەی ئەو جۆرە شیعرە تازەیەی کە حوکمی گۆڕان سەری‌پێ دەردەکا ، زۆریش زەروورییە ، پێوانەیێکی هاوچاخو وەك ئەو ،تازەش هەبێ بۆ شی کردنەوەو بژار کردنی شیرین‌و ناشیرین بۆ تەتەلەکردنی ئەو نوێیە زانستی‌یەی کە ڕۆژگار سەباندوویەتی لەگەڵ تەنیا ڕوحسار تیف‌تیفە دراو وسەرقۆزی بن ئالۆزەکاندا .. دیارە جڵەوی ئەم پێوانەیەش دەکەوێتە دەست ئەو زاتانەی کە ڕەخنەگرتن کارو پیشەیانەو .. دەگەڵ هەر نوێ بوونەوەو قۆناخ گواستنەوە یەکیش‌دا ، کەرەستەو حسێب بۆ گرتنەوەیێکی تازەو گونجاو تر ئامادە دەکەن‌و بەعەقلیەت‌و نەفسیەتێکی تازە تریشەوە بۆی دێنە سەری مەیدان .

من وای بۆ دەچم ، کە ئەو تۆمەتی لاساکردنەوەو تاسیرو ووشە ڕێز کردنەی دەدرێتە پاڵ شیعری تازەو ئەو خۆڵێ دوورە پەرێز گرتنەی تەنانەت بەشێکی زۆر لە خوێندەوارو ڕۆشنبیرەکانیشمان ، هەر دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی (تەمو مژەکە) .. ئەو تەمو مژەی کە ئەمڕۆ بۆتە سیماینێکی هەرە دیاری شیعری تازەی کوردی ..

● دیارە لەم چەند ساڵانەی دووایی‌یە (قسەکە هەرقسەی کاك پەرۆشە) دیاردەیێکی مەیلەو تازە لە ئاوێنەی شیعری تازەی کوردی داخۆی دەنوێنێ ئەویش تەمو مژە ، چڕی وتێك قژ قژاوی یە .. خۆ تا ئێستا زۆریشی لەسەر گوتراوەو نووسراوە .. بەڵام وا دەردەکەوێ ، جارێ بە تەواوەتی خەڵکەکەی نەگەیاندۆتە قەناعەت .. تەنانەت قەناعەتێکی نسبیش کە بێ گومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ناکارامەیی ئەو خۆ بە ڕەخنەگر زانانەی کە بەرپرسیارن لە گەیاندنی مەبەستی شاعیر بە خوێندەوار .. ئاشکرایە ئەمەش هۆی یەکالا نەکرانەوەی ئەم دوو هۆیە سەرەکیەن ..

١ ــ دەگمەنی .. یاخود نەبوونی ڕەخنەگری تایبەت بە ئەدەبی تازە .. ئەو ڕەخنەگرەی کە نرخاندنو ڕەخنەگرتن پیشەیەتی‌و پسپۆڕیەتی تەواوی لەم مەجالەدا پەیدا کردبێ ..

٢ ــ هاتنە پێشەوەی هەندێ نووسەر بە ناوی ڕەخنەگرەوە لە کاتێکا خۆیان یاشاعیرن یا چیرۆك نووسن یا ڕۆژنامەگەر .. یا لەوەش ڕیاتر ، کاتێ کە نووسەرێ شالاوی بۆ دەبردرێ بە چاری‌و نا چاریەوە دەست بۆ قەڵەم دەباو .. بە شێوەیێکی کاتی کەلێنی ڕەخنەگر پڕ دەکاتەوە .. هەر بۆیەشە تائێستا زۆر مەسەلەی تەکنیکی لە شیعری تازەی کوردی دا بە موعەللەقی ماوەتەوە بە تایبەتی مەسەلەی (تەمومژ) .. چونکە تائێستا هەر ڕەخنەگرەو لەو ڕەخنەگرانەی باسمان کردن بە جۆری تێ دەگاو بە گوێرەی مەبەستی خۆی بۆ دەچێو لێکی‌دەداتەوە نەك بە مەبەستو بۆچوونێکی زانستیانەو مەنهەجیانە کە خوێندەوار مەرامو عەودالیەتی ..

● کاك سعدالله زیاتر مەبەستی خۆی ڕوون دەکاتەوە دەڵێ :

ــ بۆ نموونە تا ئێستا هەندێ لەوانە ، شانەی ئەو تەمو مژەی بەم جۆرە لە قژی شیعری تازەدا دەشکێنن کە سفتی‌و چڕی زمانی دەربڕین ئەو دیوارەی هەڵناوە .

هەندێکی کەیان بە زۆر زۆچوونو لە خودتوانەوەی شاعیری دەبەستنەوە ، جگە لەوەی جاروباریش دروست کردنی وشەو وشە ڕیزکردن دەکەنە بەڵگەی بوونی ئەم دیاردەیە ، بەبێ ئەوەی هیچ حسێبێك بۆ ئەو بارە نەفسیانە بکەن کە ئەم جۆرە شیعرەی تیا سەر هەڵدەدا .. یا لە وەش زیاتر مەسەلەی ڕەمزیشیان هەر لێ بووە بە تەمومژ .. لە کاتێکدا ڕەمز دیاردەیێکی تری سەرەکیەو تەجاوەزکردنی زمانی ئاساییشە لە دەربڕین دا ..

ئامادەکردنی (عبدالله محمد)

ئەدەبیاتی لادێ ..

● محمود زامدار

کەرەت لە مێژوی ئەدەبا بە (ئەدەبیاتی دێهات) ناوزەو کراوە ....!!

× ×

ئەڵێن : بەرداشی جوتیاران بەردیش ئەهاڕی ، لە کەروی ئەو بەرداشو کەوێژەوەش خۆری شارستانیەت هەڵدێ .. بڕوای هەرە ئەوی جوتیار حاکە .. جوتیار وێژدانو دلی هەڵایساوی خاکە ....! هەر بۆیەشە بایەخدان بە گیروگرفتو حەزو ئارەزوی جوتیاران ، یەکێکە لە پەیامە هەرە پیرۆزەکەی ئەدەبیاتی دێهاتو بگرە ــ تا ڕادەیێ ــ ئەدەبی هاوچاخو تازەیش ، لەو ڕوانگەیەی کە ئەم جۆرە ئەدەبە ، مێژوی قۆناغێکی تری مێژوی کۆمەڵایەتی‌و خولقانی مرۆڤی تازەیەو بەڵگەیەکی مەزنی مێژوی‌یەو بە شێوەیەکی هونەروەرانەی پڕ لە زیندەگی‌یەوە ڕەنگی ئەو ژیانو جیهانە ئەداتەوە ..!

× ×

**ڕاستیەکەی : هۆرکی گشتی‌و تێکڕای ئەدەبیاتی بەپێزی ئێمەیش ، لە ئێو جەرگەی چینە ڕەنجدەرەکانی کوردستانو بە تایبەتی جوتیاران هەڵهاوەو بەو پەڕی بەرگوشادیەوە خۆی بەندکردوە بەمرۆڤو بە ژیانی ئاسودەو هێمن‌و دڵپاکی ، بەرگەگرتن‌و ئارەقی ڕەش‌و شین‌و متمانە بە خۆکردنو خۆشبینی .. تینوێتی خاك‌و باڵندەو فرندە .. مەمك‌و گوانی دارو درەخت .. گۆڕەباو کێڵکەو شینایەو ڕەو .. بەفرو زریان‌و گەلەگورگ‌و حیکایەتی شەوانی درێژی گوێی ئاگردان‌و ئەفسانەی گوردی .. لاوك‌و هۆرەو حەیران‌و بەندو بەیت .. شنەی ئێواران‌و سەراسۆی بان‌و قەتارەی شەنگەبیریان .. مام ڕێواسی مێرگوڵان‌و مازو چنین‌و گوڵی مەرەزەی برنج‌و توتن‌و گەنم‌و جۆو نیسك‌و ماش .. فرۆو کەرەو سەرتوو ترخێنەو قوڕاو .. بەهاری ڕەشبەڵەکی چاو بەڵەکان .. پایزی ڕاووشکارو هاوینی خەلەو خەرمان .. دەراوی شەتڵە ئەمام‌و شۆڕەبی‌ی ... بێستانی ئاروو ترۆزی‌و کالیار .. وێنەیەکی فۆتۆگرافیانەو خێرای گوندو دێهاتی ئەم کوردستانەیە .. گوندی ژیان‌و نان‌و ئازادی ، گوندی سەرهەڵدانی هەموو بزوتنەوەیەکی مێژوییانەی کۆمەڵ‌و مێژوو .. گوندی گۆشتەزەوی‌و بەرەجووت‌و گێرەو قرچە شکاندن .. هەوێزی مەڕو مالات .. تۆراغ‌و تەڕەماست‌و چلەپڕی حاجی لەقلەق‌و خاڵخاڵۆکەو زەردەماری چەمو ژاژەلان‌و جۆشییرو هێلکە قەتێو سورەچنارو گوزاڵك‌و خڕنوك بژارکردن‌و خەرمانلۆغەو باخچۆکەی حاجی بەیان‌و ڕەشە ڕەیحانەو سەرە ڕێی‌کانی .. بێل‌و خاکەنازو خەنجەری دەبان‌و قوتە تقەنگ ..! شرینێکی خێرای ئەم جیهانە ئادەو قوولەیە ..!

× ×

هەروەکو چۆن ئەدەبی زیندو ، دڵی پڕ لە خوێن‌و هەنگامەی مرۆڤو خاك‌و چاخەو بە چەڵەنگی‌یەوە ڕەنگی واقیعو دەوروبەر ئەڕێژێو بەتێکڕایش خۆی لە خۆی‌دا گەڵێ لە پێداویستیەکانی سایکۆلۆژی‌و کۆمەڵایەتی‌و فیکریەکان جێبەجێ نەکات ، ڕەپێشتری نەکات‌و ئەیشی خولقێنێ ، ئەمیش لەو باری سەرنجەی کە هیچ جۆورە وەڵامو پرسیارو داهێنانو سەرهەڵدانێ نەیتوانیوە خۆی وەکو ڕاستیەکی مەوزوعی یا ئەدەبی‌و هونەری بنوێنێ گەر بە توندی خۆی بەند نەکردبێ بە واقیعی تێکڕاو پڕ لە دینامیکیەتی مرۆڤەوە ، هەر بۆیەشە ــ ئەدەب ــ بوە بە پێداویستیەکی یەکجار پێویستی شارستانیەت ، بە تایبەتی ئەو ئەدەبەی کە خۆی بە ئازارو ژانو خەونو شکەنجەکانی مەزنترین چینی کۆمەڵ ــ چینی جوتیاران ــ شەتەك دابێ .. زۆربەی داهێنانو شاکارە بەنرخەکانی ئەدەبیاتی ــ کۆنو نوێ ــ جیهانی سەر بەم بابەتو سەر هەڵدانەن ، کە زۆر کەرەت لە مێژوی ئەدەبا بە (ئەدەبیاتی دێهات) ناوزەو کراوە ....!!

× ×

ئەڵێن : بەرداشی جوتیاران بەردیش ئەهاڕی ، لە کەروی ئەو بەرداشو کەوێژەوەش خۆری شارستانیەت هەڵدێ .. بڕوای هەرە ئەوی جوتیار حاکە .. جوتیار وێژدانو دلی هەڵایساوی خاکە ....! هەر بۆیەشە بایەخدان بە گیروگرفتو حەزو ئارەزوی جوتیاران ، یەکێکە لە پەیامە هەرە پیرۆزەکەی ئەدەبیاتی دێهاتو بگرە ــ تا ڕادەیێ ــ ئەدەبی هاوچاخو تازەیش ، لەو ڕوانگەیەی کە ئەم جۆرە ئەدەبە ، مێژوی قۆناغێکی تری مێژوی کۆمەڵایەتی‌و خولقانی مرۆڤی تازەیەو بەڵگەیەکی مەزنی مێژوی‌یەو بە شێوەیەکی هونەروەرانەی پڕ لە زیندەگی‌یەوە ڕەنگی ئەو ژیانو جیهانە ئەداتەوە ..!

× ×

ڕاستیەکەی : هۆرکی گشتی‌و تێکڕای ئەدەبیاتی بەپێزی ئێمەیش ، لە ئێو جەرگەی چینە ڕەنجدەرەکانی کوردستانو بە تایبەتی جوتیاران هەڵهاوەو بەو پەڕی بەرگوشادیەوە خۆی بەندکردوە بەمرۆڤو بە

دڕك لەسەر سنگم خوێنە ئەکاگۆ

« ئەژی گۆران » ــ ٧ــ٥ــ١٩٧٧

نالیم ئێستا خۆر هەڵنایەو ، ئاوانابێ ..
نالیم .. تریفەی مانگەشەو ، لەسەر سیلەی کۆڵانەکان .. خۆی‌داناگرێ .
ــ ئەرێ چپەی پێی هاتوچۆ لەکوێوە دێ ..؟!
شەومانگ دێتو ، ڕۆژ خۆز ئەروا .. لەگەڵ منا ..
لەگەڵ منا .. هەرچی هەیەو ، لەسەر زەوی .. بەدوای یەکا ..
دێنو .. دەچن .
بۆت ئەگەڕێن .. بۆت ئەگەڕێم .
منو خۆزو ، تریفەی مانگ ..
هەریەکەمان .. بەهیوای ئەو ..
ئەوی‌کەمان ، بۆت ئەگەڕێ ..
ــ خۆز حەزئەکا .. بەپرچی خاوی جارانت .. لێوی زەردەی کەلی بەیان ..
بەداهینانی پرچی تۆ .. لەرەنگ‌بداو .. ڕەنگی لەشی پایزانت لەسەربگرێ .
ــ تریفەی مانگ چەند حەزئەکا .. لەسەر لەشی پڕ ئارەزوت ، بەئەسپایی گوێ لەچپەی ، خەو بینینی سمۆرەی سەرسینەت بگرێ .
ــ شەو حەز ئەکاو .. ڕۆژ حەز ئەکا ..
بەدوای شوێنپێی جارانمانا .. ڕچە بگرێ .
ــ جاران خەزان .. گوڵزارێ‌بو ..
گوڵی رازی بەهاری لێو .. پەپولەی لەسەر هەڵ‌ئەنیشت .
ئێستا نالیم پەپولەو ، گوڵ لەباخانین .. بەڵام بەهار ..
بەدوای باسی ، سەرگوروشتەی پایزانا .. شەو ئەگەڕێ .
ــ ئەوەتەی تۆ ....!
لەسەرلێوت ، دڵی منیشت هەڵقورچان ..
گوڵە وردە سورەکانیش ، ڕو لە گزنگی خۆز ناکەن .. کە بەیانیان !
کە بەیانیان .. دەستئەبەمو ، گوڵێ لەیەخەی خۆم‌بدەم .
ــ نالیم ئێستا گوڵ ناپشکوێ ..
بەڵام دڕك لەسەر سنگم ، خوێن ئەی‌گرێو ، خوێنم ئەسڕێ ..

واقیعو جوڵانەوەی واقیعو دەورو بەرەوە .. هەروەکو چۆن ــ ئەدەبەکەمان ــ لێواو لێوی بۆنو بەرامەی خەرمانی گەنمە ، ئەئاوایش ــ تارادەیەکی لەبەرچاو ــ پڕە لە بۆنی ڕاستەقینەی دێهاتو خەڵکی دێهات‌و جیهانی دێهات‌و درێغی لەم ڕەوتە شارستانیە نەکردوە ، چونکە ــ جێگەی دڵخۆشی‌یە ــ زۆربەی نوسەرانی ئەو ئەدەبە ، با کوڕە هەژاری شارن ، یا ڕاستەو ڕاست کوڕی گوندنو سەر بەگوندن ، یا بە دڵگەرمیەوە دەمەتەقێ لە گەڵ خەڵکی جیهانی گوند ئەکەن..

دەنگە دیارەکانی ڕوو لە دێهاتی ئەدەبەکەمان هەر زۆر ئاشکراو دیارە .. جا چ بە شیعرێ یا چیرۆك‌و ڕۆمان‌و شانۆو گۆرانی‌و ئاواز .. تا ئەمڕۆش لەم دەرەتانەدا تەخسیری نەکردوەو نایکاو دەورێکی یەکجار بە بایەخیشی تێدا گێڕاوە ..!!

بەڵام هێشتا پێویستیەکی زۆرمان بە خامەو بە باسکەبەندی ئەو شاعیرو نوسەرو هونەرمەندو پسپۆڕ هەیە ، تا بەو پەڕی ئەمانەتەو

بروانە ــ ل ٧

کورتە چیرۆك

سالار وەکو شوفێرێکی بلیمەت ئۆتۆمبیلە نەبینراوەکەی ئێ دەخوڕی . فڕڕڕ . کە گەیشتە شۆستەی شەقامەکە ، هۆپ . بڕێکی گەرتو قورسایی خۆی دایە دواوەو پاشەوپاش کشا . لە گەڵ ئاوڕدانەوەشدا نووکی زمانی بە گوێرەی پێویست کاری خۆی بینی . ئەوسا ، بیب ، بیب ، بیب ڕێیشت، وەستا .. وەك یەکێك دابەزێو یەکێکی تر سواربکات . ئەوجا لە سێبەری دار بی‌یەکەدا بە تەوژم خولایەوە بە دەوری ئافرەتێکی ڕازاوەدا . چەند جارێك مەلی چاوی بۆ ئەو بەری شەقامەکە هەڵفڕی . دوو هەرزەکاری قژ درێژ تێپەڕیان کردو لێویان جوڵا . یەکێکیش لەو لاوە هەڵوێستی کردو دەستی بە کاکۆلیاهێنا . ئۆتۆمبیلێکی قەرەبیلی ئەسەرخۆ ، لەدامێنی شەقامەکەدا ڕاوەستا . ئافرەتەکە گورج تەکانی‌داو لە پێشەوە جێگیربوو .

ــ دەی زووکە سالار بابڕۆین .

مندالەکە بە نابەدڵی خۆی خزاندە دواوەو بە گومانەوە ڕوانی‌یە خاوەن ئۆتۆمبیلەکە، کە بە چرپە لە گەڵ دایکیا دەدوا ، نەمیش دار تەلەکانی زمارد . لە سەرگەی کۆڵانێك هاتنە خوارو گورج خۆیان خزاندە دەرگایەکەوە . یەکێکی‌تر لە هەمان دەرگاوە سەرە تاتکێی کردو دەرگای کلۆم‌دا . هەر هەمان ئافرەت مندال لە دەرگایەکی ئەو دیوەوە دەرپەڕین . مندالەکە بێ‌ڕەنگو کزبوو، ئافرەتەکەش هیچ سووراوێك بە ڕووبەوە نەمابوو . شان بەشان ڕۆیشتن‌و جاروباریش ئاوریان دەدایەوە . لای کۆگایەك دوو دڵ وەستان . مندالەکە هاتە خۆی‌و گەشکە لە چاویا چیمەنێکی پاراوی نواندو دەنگی تێکەڵ بە ئاوازی باڵدارێکی نەوا خۆش بوو :

ــ دایەگیان .. ئەمڕۆ ئۆتۆمبیلەکەم بۆ دەکریت ؟!

ــ هەر ئێستا ..

ــ ئەی دوێنێ بۆ لە گەڵ بووکۆکەکەی شیرین بۆمت نەکڕی ؟

ــ پارەم پێ نەماو ...

پاش نەختێك بێ‌دەنگی ، پاشکۆی وەڵامەکەی گرێ‌دایەوە :

ــ ... کوڕی شیرنیم ، خواردنو بەرگیش پارەی دەوێ .

منداڵەکە پرسیاری تری نەبوو ، بەڵکو هەموو تاسەیەکی لای ئۆتۆمبیلی ناو کۆگاکەبوو . ئاسمانی چوێتی بەڵەیەك هەوری چڵکنی پێوە لکابوو بەڵام دارەکان سەوزو ورشەدارببوون، شەقەمەکانیش شانازیان بەهێلە سپی‌یەکانەوە دەکرد ، هەرسێ چوونە خانووە قوڕەکەوە .. دایك منداڵ .. ئۆتۆمبیلێکی زەرد .

شیرین بووکۆکەکەی هەڵپەراند ، سالار ئۆتۆمبیلەکەی خستەکار ، دایکەش لە تۆی ئاوێنەکەدا . فرمێسکێکی قەتیس ماوی لەچاویدا سڕی‌یەوە .

(١٩٧٥)

(عبدالله نجم سەراج)

ل کویریا بەحرێ من تۆ دڤیای
د نیڤا دلێ منڕا دژیای
ئەڤینیا تە بو ئاگرەك
ژ سوتنادا من تۆ هێلای
ئێدی بەسسە دوستینیا تە
ل م بزڤرینە هوش‌و سەودای
بێ‌گۆنەهم ژ ئەڤینیا تە
بەران‌بەری سوزا تە دای
هیڤی داری دەخسی‌کرم
بێ‌شەکل هێلام ئەڤی بای
م باقژگر ژ هەزرا تە
ئەوی دلێ تۆ تێدا زای
ئەڤینا تە خوینا من بۆو
لەشێ من بوو ژ دەمێ تۆ دای
خەونا مەزن باسێ تە بۆو
ل کورتە ژینێ ئەوژی نەمای
بیرا من بووی بهارا من بووی
ژ خەوێ رابووم لەدەف من نەمای
ل کویریا بەحرێ من تۆ دڤیای
ژبەر هندێ من توو هێلای

● صدیق شرو ●

بەسەرپەرشتی سەرۆکی فەرمانده

ئەمڕۆ کۆڕی سێیەمی راگەیاندن دەکرێتەوە

ئەمڕۆ بە سەرپەرشتی سەرۆکی فەرمانده بەڕێز احمد حسن البکر ، کۆڕی سێیەمی راگەیاندن لەژێر دروشمی (رادەدانان بۆ ئەوکارەی ئیستعمار ئەیکاتە سەر راگەیاندنی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانو ڕێگای راپەراندن لەپێناوی خولقاندنی ئابوری نوێی جیهاندا) ئەکرێتەومو سەرۆکی بەڕێز ، بۆ کردنەوەی کۆڕەکە ، بەڕێز سعد قاسم حمودی وەزیری راگەیاندن ، جێگری وەزیری ڕۆشنبیریوهونەری داناوە .

لە چوار چێوەی بەرنامەی ئابوری جیهانی نوێی ئەم کاری کۆنگرەکەدا ، وڵاتانە .

بەشدارەکان لەماوەی سێ ڕۆژدا لەچەند باسێکی ئەکۆلینەوە کە لە کارتێکردنی راگەیاندنی ئیستعمار بۆ سەر وڵاتە تازە پێگەشتووەکان ئەدوێ ، لەگەل کەرەستەکانی بەرەپێدانی پەیوەندی نێوان وڵاتانی تازە پێگەیشتوو سەرهەڵدانی ئەگەیشتنی راگەیاندن ، بۆ خولقاندنی پەیوەندی نوێو سیستەمی دیسان کۆڕەکە لەو باسانە ئەکۆڵێتەوە کە پەیوەندیان بە دەوری راگەیاندنەوە هەیە لە گەشە سەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پیشەیی و دەوری ڕێکخراوە پیشەیی و ڕۆژنامەگەری یەکان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوە « یونسکو » بۆ بەرەپێدانی پەیوەندیەکانی نێوان وڵاتە بێلایەنەکان .

له بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرماندەو هاوڕێ صدام حسین :

نەوجوانان وڵاوان ڕێز لە سەرپەرشتی سەرکردایەتی حزب وشۆڕش ئەنێن

نەوجوانانو لاوانی ئەندامانی یەکەم کۆنگرە ، دەستی ڕێزیان ناوە لە سەرپەرشتیو پشتگیری سەرکردایەتی حزبو شۆڕشی بۆ لاوانو نەوجوانان لەپێناوی خولقاندنی نەوەیەکی چەکدار بە هوشیاریو ڕێکخراوو نەریتی ئەتەومیی .

ئەمەش لەو بروسکەیەدابوە کە ئاراستەی سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکروبەڕێز صدام حسین جێگری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان کردوەو ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :

بەبۆنەی تەواو بوونی کاروباری کۆنگرەی یەکەمی نەوجوانانو لاوانەوە لەژێر دروشمی نەوجوانانو لاوان سوپای ئیحتیاتی سوپای ئازامانن ، شادمانین بەڕێزەوە سەیری ئەو پشتگیریو سەرپەرشتیە گەورەیە بکرین کە بەڕێزتان پێشکەش بەڕێزەکانی نەو جوانانو لاوانی ئەکەن لەپێناوی خولقاندنی نەوەیەکی چەکدار بە هوشیاریو ڕێکخراویو نەریتی نەتەوەییو مرۆڤایەتی ڕەسەن کە توانای بەرگەگرتنی لێپرسینەوەی بەگیانێکی باڵاوە هەبێ لە موقعی بەرهەمو بەرگری کردنەوە لە نەتەوی عەرەب و باوەڕی بەسەرکەوتن هەبێ بەسەر هیزی حز بەدەستەوە دانو بەزیندا .

پەیمان نوی ئەکەینەوە کە بەوەفابین بۆ پەیامی نەتەوە پیرۆزەکەمانو بەردەوام بین لەکاروانی بەرەسنی بیلانەکانی ئیمپریالیو صەهیونیو هەرێزین بۆ تێکوشان .

مبواندارى كۆشكى كۆمارى

دوێنی بەیانی بەڕێز فلاح داود ئەندامی ئەنجومەنی ڕەقابەی مالی چوە کۆشکی کۆماریو سوپاسی لەدەفتەری میواندارییا بۆ سەرۆك کۆمار کرد بەبۆنەی دانانیەوە لە کارە نوێکەی ، دیسان بەڕێز ناصر عبدالقادر بالویزی کۆماری عیراق لە بەرین ناوی خۆی نووسی بۆ ئزن وەرگرتنو چونە سەر کارەکەی ، هەروەها بەڕێزان حکمت عبدالله البزاز بەڕیوەبەری سەرپەرشتی بەروەردەو دوکتۆر براق سعید یحیی بەڕیوەبەری گشتی پیشەسازی ئۆتۆمبیل سەریان لە کوشکی کۆماریداو خۆیان ناو نووس کرد بەبۆنەی هاتنەوەیان لە دەرەوەی وڵات .

بەڕێز صدام حسین سەرپەرشتی میهرەجانی « المتنبی » ئەکات

لەژێر چاودیری بەڕێز صدام حسین جیگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا وەزارەتی راگەیاندن لە ٥-١٠ی مانگی تشرینی دووهەمدا لە هۆلی کتیبخانەی نیشتمانی بۆبیردەوەری شاعیری گەورەی عەرەب « المتنبی » فیستفالیك ساز دەکات .

بەڕێز سعد قاسم حمودی وەزیری راگەیاندنو جێگری وەزارەتی ڕۆشنبیریو هونەر ئەو فیستفالە بەلابردنی پەردە لەسەر پەیکەری شاعیری ناوبراو لە باخچەی کتیبخانەکەدا دەکاتەوە ، پەیکەرەکە نە دەستکردی هونەرمەند محەمەد غەنی حیکمەتە .

ئاهەنگەکە بریتیە لە وتاریکی بەڕێز وەزیری راگەیاندنو سەرۆکی زانکوی بەغداو بەڕێز سەرۆکی یەکێتیی نوسەرانی عیراقو نوێنەرانی ئەو وەفدانە خەریکی لیکولینەوەی شیعرەکانی شاعیرن .

بەم بۆنەیەوە بەردی بناغەی کتیبخانەی المتنبی لە کوفە دادەنرێت کە شوێنی لەدایك بونی شاعیری ناوبراوە . بەم بۆنەیەوە بەڕیوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیریی ١٠ کتیبی لە چاپداوە کە هەموی باسو لیکولینەوەیە لە شیعرو ژیانی ئەو شاعیرە کەوزەیە .

عزة ابراهیم چاوی بەوەزیری دەرەوەی کوێت ئەکەوێ

بەڕێز عزة ابراهیم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری ناوخۆ ، دوێنی ئێوارە چاوی بە شیخ صباح الاحمد الجابرالصباح وەزیری دەرەوەی کوێت کەوتوە ، لەم چاوپێکەوتنەدا باسی پەیوەندی دوو قۆلی هەردووڵاتی برا کراوە لەگەل ڕێبازی بەرەپێدانی ، لەم چاوپێکەوتنەدا عبدالحسین الجمالی جێگری وەزارەتی دەرەوەو عبدالعزیز الصرعاوی بالویزی کوێت لەبەغدا ئامادەبوو .

لێ بوونەوە لە ئامادەکردنی بودجەی ئاسایی ساڵی ١٩٧٨

دوای گفتوگۆکردن لەگەل وەزارەتو دەزگاکانداەربارەی ئەوهەڵسەنگاندنەی ساڵی پار پێکهێنراو وەزارەتی دارایی لەهەڵسەنگاندنی بودجەی ئاسایی ساڵی ١٩٧٨ بۆتەوە .

ئەمەش لە گفتوگۆیەکدا باس کراوە کە بەڕێز دکتۆر فوزی عبدالله لەگەل ئاژانسی دەنگوباسی عیراقدا کردویەتی .. ئەوەی دووبارە کردۆتەوە کە و ژمارانەی ئەم بودجەنوێیە نیشانیداوە بەتەواوی ئەوئامانجانە نیشان ئەدات کە ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ڕەنگی ڕشتوە ، بەتایبەتی دەربارەی نەهێشتنو کەم کردنەوەی ئەوجیاوازیەی لەنێوان دیهاتو شارەکاندا هەیە بۆئەم کارە بودجەی شارەوانیەکان و بەڕیوەبەرایەتیە ناوخۆییەکان بەجۆرێك زیادکراوە کە دەگاتە زیادەیەکی پتر لە ٢٠٪ ، هەروەها بارەیەکی تەواو بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریو پلاو کردنەوەی خوێندنی بەژۆر تەرخان کراوە .

بەڕێز وەزیری راگەیاندن وتویەتی .. لەلایەکی تریشەوە ئەم بودجەیە ڕێبازی نەتەوایەتی شۆڕشی نیشانداوە بەوەی بارەیەکی تەواوی بۆ هاوکاری نێوان عەرەب تەرخان کردوە بەمەبەستی کامل بونی ئابوریان و زیادبونی رادەی بەرەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتە عەرەبیانەدا کە دارایین کەمە ..

هەروەها ئەوەشی ڕون کردۆتەوە کە ژمارە سەرەتایەکانی ئەم بودجەیە ئەوە نیشان ئەدات کە بەلای کەمەوە لە ١٠٪ زیادی کردوە ئەمەش رادەبەکە کە لەگەل ئامانجەکانی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشدا ڕێك دەکەوێت دەربارەی چاك بەڕیوەبردنی خەرجی سیاسەتی بازرگانیو لەناوبردنی ڕوداوی دەستبلاوی شت بەفیڕۆدان .

هەروەها ئەوەی ڕون کردۆتەوە کە کەرتەکانی بەروەردە بەهەمو پلەکانیەوە لەگەل تەندروستیو کشتوکالو لاوان گەلێك بەرەیان سەندوە ژمارە سەرەتایەکانی ئەوبەرەسەندنە لە ٢٠٪ - ٣٠٪ نیشان ئەدات . دکتۆر عبدالله ئەوەشی دووپاتە کردۆتەوە کە ئەو یاساو بریارانەی سەرکردایەتی سیاسی دەری کردون دەوریکی ئاشکرای هەیە لەزیادبونی خەرج کردنی گشتیی و بلندبونەوەی داهاتی هاوتیشتمانیاندا وەك یاسای موخەسەساتی زانکۆکانو موخەسەساتی ئەندازیارەکانو حیساب کردنی خزمەتی کرێکاریو موستەخدەمیو عەسکەری بۆزیادبوونی موچەو زیادکردنی ماوەی پشودانی منداڵبونی کرێکاران ، هەروەها هاوشان خستنی ئەوانەی بیجارەی خوێندنو ئەوانەی بەرماڵە دەخوێنن هەروەها هێنانەکایەی دەزگاو بەڕیوەبەرایەتو گشتیی نوی .

هەروەها وتویەتی .. وەزارەت گەلێ بڵەی وەزیفەی هێناوەتەکایەوە ئەویش بۆ ئراوان کردنی ئەوخزمەت گوزارەیی دەولەت بۆ هاووڵاتیانی هێناوەتەدیو بۆ خستنەکاری ئەوانەی خوێندنیان تەواوکردوە بەتایبەتی ئەوانەی شارەزاییان لەتەکنیکیو پەروەردەییو حیسابیدا هەیە .

واچاوەڕوان دەکرێت کە پیش پێنانە ساڵی دارایی نوێوە بریاری بودجەی ئاسایی و ئەشریع کردنی تەواو بکرێت .

یەکێتیی نیشتمانی قوتابیانی عیراق بە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی جیهان وەرگیراوە

کۆنگرەی دوانزەهەمی یەکێتیی قوتابیانی جیهانی کە ئیستاکە لە سۆفیای پایتەختی بولگاریا بەستراوە قایل بوە کە یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عیراق ببێتە ئەندامێکی کارامە لەناو ئەو یەکێتییەدا .

لە پایتەختی بولگاریا هەواڵێك بە ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی گەیشتوە کە یەکێتیی نیشتمانی قوتابیانی عیراق کۆنگرەکە هەڵی بژاردوە کە ببێتە ئەندامی لیژنەی ئەنفیزی یەکێتییەکە .

دامەزراندنی ٤٤٤ مامۆستا لەقوتابخانەکانی پارێزگای دهۆکدا

بەڕیوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای دهۆك فەرمانی دامەزراندنی ٤٤٤ مامۆستای ژن و پیاوی دەرکردوە بۆ ئەوەی لە قوتابخانەکانی ئەو پارێزگایەدا دەرس بە قوتابیان بڵێنەوە وە بۆ ئەوەی کەلێنی نەبونی مامۆستا لە قوتابخانەکانی پارێزگاکەدا پرکەنەوە .. فەرمانەکەش بریتیە لە دامەزراندنی ٢١٠ مامۆستای پیاو ٢٢٤ مامۆستای ژن لە گەل ئەم مامۆستایانەدا ژمارەی مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتایەکانی کوران و کچانی پارێزگاکە گەیشتۆتە ١٦٧٩ مامۆستا

وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دەربارەی کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێکخراوی کاری دەوڵەتانی ئەدوێ

بەڕێز بکر محمود رسول وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی وتویەتی .. خۆکشانەوەی وڵاتە یەکگرتوکانی ئەمەریکا لە ڕێکخراوی کاری وڵاتان بەهۆی سەرنەکەوتنی ئەو وڵاتەوە بوەلەو ڕێکخراوەدا چونکە ڕێکخراوەکە سیاسەتێکی دژبەئیمپریالیزمو زایونیزمو رەگەزپەرستیی گرتۆتەبەر

هەروەها وتویەتی : ڕێکخراوەکە بەکشانەوەی واشنتۆن لێی لەو مۆتەکەیە زرگاری بوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەهۆی نواناو وزەیی دارایی خۆیەوە چۆکی دادا بوە سەرسنگیو کاری ئەکردە سەر هەمە جۆر ئەو چالاکیانەی دینواند . بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی داوای لە وڵاتانی عەرەبو وڵاتانی جیهانی سێهەمو وڵاتانی سۆشیالستیکان کردوە کە بەشی خۆیان لەبودجەی ڕێکخراوەکەدا پتر کەن ، بۆ بر کردنەوەی ئەو کەمو کوڕیەی ئەمەریکا بەخۆکێشانەوەی دەیەوێت ڕێکخراوەکەی تێکەوێت . بەڕێز وەزیری کاروکارو باری کۆمەڵایەتی ئەو هیوایەی خۆی دەربڕیوە سەبارەت بەوەی کە ڕێکخراوە کە بتوانی خزمەتێکی خاوێنی مرۆڤایەتی بکات ئەویش لەڕێگای دروست کردنی دۆخێکی دیموکراتیانەی تەواو لە ڕێکخراوەکەدا ، لەوەدا دەوری دژایەتی ڕێکخراوەکەی دەرخستوە بەرامبەر ئیمپریالیزمو زایونیزمو جیاوازی رەگەرایەتی .. لەو بارەیەوە وتویەتی : لەساڵی ١٩١٧ەوە ڕێکخراوە کە بۆ بڵندکردنەوەی چینی کرێکاران و خزمەتی مەسەلەکانی هەول دەدات و جۆرە نرخو نەرێتێکی بۆرادەی کرێکاران چەسپاندوە گەلانی دنیا شانازیی پێوە دەکەن .

ئەوە بو ڕۆژی سێشەممەی رابوردو حکومەتی واشنتن هەواڵی هاتنە دەرەوەی خۆی لە ڕێکخراوی کاری وڵاتاندا بڵاوکردەوە .. ئەویش بەهۆی بریارێکی ئەو ڕێکخراوەوە کە کردارە نامرۆڤایەتیکانی زایونیزمی لە خاکی عەرەبدا تیا گوناح بارکردبو لەگەل سەرپێچی کردنی بەردەوامی زایونیزم لە مافی مرۆڤ .

ئەوەی شایانی باسە عیراق لەساڵی ١٩٧٤دا پێشنیارێکی بەناوی وڵاتە عەرەبیکانەوە پێشکەش ئەو ڕێکخراوە کردبو بۆ تاوانبار کردنی زایونیزمەکانو ئەو کردارە نامرۆڤایەتیانەی لەخاکی عەرەبدا دەیانئەنجامێنت کە هەمویان فریان بەسەر مرۆڤایەتییەوە نییە .

پرۆژەی کارەبای دیهاتەکانی هەولێر

لیژنەی جێبەجێ کردنی ڕاکێشانی کارەبای دیهاتەکان لە هەولیر تاوەکو ئێستاکە توانیویەتی کە کارەبا بو ٣٢ گوند ڕاگیشێ کە ئەم گوندانەدەکەونە زۆر ناوچەی جیاجیای پارێزگای هەولیرەوە ..

ڕاکێشانی کارەبای ئەمدیهاتانە ٧٠٦ هەزارو ٥٠٠ دیناری تێچوەو بە ئەواوبونی ئەم کارە کارەبا بۆ چوار هەزارو ٥٥٥ ماڵ لە دیهاتەکانی سەربە ناحیەی عەنکاوەو قوشتەپەو سەلاحەددینو کوێرو دیبەگەو قەزای مەخمور ڕاکێشراوە ..

وێستاکە کار بەردەوامە بۆ ڕاکێشانی کارەبا بۆ کۆمەڵە گوندێکی تری پارێزگاکە کە ژمارەیان خۆی ئەدات لە بیست گوند ئەواوبونی ئەم کارەش ٣٨٥ هەزارو ٤٠٠ دیناری تێئەچێت ، وە ئەبێت ئەم کارە لە ماوەی سێ مانگی داهاتودا ئەواوبێت .

سەرۆکی فەرمانده «پاشماوە»

کارئەکەن لە کریکارو ئەندازیارو تەکنیکیەکانو جوتیارانو زیاتر شارەزا بکرێنو وتی : کارکردن بەپێ شارەزایی ڕاست نیەو قبول ناکرێ چونکە ئەمە ئەبێتەهوی زیانی گەورەدان لە ئابوری پێویستە کادیری تەکنیکیو جوتیاری هوشیارو بەرامبەر ئەرکەکانی ئیش کردن زامن بکرێ ناگونجێ سامانی وڵات بدرێتە دەست ئەشارەزایانێ کە ئەتوانن بەرێوەی بەرن .

سەرۆکی بەڕێز زیاتر وتی لەسەر ئەنجومەنو لیژنەی سەراوان لە ئیدارەی دائیرە کشتوکالیەکان پێویستە ڕوو بکەنە دەزگا زانستیو بەروەردەییەکان وەك وەزارەتی بەروەردەو خوێندنی باڵاو لیکولینەوەی زانستیو ئەو دام و دەزگایانە هەڵ سەنگێن کە بایەخ بە دەرچوانی زانستی ئەدەن بەپێی شارەزاییو لێهاتوی لەوکاروبارانەی پەیوەندیان بە کشتوکالەوە هەیە . کشتوکال زانستیەکی فرەلایەنە پێویستە هەمو نواناو تەقەللایەك لەرێگای بەرەپێدانی کادیرەکانیا بخرێتە کار وەك چۆن بایەخ بەبەرەپێدانی پزیشکیو بازرگانیو لایەنەکانی تری زانستیو فێربوونی ئەدرێ لەبەرئەوە بایەخ بەوە ئەدەین کە بچێتە هەمو مەلبەندە زانستیەکانو پێویستە ڕوو بکرێتە ، فراوان کردنی وەرگرتنی قوتابیان لەم لایەنەوە .

دیسان سەرۆکی فەرمانده بەروەردەو خوێندنی باڵاو لیکولینەوەی زانستیو ئەو دام و دەزگایانە هەڵ سەنگین کە بایەخ بە دەرچوانی زانستی ئەدەن بەپێی شارەزاییو لێهاتوی لەوکاروبارانەی پەیوەندیان بە کشتوکالەوە هەیە . کشتوکال زانستیەکی فرەلایەنە پێویستە هەمو نواناو تەقەللایەك لەرێگای بەرەپێدانی کادیرەکانیا بخرێتە کار وەك چۆن بایەخ بەبەرەپێدانی پزیشکیو بازرگانیو لایەنەکانی تری زانستیو فێربوونی ئەدرێ لەبەرئەوە بایەخ بەوە ئەدەین کە بچێتە هەمو مەلبەندە زانستیەکانو پێویستە ڕوو بکرێتە ، فراوان کردنی وەرگرتنی قوتابیان لەم لایەنەوە .

دیسان سەرۆکی فەرمانده ئەوەی بۆ ئەنجومەن دووپات کردەوە کە بەشێ وەختی تەرخان بکات بۆ ئامادەکردنی مەلبەندەکانی زانستیو فێرکردن بۆ وەرگرتنی مستەوای نزمتر لەدەرچوانی ئامادەیی و سەرەتایی یان ئەو مەرجانەی کە شارەزاییەکە پێویستی ئەکاتو مەلبەندی پیشەیی بەرزیش دامەزرێ بەپێی ئەوەی ئەنجومەن دیاری ئەکات .

دیسان سەرۆکی فەرمانده داوای کرد کە ئەخشەیەکی زانستی بۆ جۆری کشتوکال لە عیراقدا ئامادە بکرێ وە وتی : پێویستە بە تەواوی چاندنو کشتوکالی هەرەمەکی بوەستێ لەسەرتانە ئەخشەیەك بۆ عیراق دابنرێ بەپێی هەمو جۆرێکی بەرهەمو خاڵو خۆل کە جاك ئەکرێ وە لەسەر جوتیارو کۆمەڵە هەرەوەزیەکانە کە بەپێی ئەو ئەخشە زانستییە کاربکەن کە ئەنجومەنی بەرزی کشتوکال دای ئەنێو مەرج بۆ دامو دەزگا شارەزاییە کشتوکالیەکان دابنرێ کە بەوپێیە زانستییە کاربکەن .

سەرۆکی بەڕێز زیاتر دواو وتی : ئەم مەلەیە ئەساسیە پێویستە ئەنجومەنی بەرزی کشتوکال بایەخی پێبدات پێویستە پاشە ڕۆژی کشتوکال لەعیراقدا لەگەل سروشتی خاڵو جۆری خۆڵو مەوادەکانی کە بۆ جۆرە بەرهەمی ئەگونجێ یەکان گیربێ .

هەروەها وتی : خاکی ئەوەی بۆ ئەنجومەن دووپات کردەوە کە بەشێ وەختی تەرخان بکات بۆ ئامادەکردنی مەلبەندەکانی زانستیو فێرکردن بۆ وەرگرتنی مستەوای نزمتر لەدەرچوانی ئامادەیی و سەرەتایی یان ئەو مەرجانەی کە شارەزاییەکە پێویستی ئەکاتو مەلبەندی پیشەیی بەرزیش دامەزرێ بەپێی ئەوەی ئەنجومەن دیاری ئەکات .

دیسان سەرۆکی فەرمانده داوای کرد کە ئەخشەیەکی زانستی بۆ جۆری کشتوکال لە عیراقدا ئامادە بکرێ وە وتی : پێویستە بە تەواوی چاندنو کشتوکالی هەرەمەکی بوەستێ لەسەرتانە ئەخشەیەك بۆ عیراق دابنرێ بەپێی هەمو جۆرێکی بەرهەمو خاڵو خۆل کە جاك ئەکرێ وە لەسەر جوتیارو کۆمەڵە هەرەوەزیەکانە کە بەپێی ئەو ئەخشە زانستییە کاربکەن کە ئەنجومەنی بەرزی کشتوکال دای ئەنێو مەرج بۆ دامو دەزگا شارەزاییە کشتوکالیەکان دابنرێ کە بەوپێیە زانستییە کاربکەن .

سەرۆکی بەڕێز زیاتر دواو وتی : ئەم مەلەیە ئەساسیە پێویستە ئەنجومەنی بەرزی کشتوکال بایەخی پێبدات پێویستە پاشە ڕۆژی کشتوکال لەعیراقدا لەگەل سروشتی خاڵو جۆری خۆڵو مەوادەکانی کە بۆ جۆرە بەرهەمی ئەگونجێ یەکان گیربێ .

هەروەها وتی : خاکی عیراق ملکی کەسێ نیە ملکی گەلەو پێویستە زانستی لەپێناوی ئەم بۆچوونەدا ئەرخان بکەین .

سەرۆکی بەڕێز دەستی بۆ ئەوە کێشا ئەکاتی قسەکردنا دەربارەی ئامادەکردنی کادیری ئیداریو شارەزا کە : لەسەرتانە هەموو توانایەکو شارەزاییەك لە هەموو لایەکەوە بخەنە کار بۆ لیکۆڵینەوەی ئەم پێویستیەو حساب کردنی ئەوەی لە ئالۆزیو هەڵسوڕانی ئامەسئولیەت لە سەرف کردنی مالی دەولەت دوربکەوێتەو سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکر لەگۆتایدا هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەی خواست .

ئەوەی شایانی باسە بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری کشتوکالو چاککردنی کشتوکال لەسەرەتادا بەخێرهاتنی سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکری کرد بەبۆنەی ئامادە بوینەوە لە گفتوگوکانی کۆنگرەکەداو وتی جێگای شانازی، مەزنەو شەرەفێکی گەورەیە بۆئێمە بەڕێز سەرۆك کۆمار لەم کۆنگرەیەدا بەشداربێ کە دوای زنجیرەیەك کۆنگرەیەو متمانەی بەو ئاراستەو ئاموژگاریانە کردوە کە بنەرەتەکەی راستیو زانستیو کارکردنە لە کەرتی کشتوکالدا .

هەروەها لە کۆبونەوەکەدا بەڕێز عزة ابراهیم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەرۆکی لیژنەی بالای کشتوکالو لیژنەی لە وەزیرە بەڕێزەکان ئامادە بوون .

سەرۆکی فەرمانده ڕێزی (پاشماوە)

بەکاری هۆکانی پتەوکردنی پەیوەندیی خۆشەویستیو دۆستایەتی نێوان گەلانە .

لە چاوپێکەوتنەکەدا دکتۆر امیر اسماعیل حقی سەرۆکی یەکێتی عەرەبی زۆرانبازیکردن ئامادەبوو .

ئەوەی شایانی باسە عیراق لەو پاڵەوانیەتەدا کە یەکێتی زۆرانبازی کردنی عیراقی ئامادەی کردبوو فەلەستینو ئێرانو کۆریای دیموکراتیو ئەندونیسیاو لوبنانو عیراق بەشداربیان تێداکردبوو ، پەنجاو چوار خاڵی تێدا بەدەستهێناو زۆرانبازەکانی هەڵبژاردەی عیراق تیا پینج میدالیای ئاڵتونو شەشی زیویو یەکێکی برونزییان دەستکەوت . هەڵبژاردەی ئێران لەو پاڵەوانیەتەدا دووەم بوو هەڵبژاردەی کوریای دیموکراتیش پلەی سێهەمی هێنا .

نەدوەی ئیزگەی کوردی لە ڕۆژی ٧ی تشرینی دووهەمی ١٩٧٧دا

نەدوەی ئیزگەی کوردی لەگەل ڕۆشنبیرانو ئەدیبانو هونەرمەندانی کوردستاندا ساعات پینجی ئێوارەی ڕۆژی ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٧ لە هۆلی خوێندنگای مەشقی ئیزگە کە دەکەوێتە بەرامبەر دەزگای گشتیی ئیزگەو تەلەفزیونەوە دەست پێ ئەکات .

لیژنەی پەرەپیدانی پرۆگرامی ئیزگەی کوردی بۆ ئەو مەبەستە ١٦٠ کەسی لە هونەرمەندانیو ئەدیبانو ڕۆشنبیرانی کورد بانگ کردوە .

سوپاس

بەڕێز سعد قاسم حمودی وەزیری راگەیاندنو جێگری وەزیری ڕۆشنبیریو هونەر سوپاسێکی گەرمی پێشکەش ئەو هاوڕیو دوستو برادەرانە کردوە کە بە بۆنەی دانانی لیژنەی بەرامبەر دەزگای گشتیی ئیزگەو تەلەفزیونەوە دەستیان پێ ئەکات .

زانکۆی سلێمانی و ئاسۆی رووناکی پاشەڕۆژ

دەست بە دامەزراندنی شاری زانکۆلە سەرچنار کراوە

★ ژمارەی قوتابیانی زانکۆ ئەمسال (٤٫٦٠٠)قوتابیەو نیازوایە ساڵی داهاتو بگاتە ١٠٫٠٠٠ قوتابی ٠

★ کردنەوەی خویندنی باڵا لە زانکۆکەماندا یەکیکە لەو هانگاوە پیروزانەی جیگای شانازیە ٠

ئاشکراو روونە زانکۆی سلێمانی یەکێکە لە دەستکەوتەکانی حزبو شۆڕشی ١٧ی تموز کە بە هەوڵو کۆششی دلسوزانەی خۆیان توانیویانە زانکۆی سلێمانی بگەیەننە ئەم پایەی ئێستای کە جێگای شانازی هەموو ڕۆشنبیرێکو لێپرسراوێکە لە عێراقی شۆڕشدا ٠

زانکۆش بۆ خۆی شارێکەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوان دەبێتو پەرەدەستێنێت ٠

سەبارەت بەم مەلبەندی ڕۆشنبیریە چەند بنوسرێت هێشتا سەرەتایە ٠٠!

ئەمجارە بە بۆنەی دەست پێکردنی وەرزی خوێندنی ئەمسالەوە چوینە سەرۆکایەتی زانکۆو چاومان بە سەرۆکی زانکۆ بەڕێز دکتۆر طارق حسن ئامێدی کەوتو ئەویش کورتەیەك لە مێژووی ژیانی زانکۆی بەم چەشنە بۆ گێراینەوە:

بە پێ بڕیاری ژمارە ١٤٣ی ساڵی ١٩٦٨ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، زانکۆی سلێمانی لە سەرتای ساڵی خوێندنی ١٩٦٨-١٩٦٩ دا پێی نایە ژیانەوە بۆ ئەوەی شان بە شانی هەموو زانکۆکانی تری عێراق خزمەت بکاتو چەندین کادێری بەتواناو پسپۆری لێهاتوو پەروەردە بکات ٠

لە پێشان خوێندن لە زانکۆی سلێمانیدا لە سێ کۆلێجدا دەستی پێکرد کە بریتی بوون لە (علوم ، زراعە ، هندسە) ، پاشان لە ساڵی ١٩٧٠ - ١٩٧١ دا کۆلێجی ئادابی تیاکرایەوە ، ساڵی ڕابوردوش کۆلێجی (ادارە)ی تیاکرایەوە کە ئەمە لە پێشا بەشێك بوو لە کۆلێجی ئاداب ، لە دوایدا کۆلێجی پەروەردە « التربیە » کرایەوە ، ئەوەی شایانی باسە ئەمساڵ کۆلێجی « طب » کرایەوە کە « ٩٠ » قوتابی کوڕو کچی وەرگرتوە ٠

لە دوایدا سەبارەت بە ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە ئەمساڵ لە زانکۆی سلێمانیدا وەرگیراون وتی :

لەم وەرزەدا ٢٫٤٧٠ قوتابی کوڕو کچ وەرگیراون ، لەمانە ١٫١٢٠ قوتابیان دەستیان بە خوێندن کردوە لە هەمان کاتیشدا چاوەنواڕی ٣٥٠ قوتابی کەش ئەکەین کە لە وڵاتانی عەرەبی دراوسێمانەوە دێن ٠

پ : دکتۆر دیارە پاشەڕۆژی زانکۆ روونە ؟

و : لەم ڕووەوە چەندەها پرۆژەی گرنگ هەیە لەوانە دەستپێکردنی شاری زانکۆیی (المدینە الجامعیە) لە سەرچنار کە هەنگاوی یەکەمی نزیکەی شەش ملیۆن دیناری تێ ئەچێت ، ئەمەش بریتیە لە کۆلێجی (علوم ، هندسە ، المکتبە المرکزیە) ، بەڵام لە قۆناغەکانی کەیدا دەست بە دروستکردنی چەندەها بینا و کاروباری پێویست دەکرێت ، ئەمە جگە لە کۆلێجی « زراعە » کە لە ناوچەی بەکرەجۆ دا دەست بە کار لێکردنی کراوەو زیاتر لە دوو ملیۆن دیناری تێ ئەچێت، هەروەها بەم نزیکانە هەشت بەشی ناوخۆ تەواو ئەبێت کە جێگای نزیکەی ٢٫٥٠٠ قوتابی تیا ئەبێتەوە ، ئەوەی شایانی باسە زانکۆی سلێمانی یەکەم زانکۆیە لەوڵاتەکەماندا کە لە ١٠٠٪ی قوتابیانی دەرەوەی شاری سلێمانی وەرئەگرێت ٠

هەروەها سەبارەت بە پروژەکانی ئایندەمان نزیکەی (٢٨) ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی زانکۆو بەشەکانی، لە لایەکی کەوە نیاز وایە لە ساڵی ١٩٨٠ - ١٩٨١ دا ژمارەی ئەو قوتابیانەی وەرئەگیرێن بگاتە (١٠٫٠٠٠) قوتابی وەئێستاش ژمارەی قوتابیانی زانکۆ تێکڕا دەگاتە نزیکەی (٤٫٦٠٠) قوتابی وە ژمارەی دەرچوانیش تائێستا دەگاتە (٢٫١٦٧) قوتابی وە تەنها ساڵی پار (٦٠٥) قوتابی لە هەموو کۆلێجەکانی زانکۆی سلێمانیدا دەرچوون وە دیسان هەوڵ ئەدەین ژمارەی ئەو قوتابیانەی دەرئەچنو لە زانکۆدا دەرس ئەڵێنەوەو بگاتە (١٥ : ١) کەئەمەش نسبەتێکی زۆر چاکە بەچاو نسبەتە باشەکانی جیهانەوە ٠

پ : تکایە دکتۆر سەبارەت بەو وەرگرتنو دابەش کردنی قوتابیان لە زانکۆدا بۆمان بدوێ !

و : ئەنجومەنی زانکۆ لە کۆتایی هەموو ساڵێکدا بڕیاری ئەو ژمارەیە ئەدات کە لە توانای زانکۆدا هەیە بۆ وەرگرتنیان ، پاشان ناوەکانیان هەڵدەواسرێتو قوتابییەکان بەپێی توانای ئەو بەشانەوە تازادەیەك ڕەچاوکردنی ئارەزوی خۆیانو بەپێی نمرەکانیان بەسەر بەشەکاندا دابەش ئەکرێن ٠

پ : ئەی خوێندنی باڵا (الدراسات العلیا) ؟

و : جگە لەوانەی باسمان کردن ، خوێندنی باڵا یەکێکە لە هەنگاوە پیروزەکانی زانکۆ کە بە بنەاغەی گۆڕینو پێشکەوتنی هەموو زانیاری یەکان دەژمێرێت ، وەئەبێت ئەم ڕاستییەش لە زانکۆ یاخی بوبێت چونکە زانکۆ لەم ڕووەوە کەم تەرخەمی نەکردوەو دوانەکەوتوە ، بگرە بە یارمەتی ئەو کادێرە لێ هاتوانەمان توانرا زانکۆ بخرێتە ئەو ئاستەوە کە هەقی کردنەوەی خوێندنی باڵای پێبدرێت ، بۆ ئەم مەبەستەش بە یارمەتی هەوڵو تەقەللای سەرکردایەتی حزبو شۆڕشو لێ پرسراوانی وەزارەتەکەمان (وزارە التعلیم العالی والبحث العلمی) لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٧٦ - ١٩٧٧ دا یەکەم هەنگاو لەم ڕووەوە نراوە بۆ ئەوەی پلەی « دبلوم عالی » و « ماجستیر » ببەخشێت ٠

ئەوەی شایانی باسە یەکەم پۆلە قوتابی لەبەشی هندسەی مدنیدا لە حزیرانی ١٩٧٧ دا دەرچوون ٠

ئەمسالیش ١٩٧٧ - ١٩٧٨ چەند پسپۆرایەتیەکی نوێ لە کۆلێجەکانی (علوم ، زراعە ، هندسە) دا کراوەتەوە ٠

سەبارەت بە تێکڕای ژمارەکانیشیان لە کاتێکا ژمارەی ئەو قوتابیانەی ساڵی ١٩٧٦ - ١٩٧٧ وەرگیران گەیشتە (٤٧) قوتابی بەڵام لە ئەمساڵی خوێندندا ١٩٧٧ - ١٩٧٨ ژمارەیان گەیشتە نزیکەی (٧٠) قوتابی ٠ ئەوەی گرنگە زانکۆ لەو باوەڕەدا نییە کە ئەمە هەروا بمێنێتەوە ، بەڵکو هەوڵ ئەدات زیاتر پەرەی بێ‌بدات‌و گەشەی پێبێنێت لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا ٠

پ ٠ هاوکاری لە سلێمانی

صدام حسین

ئامۆژگاری بۆ تێکۆشەران

یەکێك لە خۆو نەریتە دێرینەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەوەیە کاتێ‌ئەویستری پالێورە تێکۆشەرەکانی بگەنە پایەی ئەندامێتی حزب بە دەورەیەکی تایبەتی ڕۆشنبیری حزبیو سیاسی تێ ئەپەرن بۆ شارەزا بوون لە شێوەکانی تێکۆشانی شۆڕشگێریو لە پاشا شەرەفی ئەندامیەتیان پێ ئەدرێو پاش سوێند خواردنی تێکۆشەرە پالێوراوەکان کە دڵسۆزیان بۆ حزبو نەتەوەو ئامانجە پیرۆزەکانی دەر دەبڕن سەرکرادیەتی لێپرسراو ئامۆژگاریان ئەکات لە ژیانی نوێی تێکۆشانیانا دەبێتە ڕێپیشاندەرو ئاراستە کەریان ئەو ئامۆژگاریانەی کە هاوڕێ صدام حسین لە سەرەتای ئەمساڵدا ئارەستەی دووا دەستەی پالێوراوانی کرد کە شەرەفی ئەندامیەتیان پێدرا باشترین ڕابەرو ڕێبیشاندەرە بۆ تێکۆشەرانی کۆنو نوێی حزب پێویستە هەموو کاتێ بە خوورەوشتی ڕەسەن ڕاستی حزب چەکداربێو بەر لە هەموو شتێکی تر چاو ببڕنە خزمەتی حزبو ئامانجەکانی ئەم نەتەوەیە ، جێبەجێ کردنی ئەم ئامۆژگاریە ڕاستو بەنرخانە ڕێگای پتەو کردنی پەیوەندیەکانی نێوان تێکۆشەرانی حزبو ئەو جەماوەرە ئەبێ کە خۆیان لە ناویانەوە هاتونو لە پێناوی سوودو ئامانجەکانیا خەبات دەکەن ٠٠

ئامۆژگاریەکانی هاوڕێ صدام حسین

● **کە بەردو پێشەوە هەنگاو دەنێیت پێویستە لە خۆبایی نەبین چونکە لە خۆبایی بوون پێداویستی پێشکەوتنی بەردەوامت لە کیس دەدات ، لە پێشەوە دۆزینەوەی لایەنی گرنگی ڕاستی لە ماوەی بایەخدانەوە بە هەندێ دیاردەی بچووکو ڕای خەڵکی تر وەرگرتنو ڕیز لینانی بڕیاری بە کۆمەڵو دەستە وەستان بەرامبەر هەموو کوتوپڕێکو هەڵنەخەڵەتان بەوەی کە دوژمنی بەزیو هەتا هەتایە چەکەکەی فڕێداوە ٠٠**

● **پێویستە لە نێوان جاوەڕ بوون بەخۆو بەحزبەوە لە نێوان لە خۆبایی بونداو لە نێوان بێ‌فیزی بێ هێزیدا لە کاری ڕۆژانەتدا بەردەوام سنور بۆ خوت دابنێیت ٠٠ بەتایبەتی ئەگەر لە حزبو دەولەتدا پایەی بەرزت هەبێت هەردەم هەوڵبدە پشت بەو باوەڕەی ببەستی کە لە قوتابخانەی حزب فێر بوی ٠**

● **پایەت هەرچی بێ لە دەولەتدا نابێ پلەی حزبیت لە یادبکەی ، وا بیرنەکەیتەوە کە پایەی یەکەم جێی دووەمیان دەگرێتەوە یاخود ڕێگای پێکەیشتنێبێ ، لە ڕوو بەرووبونی ئالۆزاوی دەزگاکانی دەولەتدا پشت بە بیرو باوەرت ببەستەو نەکەی ئەو دامو دەزگایەو شوێنەکەت بکەی بە پاڵپشت بە سەرحزب بیرو باوەرو کاری حزبی ، واشی دابنێ ئەگەر ئەمە ڕوویدا ئەوا لە ڕێ لادانێکی ترسناکە ٠٠**

● وریابەو نەکەی ئەو ئوسلوبو شێوازە تەکتیکیەی ڕۆژگاری کار کردنت لەگەڵ دوژمنەکانی گەلو حزب پێویستیان نەکرد یان پێویستی لایەنێکی ئیشوکاری سیاسیتبوە بیگەیەنێتە ژیانی ناوەوەی حزب ٠ بۆ گەیشتنە موقعی باڵاتر پەلە مەکەو ئەو ڕێگاو شوێنانە نەبێ حزب لەپەڕەوی ئاو خۆو بیروباوەری دیاری کردون ، پەنا مەبەرە بەرشتی‌تر ، لە حزبو لە دەولەتیشا بۆ گەیشتنە پلەی بەرزتر بە پەلە مەبەو مەیکەرە ئامانجی تێکۆشانو کاری ڕۆژانەت ، چونکە گەیشتنە پلەی بەرزتر لە حزبو دەولەتدا ئەنجامی ئاسایی‌و مەنتقی تێکۆشانی کەسانی دڵسۆزو لێهاتوە ، نەك ئامانجی ئەو ، باش بزانە ئەوەی ئامانجی خەباتی بۆ گەیشتنە پایەی بەرزبێت دەکەوێ بێ ئەوەی بیکاتی‌و ڕۆژێکیش دێ لە دەرەوەی ئەو ڕێبازەی ئەبێت هەتا ئەگەر بێت گەیشتبێتە ئەو شوێنەی کەمەبەستە ٠

● **وابکە ئەوانەی لە گەڵتۆو لە چوارچێوەی لێپرسراویتدان بەو ڕێگاو شوێنە حزبییەی ویژدان باوەرت ڕازی دەکات باوەرت پێ بێنرێو بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێگای ڕازی کردن بەشبێوازو ئامانجی شەخسی دوورە ٠ لەگەڵەوە فێربە هەرچەندە تۆ ڕابەرایەتیشی ئەکەیت ، پەیوەندی لەناخەوەی خۆت لەگەڵ گەل یەکێکە لەو دوو قوتابخانەیەی شورای باوەرت پێ دروست ئەکات کە قوتابخانەی یەکەمی حزبە ٠**

● هەوڵ مەدە بەڕێگاو شێوازی لایەنی ڕاستی ناوخۆی حزب ئاشکرا بکەیت ، چونکە ئەوەی بەشێوازی لایەن بەدەستی دەهێنیت ڕاستی تەراوت لێ وون دەکات ، لە یادت نەچێ کە ئەو ڕاستیە تەواوەی خزمەتی بیرو باوەرو ئامانجەکانی تێکۆشانت ئەکات لە ناو حزبدایەو ڕێزی ئەو مەعلوماتە بگرە کە لە زنجیرەی حزبیەوە هاتونو بە سەرچاوەی ڕاستیان بزانە ٠

● **باوەر مەکە هیچ کەسێ لەوانەی بەڕێگای حزبی دروست خۆی بەستوە لە پەیوەندیو هەڵسو کەوتا لەگەڵتا دڵسۆزترو بەتەنگەوە بونتر بێت بۆت ، وەئەوانەی کە خۆیان واپیشان دەدەن بەتەنگەوەن بۆت بەڕێگای غەیری حزبی لێت نزیك دەبنەوە ئەمانە لە ئەنجامدا پاڵت پێوە دەنێن بۆ دەرەوەی بیرو باوەرمکەت کە ئەنجام زیانێکی زۆر بە خۆتو حزبەکەت دەگەیەنن ٠**

● کە ئەتوێ بۆ پێشەوە هەنگاو بنێت لێپرسراویت لە حزب وە لێپرسراوی مووچە خۆرێکی ئاسایی نیە بەڵکو لێپرسراوی تێکۆشەری خۆ بەختکەرن کە پێویستە گرنگیەتی هەنگاو نان بۆ پێشەوە لەزروفو باری پێداویستی بێت لە چوارچێوەی هەنگاوی دلێرانە کە حسابی بۆ کرابێت ، ئەم جۆرە هەنگاوەش بێ مەترسی نیە پێویستە کە باش بزانی پێشکەوتن لە ژیاندا لە کەیدا دروست نابێت هەروەها ئەرانەی شوێن پێو ڕێبازیان بە ڕووناکی جووڵانەوەی حزبو کۆمەڵ ڕێك دەخەن دروستی ناکەن بەڵکو ئەو تێکۆشەرانەی کە لە ژیانیان‌و دووا ڕۆژی سیاسی‌و حزبی بەدڵسۆزی‌و دڵپاکی ڕوو بە ڕووی مەترسی دەوەستن بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی گەل حزب دروستی دەکەن هەردەم لە یادن بێت کە پەیوەندی لەنێوان تۆو حزبەکەت ، وە لە نێوان تۆو هەڤاڵەکانت پەیوەندیەکی پیرۆزە پێویستە نەیەڵی کە هیچ پەیوەندیەکی تری کۆمەڵایەتی شوێنی بگرێتەوە ، لە پێناو گەل هەوڵ بدە وە خۆت بە هەموو کەرتەکانی بناسێنە وەبەپێی بیرو باوەڕی حزب لایەنگیری چینو توێژە کۆمەڵایەتیەکانی شۆڕشگێری بکرە کە حزب لە ڕێگای ئامانجی تێکۆشانی نیشتمانی‌و نەتەوەیی ڕابەری دەکات ، پەیوەندیت وورد بێت لە نێوان کارکردنتا بۆ بەرژەوەندی هەموو هاوڵاتیانو لانگیری کردنی چینو توێژە کۆمەڵایەتیەکانی شۆڕشگێری بیرو باوەڕی ، حزبو سیاسەتی قوناغی ڕابەرت بێت لەم کارەدا ٠٠ شارەزایی تاقیکردنەوەی خەڵکانی تر لە زروفی خەبات‌و بنیاتنانوە کارتێکردنو ٠ لە وەرگرتنو دان بەپێی ئەو سنورەی کە حزب نەخشەی بۆکێشاوە وە هەردەم لە یادت بێت لە بیروباوەڕو تاقیکردنەوەی تایبەتیت تەنیا دووراستیەکە توانای بنیات نانی کۆمەڵی تازەی نەتەوەی عەرەبی هەیە ، هەردەم لە یادت بێت ئەو ڕێگایەی کە لە سەرەتای ژیانی حزبیت دەگریتە بەر یا لە میان جەماوەر کە لە پاشماوەی ژیانی حزبو ڕیزی گەلدا ڕەنگ دەداتەوە بۆیە پێویستە ئاگادار بی کە ئەو ڕێگایەی دەیگری ڕاستو دروست بێ ، باش بزانە

بروانە - ل ٧

دەزگا بەڵاڵ کرینانیشتمانی لە دهۆکی

پاشی برادەر ناظمی گوت نامیلکێت پارتی کتێبێت وەزارەتا ڕاگەیاندنی ئەو بێت کوردی ژەمەیا چاکتر لنك مە تێنە مەزخانرن ٠

هەر جهێ مروف بچیی هژمارا کتێبخانا دێ هەست ب ڕەوشەنبیریا وێ دەڤەرێ کەت ٠ چمکی کتێبخانا کارتێ کرنەکا مەزن یا هەی لسەر پەیسکا زانیستێن و زانینێ ٠٠

ئەڤە دوو ساڵە وەزارەتا ڕاگەیاندنێ تایەکێ دەزگایا نیشتمانی یا بەلافکرنێ و لێکڤەکرنێ یا ئەکری لدهۆکێ ب ڕاستی ڤێ دەزگایێ جهێ خو یێ کری لنك خویندەوار و ڕەوشەنبیرێت پارێزگەها مە و یا بو یە ئەگەر کو بزانا خویندنێ بتر لێ بهێت ٠ بیت چ جارا کتێب نەکرین دەست پێ هاڤێتیە کتێب کرین‌و خویندنا وان هەلبەت یا فەرە لسەر هەمی خویندەوارا خو ب گوڤار و کتێبێت بێ و چ و پەیسکا وان نزم مژیل نەکەن ٠ هەکو هەر خو وەستاند بلا یا ب ئەرێژ بیت ٠ ڕێڤەبەرێ دەزگایا نیشتمانی برادەر ناظم جاسم گوت فروشتنا کتێبا لنك مە چاپەمەنیت مە نەبرن دگەل خو قەزاو ناحیا ٠ لەوا چاپەمەنی ب سەروبەر نە دگەهشتنێ ٠ پشتی چاڤپێکەفتنا مە دگەل چڤاتا هەلبەت لهاڤینێ گەلەکتر دچن بەرمو پێتربونێ یا دچیت ٠ چمکی خەلکێ تێنە هاڤین‌گەها نو شاگرد خوش دکرن ٠ بێ‌گومان دڤێ هەمی فەرمانگەهێت میری‌و نیشتمانەپەروەر هاریکاریا ڤێ دەزگایێ بکەن تاکو پێش‌بکەڤیت ٠ چمکی سەرکەفتنا وێ قازانی هەمیا یا تێدا ٠ بەلێ مخابن وەکی برادەر ناظم دبێژیت هندەك شوفرێت لسەر ڕێکێت دەرڤەی باژێرێ دهۆکێ کاردکەن هاریکاریا مە نەدکر فەگوهازتنێ نەو گیروگرفت نەما ٠ لدهۆکێ گەنج کورو کچ گەلەك پرسیارا هەردوو گوفارا عەرەبی‌و کەواکب دکەن ٠ ئەو هژمارێت نوکە تێنە دهۆکێ هەکە چار هند بێهن ڕوژکێ دێ هێنە کرین برادەر ناظم گوت لەوا عەرەبی خەلك گەلەك دکرن چمکی بابەشێت ژێلجودا بێت تێدا ئو هەر ژمارەکێ فەکولینەکا لسەر دەڤەرەکێ بکەسێت (شکل) ڕەنك ڕەنك یا تێدا ٠ ئو ئەگەرا حەزکرنا گەنجا ئو کرینا وانا گوفارا کەواکبێ لبەر هندیە یابەشێت فیانێ گەلەك بێت تێدا هەروەسا وێنێت هونەرمەندا ژنەو مێرا بێت تێدا ئو نرخا وان ژی یا کێمە ٠

پ هاوکاری لدهۆکێ

ئەی ئەمەیانی

لاسایی کردنەوەنییە

سلام محمد

لە ژمارە (٨)ی پاشکۆ قەشەنگەکەی رۆژنامەی (العراق)دا هاوڕێی شاعیرم لەتیف هەڵمەت وتارێکی لە ژێر ناونیشانی (ئەمە لاسایی‌کردنەوەیە یان داهێنان) بڵاوکردبۆوە تیایدا ئیشارەتی بۆ دابەش‌کردنی وشەو دووبارەکردنەوەی کردبوو کە بە رای ئەو دابەش‌کردنی وشە یان وێنەی شیعری هیچ پەیوەندی‌یەکی بە هونەرو ئیستاتیکی نووسینەوە نییە بۆ پەڵگەش شاعیرێکی ئەمەریکایی (ا٠ ا٠ کەمینگز)ی هێناوەتەوە کە گوایە (گەلێ شیعری عەنتیکەو مەنتیکەی لەم بابەتەی هەیە !)و ئەو شیعرە کوردیو عەرەبیانەی لەم جۆرەن رەسەن نین‌و رەش‌و رووتی گەلی کورد سوودیان لێ نابینن ، بە لای منەوە لە جیاتی ا٠ ا٠ کەمینگزێك کە رەنگە کاك لەتیف بە رێکەوت ناوەکەی کەوتبێتە پێش چاو دەبوایە ئیشارەتی بۆ شاعیرە سوریالیەکانو نازم حیکمەتو مایکوفسکی‌و ئەراگۆنو بەیاتی‌و ئەدۆنیس بکردایە چونکە هەموویان ئەم جۆرە هونەرە یان بەکارهێناوەو مەسەلەکەش لاسایی‌کردنەوە نییە وەك کاك لەتیف تێی دەگات چونکە خۆیشی چاك دەزانێ (تەمێك لە ناو پانتۆل) کەی مایکوفسکی‌و (چاوەکانی ئیلزا)ی ئەراگۆنو (بۆژنەکەم)ی نازم حیکمەت پێش ئەو کەمینگزە گوتراون کە ئەو وەکو پێشرەوی رێبازێك ناوی هێناوە ، (شیرکۆ بێکەس)یش لە (ڕووشە)دا بە پێچەوانەی تێگەیشتنی هەڵمەتەوە تەماوولێکی هونەری‌و ستاتیکی سەرکەوتووانەی لە گەل وشەی (ئەتوێمەوە٠٠)دا کردووە چونکە تووانەوە خۆی لە خۆیدا وشەیەکی شاعیری‌یەو لە هەر شیعرێکدا بۆنو مەعناو ئیقاعێکی تایبەتی هەیە کە لە (ڕووشە)دا جۆرە کۆتاییەك ، ئاوابوونێك، ماڵئاواییەك دەگەیەنێت دابەش‌کردنی حەرفەکانیش بەرەو کۆتایی‌و ئاوابوونو ماڵئاوایی زۆر لە جێی خۆیدایە ٠ رەنگە بە لای کاك لەتیفەوە ئەگەر جوتیارێك یان کرێکارێك لە پارچە شیعرێك تێ نەگات ئیتر ئەو شیعرە لە خزمەتی رەش‌و رووتدا نییەو پێویستە قەڵەمی بەسەرا بهێنرێت ، من لێرەدا نامەوێ بە سەدان نموونەی شیعری جیهانی سەرکەوتووی بخەمە پێش چاو کە بە سەدان نامەی دکتۆراو ماستەری لە سەر نووسراوەتەوە چونکە سامانی ئەتەوەیی‌و کلاسیکی خۆمان پڕن لەو بابەتە ٠٠

نازانم ، کام جوتیارو کرێکار بە تەواوەتی لە شیعرەکانی ئاڵی‌و مەولەوی‌و گۆران تێ دەگەن‌و تامو چێژی ئەدەبی لێ وەردەگرن ! ٠ باشتر وایە لەتیف هەڵمەت لە جیاتی ئەوەی تێکەیشتنی رەش‌و رووت بکاتە مەستەرەو شیعری نوێی پێپێویستە بیرێك لە پیرۆزایەتی هونەریش بکاتەوە ٠٠

جارێك لە نیرۆدایان پرسی کاتێ شیعر بۆ کرێکارەکان دەخوێنێتەوە زۆر بە گەرمی چەپڵەت بۆ لێ‌دەدەن‌و ستایشت دەکەن ئایا وەکو خۆت مەبەستتە لە شیعرەکانت تێ دەگەن ؟؟ ئەویش وتی : نەخێر ، لە شیعرەکانم تێ ناگەن بەڵام دەزانن لایەنگیریان دەکەمو لە سەر ئەوان شیعر دادەنێم ٠

شیعری نوێی کوردیش پێویستە سوود لە تاقی‌کردنەوە هونەری‌و شیعری‌یەکانی جیهان وەربگرێت بۆ ئەوەی لە شارستانیەتی هاوچەرخی شیعری جیهانیدا جێگایەك بۆ خۆی تەرخان بکات بە مەرجێك ئەو سوود وەرگرتنە نەبێتە هۆی دۆڕاندنی فۆرمە کوردەواری‌یەکەی ٠

کاك لەتیف ئەگەر دابەش کردنی حەرفو وشەی شیعری (کە بە رای من ئەگەر لە جێگای خۆیدا بێت بە هونەرە سەرکەوتووەکانی شیعری هاوچەرخ دەژمێردرێت) بە لاسایی کردنەوە تێ دەگات دەبوایە ئیشارەتی بۆ خۆی بکردایە کە زیاتر لە شوێنێك‌و دوانو سیان لاسایی ئەمو ئەو دەکاتەوە ، ئەمەش چەند نموونەیەکە :

(دەرگای دیوارە لالەکانی ئاسمانە لە مێوگیراوەکانی پێش سەرمتای مێژووی خۆڵەمێش ٠٠

وەك گڵۆڵەی ژانی تیژنی نەو قەتماغەی ٠٠٠ هتد) ٠

نازانم ، رەش‌و رووتی قورپەسەر بە چۆن کلیلێکی ئەفسووناوی ئەم دەرگا تەلیسماوی‌یە دەکاتەوەو هەزارو یەك نهێنی‌یە سەربڕاوەکانی ژوورەوەی هەڵدەوەشێنێتەوە ٠ کاك لەتیف خۆیشی (لە ناخەوە) چاك دەزانێت مەسەلەکە لاسایی‌کردنەوەو (ئیفتیعال)ە ئەگینا چۆن هەق ئەداتە خۆی بە ناوی رەش‌و رووتەوە قسە بکاتو ئەم جۆرە شیعرەش بڵێ ٠٠

یان :

(ئەم کوولەکانە دەشکێنم

ئەمە باوەڕی منە ٠٠ تاد)

لە ژمارە دووی گۆڤاری (شعر ٦٩)دا شیعرێکی ئەدۆنیس لە ژێر ناونیشانی (هذا هو اسمي – ئەمە ناوی منە)دا بڵاوکراوەتەوە کە ئەوەی (ئەم کوولەکانە ئەشکێنم) ـەکەی هەڵمەت بخوێنێتەوە یەکسەر بۆی دەردەکەوێ پاش شیعرەکەی ئەدۆنیس داینناوەو چەندین دێڕی لێ وەرگرتووە ٠ یان :

ورد برۆ سل مەکە زەردەپەڕ خامۆشە

ئەم رێیە بە تەنیا مەنو تۆی لە کۆشە ٠٠

گۆران دەڵێ :

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە

کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە ٠٠

راستە ،لە روی ناومرۆکەوە (بێجگە لە ئیحاء)ەکە جیاوازی

هەیە لە نێوان هەردو شیعرەکەدا بەڵام وەکو فۆرم شیعرەکەی لەتیف نوسخەیەکی کاربۆنی (جوانی بێ‌ناو) ـەکەی گۆرانە ٠ یان :

نەوە منم ،

ئاخر مەگەر من هەر لە خەودا بێم بۆ لات ٠ ل ٦ پرچی نەوکچە ٠

شاعیرێکی عەرەبی دەڵێت :

تعالی بحلم احسبها الك

جیه واگولن جیت ٠٠

ئەم شیعرەش گۆرانیەکی (یاس خضر)ەو زۆربەمان زیاتر لە جارێك‌و دوان گوێمان لێ بووە ئەگەر بیکەینە کوردی دەبێتە :

تۆ لە خەودا وەرە بۆ لام ،

من بە هاتنی دانەنیم ٠

مەبەستم لەیەکچوونە (لەفظی)یەکە نییە بەڵکو هەردووکیان بریتین لە یەك (حس)و یەك هەست ٠٠ کە ئەمەیان هیچ کاتێ بە (توارد الخواطر) نازمێردرێت ٠

لە راستیدا ، ئەوەی مەبەستی بێت بە چاوی (ئێستا)وە خواو شارە بچکۆڵەکەمان بخاتە ڕوو دەبێ سەرنجو لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانە بە دەیان وێنەی لەم جۆرەی دەست دەکەوێت کە دەبوو کاك لەتیف وەکو (ئیعتیراف)یك لە لیستەکەی خۆیدا باسی بکات بەڵام من لەوبڕوایەدام (خواو شارە بچکۆڵەکەمان) لە بارو دۆخێکی ئێجگار تایبەتی شیعری نوێی کوردی لە دایك‌بوونو شوەرەتو ناوبانگی لەتیف هەڵمەتیش هەر لەوێوە دەستی پێ‌کرد تا ئێستاش ئەگەر چی دوو کۆمەڵە شیعری تری چاپ‌کردووە هیچ ئیزافەیەکی نەخستۆتە سەر (خواو شارە بچکۆڵەکەمان) ، کە ئەلێم ئیزافە مەبەستم ئەوەیە شاعیری تری وامان هەیە شیعرەکانیان ئێجگار قوولترو ناسك‌ترو رەوانترن لە شیعرەکانی لەتیف ،بۆ نموونە (کۆچ)ـەکەی شێرکۆ بێکەس لە هەردو کۆمەڵە شیعرەکەی ئەم دووایی‌یەی لەتیف بەهێزترەو دەیان شیعری (چاپ‌نەکراو) و (بڵاونەکراوەی) وایشمان هەیە کە ئەگەر بکەونە بازاڕەوە سەد هەنگاوو زیاتریش (ئامادەبوون بۆ لە دایك بوونێکی تر)و (پرچی ئەو کچە ٠٠) جێ ئەهێڵن ٠٠

کاك لەتیف لە باسی دووبارەکردنەوەدا چەند

بروانە ـ ل ٧

شیعر وفەلسەفە

٢

جێی خۆیەتی لێرەدا دان بەوراستی‌یەدابنێین کە ، شتێکی زۆر پێویست‌بوو ، ووشەی هونەری‌ی لەناو شیعردا ئەم هەڵو مەرجانەی هەبێت ، چونکە کاتێك :ـ

« کردار فرەبوو ، بەکارهێنانی ووشەکەم نەبێتەوە » ٠

ئەوکارە هونەری‌یەیش کە بەتەواوی دەڵالەت لەکردار بکات ئەبێت نەك هەر ووشەکان لەجێگەو شوێنی خۆیان دابن ، بەڵکو بۆ ئەوەی ببێتە کارێکی بیویست ، مەرجە تا ئەتوانرێ ووشەکان کەم‌بکرێنەوە ٠٠ هیچ هونەرێکیش بەبێ کورت‌کردنەوە نابێت ٠٠ بەگورتی‌ی جەوهەری شیعر ئەوەیە کە ناوەڕۆکەکەی چڕو پڕ بێت ، تاوەکو ناوەڕۆك خەست‌تر بێت ، کار تێ‌کردنی لەسەر خوێنەر زیاتر ئەبێت ٠٠٠ »(١٠) ٠

هەر لەبەر ئەم هۆیەیشە کە زمانی شیعر لەگەل زمانی لۆژیك‌و زانستدا جیاوازە بەنموونە :ـ

« زمانی لۆژیکی لەچەند رەگەزو توخمێکی جۆربەجۆرو زامن‌کراو پێك هاتووە ، بەڵام زمانی شیعر لە چەند رەگەزێکی تێکەڵاوو بەیەکاچوو پێك‌دێت وەك ئەوەی لە خوازەکاری‌یدا بەدی‌ئەکەین کە چ بایەخێکی گرنگی هەیە لە سیمنتیك‌و رەخنەی نوێدا ، چونکە خوازەکاری‌ی بەڕووالەتی ئاشکراو بنچینەی توانا‌و لێهاتوویی زیری‌ی دانەرێ بۆ هێنانەکایەی هەلوێستێکی تەواو جیاواز لەگەل سەرجەم بەرنامەکانی زانیاری‌و لۆژیکی‌یدا ٠٠ »(١١) ٠

زمانی زانیاری ، زمانێکی رووت‌و دەست‌نیشان‌کراوە ، بۆیە ئەبینین رەمزەکان لەجێگەیەکی تایبەتی‌یدا یەکمانای دیاری‌کراو ئەبەخشن ، ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە زمانی زانیاری‌ی مەبەستی‌ی سەلماندن‌و فێرکردنەو بێویستی بەواتای نەگۆڕ هەیە بۆ ئەو ووشانەی بەکاردەهێنێ ، بەڵام مەبەستی شیعر سەلماندن نییە ، یان هیچ نەبێ ، سەلماندن ئامانجی سەرەکی‌ی شیعر نییە ، لەشیعردا واتا گەورەتر ئەبێت چونکە لەسەر بناغەیەکی لۆژیکی‌ی دانەڕێژراوە ٠٠ بۆیە ئەبێت شیعر دابنێین بەهۆیەکی گورج‌وگۆڵو خواوەندی گەشەکردنی زمان ، لەو رووەوە کە واتای وا دێنێتە ناوناوانەوە ، لەوانەیە پێشتر لە ئارادا نەبووبێ ٠

ـ روردز وورث ـ ئەڵێت : « شاعیر بەزانستو بەعاتیفە ، ئیمپراتۆریەتی کۆمەڵی مرۆڤایەتی کۆنەکاتەوە شیعریش سەرەتاو کۆتایی هەموو زانستێکەو شتێکی نەمرە وەك دڵی مرۆڤایەتی »(١٢) ٠

ـ کۆلیردج ـ یش ئەڵێت : « بۆچوونی من خەبارەت بەواتای ووشە بەتەنها ئەو بابەتە نییە کە تەداعی‌یەکان گێڕاویانەتەوە ٠٠ » ، رەخنەگرێکی وەك ـ سکۆت ـ یش بەمرایەی ـ کولیردج ـ « وە راناوەستێ‌و ئەڵێت « ئەم گەڕانەوەیە ، وەك ئەو شەپۆلانە وایە بەردێك لەناو حەوزێکدا دروستی‌ئەکات ٠

ئەوانە چەند جغزێکن تایان‌ببنەوە ، زیاتر لەمێشکی خوێنەر نزیك ئەبنەوە ٠٠ » (١٣) ٠

بەڵام واتا لەشیعردا ـ جگە لەوەی ـ سنوری دیاری‌کراوی خۆی هەیە ـ رێبازێکی تایبەتیشی هەیە ، بەڕادەیەك زۆربەی جار مۆرکی ئالۆزیش دەگرێتە خۆی ، چونکە لای شاعیر :

« ٠٠ بەکارهێنانی ئەو وشەیەی وەك پارە دەستاودەستی پێ کرابێ ئازاری ئەدات ، بەڵام لەکاتێکا ئەو ووشەیە ئەکەوێتە سەرزەوی زرنگانەوەیەك دروستەکات ، ئالەوکاتەدا پارە سوواوە کە نییە ، بەڵکو پارچە میتاڵێکە ، زرنگ دانەوەی مانای وورۆژاندنو هەڵچونی ناخی شاعیرە ٠٠ هەڵچونێکی وا کە لە مێژەوە لەژێرباری گرانی زماندا شارەدراوەتەوە ورۆژانە دووبارە ئەبێتەوە ٠

ئەو ووشەیەی کە لە شیعرێکدا بەکارئەهێنرێ ، هەرگیز بەتەنها واتا بابەتی یەکەی نابەخشێ ، بەڵکو واتایەکی قووڵترو ئەفسانا‌وی‌تری هەیە ، ئەو هەڵچوونەی کە مرۆڤی سەرەتایی وای‌ئەزانی ، گەرناوی شتێکی هێنا ئیتر ئەو شتە لەخۆوە دروست‌ئەبێ‌و دواجاریش ئەتوانێ دەست‌بگرێت بەسەری‌دا ، تا ئێستا لە شیعردا ماوەتەوە » (١٤) ٠

تەمومژو نوێ‌بوونەوەی واتا ، دوو سیفەتی بەیەکەوە لکاوی پروسسی دروست‌بوونی شیعربووە ، چونکە هەر شاعیرێك بگرین ئەبینین ئارەزوویەکی لەبن‌نەهاتووی هەیە سەبارەت بە :ـ

« بێك هێنانی زمانێکی نوێ ، زمانێك توانای راگەیاندنی هەبێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ ، یان ئارەزووی ئەوە ئەکات بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە ، واتە بو ناخی ئەو زمانە کۆنەی بەکارهێنان نەی‌بووانووەو هێزێکی ئەفسانا‌ویی تیایە ٠٠ بۆیە ئەبینین زوربەی لیریکستە مەزنەکان ووشەی تازەبابەتی ئەوتۆیان هێنایەکایەوە ، لەوەو بەر کەس نەی بیستبوون ، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین ووشەی ئەوتۆیش‌یان دۆزی‌یەوە کە لە دێرزەمانەوە لەبیرکرابوون ، بەچەشنێکیش ئەم ووشانەیان بەکار ئەهێنا جگە لەدەرخستنی واتا ئاشکراو دیارەکەی واتایەکی تازەو رەسەنیش‌یان ئەدایە » (١٥) ٠

لێرەوە ، ناخۆشی کەوتە نێوان ئەوانەوە کە بەرگری‌یان لەزمانی کورت‌کراوە ئەکرد بەوناوەوە گوایە زمانێکی ووردو بابەتی‌یەو لەنێوان ئەوانەدا بەرگری‌یان لەشیعر ئەکرد گوایە زمانی شیعر سنووری دیاری‌کراوی نی‌یەو وردوبابەتی‌ی نی‌یە ٠

شیعریش لای ئەمانە ، شتێکی بێ‌ماناو بێ‌رایەو زوربەی شاعیرانیش لەشتی وا ئەدوێن کە بەچاو نابینرێن وە بەدەست هەستیان پێ‌ناکرێ ٠ ئەوانە

بروانە ـ ل ٧

گەمیا هەژروبیران

لبن سیبەرەکا هین پا دارێت گویزو توبیانو ، هنارو حلویکانو ، سێڤو هرمییان ٠٠

لسەر کانیەکا ئافێ تەزینرو زەڵالترو شرینتر ژ ئافا کانیکا چیایێ ئاسنی یاکو فەرهادی بۆ شرینا خۆ یا نازکو نازەنین ئیناي ٠

لبەر باو فەراشینێت سارترو تەزیتر ژ باو فەراشینێت سەرێ چیایێ سیبانێ یێکو هەردوو دلدارێت ئێك خەج‌و سیابەند لسەر وی چیاکی پێکڤە چنین ٠

لگەل قەبقەبەکا زەلیل یا کەوان لسەر چیاکێت کوردستانێو لگەل ئاوازێت شالیلانو رەشوێلانو زەرویلان کو ستران‌و لاڤژێت دلسۆژ دهاڤێتنە بەر ئێك ٠

گەمیا هزرو بیرێت من چوو دەریەکا یرێتل ل ئافەکا گەلەکا ڕەڤەك ل سیبەلێت خۆ نقودکرم ٠٠ بەلێ بئانەهدانا خودێ دلوفان ئەز سەرئاڤ دبوومەڤە ٠٠ باشی گەمیا من گەهاندمە کەنارەکێ پڕ سەهمو ترس ٠

گەمیێ خۆ ل وی کەناری چەسپاند ٠

هەستو هزرو بیرێت من تێکەلبوون ، ئەز نەشیام ڤافێرەکەم ٠٠ ژ ئەگەرا هزرێت خۆش‌و تەناهین ئەز دگرنژیم‌و ٠٠ جاربوجار ژبەر عزرێت نەخۆشیانو تەنگاڤیان هەلدبەڤژیم ٠ من بۆ خۆ دگوت : ما بۆ چیە ٠٠ ما جی ژ فەرانە کو ئەز ل ڤێ دنیایێ بژیم ؟!

باشی ژ کویراتیا دلی ئاخینکەك هاتە من ٠٠ ئاخینکا ڤیانێ ٠٠ ئاخینکا ژیانێ ٠٠ ئاخینکا وێ جانێ یاکو ئەز هێلایم ٠٠ بەلێ بەکرۆکو نەیاران ژ من دویرکر ٠ ئەوێت کو دڤیان چوجاران ئەزو یارا خۆیا شەنگ‌و شەباڵ نەگەهینەئێك ٠٠ چوجاران لبن ئەسمانەکێ ساهی نەژین ٠٠ دلشادیێو تەناهین نەبینین ٠٠ شەڤێت رەش ل مە نەبن روناهی ٠

گەر بەکرۆکو نەیار نەزانن ٠٠ بلا بزانن کو سۆزا مێزو دۆستا من ٠٠ سۆزا مەمێو زینێیە ٠٠ سۆزا فەرهادی‌و شرینێیە ٠٠ سۆزا سیابەندی‌و خەجێیە ٠٠ سۆزا یۆسفی‌و زولەیخایێیە٠

دەنگی پەپوکێ بوو بوویە نێچیرا گوهێت من ٠٠ راوەستاندم ٠٠ ژ شەرگەها هزرو بیران ڤەجنقیم ٠٠ ل هەردوو لابێت خۆ زڤریم ٠٠ من کەس نەدیت ٠٠ من هەردوو گوهێت خۆ ڤەچنین ٠٠ ژ دەنگێ وێ پەپوکێ پێڤەتر چی دەنگ نەبوونە نێچیرا وان ٠

من گازی‌کرە هەڤالان ، دەنگێ من ب تەڕاشان کەفتو زڤریڤە ٠٠ گوهێت من ٠٠ گوت : هۆ لاوکۆ ٠٠ هۆ جەحیلۆ ٠٠ هۆ ڤەهیلۆ ٠٠ لەزێبکە ٠٠ بدەرێکێ ٠٠ کاروانی تۆ هێلای ٠٠ کاروانێ دوستو هەڤالان تۆ هێلای ٠٠

من دەستهاڤێتە رێکا کاروان لسەر چووی دا بکەمە وی کەروانی پێ دلێ من دڤیا ٠٠ کەروانێ داخازو هیڤیان ٠٠ بەلێ هێشتا ئەزێ برێڤە ٠٠ هیڤیدارم ژ هەمی دۆستو هەڤالان ٠٠ هیڤیدارم ژ گەنجو کالو تفالان ٠٠ هەمی بێکڤە هیڤیان بۆ من بکەن دا ئەز ب کەروانی‌را بگەهم ٠٠ دا هزرو خەونێت من ببنە راستی ٠

رێکێش ئامێدی

ئەدەبی • راڤەکردن

نڤیسینا : عبدالکریم فندی

هوزانڤانێن کلاسیکی بێ‌گومان ستێرێن گەش بون دچەرخێن خودا ٠ هەمی توخم‌و رەنگێت ژیارا مللەتێ خو یا دیار کری ٠ هەمی هەفیرێن‌کومەلا تێدا دژین یێن هەفیرکرین و ئافابێدا لێ‌کرین روناهیا دانایە سەر ، دا روون وئاشکەرا ببن هەر وەکو بێر و شەفەروکا ٠ مازی‌چنین وهەلزدروینا ، ستران و هەلبەستێن پێ‌گوتین وڤەهاندین دا رەوشت و تینالێن کومەلا خو بپارێزن‌ژهەمی چەرخێن تاری ٠

بێ‌گومان مروڤێن کوردگەلەك دەم‌و جاخێن خو دبوراندن ل چل‌و چیا ل دول‌و نهالا لبەر پەزی ل کاروانا لهاتن‌و چونا بو وارگەهێن‌شوخ‌وشەنگ ٠ و لڤەگەریانا بو وارگەهێن زفستانێ ل‌گەرمیانا و لڤەجەماندنا ئالفێ پەزی ژبەر ڤێ چەندێ‌پەیوەندیەکا زور موکم هەبو لگەل دەهبەو بالندێن دژین‌لڤان جهادا ٠

مروڤێن کورد گەلەك‌شارەزا و پەلەوانی هەبو بو گرتنا ڤان بالندەو دەهبا ٠راڤو نێچیر کارەك بو ژ کارێن مروڤ پێ رادبون‌ودەمێن خوپێ دبوراندن ٠ ئەمازە کەیفەکا زور خوش‌ودل ڤەکەربو دەمێ دچونە راڤو نێچیرا و ئیك ژ راڤێن‌گەلەك خوش‌و بکەیف راڤەکەوە ٠

کەو ئێکە ژ بالندێن دژیت‌دناف زنارو چیایێن پڕ ئافێن سار و گەڤێین بەفرێ ، دناڤ‌مێرگ‌و چیمەنێن پر ئەڤەلو تەڤری دەنگێ خو دهەلینێت‌ل سپیدەو ئێفارا قەب قەبێ دکەت هەڤرکیا ئاوازێن بۆلیل‌و کویزەلا (دۆدك) شفانا دکەت ٠ هەر وەسا هەڤکوریارەڤەندێن کوچەرا دکەت لهاتن‌و چونا بو زوزان وگەرمیانا ئەڤ هەڤکوری‌یە هوزانڤان (مەنصوورگرگاشی) یا روون و دیارکری دهەلبەستەکا خودا دەمێ‌دبێژیت :

تەمام کەملین دونیا بەزینەتابهارێ ٠

کەبکێ[1] دموطن چیا وێت‌ژوردا هاتن خارێ ٠

(یوسف ـ عبدالرقیب ـدیواتا کرمانجی ـ چاپخانا الاداب ـ النجف الاشرف ـ١٩٧١) ٠

(١) کەبك : ئێکەژ ئافێت‌کەوێ ٠

هەر وەسا گەلەك‌هوزانڤانێن کورد ئافێ کەوی پێ‌ئینای دناڤ هەلبەستێن‌خودا هەر وەکو (ئەحمەدێ نالبەند) کەوی دکەتە هیمایێ‌سفکاتیێ‌و زبرەکیێ‌و چەلەنگاتیێ دەمێ دبێژیت :

جهێ جوبان رەئیس ئەوبون
سفگ بێ هەر وەکی کەوبون

(حسین ـ خالد ـ دیوانانەحمەدێ نالبەند ـ پارت ئیك ـ ١٩٧١ ـ بەربەرێ‌ـ٤٠ـ چل)ێ بەلێ کەو نەبەس زیرەك‌و چەلەنگەهەروەسا ناف دێرو خوشتڤی‌یە لنك هەمی‌مروڤو کەسێن دژین دناڤ ڤی وەلاتی‌دا ژبەر ئاوازێن‌خوش‌و نازك ئەوێن دخوینن لگەل بەیانا سپێدی هوزانڤانێ‌کوردێ سوڤیانی (شکوین حەسەن) خواندنا کەوا یا دیارکری‌و دبێژت :

دبستانا وێ قەبینە ، زاردخونن ، مینا کەو
سەر زارێ وان شیعروقەزەل دخولخولن مینا جەو

(نوسەری کورد ـ ژمارە ـ ١١ ـ ١٩٧٦ بەرپەرێ (٨٦) حەشتێ‌وشەش) بەلێ کەو ژی‌هەر وەکو هەمی تشتێن دی گەلەك رەنگ‌و تەخلیتن ،کەوێ راڤ و نێچیرا پێ جودایە گەلەك پێ بنرخە لنك‌نێچیرڤانا ٠ تەخلیتێن کەوا یێن هاتینە تومارکرن دناڤ‌هەلبەستێن هوزانڤانێن کورددا هەر وەکو (ئەحمەدێ‌نالبەند) دبێژیت :

صافیه ئاڤ و هەوا
مەسکەنێ خارن‌و خەوا
شوبهێ روبادێ کەوا

(حسین ـ خالد ـ دیوانانەحمەدێ نالبەند ـ پارت‌ئیك ـ ١٩٧١ بەربەرێ (٧١)حەفتێ‌وئیکێ) تەخلیتەکێ دی یێ کەوا یێ هاتیە نیشان‌و دیارکرن لسەر زارێ هوزانڤانێ کوردێ سوفیاتی(کارلینێ چاچانێ) دەمێ دبێژیت :

کەوند قەرقاش ل دەستا دەنگ بەلا بو چیا ، بانی‌یا

(نوسەرێ کورد ـ ژمارە ـ ١١ ـ ١٩٧٣ بەربەرێ (٨٠) حەشتێ) نێچیرا کەوا ئیکە ژنێچیرێن بەلاڤ ل دەڤەرا مەو گەلەك رێکێن هەین بو گرتناوان ئیك ژوان رێکا (کارەکەوە) ٠

دەمێ بەفر دکەڤیت لزفستانێ‌یان لسەرێ بهارێ مروڤێن گەلەك گوندا دێ‌ڤێك کەفن و دچنە کارە کەوێ چونکی کەو دناڤ‌بەفرێدا دڤەرمن و نەشێن دویر بفرن دێ هەمێ رەخ‌وروویا لێ‌کرن‌و هەر ئیك هندەکا بخوگریت ٠ بەلێ ئەڤ رەنگێ‌راڤێ چێ‌دبیت لجهێن دەستو زویربن نە ل ناڤ چیاو گەلێن‌پڕ داروبەر ٠

رێکا دی یاگرتنا کەوارێکا مالك‌و و دافانە ٠ خودان دێ کەوێ روباد هەلگریت‌لگەل دافێن خو و بەرێ خو دێ دەتە وارگەهێن کەوا ٠کەوێ روباد دێ دانیتە جهەکێ‌و لدورێن وی دافێن‌خو قەددەت ٠

کەوێ روباد دێ دەست بخواندنێ کەت‌و قەب قەبێ هەنا کەوێن دی گولێ دبیت وبێن شەرێ کەوێ روباد بکەن دەمێ نێزیکی کەوێ روباد دبن‌خو دهاڤێنی دا شەرێ وی بکەن و دکەفنە ناڤ داڤاو تێتەگرێدان بداڤا ڤە هەروەکو هوزانڤانێ سوڤیانێ (جاسمێ‌جەلیل) دیار دکەت کارێ دافێن‌کەوا دەمێ دبێژیت :

بۆوێ حزدکم تەڤێ ، کودچە ئافا ئیڤار
نوسبا زو ئەو دەرتێ ،تاری یێ دافێ کەوارا

(نوسەرێ کورد ـ ژمارە ـ ١١ ـ ١٩٧٣ بەربەرێ (٧٥) حەفتێ‌و پینج) ٠

بەلێ هوزانڤانێ بێ بەفل‌ومەلەفان دڤی رەنگێ هوزانێ‌دا (ئەرزی) یێ نەمر ژ هەمی‌هوزانڤانێن دی پتر پویتە یا پێ‌کری‌و وەسا تێتە زانین کو ئەرزی ئیك بو ژ نێچیرڤانێن کەوا ، شارەزاو بسپور بو دڤی‌کاری‌دا ژبەر هندێ هوزانەکا

بروانە ـ ل ٧

ئەرزی و « پاشماوە »

خو یا بناف کری ب (بەیتا کەوا) ئەف هوزانە پێك تێت ژ (٤٢) چل و دوو مالگا من یا نقیسی لسەر زاری خودێ لێخوش بوی (محمد اغا حسین اغا برورادی ژێری) د سالا ١٩٧٢دا ل پاژێرێ دهوکێ ٠

دڤێ هوزانێ دا ئەرزی وێنەیەکێ خورستی و لێکدای ، ب پەیڤێن زەلال و نازك و وەرباندی ب هەستەکا هوزانی دروست دکەت و دبێژیت :

ئەو ل دکەم ابتدا
بناڤێ زەبێ جەبار
ایام لمن صفەت جودا
عەلامەت لێ بون زاهر
پاشی ئەرزی فێدا دچیتە
خارێ و دیار دکەت کانێ
چەوا لگەل دوماهیا زفستانێ
لسەرێ زی یا کەو گیر دەست
ب چونێ دکەن بو چولو
چیادا دەست ب کەو گرتنێ
بکەن و دبێژیت :

کەو گیرا بیر تێت مەکان
ئاشقێ دلێ وان روباد
وان زی پەکر نیشان
بوواری زحلەت نەمود
ئەگەر ئەم باش هوزانا
ئەرزی بخوینین و هویرك هزرا
خو تێدا بکەین وەسا دیار
دبیت کو ئەرزی ئیك بو ژ
نێچیرڤانێن شارەزا دڤی
کاری دا و سەر هوستای هەمی
دبێژیت :
نێچیرڤانێن چاخێ خو بو و
بەلەك بون مێرگ و کانی
ژ بن دەرکەتن گرك
کەو گیرا وەعد زانی
وان چێکرن داڤ و مالك
هوزانڤانێ سەر هوستاو
مەلەڤان پاشی دیاردکەت
چەوا کەو گیر دچنە ناڤ
وارگەهێن پر ژ هەمی رەنگ و
تەخلیتێن گول و گولزارا ناڤ
چیمەنێن فێنك و پر خوناڤ و
بشەف دمینن بەر بەندی کەوا
دەمێ دبێژیت :
ئەو چیمەنێت پر خوناڤ
کی د شێت بێژیت من نەڤێ
ژ بەر زەربون نافە ناڤ
کولیلکیت وەکو کەڤێ
هەش ئیڤاری چونە ناڤ
گەریان ل مەکانێ شەڤێ
ئەرزی چێرۆکا کەو گیرا
دروست دکەت وێنەیەکێ
جوانو خورستی د ئیخیتە
پێش چاڤێت مە کانێ چەوا
گیر دروینن دناڤ هەلالو
بەیبونا سوحبەتێ لگەل ئێك و
دوو دکەن و دمینن هوشیار
بەر بەندی بەیانا سپێدی
هەتاکو سێ کوچە (زهرە)
پێتە هنداف سەرێن و وان
لگەل هەلاتنا سێ کوچێ دەست
د هاڤێنە کەوێن خو پێن
روباد و داڤێن خو هەلدگرن
دا ئەدەن د رێکا کەوێن کویڤی
دا ئەف چەندە روون دبیت ب
بەیڤێن نازك ولێك هاتی
بشێوەکێ هوزانێ دەمێ
دبێژیت :

دایم ت مینن هوشیار
ژبەر ئەشقێ نا نڤن
چەلاب دانانە هەوا
روباد دکوژ ڤە بەستن
هوزانڤانێ نەمر بەر
چێرۆکا خودا دچیتە خارێ
کانێ چەوا کەوێ روباد
دەست ب قەب قەبێ دکەت و
شەڕی دخوازیت ژ کەوێن دی
هەتا هندەك ب نك روبادی
فەبجن ٠ دچاخێ کەوێن کویڤی
نێزیکی روبادی دبن ٠ روباد
دژوار دبیت و شەڕی گەرم
دکەت کەوێ کویڤی خو
دهاڤێتە روبادی و دکەفیتە
ناڤ مالك و دافا و ئەرزی
وێنێ خو دورست دکەت و
دبێژیت :

ێ بسنگ ڤە فعەردی
کەتن ڤێجا بون ئێخسیرە
فان ئێخسیرا ڤر داہو
روبادی چیرە چیرە
د چاخێ کەوێ کویڤی د
کەڤیتە داڤا ، روباد دەنگێ خو
د هەلینیت و قەب قەبێ دکەت
شەڕی دخوازیت بەلێ کەوێن
دی فردەن و درەفن بەلێ
دەمەکێ کێم دمینن و جارەکا
دی تێنە شەڕێ کەوێ روباد
هەتا گەلەك ژوان ب کەڤنە
ناڤ دافادا دوی چاخی دا کەو
گیر را دبیت ژ جهێ خو دنافدا
قەشارتی و دچیت سەرێ وان
دبریت یان ژی ب ساخی
دگریت ئەرزی وێنەی خو ب
دوماهێ د ئینیت و داڤێن ژ
هەمی رەنگا دهاڤیتە ناڤ
بەرکا خو یا رەنگاو رەنگ
دەمێ دبێژیت :

خودان ژ هشارێ رابون
کویڤی هەمی ژبەر فرین
چەندەك بدافا ڤە مابون
سەرێت هەمیا ژێ برین
لدوماهیا هەلبەستا (بەیتا کەوا) ئەرزی هەر وەکو هەمی هوزانڤانێن کلاسیکی مورا خو لهوزانا خو ددەت وەك ئەخشێ لبەری ، دا هەر بینیت و هەر کەسەك بزانیت کو ئەف هوزانە یا (ئەرزی) یە دەمێ دبێژیت :

چەند دەسنك ژێ چنینە
کولیلکیت بەل عەجیبە
بەکر بەك بێ نەصیبە

شیعرو فەلسەفە « پاشماوە »

بەجۆرێك ئەڕواننە شاعیران ، گوایە ئەفسانەیەك ئەخولقێنن کە لە ئاستی تێگەیشتنی خەلکی‌دا نی‌یە تەنیا خواست و ئامانج و هەلچوونی تایبەتی‌ی خۆیان دەرئەبڕن ، بەشێوەیەکی ئەوتۆ ، یان رەزامەندی ، یان بەگژاچوونی خۆیانی تیا نیشان‌ئەدەن و بەس ٠

لێرەدا هەموو ووشەو رستەکان رەت‌ئەکرێنەوە چونکە ، هەلسەنگاندنی هەرووشەیەك بەترازووی ژیری ، لای گوێگر ، یان راستە یاخود ، درۆیە ، واتە شتێك نی‌یە لەنێوان ئەم‌دووانەدا بێت »(١٦) ٠

« ٠٠ هەندێ کەسی ، دلسۆزیش ، لەوانەی بەکاروباری سوودبەخشەوە خەریکن ، وای‌بۆ ئەچن کە ، لیریکیزم شیعرێکە پرئەتی لەشتی منالانەی بێسەروبەر ، لەبەر ئەوە جێی هیچ ناگرێ ٠

لیریکیزم لەبریتی ئەوەی مەبەستەکانی بەناشکرا دەربڕێ یەنا ئەبات بەر ئەفسانەو لەناو ووشەدا مەلس‌وکەوت ئەکات و زمانێکی ناتاسایی بەکارناهێنیت ٠٠ ئەك هەر ئەوەیش بەلکو گومان و دوودلیش وای ئەگرێت سەبارەت بەوەی گوایە زمانی شاعیر زمانێکە جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی نی‌یە لەنەك ئەوزمانەدا کە خەلکی ئاسایی بەکاری دەهێنن ٠٠ » (١٧) ٠

جا لەبەرئەوەی شیعر مل‌کەچی خەیالەو جموجۆلیشی چڕو پڕەو چەندەها ووشەی خوازەکاری تیایە کە لەواتایەك زیاتر ئەبەخشن ، ئەوواتایەی کە لە زمانی ئاسایی‌دا هەیانە ، ئەلێین ، ئەگەر ئەم بێویستی‌یە شاعیری ناچار نەکردایە تا واتای تازەبابەت بهێنێتەکایەوە ئەو واتایانەی لەوەوبێش لەئارادانەبوون و بەکارنەهاتوون ، هیچ بێویستی بەوەیش نەئەکرد خۆی بەوەوە ماندووبکات بگەڕێت بەشوێن ووشەی خوازەکاری‌یدا ٠

مەبەستیش لەم زایە ، شی‌کردنەوەی واتای ووشەکە نی‌یە ، بەلکو دروست‌کردن و هێنانەدی واتای نوێیە ، چونکە دەربڕینی ووشەی خوازەکاری‌ی ، لەبەرامبەری‌دا واتایەکی پڕ بە بڕی خۆی نی‌یە ٠

« مەجاز ، خوازەکاری ، لێك‌چواندن مەبەستنین ٠٠ بە پێچەوانەوە مەبەستن بۆ واتایەك کە ئەیبەخشن ، واتایەکن وێنەی ئەم‌گەردونە لەخەیالی نووسەردا ئەنەخشێنن ، هەرنووسەرەیش وێنەی هونەرێی خۆی‌هەیە ٠٠ بەوپێ‌بەش هەریەکەیان ووشەی خوازەکارو لیك‌چواو ، وە مەجازی‌ی خۆی هەیە ، بەرادەیەك ئەتوانین بلێین ، وێنەی هونەرێی لای هونەرمەند ، بەجۆرێك خۆی ئەنوێنی کە گیانی ، گەردوونو بوون ، تیایا رەنگی‌داوەتەوە ئینجا پێشکەشی‌ئەکات ٠٠ هەرئەم بۆچوونەیشە وامان‌لێ‌ئەکات لەوراسی‌یە تێبگەین کە بۆچی فلانە نووسەر کاتێك سەرجەم بەرهەمەکانی ئەبنە جوونەوەی وێنەی کۆژن و سواوی شاعیرەکانی پێش‌خۆی ، تووشی ووشك‌بوونەوە ئەبێت و ئەچێتە ریزی ئەوانەوە کە بەپڕەوی تووتی‌ئەکەن و لەسەرخوانی بەرهەمی خەلکی‌تر ئەژین لەتوانایان‌دا نی‌یە شتێکی نوێ بهێننەکایەوە ٠٠ هیچ‌شتێکیش لەئەدەب‌دا ئەوەندەی ئەو بەندە درۆو ساختە نی‌یە کە ئەڵێت :

کۆنەکان بۆ تازەکان هیچیان بەجێ‌نەهێشتووە !!

چونکە کۆنەکان خەرمانێکی ئیحکار بەبێت و قەڕیان بەجێ‌هێشتووەو تا ئێسایش نووسەرە پایەبەرزەکان ، بەخەیالی شاعیرانەیان چەندەها وێنەو نموونەی ئەدەبی‌ی گەورەو بچووکی جوان و قەشەنگ ئەخولقێنن » (١٨) ٠

بێویستە دان‌بەوراستی‌یەش‌دا بنێین کە هەندێ شیعر لە هەندێکی تر واتاکەیان روون‌ترو ئاشکراترن ، بەلام ئەمە ، ئەوە ناگەیەنێ کە واتاکەی بەوسووك و ئاسانی‌یەیە تا بەپێوانەی زیری هەلی‌بسەنگێنین ٠ چونکە لێکدانەوەو بۆچوون و زۆری‌ی واتا بەردی بناغەی شیعرن ، هەر ئەمانەیشن ئیشارەتی شیعری‌ی دروست ئەکەن ئیشارەتێك زیاتر لەتەم‌ومژەوە نزیکەو تارادەیەکیش دەسەلاتێکی نوروستۆکراسی‌یانەی هەیەو چواردەوری بەشوورایەکی بلند تەنراوە ، کە ئەگەر کەسانی بەسەلیقەو لێهاتوو ، خاوەن رۆشنبیری‌یەکی قووڵو بەبیت نەبن ناتوانن بەی‌بێ‌بەرن دوا جاریش دەستەوسان ئەبن بۆتێ‌گەیشتنی ، چونکە :ـ

ئەی ئەمەیان « پاشماوە »

نموونەیەکی هێناوەنەوە کە هەندێکیان لە جێگای خۆیاندا نین و ئەوەکەی تر لە جێگای خۆیدایە ، بەلام نازانم بۆچی خۆی لە بیر چووە کە لە هەموو شاعیرێك زیاتر (حشو)و (دووبارەکردنەوەی) هەیە زۆربەی هەرە زۆریشیان زیادەنو دەتوانێ بەکاریان نەهێنێت ، من لێرەدا تەنیا چەند نموونەیەك دەخەمەپێش چاو :ـ

گەر نەمتوانی ٠٠ گەر نەمتوانی
شارەکەمم نەڕووخان ل ٢٣ ئامادەبوون

یان :

وشەیەکم بدەنێ نەوترابێ ٠٠ نەوترابێ ل١٧ ئامادەبوون

یان :

هەتا ئێستا ٠٠ هەتا ئێستا
دەوری خۆمان نازانین ل ٢٠ ئامادەبوون

یان :

خۆشەویستم بۆچی ٠٠
بۆچی ، هەلمان واسن
بۆچی بۆچی ، گۆڕێکمان بۆ دروست بکەن لە ئاسن
بۆچی بۆچی ، ئەم ولاتە
هەڕاج بکرێ ٠٠ ل ٢١ ئامادەبوون ٠

یان :

من فالچی نیم بەلام ئەلێم
من ئەزانم
چۆن ئاو ئەگەڕێتەوە بۆ رووبار
من فالچی نیم بەلام ئەلێم
من ئەزانم
کەی ٠٠ کەی مەهدی
ئەگاتە شار
من فالچی نیم بەلام ئەلێم
من ئەزانم
کەی ٠٠ کەی ئەڕوێ یەکەم
بەهار ٠ ل ٢٩ ئامادەبوون

هەروەها دەقی هەمان کۆپلەی لە شیعرێکی تردا لە (ل ٣٣)دا بلاو کردۆتەوە کە هەرگیز لە جێگای خۆیدا نی‌یە ٠

یان :

ئەودێ ٠٠ ئەودێ چەند
چەند پرسیارێ ئەپرسێ
ئەودێ ٠٠ ئەودێ چەند
پەیکەرێ بڕووخێنێ
ئەودێ ٠٠ ئەودێ چەند
چرایە داگیرسێنێ ل ٣٣ ئامادەبوون

ئەمەو ٠٠ لە (پرچی ئەو کچەدا ٠٠) زیاتر لە (٥٠) جار وشەی (چۆلەکە)و (رەشەبا)ی بەکارهێناوە کە لە زۆربەیاندا تەعامولێکی شاعیرانەی لە گەلیاندا نەکردووەو لەنگیەکی زەقیان پێوە دیارە ٠٠

لە شیعری (ئامۆزاگیان) یشدا (٤٤) جار وشەی ئامۆزاگیانی دووبارەکردۆتەوە کە من تا ئێستا هیچ پارچە شیعرێکم نەکەوتۆتە پێش چاو ئەوەندە دووبارەکردنەوەی تێدابێت ٠٠

هەروەها لە هۆنراوەی (سەرەتای وەرزێکی‌نر)دا پێنج جار وشەی (کێ پێی وتن)ی دووبارە کردۆتەوە کە هۆنراوەکە خۆی بریتی‌یە لە (١١) یازدە دێر ٠ ئێمە (لەنیف)مان خۆش دەوێت و بەکێکە لە شاعیرە نوێ خوازەکانی گەلی کوردمان بەلام نامانەوێ لامفەللایی حوکم بدات و ئەگەر وەکو خۆی دەڵێ (لە ساڵێکدا ٢٠٠ کتێبی‌چاك !) بخوێنێتەوە پێویستە ئاگادار بێت لەوەی حوکمدان کارێکی وا ئاسان نی‌یەو نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب ٠

ئەدەبیاتی لادێ « پاشماوە »

قەناعەت و لەبەر رۆشنایی خۆری شۆڕشگیری‌دا ، واقیعی دێهاتمان بۆ ڕەپێشتر بکات ٠٠ زەخوازەللا لەم دوایی‌یەو لە ژێر سایەی پرۆژە مەزنەکان‌دا کە وردە وردە سەراپای زەمینەو بەهاگەنە دەرەبەگایەتی‌و بەندەگێتی عەشیرەتگەری هاتۆتە هەژان‌و دانەچۆقەو شەرو شلۆق بوە ٠٠ ئەزچو کۆچیاری جوتیارانیش لە شارەوەوە بەرەو دێهات دە ئەوەندەی‌نر دیاردەکەی گەرمتر کردووەو ڕەبوەندیە تازەکانی بیری پێشکەوتوانەو سۆشیالیزمیش تادێ قوڵتر ئەبێتەو ڕەگ دائەکوتێ‌و مرۆڤی تازە دورست ئەکات‌و پەردەی رەشی هەزاران ساڵەی دێژ شاخدارەکان سەرەنداز ئەکاتەوەو گزینگی دوا رۆژێکی ڕووناك‌و ئاسودەیش بۆ مرۆڤەکانی نیشتمانی (مەهو زین) ڕەنێو دەهێنێ ٠٠٠!

سەرهاتی یەکا فولکلوری

دبیژن شەفەکە زفستانێ ،شورڕە شورا بارانی ، ووشە وشا بای ، کوجکا کوندی‌پر ژکەنج و لاوا پیرا مەزنێ گوندی گوت :

ئەرێ چکەسێ هەرەناوسکێن چیایێ مە ، ڤێ شەڤێ ، و ئالاهە لنیفا وێ‌بچکلینە ، ئەزێ کەچا خوە « خەباتێ » بدەمێ ؟

دەمەك سەرگوتنا وی‌بوری ، و کەسێ رێکا خوە نەدیت ، دوماهی‌یێ (دلێر)رابی و گوت : ئەگەر تو دەستیرا من بدی ئەزێ چم ،بەلێ بەر چاڤێ ئا هەمی زەلاما ، ژناخفتنا خوە نەئێ‌ی‌خوارێ ٠

مەزن : سوزا مێرابە ئەزلێڤە نەبم و سەر سوزا خوەبم ٠

دلێر بلەز رابی سەر خوەو بەرێ خوە دا گەلیێ گوندی، دزانی شکەفتەکا لێ هەی ،دوماهیا شکەفتێ ناوسکەکا تێدا و گەلە جارا یێ چوین ،دەما باران و بەفرا لێ دکر ، ئەو لنێچیرا بەزێ‌کویڤی ٠

دەما دلێر گەهشت دەرێ‌شکەفتێ ، ڤیا ئالایێ (لور) بچکلینە ، لێ ٠٠ نك خوە گوت ٠٠ شەرمە ٠٠ گەر سوبە مەزنێ گوندی بێن‌ڤر و ئالایێ ببینە ٠٠ وێ بێژە ٠٠ دلێر ئەوێریایە بچە نافا ناوسکێ ، ژبەر ڤێ چەندێ ، بەرێ خوە داژوور ٠٠ دەما گەهشتی دەرێ ناوسکێ ، پێژنەك هاتەگوهی ، دەما نێزیك بی ، رەشاتییەك هات بەرچاڤی ٠٠براستی ترسها ٠٠ بەلێ دەنگ لخودا :

ئەز بابێ رزگاری‌مە ، ئەوکی‌یە لور ؟ و دەست دا خەنجەرێ ٠٠ برسڤ ژدوماهیا ناوسکێ هات و گوت : دلێر وەرە ئەزم ٠٠دەما دەنگ هاتی گوهی دلێری ، هەر جێهدا زانی‌کو دەنگێ پیرەکا وی‌یە ٠

دلێر : کەچێ تەو ڤێرێ ؟تو لفر چ دکەی ؟ و هاتی چێ ؟

ژنکا دلێری ،کابێژە تو هاتی‌چی ، تو چیروکا هوە بێژە ، بامن درێژە باش دێ بێژم ٠دلێری براستی سەرهاتیا خوە بۆ گوت ، دەما گوتنا خوەبدوماهی ئینا ٠٠ ژنکاوی گوتی :ـ دەما تەبشت داکوجکێ ،برایێ مەزنێ گوندی ، هاتە مالا مە و داخوازا نامیسامن کر ٠٠٠ من کڕ نەکڕ ٠٠ خو ژێ قورتال نەکر ٠٠ ئینامن گوتێ کا بچەکی بێهنا خوە ئرەهکە ٠٠ دا ئەز جلێن خوەبگهورم ، ئەز چومە پاشیا ئودێ من تیژە بفرەك لوردیت ٠٠ من بدەست خو گرت و هاتم ٠٠ ژدلەکی سوتی‌راکر و لقافا سەری دا ، سەر لێ بەقی و ژوورده لشاخێ‌کەت ، من زانی مر ٠٠ زوی زوی من ئەف تویرە ئینا ،کەلەخ کرە ناقدە و دا پشتا خوە و هاتم ڤێرێ ٠٠ مێ‌ئەشادت ٠ لقی دەمی ٠٠ دلێر و ژنکا خوە گەهشتن بنێ‌گوندی ، ژنك چو مالا خوە و دلێری بەرێ خوە دا کوجکێ،سلاڤ کر و رونیشت ٠٠ مەزنێ گوندی دیت دلێر ٠٠دلای و بوسبەدەیە ئینا لێ زفری و گوت: ٠٠

ئەز دبێژم تو گەلەکێ‌ترسای دلێرو لەوا نەرەحەتێ ٠ دلێر لێ زفری و گوتێ :ـئەگەر تو سوزو بەختێ خوە بدی من ئەزێ راستیا دلان وبوسیدەهیا خوە ژتەرە بێژم ٠

مەزنێ گوندنی : سوزوبەختێ من بوتە و ئەز لێ ئەنابم ٠

دلێری چیروکا ژنکا خوە بوگوت و ئەگێرا ژ سەری تا دوماهیێ ، ژدەمی ژنك وی‌دەرکەتی و بەرێ خوە دایە ناوسکێ لوی دەمی براینێ‌مەزنێ گوندی دچت مالێ و ژنکا وی چەوا براینێ مەزنێ‌گوندی دگوژت ٠ مەزنێ گوندی لێ زفری و گوت : دلێر ٠٠دەستێ وە خوش ٠٠ وە قەنج لێ کر دا کەسەك دی چاف لێ‌نەکە ٠٠ کا رابە وەرە دەستێ من کچا خوە من پێش کێش‌تەکر ٠٠

دلێر بەزی دەستی و گوت :

من کەچا تە ژتە قەبیل‌کر ٠٠ و جارەکا دی من لتەقەگەراند ، چونکە ئەو باشیا ژنکا من گەل مەکری ، شوینائەم قەنجیەکی گەل بکین شوینێ ئەم ژنەکێ سەربینن ،کێ ئەفە گوتی‌یە ٠٠

خالد حسین

هەی جانا مە

فوزی عزیز

کیڤی نەبە ئاخینکێت خو ژمن را بخوینە
لسەر ئەڤی دلی بەرێت خو داوەشینە
چاڤ لبەر چافا ئەی جانێ دەڤ لناڤ دەڤی
هێشتا تویا دویری جانێ ترسم بڕەڤی
ئێك ڕەنگە ئەڤیندارا من ڕەنگێ من و تە
ئێك دەنگە ئەڤیندارا من دەنگێ من و تە
ئێك ئەڤینە جانا من ئێك ئاگرە هەلبی
ئاگردانە بو دلێ من و تە پڕ بەل بی
ئەی جانا من هەر پڕ ئەڤین بە ئەی دل گەرمێ
ئەم ئەڤیندارین جانێ نزانین شەرمێ
دل گەهشتێ جانا من ئەڤرویە بویکینی
بولبولا بێش مەڤە یێ ڤەخاری شرینی
ئەو چاڤێت تژی گل ئەو پرچا خەنا کری
جانا من ئەکە پویسانەکێ ئاڤ ژێ بری
فێر ببە یێ کەنینێ و فێر ببە ئەڤینێ
جارەکا دی بلا مەم ئەمریت بو زینێ
ئارینکا خو بێژە دەردێ من و تە ئێکە
دەروکا فێ عەشقێ بو مە هەردووا رێکە
کیڤی نەبە ئاخینکێت خو ژمن را بخوینە
لسەر ئەڤی دلی بەرێت خو داوەشینە

ئامۆژگاری « پاشماوە »

هەرچەندە قوربانی بدەین گەلو حزب
ئمایەمن بۆی ئەم جۆرەکارەشت ئەرکێکی
خەباتیە بەپێ‌ی مافی ئەندامێتی‌و لەقەبی
تێکۆشەر لە حزبی بەعسی عەرەبی
سۆشیالیست نیە لە یادت نەچێت کە
شەهیدانی گەلو حزب لەتۆ زیاتر
تورباتیان داوە چونکە گرانترین شتیان
پێشکەش کردووە ، لە یادت بێت کە
شەرەفی شەهیدبون ئەرکێکی نیشتمانی
بیرۆژە لە کاتی بێویست بون بە خەباتو
کار لەپێناو گەلو نیشتمان روو دەدات ،
دەسەلات بۆ ئەو رادەیە بەکار مەهێنە
کە توانای بەکار هێنانیت هەبێ بەلکو
بەو رادەیە بەکاری بێنە بە شێوەیەکی
پێویستو عادیلانە بێت بۆ ئەوەی بە
سروشتی‌و راستی بە بیروباوەڕی
حزبەکەت پێ بگەیت‌و کار لەوانە بکەیت
کە لە گەلیانا دەژیت ، پێویستە لە
براەدەری‌خراپ دوور بیتەوە هەروەها
لەوانەی کە دژی بیرو باوەری کاری
شۆڕشگێرین کە لەپێناو گەل کار
ئاکەن ئەگینا بیروباوەرت تێك دەچێت‌و
زیان بەحزبو گەلت دەگەیەنێت وە لە
رێگای راست دوورت دەخاتەوە ٠

پیشانگای « پاشماوە »

داناوەو پاداشتی سەرکەوتنی تیا وەرگرتوە ٠

● ئەوەی شایانی باسە هونەرمەند هێشتا لاوەو بەرەو پێشەوەی هونەرەکەی ئەروات‌و چاوەروانی باشەرۆژێکی رونا کی لێ‌ئەکرێت ٠

● هونەرمەند ئەلی هونەری کورد هەرچەندە پڕ گیروگرفتە بەلام هونەرمەندانی دلسۆزن‌و دوا رۆژی چاکو رونا‌ك چاوەروانیەتی ٠

رەگ‌و ریشە « پاشماوە »

بیرسێ ؟! هالی ئەپاشانا چاوی بە مامۆستایەکی زانستگای هارفارد کەوتوە کە پسپۆڕی مێژوی کۆنی ئەفەریقا بوەو پێ‌ی‌وتوە : ئەم‌گوندە لە گامبیایە لەوێ زێ‌یەك بەم ناوە هەیە ٠٠ باش سێ‌رۆژ ئەلیکس هالی سواری فرۆکە ئەبێت‌و بەرەو گامبیا لە رۆژئاوای ئەفەریقا ئەکەوێتە رێ ٠ لەشاری « بنگول »ی پایتەختی گامبیا پێیان وتوە کە چەندکەسێك هەن پیشەیان هەر ئەبەرکردن‌و پاراستنی مێژوی خێل‌و خێزانەکانەو بەشەوەیشمت منداڵەکانیان ئەری ئەم‌مێژوە ئەکەن ٠ ئەمانە ئەرشیفێکی زیندون‌و مێژوی هەموو خزانەکانیان پاراستوە ٠ وە لە چەندگوندێکی دوردا ئەژین ٠ هالی بەکاروانێکی شانزە کەسی‌ی کەوتە سۆراخ‌کردنی ئەوکەسانەی مێژوو ئەپارێزن ٠

مێژووناسە پیرەکە هەروەك کتێب بخوێنێتەوە دەستی کرد بەگێرانەوەی مێژوی خێزانەکە ٠٠ خێزانێکی موسڵمان وەك زوربەی خێزانەکانی تری ئەوناوچەیە ٠ خێزانێك بوە خاوەن نەرینی کۆمەلایەتی‌و ئاینی‌ی ٠ ئەو نەریتەش لەوئاینەوە هەلهێنجراوە کە پرۆایان پێ‌ی بوە ٠٠ مێژوناسەکە لە گێرانەوەی چیرۆکەکەدا ئەگاتە ساڵی ١٧٧٦ کاتێك کلۆلی‌و کوترەوەری خێزانەکە دەستی پێ‌کردوە ٠٠ کوڕی ئەم‌خێزانە لەسەر رۆخی ئاوەکە یاری ئەکات ، لەپڕ بەبێ سەرو سۆراخ لەبەر چاو ون ئەبێ ٠٠ ئیتر نازانرێ لە زێ‌یەکەدا خنکاوەو ئاوەکە لاشەکەی بردوە ؟ یاخود بازرگانانی کۆیلە فراندویانە ؟!

ئەلیکس هالی ئەگەڕێتەوە بۆ لەندەن ، لەوێ حکومەتی بەریتانیا لە « مەلبەندی دۆسی‌یە گشتی‌یەکاندا » وەسیقەی هەموو پاپۆرە ئینگلیزی‌یەکانی هەلگرتوەو باراستویەتی ٠ بەرە بەرە رۆسی‌یەکان هەلئەداتەوە تاوەکو ئەگاتە ئەوپاپۆرەی کوڕە ئەفەریقاییەکەی هەلگرتوە پاپۆرەکە ناوی « لۆرد لۆنگێ » بوەو لەزێ‌ی گامبیاوە کەوتۆتە ڕێ‌و لە ٢٩ی ئەیلولی ١٧٧٦دا گەیشتۆتە بەندەری ئەناپولیس لە ئەمەریکا ٠

نووسەر ئەچێتەوە ئەمەریکاو دەست بەگەڕان ئەکات ٠٠ لە ڕۆژنامەی « میری‌لاند گازێت » و لە ژمارەی مانگی ئوکتۆبەری ١٧٧٦دا هەواڵێك ئەبینێ کە دەربارەی گەیشتنی پاپۆڕی « لۆرد لۆنگێ »یە کە لە زێ‌ی گامبیای ئەفەریقاوە هاتوەو « بارەکەی بریتی‌یە لە سی‌لاوو منداڵی ئەفەریقایی لەباشترین‌و نایاب‌ترین جۆز ! » ٠

ئەلیکس هالی دێتەوە سەر نووسینی چیرۆکەکەی ٠٠ چیرۆکی ئەو ئەفەریقاییەی دووسەد ساڵ لەمەوبەر لە خێڵە موسڵمانەکەیان فراندوە٠٠ تا ئەگاتە ئەوەکەی کە ئەویش دوای حەوت‌پشت موسڵمان بوە ٠٠ نووسەر چەندین لاپەڕەی جوان‌و رەنگینی لەسەر ئەم بەسەرهاتە نووسیوەو بە ملیۆنەها کەس خوێندویانەتەوەو گوێیان لێ‌گرتوەو بینیویانە ٠

ڕێنمایی

هیچ ناکۆکیەك لەنێوان دیموکراتی‌و نێوان هیزی ڕەوادا نیە هیچتان وای بۆنەچێ گوایە دیموکراتی بێهیزی ئەکات یان هەیبەت‌و دەستەڵاتی وای لەدەست ئەدات چونکە ئەمە ڕاست نیەو ناکۆکیەك نیە لەنێوان مومارەسەی دیموکراتی‌و دەستەڵاتی ئیداری مەرکەزی ڕەوادا ٠

هاوری صدام حسین

منالّ و مۆسیقا

لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ هونەرمەند «خالد سەرکار»

بایەخدان بەراهێنانی منالبەهونەری مۆسیقا ئیستا لەلایەن شارەزاکانی پەروەردەوە بۆتە شتێکی بنەڕەتی ٠ بۆ ڕوونکردنەوەی‌نرخی ئەم بایە خدانە ٠ هونەرمەندی ناسراو مامۆستا (خالد سرکار بۆ «هاوکاری»دواو وتی :

+ ئەم هۆیانە زۆرن وەگەلێ جۆرن وەلەزۆر ڕووەوە کارئەکەنە سەر هەستی منالان بۆ فێرپوونی موسیقا بەگوێرەی توانا‌و ماوە لە خوارەوە بەکورتی هەندێکیان باسئەکەم ٠

١ ـ مامۆستای هونەرمەندو فێرکەر کەرەسەیەکی سەرەکی‌و هۆیەکی باشە بۆ هاندانی هەموو منالێکی خاوەن هەستو بیرو هۆش ، چونکە منال ڕەوشتی هونەری مامۆستاکەی لەپێش هەموو شتێکا ڕەچاو ئەکات‌و لەپێش هونەرەکەیەوە ئەیبینێ ٠

ئیتر هەولێ تایبەتی‌و خۆهیلاکردنی مامۆستا مەرجی سەرەکیە بۆهاندانی قوتابیان ٠

٢ ـ ئاسانکردن‌و شیتەڵکردنەوەی وانە تایبەتیەکان لەمۆسیقاو فێرکردندا وەهێنانە خوارەوەی بابەتەکان بۆئاستی بیروهۆشی منالەکان‌و ئەبێ بەگوێرەی ڕادەی بیروهۆشی منالەکە بابەتە موسیقیەکان ئامادەبکرێن بۆئەوەی بتوانێ بەئاسانی وەریان بگرێت‌و بەکردەوە جێبەجێیان بکات ٠

٣ ـ ئەبێ منال هەستو حەزی لەچی‌ئامێرێکی مۆسیقاو چی جۆرە مۆسیقایەك بێت ، هەر لەسەر ئەو جۆرە مەشقی پێبکرێت‌و فێربکرێت ٠

٤ ـ لەکاتی وانەووتنەوەو فێرکردنی مۆسیقادا هەڵبژاردنی پارچە مۆسیقای کورتکورت‌و ئاوازی خۆش لەگەڵ زەوقی منالەکان‌داو بەکارهێنانی ئاوازەکان بەشێوەی کردار مەرجە بۆهاندان‌و زوو فێربوونی منالان ٠

ـ هاندان لەلایەن کەسوکاری منالّو خێزانەکەیەوە شتێکی سەرەکیە وەلەپێش هەموو شتێکەوەیە چونکە منالّ هەمیشە لەکردەوەکانیا سەیری ئەنجامەکەی لەڕای خێزانەکەی‌و ئەوانەی وان لە دەوروەپشتیا ئەکات ٠

ـ وەکو ووتمان گەلێك هۆی‌تر هەن بەڵام لیرەدا ماوە نیە باسی هەموویان بکەین ٠

● لەکۆتایشدا هیوام وایە ئەم هۆیانە بەگوێرەی توانا بەجێبهێنرێن‌و منالانمان زیاتر بێن بەدەنگ هونەری موسیقاوە کە زمانی گەلە بۆناسینی بەگەلانی‌تر ٠ پشت بەخوا پاشەڕۆژیشمان لەڕووەوە ڕوناکئەبێ ٠

حمە سعید حمە کریم

لە پیشە میللی‌یەکانمان ـ گۆزەودیزە ـ

هەرجارەی نووسینێك

گرنگ خۆ تەرخان کردنە !

هیچ کەسێك نی‌یە خۆی بە ئەدیب‌و ڕۆشنبیر یان شاعیرو چیرۆكنووس ، بدانە قەلەمو هیچی لە باردا نەبێت‌و هیچ نەخوێنێتەوە ، خۆ ئەگەریش هاتوو هەموو ئەمانەی سەرەوەی بە ئەوپەڕی سۆزو ئەوینەوە پەیڕەو کرد ئەو کاتە بەوپەڕی لە خۆبوردنەوە خۆی وا دادەنێت کە هیچی نەکردووەو هێشتا هەر لە سەرەتای ڕێگادایە ، ئەك خۆی بە شتێکی زل بزانێت‌و بە چاوی حەسوودی‌و دەمارگیری‌و سووکەوە سەیری خەڵکی‌تر بکات‌و لە دڵی خۆیدا وای لێك‌بداتەوە شتی زۆری لە باردایەو لە هەمووشیان باش‌تر دەنووسێت‌و شت تێدەگات ، نەخێر ٠٠ شتەکە ٠٠ وانی‌یە ٠٠ ئەوەی شیعر دەنووسێت‌و خۆی بۆ ماندوو دەکات ، لەو بڕوایەدام هیچ کات خۆی بە خۆی نالێت من شاعیرم ، سیفەتی شاعیری ، خەڵك ، خوێنەران ، گەل ، پێی دەبەخشن ٠

هەروەها چیرۆك نووسیش یەو جۆرە ، ئەنجا نازانم کەس هەیە دڵی بە ئەدەب خۆش نەبێت ، ئەدەب ژیانەو بەڵکوو ژیانێکی دیکەی فراوان‌و قووڵە ٠٠ ئەوەی نەزانێت مەلەی تیابکات ، ئەوا ڕای‌دەماڵێت‌و لە کوولەکەی تەڕیش‌دا ناوی ناهێنرێت ، نەك ئەوەی دەتوانێت هیچ کاتێك شەپۆلە زۆر بلێندو تیژەکان نەتوانن ڕای‌ماڵن‌و گێژەنگەی ئەنگ‌و چەڵەمەکانیش نەتوانن نوقمەساری بکەن ، بچێت سنگی خۆی دەربەڕێنێت‌و هەر من من لە سەر زاری بتەقێنەوە ، ئەوەی خۆی بە ئەدیب‌و شاعیرو چیرۆکنووس‌و شتی‌تر دەزانێت ، هەرگیز ئەوەی لێ‌ناوەشێتەوە بەڵکوو ئەم شتە ڕەواڵەتی‌یانە کاری تێ‌ناکەن ، چونکە دەزانێت چۆن سوود لە کات‌و تەمەنی خۆی وەردەگرێت‌و خۆی بە شتی لابی‌یەوە خەریك ناکات ٠

خۆتەرخان‌کردن لە میانی ئەدەب‌دا زۆر گرنگە ، بە تایبەتی ئەدەبیش مەیدانێکی فراوانەو چەندان لقی لێ‌دەبێتەوە ، بەڵام لە لای ئێمە ئەم شتە گرنگە بایەخی پێ‌نەدراوە ، هەرکەسە دەبینیت ، شیعر دەنووسێت ، چیرۆك دەنووسێت ، ووتارو وتارۆکە دەنووسێت‌و دەستی تابلۆکێشانۆ نواندنۆ گۆرانی ووترۆ ڕەخنەگرتنیشی هەیە ، کە مرۆڤیش ڕێ بە برادەرێك پیشان دەدات‌و ، حەز دەکات خۆی بدۆزێتەوەو میانێکی بچووکی ئەدەب بگرێتەبەر ، ئەوا پێی ناخۆش دەبێت‌و هەزارو یەك ناوانی ناڕاستە دەکات‌و پلاری ئەوتۆشی تێ‌دەگرێت کە لە قوتووی عەتاریش‌دا پەیدا نابێت ، دەپرسێت :

شاعیر شیعرو چیرۆك نوسیش چیرۆك ٠٠ ئەی کێ لە دەردەکانی تری کۆمەڵ بدوێت‌و کێ خەم خۆری چارەسەری گیروگرفتی خەڵکی‌بێت ؟!٠

وای بە مێشك‌دا چووە کە شاعیرو چیرۆك‌نووس کاتێك دەنووسن لە دەردەکانی کۆمەڵ ناوێن‌و گیروگرفتەکانی خەڵکی ناخەنە پێش چاو بە مەبەستی چارەسەرکردنیان ، خۆ ئەو شاعیرو چیرۆك‌نووسانە لە گوێی گادا نەنووستوون ، یان لە کۆمەڵ دانەبراون ، یان لە سەر مەریخ ناژین ، تا هەست بە هەسەڵەو تەنگ‌و چەڵەمەکانی کۆمەڵ نەکەن ، شاعیر لە هەموو کەسێك زیاتر هەست بە ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵ دەکات‌و لە ناو بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە ، ئەگەر ئەمە خەم‌خۆری نەبێت ، ئەی ووتارۆکە نووسین خەم خۆریە ؟! کە لە گەڵ دەرچوونیدا ، لە بیر دەچێتەوە ، بە پێچەوانەی شیعرو چیرۆکەوە کە هەرگیز بە نەمری دەمێنەوەو لە بیر ناچنەوە ٠

ڕاستیشەو هەر لە کۆنەوەش ووتراوە ئەدیبی ڕاستەقینە هەست بە هەموو ئەو شتانە ئەکات خەڵکی تر هەستی پێ‌ناکەن ، بەڵام گرنگ ئەوەیە ، خۆتەرخان کردن لە ئەدەب‌دا زۆر بایەخ‌دارە ، شاعیر بۆ شیعر ، چیرۆك‌نووس بۆ چیرۆك ، ڕەخنەگر بۆ ڕەخنە ، بەڵام ئەم شتە هێشتا لای ئێمەمانان چووزەرەی دەرنەکردووە ، بۆیە دەبینین ئەوەی لە شیعریش تێ‌ناگات ، بەڵکوو نازانێت پەیامی شیعر چی‌یە !! دوو کوتە شیعرو نیوی بڵاوکردووەتەوە خۆی بە شاعیر دەزانێت !

مکی م. ڕشید

نەخۆشخانەی گیاندارو پەلەوەر لەسیبیریا

بلینیا کروتروفسکایازانایەکی زیندەوەرزانیە ، ئەمەزیاتر لە ٣٠ ساڵە لە ڕۆژ هەڵاتی سیبریا خەریکە لەمەڵەگەیەکی سروشتیدا ، کەپەناگەیەکی بۆ پەلەوەرو گیاندارانی نەخۆش ئامادەکردوە ، چەند خانوچکەیەکی‌بۆ ڕەخساندوز ٠ تاوەکو تیایدا مۆڵبن لەوێدا چارەسەربکرێن ٠ نەخۆشەکانی ئەم‌نەخۆشخانەیە ورچ‌و گورك‌و ئاسکەکیوی‌و کوندەبەبوومشك‌و ژیژك‌و کەروێشکی‌کێوین ٠

پیاوانی فریاکەوتنی‌نەخۆشخانەکە ئەوقوتابیانەن کە نەخۆشەکانیان دێنن بۆ چارەسەرکردن لەمەڵبەندەکەدا ، لە کاتی‌هاتوچۆکردنیاندا بە ناو دارستانەکەدا ٠

خێزان

منالّ گوڵی ناو ماڵەو ئەو ماڵەی منالی تیایە بەهەشتێکی پڕ خۆشی‌یە ، هیچ شتێك نی‌یە لەم جیهانە لەمنال جوانتر بێ منالی‌یەکی پاك‌و بێگەرد ، ئەو ماڵەی منالی تیا نەبێ‌و لێی بێبەش بێ ئەبینین ئەو دایك‌و باوکە هەمیشە دل تەنگن‌و دڵیان خۆش نینە نە بێ‌کەنین‌و نە خۆش‌یەکی‌تر هەیە توانای ئەوەی هەبێ ئەم بۆشایی‌یە پڕ بکاتەوەو ڕاستە ئەلێن ٠

(جوانترین شت لە منالیدا ئەوەیە هەموو شادمانی دنیا لەخۆیدا کۆئەکاتەوە) ٠

ئەو منالەی ئەگەری‌و ئەکروزێتەوە بڕوا ناکەین دایك‌و باوك پێیان ناخۆش‌بێ یا تورەیان بکات ٠

ئەو باوکە چەندی پێ‌خۆش ئەبێ کاتێ ئەبینێ منالەکەی پێ‌ئەکەنێ‌و زەردەخەنە لێوەکانی گرتووە ، بەڕاستی هیلاکی‌و ماندویەتی ئیشی لەبیر ئەچێتەوە ، دایکیش کاتێك منالەکەی ئەخۆش ئەکەوێ ئەبینین شەوێ بەدیاریەوە دانەنیشی ئەم ماندویەتیەی پێ‌خۆشە چونکە بەدیار جەرگیەوە دانیشتوە

دایکیش ئەبێ شانازی بەوەوە بکات ئەك هەرئەمە بەڵکو گەورەیی‌و ڕێز گرتنێکی مەزنە ئەوەی ئەمڕۆ لەپێشکەدا بەخێوی ئەکات لەپاشە ڕۆژدا ئەبێتە ئەوەی میللەت ئەوەیەکی تێ‌گەیشتوو وریاو دەورێکی هەرە گرنگ لەکۆمەڵدا ئەبینن ، بەخێوکردنی منال هونەرێکی سەربەخۆیەو زانایانی پەروەردەو پسپورەکان ئەوە دوویات ئەکەنەوە کە منال ئەگەر بێتو بەشێوەیەکی ڕاست‌و ڕێکو پێك پەروەردە بکرێت ئەوە منال کامەران ئەبێ‌و منالی سالاری‌و عاقلی ئەمڕۆ بیاوی مەزنی پاشە ڕۆژە ٠

کامەرانی ساوا کامەرانی خێزان ئەگەیەنێ

نەسرین محمد

ڕازو نیاز

د٠کوردستانی گیوی موکریانی

لەم چل بۆ ئەو چل دەسورایەوە ٠ بە دەوری گوڵدا دەخولایەوە ٠ کاتێ لە بەر چاو بوو ساتێ لە دیدە دوور بوو ٠ بە ناز و بە نیاز بوو ٠ پەپولەیێکی چووکە هۆی باس و نەوا و ڕاز بوو ٠ بتەنێ لە ئالەزار بوو ٠ بە زەردەخەنەیەکەوە سەیری دیمەنە جوان و دلگیرەکەیم دەکرد ٠ بەڕواز بوون و نیشتنی ٠ فڕین و هێمن بوونی ٠ وایان دەگەیاند ٠٠ کە زۆر لە خۆی بایە و شانازی بە جوانیەکەی خۆی دەکات ٠ وای لە من دەویست، کە بچم بیگرم لە دەستم ڕاکات ٠ بە دوایا کەوم خۆیم لێ وون و بەرزە کات ، بەڵام من لەوانە نەبووم وای بۆ بکەم ٠٠ بۆیە ناچار خۆی هاتوو لە سەر قژما نیشت و گوتی :

بمگرە بۆ خۆتم بەرە و من بۆ تۆ م٠٠ سەیری ئەو هەموو کومیلکانە شەیدای منن لە دووری مندا ژوندکی خوێنین دەبارێنن ٠ وا خۆت دەیان بینی لە بەر من چۆن بەرگیان سوور هەڵگەڕاوە ٠ ئیستاش من خۆم بە خۆم هاتووم دەلێم بۆ تۆم ٠ کەچی چاوەکانت وام پێ ڕادەگەیێنن ، کە دەبێ بڕۆم ٠٠ گیانە دەڕۆم ، بەڵێ لێرە نامێنم و دڵی ناسکت ناشکێنم و زوریریش نابم ، لەبەر ئەوەی دەڕۆم ، چونکە خۆشت نازانی بۆچ دەبێ بڕۆم !!٠

تشرینی یەکەم ١٩٧٧
سلێمانی

پێشانگای سێ یەمی هونەرمەندە کامل مصطفی

● لەم ڕۆژانەدا لەژێر چاودێری مەلبەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی زانکۆی سلێمانی بەرێز دکتۆر هادی کاظم عوض جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی مەلبەندی ناوبراو پێشانگای سییەمی هونەرمەندی لاو کامل مصطفی ی کردەوە لە هۆڵی ئامادەیی کوردستانی کچان ٠ ئەم پێشانگایە لە ٢٥ـ١٠ وە تا ٢ـ١١ـ٩٧٧ ئەخایەنێ ٠

● پێشانگای ناوبراو ٢٠ تابلوی جۆراو جۆری تیا پیشان درابوو کە لەوپەڕی جوانی‌و ڕێکیدا بوونو جێگای ڕەزامەندی‌دی هەمووان بوون ٠

● هونەرمەند کامل مصطفی لە سلێمانی لەدایك بوەو ساڵی ٩٧٦ لە کۆلێجی کشتوکالی زانکۆی سلێمانی دەرچووە ساڵانی ٩٧٠و ٩٧١ دوو پێشانگای تری کردۆتەوە لە زۆر پێشانگای تردا هاوبەشی کردوە وەکو لە هەموو پیشانگاکانی هونەرمەندانی سلێمانیدا هاوبەشی کردوە ٠

ساڵی ٩٧٣ لە پێشانگای هونەرمەندای لاواندا هاوبەشی کردوە ٠

ساڵی ٩٧٣ لە پێشانگای لاوانی کوردا هاوبەشی کردوە هەروەها ساڵی ٩٧٤ هاوبەشی پێشانگای هونەرمەندای کوردی کردوە ٠

دروشمی (ڕێکخراوی پاراستنی منالانی دەولەتانی)

بروانە ـ ل ٧

چاپکراوی نوێ

باوکە ئادەمو دایکە حەوا

بریتی‌یە لە نامیلکەیەکی بچکۆلانە ، چیرۆکێکی بەو ناونیشانەی سەرەوە بۆ منالان تیایە ، لە نووسینی کاك « محسن جوامیر » ٠ لەم دواییەدا کەوتە بازارەوە ٠

● سەرچنار ●

کۆمەڵە شیعریکی شاعیری لاو « عارف ناسراو »ە ، لەم دواییەدا کەوتە بازارەوە ، بریتی‌یە لە کۆمەڵە شیعریکی شاعیری ناوبراو لە چاپخانەی کامەرانی ـ سلێمانی چاپکراوە ٠

لەدەرەوەی سنوور ●

لەمۆسکۆ لەگەڵ جێگری‌وەزیری پەروەردە باس‌کراوە کە چالاکی‌یە ڕوشنبیریەکان‌لەبێ تەواوکەری یاریە ئۆلۆمپیەکانی ساڵی ١٩٨٠بێ ، هەروەکو ساڵانی ڕابوردوو ئەبێ بەرنامەی‌ڕوشنبیری پارچەیەکی سەرەکی‌بێت لەیاریە ئۆلۆمپیەکاندا ، بۆنمونە بەرنامەی ڕوشنبیری لەکلیسکو ١٢ مانگ‌و لەمیونیخ ١٠ مانگی ئەخایەنێ ، جا لەمۆسکۆش ١٥ مانگ بێ ، هەروەکو ساڵانی١٩٧٩ تا یەکی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠ ٠ بێگومان ١٦ڕۆژ لەڕۆژانی مانگی تموزو ئابی ١٩٨٠ بروگرامێکی‌تایبەتی خۆیی ئەبێ ، چونکە لەمۆسکۆدا ٦٠٠ر٠٠٠ کەس‌کۆئەبێتە ، ١٢ر٠٠٠ یاریکەرو ٣٠٠٠ میوانی ڕەسمیو ٦٠٠٠ ڕۆژنامەگەرو سەدەها هەزارانیش کە بۆ تەماشاکردنو گەڕانە ئەچن ٠

چاپخانەی (دار العراق) لە بەغداد